تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

"تێگەیشتنی ڕاستی"

و

شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا

د. کەمال مەزهەر ئەحمەد

چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد

بەغداد — ١٩٧٨

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقرأ الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد

د. کەمال مەزهەر ئەحمەد

"تێگەیشتنی راستی"
و
شوێنی لە رۆژنامەنوسی کوردیدا

چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد

بغـداد ـ ١٩٧٨

پێشکەشە

بەو زانا پایە بڵندەی « تێگەیشتنی راستی »ی لە فەوتان ڕزگار کرد ٠٠ بە « ئەنستاس ماری کەرمەلی » ! ٠

بەو « شوکریلفەضلی »یەی ئەگەر کورد بوبێ زۆر بەرز بووە و ، ئەگەر عەرەبیش بوبێ دەها بەرزتر !

پێشەکی

زۆر کەمن ئەوانەی تا ئێستا بە نووسین لە چەند ڕۆیەکی ڕۆژنامەنووسیی [1] کوردیی کۆڵیونەتەوە . مامۆستا ئەمین زەکی یەکەم کوردە کە بە شێوەیەکی بیبلیۆگرافیایی بەکورتی باسی ئەم لایەنە گرنگەی ژیانی کولتووریی کوردیی کردووە [2] . دوای ئەو مامۆستا عەلائەددین سەجادیش بە هەمان دەستوور شوێنێکی دیاریی لە چاپی یەکەم و دووەمی (مێژووی ئەدەبی کوردی)یەکەیدا بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان تەرخان کردووە و بە پێی ساڵی دەرچوونیان ڕیزی کردوون و چەند زانیارییەکی کورتیشی

---

(۱) نووسەرانی کورد زاراوی (ڕۆژنامەگەریی) بۆ «الصحافة» بەکاردێنن . منیش نیازم بۆ ناوی کتێبەکەم بنێم « تێگەیشتنی ڕاستیی و شوێنی لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا» ، بەڵام قسەی چەند برادەرێکی شارەزا وای لێ کردم (ڕۆژنامەنووسیی) بەکاربێنم چونکە زیاتر لەگەڵ دەستووری زمانی کوردیدا دەگونجێ ، یەکەم لەبەر ئەوەی قیاسی هەیە ، وەك (دۆعانووسیی)؛ دووەمیش لەبەرئەوەی بۆ «صحفی» (ڕۆژنامەنووس) نەك (ڕۆژنامەگەر) بەکاردێنین . (گەر)یش پاشگرێکە بۆ نیشانەی پیشە وەك (ئاسنگەر) و (زەڕنگەر) و شتیوا .

(۲) بڕوانە : محمد امین زکی : خلاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان ، جلدی اول (جزمی دوەم) ، بەغدا ، ۱۹۳۱ . (هەروەها بڕوانە : ل ۳۷۰ — ۳۷۲ی چاپی عەرەبیی ئەم کتێبە) .

دەربارەیان بڵاو کردووەتەوە [٣] • دوای شۆڕشی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨یش ژمارەیەك نووسەریتری کورد چەند بەرهەمێکی سەربەخۆیان لەبارەی لایەنە جیاکانی ڕۆژنامەنووسی کوردییەوە بڵاوکردەوە [٤] •

نووسەرانی کورد ، بە زمانیتر ، زۆر یا کەم ، باسی ڕۆژنامەنووسیی کوردییان کردووە • بەشی زۆری ئەو بەرهەمانە بە زمانی عەرەبین [٥] • بە زمانە ئەوروپاییەکانیش ژمارەیەك نووسەر لە سنوری توانا و پێویستدا ڕوی جیاوازی ئەو باسەیان خستۆتە بەر چاو [٦] • غەیری کوردیش جاروبار

---

(٣) علاءالدین سجادی ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، چاپی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٥٢ ، ل ٥٥١ـ٥٥٨ ؛ چاپی دووەم ، بەغدا ، ١٩٧١ ، ل ٦٠٩ـ٦٢٦ .

(٤) بڕوانە : عبدالجبار محمد جەباری ، مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی ، کەرکوك ـ سلێمانی ، ١٩٧٠ (١٩٠ ل) (ئەمە یەکەم کتێبی سەربەخۆی کوردییە دەربارەی ڕۆژنامەنووسی کوردی) . دوکتۆر کەمال فوئاد بەشی زۆری ژمارەکانی «کوردستان»ی بە زەنگۆگراف چاپکردەوە و کردییە کتێبێکی سەربەخۆ (بڕوانە : «کوردستان ـ یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ١٨٩٨ ـ ١٩٠٢» ، کۆکردنەوە و پێشەکی دوکتۆر کەمال فوئاد ، بەغدا ، ١٩٧٢) ؛ جمال خزنەدار ، رابەری ڕۆژنامەگەری کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٣ (کارگێڕی گشتی ڕۆناکبیری کوردی ئەم کتێبەی لەگەڵ «ڕۆژی کوردستان»ەکەی شێخ مەحمودا بەبۆنەی حەفتا و پێنج ساڵەی ڕۆژنامەنووسی کوردییەوە بڵاوکردەوە . یەکەمیان بە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی چاپکراوە) . جگە لەمانە ژمارەیەك وتار لەسەر هەمان باس لە ڕۆژنامە و گۆڤاری جیاوازی کوردیدا بڵاوکراونەتەوە ، ناوی هەندێکیان لە بەشی سەرچاوەکانی ئەم باسەدا نووسراون .

(٥) بڕوانە : الدکتور عزالدین مصطفی رسول ، حول الصحافة الکردیة ، بغداد ، ١٩٧٣ ؛ جبار جباري ، تاریخ الصحافة الکردیة في العراق ، بغداد ، ١٩٧٥ . زۆر نووسەری کورد وتار و زانیاری یەکەلکیان دەربارەی مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردی بڵاوکردۆتەوە (بە وێنە بڕوانە : محمد الملا عبدالکریم ،الصحافة الکردیة درب شائك و مسیرة مجیدة ، ـ « التآخي » ، بغداد ، ١٥ حزیران ١٩٧٠) .

(٦) دوکتۆر کەمال فوئاد لەو کتێبەیدا کە بە زمانی ئەڵمانی دەریکردووە و بۆ دەستنووسی کوردی تەرخان کردووە باسی ژمارەکانی «کوردستان»ی =

هاتونەتە سەر باسی رۆژنامەنوسی کوردی • مێژوونوس مامۆستا عەبدولڕەزاق حەسەنی باسی گەلێك لەو رۆژنامە و گۆڤارە کوردی‌یانەی کردووە کە لـە عیراق دەرچوون [7] • ژمارەیەك لە کوردناسانی سۆڤیەت ، بەتایبەتی دوکتور و • ڤیلچێڤسکی [8] و دوکتور م• س• لازەرێڤ [9] ، زانیاری‌یان

= یەکەم رۆژنامەی کوردی کردووە کە لە کتێبخانەی ماربورگ پارێزراون (بڕوانە :

((Kurdische Handschriften)), beschrieben van Kamal Fuad, Wiesbaden, 1970, P. XVIII).

دوکتور مارف خەزنەدار لە نامەی دوکتۆرێکەیدا کە بە روسی چاپکراوە (بڕوانە :

Хазнадар М., Очерк истории современной курдской литературы, Москва, 1967.

م. خەزنەدار . کورتەی مێژوی ئەدەبی کوردی هاوچەرخ ، مۆسکۆ ، ١٩٦٧) . خاوەنی ئەم کتێبەش لە هەردوو نامەی دوکتۆرێکەی کە یەکەمیان بە روسی چاپکراوە و لە وتارێکی سەربەخۆدا باسی باری رۆژنامەنوسی و چەند رۆژنامە و گۆڤارێکی کردووە . ئەو وتارەی کە دیسان بە روسی بلاوی کردۆتەوە بەم ناوەوەیە :

Камаль М.А., К истории издания первой курдской газеты,-"Народы Азии и Африки", 1968, № 4.

کمال م. ا. ، دەربارەی مێژوی یەکەم رۆژنامەی کوردی . ــ گۆڤاری « گەلانی ئاسیا و ئەفەریقا » ، مۆسکۆ ، ژمارە ٤ ، ١٩٦٨ ، ل ١٦١ــ١٦٤ .

(7) بڕوانە : عبدالرزاق الحسني . تاريخ الصحافة العراقية في طبعته الثالثة الموسعة ، الجزء الاول ، صيدا ، ١٩٧١ .

(8) بڕوانە :

Вильчевский О., Библиографический обзор зарубежных курдских печатных изданий в XX столетии,-" Иранские Языки ", т.I, Москва, Ленинград, 1945, стр. 147-181.

و. ڤیلچێڤسکی، سەرنجێکی بیبلیوگرافی لە چاپەمەنی کوردی دەرەوەی=

دەربارەی هەندێك پەخشە و ڕۆژنـامەی كوردیێ بڵاو كردۆتـەوە . لـە ڕۆژئاواییەكان س. ج. ئەدمۆندس لە هەموان زیاتر بایەخی بەم لایەنـەی ژیـانی ڕونـاكبیریێ كـورد داوە [10] . نیكیتـین [11] و ئیگلتن [12] و

= (سۆڤیێت ـ ك.م.) لە سەدەی بیستدا، لە كتێبی : «زمانە ئێرانییەكان»، بەشی یەكەم ، مۆسكۆ ـ لێنینگراد ، ١٩٤٥ ، ل ١٤٧ ـ ١٨١ .

(٩) لە هەردوو كتێبەكەیـدا .

Лазарев М.С., Курдистан и курдская проблема (90-е годы XIX века-I9I7), Москва, I964.

م.س. لازارێڤ، كوردستان و كێشـەی كورد (نەوەتەكانی سەدەی نۆزدەـ ١٩١٧) ، مۆسكۆ ، ١٩٦٤ ، لە گەلێ شوێن و لاپەڕەدا .

Лазарев М.С., Курдский вопрос (I89I-I9I7), Москва, I972.

م.س. لازارێڤ، مەسـەلەی كورد ، مۆسكۆ ، ١٩٧٢، لە گەلێ شـوێن و لاپـەڕەدا .

(١٠) ئەدمۆندس یەكەم بێگانەیە كە لە چەند بەرهەمێكیدا باسی دەرچـون و ناوەڕۆكی چەند ڕۆژنامەیەكی دەگمەنی وەك «بـانگی حـەق» و « ڕۆژی كوردسـتان »ی كردووە (بڕوانە :

C. J. Edmonds, A Kurdish Newspaper : ((Rozhi — Kurdistan)), — ((Jonrnal of the Central Asian Society)), Vol. XII, Part I, 1925, PP. 83 — 90; C. J. Edmonds, Kurds, Turks and Arabs, London, 1957, PP. 58 — 59, 301 — 302, 319 ; C. J. Edmonds, The Kurds of Iraq, — ((The Middle East Journal)), Vol. XI, No. 1, 1957, P. 55.

(١١) بەتایبەتی :

B. Nikitine, ((Ria Teze)), Journal Kurde d'Erevan, — ((Afrique et l'Asie)), Paris, No. 3, 1958, P. 57.

(١٢) زۆر بـەكورتی لـە قوژبنی مێـژوی بەسـەرهـاتی مەهـابادەوە بـاسی ڕۆژنامەنوسی ئەو دەورەی لە كتێبەكەیدا كردووە (بڕوانە :

W. Eagleton, The Kurdish Republic of 1946, London, 1963, PP. 8, 59, 68, 78, 101 etc.

رۆندۆ (١٣) و سـەتۆن (١٤) و هیتر (١٥) لە بەرهەمەکانیـاندا زۆر یا کەم هاتونەتە سەر باسی رۆژنامەنوسی کوردی •

بێ گومان ئەم بەرهەمانە هەر یەکەیان بایەخ و سەنگی خۆی هەیـە و کەلەبەرێکی باشی پڕ کردۆتەوە • بەڵام هیچ کامیان ، لەبەر چەند هۆیەکی ئاشکرای بەدەر لە دەسەڵات ، لـە کەم و کورتی و هەڵە بێبـەش نی‌یە • نوسەرانی کورد تا ئیستە نەیانتوانیوە وێنەیەکی هەمو لایەنی دەربـارەی رۆژنامەنوسی کوردی پێشـکەش کەن • دیـارە ئـەم کارە لە توانـای کوردناسانیشدا نی‌یە • ئەمان لەمەدا جێی رەخنە نین ، هەرچەندە دەشیان توانی وێنەیەکی کامڵ‌تر لەم مەیدانەدا بخەنە بەر چاو • جگە لەوە وا دیارە پەیدابونی رۆژنامەنوسی کوردی و خەبات و هونەری رۆژنامەنوسـانی کورد بە لای هەندێك نوسەری رۆژئاواییەوە ئەنجامی ئاڵوگۆڕی ناوخۆ نی‌یە • بە وێنە دڵسۆزی و لانەدانی شێخ نوری شێخ صالح وەك سـەرنوسەری « رۆژی

---

(١٣) بڕوانە :
P. Rondot, Publication Kurde en caractéres latins ((Hawar, Komela Kurdi)) Revue Kurde . . .)), — ((Bulletin d'études Orientales)), T. II, 1932, PP. 300 — 304.

(١٤)
L. P. Elwell — Sutton, The Press in Iran to—day,— ((Journal of the Royal Asian Society)), Vol. XXXV, July — October, 1948, Parts III and IV, PP. 209 — 219.

(١٥) بە وێنـە بڕوانە :

"Роже – Курд",-"Восточный Сборник", СПб., Изд. Об-ва Русских Ориенталистов, 1913, кн. I.

« رۆژی کورد » ـ « کۆمەڵە بەرهەمی رۆژهەڵاتی » ؛ پەترۆسـبورگ ؛ بڵاوکراوەی رۆژهەڵاتناسانی رۆس ؛ ١٩١٣ ؛ کتێبی یەکەم ، ل ٢٣٣ ـ ٢٣٤ •

کوردستان » بە لای ئەدمۆندسەوە بەرهەمی ئەوە بۆ کە بە «خزمایەتی دەگەیشتە ژنی دووەمی شێخ مەحمود » (١٦) . ئەدمۆندس دان بەوەدا دەنێ کە شێخ نوریی زوربەی وتارە سیاسی و کۆمەلایەتی‌یەکانی « رۆژی کوردستان»ی دەنوسی ، بەلام دەشلێ بەشی زۆری ئەو بەرهەمانەی « لە کتیبە تورکی‌یە کۆنەکان» وەردەگرت (١٧) . وەك بەلگەش ئەدمۆندس بە دەستکاری‌یەوە ناوی ژمارەیەك لە وتارەکانی شێخ نوریی هێناوەتەوە کە ئێمە وا لێرەدا وەك دەقی کوردی‌یەکەی پێشکەشیان دەکەین :

«بانگی کوردستان ـ رۆژی کوردستان » (١٨) ، « مەتانەت و سەباتی قەومی کورد»(١٩) ، «فەنی و ئیجتیماعی ـ میللەت»(٢٠) ، «موجادەلەی حەیات» (٢١) ، « ویلایەتی مۆسل لە لۆزاندا»(٢٢) ؛ « سیاسی ـ داوای حقوقی مەشروعە » (٢٣) ، «قسەی ناحەق رەد ئەکرێتەوە » (٢٤) ؛ «لە فەلاکەت عیبرەت» (٢٥) .

دیارە پێویست بە لێکۆلینەوە و دەمەتەقێ ناکا بۆ ساغ‌کردنەوەی ئەوە

---

(١٦) C. J. Edmonds, A Kurdish Newspaper, P. 85 .

(١٧) Ibid, P. 86.

(١٨) «رۆژ کوردستان» ، ژمارە ١ ، ١٥ی تەشرینی دووەمی ١٩٢٢ . باسی ئەوە دەکات بۆچی «بانگی کوردستان» داخرا و «رۆژی کوردستان» جێگەی گرتەوە .

(١٩) «رۆژ کوردستان» ، ژمارە ٢ ، ٢٢ی تەشرینی دووەمی ١٩٢٢ .

(٢٠) «رۆژ کوردستان» ، ژمارە ٤ ، ١٣ی کانونی یەکەمی ١٩٢٢ .

(٢١) «رۆژ کوردستان» ، ژمارە ٥ ، ٢٠ی کانونی یەکەمی ١٩٢٢ .

(٢٢) «رۆژ کوردستان» ، ژمارە ٦ ، ٢٧ی کانونی یەکەمی ١٩٢٢ .

(٢٣) «رۆژ کوردستان» ، ژمارە ٨ ، ١٠ی کانونی دووەمی ١٩٢٣ .

(٢٤) «رۆژ کوردستان» ، ژمارە ١٠ ، ٢٤ی کانونی دووەمی ١٩٢٣ . وەلامە بۆ وتارێکی رۆژنامەی «العراق» .

(٢٥) «رۆژ کوردستان» ، ژمارە ١٤ ، ٢٤ی شوباتی ١٩٢٣ . بەکورتی باسی ئەو دەردی سەری‌یانە دەکات کە لە شەڕی یەکەمەوە بەسەر کوردا هاتن و ئامادەیی فیداکاریی بۆ رزگاری نیشان دەدا .

که ئیلهامی بیری شاعیرێکی خاوەن بەهرە بۆ ئەم جۆرە باســانە دەبێ باری نالەباری کورد بوبێ که ئەدمۆندس بۆ خۆی یەکێك بۆ لەوانەی دەستیان لە دروستکردنیدا هەبو • جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئەوەش بهێنینەوە یاد کە شێخ نوریێ شێخ صالح یەکەمی ئەو پێشبڕکە دەرچو کە مێجەر ســۆن بۆ نوسینی کوردی بەر لە دەرچــونی «رۆژی کوردســتان» لە رۆژنــامەی «پێشکەوتن»دا کردی • وەك «پێشکەوتن» باسی دەکا یازدە کەس لــەو پێشبڕکەیەدا بەشدار بون ، بەلام نوسینی هەشتیان رەتکرایەوە چــونکە وەرگیراو بون و سیانەکەی تریان لەبەر رەسەنی یەکەم و دووەم و سێیــەم دەرچــون (٣٦) •

باسی رۆژنامەی «تێگەیشتنی راستی» بۆ خۆی بەلگەیەکی مانــاداری باری لێکۆلینەوەی رۆژنامەنوسی کوردییە • مامۆستا عەلائەددین سەجادی یەکەم کەسە کە باسی ئەم رۆژنامەیەی کردووە • بەلام ئەو باسە لە هەردو چاپی «مێژوی ئەدەبی کوردی»یەکەیدا لەوە زیاتر نییە کە دەلێ :

«تێگەیشتنی راستی» «رۆژنــامەیەکی حەفتــەیی کوردی پیلانی ــ سیاسی کۆمەلایەتی بووە ، ئیحتیلالی ئینگلیزی لە سالی ١٩١٨ لە بەغــدا دەریکردووە • ژمارەی ٢٠ی بەر ١١ی مارتی ١٩١٨ کەوتووە ، ئیتر نازانم چەن ژمارەی لێ دەرچووە » (٣٧) • نوسەرانی تری کورد هەر یەکەیان بــە جۆرێ ئەم قسەیەیان لە بەرهەمەکانیاندا دوبارە کردۆتەوە (٢٨) • زاهیــدە

---

(٣٦) «پێشکەوتن» ، سلێمانی ، ژمارە بیــستو حەوت ، ٢٨ی ئۆکتۆبەر و ژمارە بیــستو هەشت ، ٤ی نۆڤەمبەر و ژمارە سێ ، ١٨ی نۆڤەمبەری ١٩٢٠ . لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەدا دێینەوە سەر هەمان باس .

(٢٧) علاءالدین سجادی ، سەرچاوەی ناوبراو ؛ چاپی یەکەم ، ل ٥٥٢ ــ ٥٥٣ ؛ چاپی دووەم ، ل ٦١١ .

(٢٨) بڕوانە : عبدالجبار محمد جەباری ؛ مێژوی رۆژنامەگەریێ کوردیێ ، ل ٧٥؛ جبار جباري ؛ تاريخ الصحافة الكردية في العراق ؛ ص٢٦؛ جمال =

ئیبراهیم لەو رابەری رۆژنامەنوسی‌یەیدا کە سالی ١٩٧٦ بلاوی کردۆتەوە دەلێ « تێگەیشتنی راستی » رۆژنامەیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی بووە وای نیشان دەدا گوایە دەرچونی سالی ١٩١٧ دەستی پێ کردووە و سالی ١٩١٩ وەستێنراوە و بەسەر یەکەوە ٦٥ ژمارەی لێ دەرچووە [٢٩] . خۆشم لەو کتێبەدا کە بە زمانی رووسی دەرم‌کردووە تەنها باسی ئەوەم کردووە کە ئینگلیزەکان بۆ کاری پرۆپاگەندەی خۆیان دوای گرتنی بەغدا «تێگەیشتنی راستی »یان بە زمانی کوردی بلاوکردەوە [٣٠] .

لەمە زیاتر هیچ دەربارەی «تێگەیشتنی راستی» بلاونەکراوەتەوە . تەنانەت ئارنۆلد ویلسنی وەکیلی حاکمی سیاسی ئینگلیزیش لە عیراق هیچ باسێکی ئەو رۆژنامەیەی نەکردووە هەرچەندە لە کتێبەکەی خۆیدا چەند جارێ هاتۆتە سەر باسی ئەو رۆژنامانەی ئینگلیز لە گرتنی بەسرەوە

= خزنەدار ، رابەری رۆژنامەگەری کوردی ، ل ٢٣ ؛ محەممەدی مەلا کەریم ، سەرچاوەی ناوبراو .

(٢٩) زاهدة ابراهيم : كشاف الجرائد والمجلات العراقية ، بغداد . ١٩٧٦ ؛ ص ٥١ . خاوەنی ئەم کتێبە ناوی زۆر رۆژنامە و گۆفاری کوردی هێناوە کە ژمارەیەکیان بە هەلە تۆمار کراون و هی وایان تێدایە تا ئێستە هیچمان دەربارەیان نەبیستووە . بۆ نمونە لە لاپەرە ٤٤ی کتێبەکەیدا دەلێ : « جريدة بلدي كوردستان . جريدة يومية سياسية . صاحبها : مصطفى باشا . صدرت في : أ و الفي امتيازها سنة ١٩٤١ » . دور نی‌یە مستەفا پاشا مافی دەرکردنی رۆژنامەیەکی بەم ناوەوە وەرگرتبێ و بلاوی نەکردبێتەوە .

(٣٠) بڕوانە :

Камаль М.А., Национально-освободительное движение в Иракском Курдистане 1918-1932, Баку, 1967, стр.67.

کەمال مەزهەر ئەحمەد : بزوتنەوەی نەتەوەیی ـ رزگاریخواز لە کوردستانی عیراق سالانی ١٩١٨ ـ ١٩٣٢ ، باکۆ ، ١٩٦٧ ، ل ٦٧ .

دەستیان‌کرد بە بڵاوکردنەوەیان و دەوری مێجەر سۆنی وەك ڕۆژنامەنوسێکی چالاك نیشان‌داوە [٣١] .

ئەو زانیاری‌یانەی دەربارەی «تێگەیشتنی ڕاستی» بڵاوکراونەتەوە سەرەڕای ئەوەی یەکجار کەمن لە هەڵەش بەدور نین . مامۆستا سەجادی تەنها ژمارە بیستی ئەو ڕۆژنامەیەی دیوە و نەیزانیوە تەنانەت ئەو ژمارەیەش دو جار چاپ‌کراوە . زاهیدە ئیبراهیم لەبەر ئەوەی لە برتی ساڵی ١٩١٨ بە هەڵە ساڵی ١٩١٧ لەسەر لاپەڕەیەکی ژمارە یەکی «تێگەیشتنی ڕاستی» چاپ‌کراوە ساڵێکی ڕەبەقی خستۆتە سەر تەمەنی ڕۆژنامەکە . جگە لەوە «تێگەیشتنی ڕاستی» وەك دوایی باسی دەکەین ٦٧ ژمارەی لێ دەرچووە نەك ٦٥ وەك ئەو دەڵێ . دیارە «تێگەیشتنی ڕاستی» لەلایەن فەرماندەی گشتی لەشکری ئینگلیزەوە دەرکرا نەك «لەلایەن باڵیوزخانەی بەریتانی‌یەوە لە شاری بەغدا » [٣٢] کە تا ساڵی ١٩٣٢ شتێك بەوناوەوە نەبو .

وادیارە زاناو قەشەی بەناوبانگ ئەنەستاس ماری کەرمەلی تاقە کەسە کاتی خۆی هەمو ژمارەکانی «تێگەیشتنی ڕاستی» لە بەرگێکی تایبەتیدا پاراستووە [٣٣] . ئەو بەرگە لەگەڵ کتێبخانەکەی ماری کەرمەلیدا دوای وەفاتی کەوتە دەست کتێبخانەی مۆزەخانەی عێراقی و ئێستە لەوێ پارێزراوە [٣٤] .

---

(٣١) لە بەشی سێیەمدا دێینەوە سەر ئەم باسە .

(٣٢) جمال خزنەدار ، ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی ، ل ٢٣ .

(٣٣) مۆرێك بەم‌ناوەوە «المكتبة الشرقية العراقية للاباء المرسلين الكرمليين في بغداد ١٩١٨» بە لاپەڕە یەکی ژمارە یەك و لاپەڕە یەکی ژمارە پەنجا و دو و لاپەڕەی دوا ژمارەی «تێگەیشتنی ڕاستی»یەوە نراوە .

(٣٤) کلێسەی کەرمەلی‌یەکان ساڵی ١٩٤٩ پتر لە حەوت هەزار کتێب و بەرگی تەواوی ڕۆژنامە و گۆڤار و دەستوسی هەمەجەشنەی ئەنەستاس ماری کەرمەلی بە دیاری دا بە موزەخانەی عێراقی . دەورووبەری ١٣٠٠ دەستوس لەناو ئەو دیاری‌یانەدا هەیە کە بەشێکیان کەرمەلی خۆی =

کاتێك لەگەڵ ژمارەکانی «تێگەیشتنی راستی»دا وەك سەرچاوەیەکی مێژوویی خەریك‌بوم تێگەیشتم کە ئەم رۆژنامەیە لاپەڕەیەکی گرنگ و سەیری نەزانراو لە مێژووی رۆژنامەنوسی کوردیدا پێك‌دەهێنێ و هەستم‌کرد دڵسۆزێك لە هەزاران سەربازی نەناسراوی کورد لە کاتێکی ناسکدا هەوڵی داوە بە پێی تێگەیشتنی سەردەمی خۆی خزمەتی گەلی کورد و زمان و ئەدەب و مێژووی بکا • تا لە خوێندنەوەی هەمو ژمارەکانی بومەوە هاتمە سەر ئەو بیرەی «تێگەیشتنی راستی» پێویستی بە لێکۆلینەوەیەکی دور و درێژە • بەو جۆرە هەمو ژمارەکانیم نوسیەوە (٣٥) بەنیازی ئامادەکردنی ئەم بەرهەمە• هیوادارم بەهەڵەدا نەچوبم و توانیبێتم هەنگاوێکی نوێ لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی مێژووی رۆژنامەنوسی کوردیدا بنێم •

بە پێویستم زانی بەشی یەکەمی ئەم کتێبە بۆ باسی « چەند لاپەڕەیەك لە مێژو و بایەخی رۆژنامەنوسی» بەشێوەیەکی گشتی تەرخان بکەم • لەم بەشەدا هەوڵم‌داوە هەندێك زانیاری نوێ لە قاڵبێکی نوێدا عەرز بکەم • بەشی دووەم «چمکێك لە مێژووی رۆژنامەنوسی کوردی» کارێکی پێویستە بۆئەوەی بتوانین دەرچونی «تێگەیشتنی راستی» لە چوارچێوەی مێژوویی

= نوسیونی. شایانی باسە ئەم زانایە دو دەستنوسی خۆی بۆ باسی کورد تەرخان کردووە ؛ یەکەمیانی سالی ١٨٩٧ نوسیوە و ناوی‌ناوە «تحقیقات عن الکرد» ؛ ئەوی تریانی سالی ١٩١٩ نوسیوە و ناوی ناوە « تاریخ الکرد»؛ یەکەمیان لە موزەخانەی عیراقی‌یە (بڕوانە : کورکیس عواد، الاب انستاس ماری الکرملي . حیاته و مؤلفاته (١٨٦٦ ـ ١٩٤٧) ، بغداد ، ١٩٦٦، • ص ٢٨ ـ ٣٠ ؛ ٢٣٣ ـ ٢٣٤ ؛ کورکیس عواد ، المخطوطات التاریخیة في مکتبة المتحف العراقي ؛ بغداد ، ١٩٥٧ ، ص ٤٩) .

(٣٥) بەدەگمەن شتی‌وای تێدایە پەڕاندبێتم و نەمنوسیبێتەوە . ئەمەش بۆ خۆی جۆرە بەڵگەیەکە بۆ گرنگی ناودرۆك و خۆشی شێوازی نوسینی « تێگەیشتنی راستی » ؛ ئەگینا نوسینەوەی ٦٧ ژمارەی رۆژنامەیەك کارێکی هەروا ئاسان نی‌یە .

راستیٖ خوٚیدا ببینین • دیسان لەم بەشەدا هەولمداوە هەندێك زانیاریٖ نەزانراو بخەمە بەرچاو و گەلێك جاریش بەتایبەتی باسی ئەو رۆژنامە و گۆڤارانەم کردووە کە زانیاریٖ هەڵیان دەربارە بلاوکراوەتەوە • بەشەکانیتر بۆ باسیکەی و چۆنی دەرچونی «تێگەیشتنی راستیٖ» و هونەری رۆژنامەنوسیٖ ئەو و شوێنی زمان و ئەدەب و مێژوی کورد لەسەر لاپەڕەکانی و چەند باسێکیتر تەرخان کراون • لەو بەشانەشدا بەپێیتوانا هەولمداوە باسەکانی «تێگەیشتنی راستیٖ» بەجۆرێکی دابڕاو لە رۆژنامەنوسیٖ کوردیٖ عەرز نەکەم •

ئەو شیعرانەی نالیٖ و حاجیٖ قادری کۆییٖ و کوردیٖ و مەحویٖ و شاعیرانیتر کە لە بەشی پێنجەمدا بلاو کراونەتەوە لەگەل دیوانە چاپکراوەکانی ئەو شاعیرانەدا بەراورد کراون و جیاوازییەکانی نێوانیان نیشاندراون ، لەوانەیە سودیان بۆ شارەزایانی ئەدەب هەبیٖ • وەك دەبینین زۆر جار توشی جیاوازیٖ دێین لەنێوان شیعرەکانی ناو «تێگەیشتنی راستیٖ» و ئەوانەی ناو دیوانەکان ، بەتایبەتی لە شیعرەکانی نالیدا • دور نییە دەستوسی جیاوازی ئەو شاعیرانە لای شوکریلفەضلی یا لای مێجەر سۆن هەبوبیٖ •

لە راستیدا گۆڕینی رێنوسی وتار و باسەکانی ناو «تێگەیشتنی راستیٖ» و ساغکردنەوەی وشە و رستەکانی کارێکی زۆر گران نییە ، بەلام ئاسانیش نییە ؛ زۆر جار پێویستی بە بیرکردنەوە و وردبونەوە هەیە • وا لێرەدا چەند نمونەیەکی کەم دەخەمە بەر چاو :

« هتا هاتین علما صنعته تنزلمان کرد» [٣٦] واتە «هەتا هاتین عیلمەن و صنعە تەن تەنەزولمان کرد» ؛ «امجا ری حج» [٣٧] واتە «ئەمجا رێی حەج» ؛ «لە عجایبتر چیە او ترقیە اوروپاییەکان بە حوتصد صال کردیان ژاپونەکان

---

(٣٦) بڕوانە : سەروتاری ژمارە سێو حەوت ؛ ١٥ی تەموزی ١٩١٨ .
(٣٧) بڕوانە : ژمارە پەنجا ؛ ١٤ی تەشرینی یەکەمی ١٩١٨ .

بـی صالی بویان میسر بو » [٣٨] واته « لەمـە عەجـایەبتر چی‌یـە ئـەو تەرەقی‌یەی ئەوروپایی‌یەکان بە حەوت‌صەد ساڵ کردیان ژاپۆنەکان بە سـێ ساڵ بۆیان مەیسـەر بۆ » ؛ «چونکه همو متفکریك امرو فکری امه به که لـه دنیادا بشریتیکی سالم و مساوی حکم‌فرما بی » [٣٩] واته : «چونکە هەمو موتەفەکیرێك ئەمڕۆ فیکری ئەمەیە کە لە دونیادا بەشەری‌یەتێکی سـالم و مـساویێ حوکم‌فەرما بێ» ؛ «ری و شوین باوباپیریان بی کم دکن » [٤٠] واته «ڕێ و شوێنی باو و باپیریان پێ گوم دەکەن » •

دەستکاریێ شێوازی نوسینەکانی ناو «تێگەیشتنی ڕاستیێ»مان بـە پێویست زانی ئەگینا لەوانەبۆ خوێنەر بەئاسانی لە مەبەست نەگا و بەدەست خوێندنەوەی وتار و بەشە وەرگێراوەکانی‌یەوە هیلاك بێ • لەوەش زیاتر کە نیشانمان‌دا دەستکاریێ شێوازی نوسینەکان نەکراوە تا ئەوانەی مەبەستیانە باشتر لەو ئاڵوگۆڕانە بگەن کە بەسەر ڕێنوس و شێوازی نوسینی کوردیدا هاتون • زۆر بەدەگمەن بەنیازی قوتارکردنی ڕستەکان لە لەنگی‌یەکی زەق ناچار بوین تاك (مفرد) بکەینە کۆ (جمع) یـا بە پێچەوانـەوە • ئەوجـۆرە دەستکاری‌یە کەمانەمان خـستوتە نێوان دو کەوانـەوە • لێرەدا نمونەیـەك دەخەینە بەرچـاو :

«تێگەیشتنی ڕاستیێ» لە بەشی «ئەدەبیـاتی کورد»ی ژمـارە هەشتیدا ئەم ڕستەیەی وەهـا نوسیوە : «••• لەو ڕۆژنـامە کوردانە کە لەمەوپێش نەشرکرا •••» ، بەنیازی ڕونکردنـەوە ئێمە لە شوێنی خۆیـدا وامان لێ کردووە : « ••• لەو ڕۆژنامە (کوردی‌یانەی) کە لەمەوپێش نەشر(کران)•••» •

(٣٨) بڕوانە : ژمارە پەنجاو شەش ، ٢٥ی تەشرینی دووەمی ١٩١٨ .

(٣٩) هەمـان ژمـارە .

(٤٠) بڕوانە : سـەروتاری ژمارە هەشت ، ٢٦ی کانونی دووەمی ١٩١٨ .

هیوادارم ئەم بەرهەمە شوێنی خۆی لە کتێبخانەی کوردیدا بگرێ و مایەی رەزامەندی خوێنەر و شارەزایانی کورد بێ •

کۆتایی سوپاسی بێ‌پایانم پێشکەش ئەو برادەرانە دەکەم کە هەریەکەیان بەجۆرێ دەستیان لە دەرکردنی ئەم بەرهەمەدا هەیە ، تایبەت ئەو دڵسۆزانەی بەر لە من هەوڵی بایەخداریان بۆ ساغ کردنەوەی گەلێ رێی نەزانراوی رۆژنامەنوسی کوردی داوە• پڕ بە دڵ سوپاسی هاوڕێ و برای بەڕێز ئەندامی یاریدەری «کۆڕی زانیاری کورد» کاك محەمەدی مەلا کەریم دەکەم بۆ یاریدەی هەمە جۆری • زۆر سوپاسی برایان هێمنی شاعیر و زەبیحی رۆژنامەنوس و صەلاح سەعدوڵلای ئەندازیار دەکەم کە هەریەکەیان بەجۆرێ دەستی یاریدەیان بۆ درێژ کردم• برایانی چاپخانەی « کۆڕی زانیاری کورد »یش ، تایبەت کاك کامیل مەنسوری بەڕێوەبەری ، جێگەی سوپاسی تایبەتیمن •

* * *

بەشی یەکەم

چەند لاپەڕەیەك
دەربارەی مێژوو و بایەخی ڕۆژنامەنوسی

(دیاز)ی سەرکۆماری مەکسیك کاتی خۆی وتویە : «حەزم دەکرد خاوەنی ئەو کارگانە بومایە کە کاغەز و مەرەکەب دروستدەکەن تاوەکو هەمویانم بسوتاندایە » . لە ماری کریستینی شاژنی ئیسپانیاش دەگێڕنەوە کە وتویەتی : «تەنانەت لەناو مار و مێروشدا توشی ڕۆژنامەنوس دێت». دەڵێن حاکمی ڤەنزەویلاش وتویە : «لەوە ناترسم دەرگای دۆزەخم بۆ بکرێتەوە ، بەڵام لەجیڕەی قەڵەمی ڕۆژنامەنوسێك گیانم دێتە لەرزین » . قسەکانی ناپلیۆنیش هەر لەم بارەیەوە گەلێك مانا بەخشن : « سێ ڕۆژنامە لە سەد هەزار سەرباز زیاتر دەمترسێنن» (۱) .ڤۆلتێریش ڕاست دەکا کە دەڵێ : «ڕۆژنامەنوسی دەزگایەکە بە کەس ناشکێ ، بەڵام ئەو جیهانی کۆن دەڕوخێنێ بۆئەوەی جیهانێکی نوێ دامەزرێنێ » .

نمونەی ئەم قسانە زۆرە و هەر یەکەشیان بەجۆرێك گرنگی ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنوسی دەخاتە ڕو . زۆرکەس ڕۆژنامە و گۆڤار بە «دەسەڵاتی

---

(۱) بڕوانە : «الدستور» ، بیروت ، العدد ۳٤۹ ، کانون الاول ۱۹۷٦، ص ۱۹ .

چوارەم»[۲] ناودەبەن . لەراستیشدا لەگەڵ وەرچەرخانی هەمو رژێمێکدا سەر لە بن ئەم « دەسەڵاتی چوارەمە » وەك سێ دەسەڵاتەکەی‌تر (تەشریعی و تنفیذی و قضائی) دەگۆڕرێت .

رۆژنامە و رۆژنامەنوسـی مێژویەکی دوور و درێژی پڕ لـە رووداو و ئاڵوگۆڕیان هەیە [۳] . لە شارستانەتی کۆندا چەند نمونەیەکی سەیر هەیـە کە هەریەکەیان بە جۆر و شێوازێك لە رۆژنامە دەکەن ، یان بە لای کەمەوە بە خزمایەتی پێی دەگەنەوە . چەند هەزار سـاڵێك لەمـەوبەر فەرمانڕەوا کۆنەکانی میـسر کاروباری وڵات و شەڕەکانی سوپا و گەلێك شتی‌تری لەو بابەتەیان بەشێوەیەکی رازاوە لەسەر بەرد هەڵدەکەند و دوایی لەگەڵ خۆیان دەیانبردە ناو گۆڕەوە یان بۆ نـەوەی دوای خۆیانیـان بەجێ‌دەهێشـت . سەرەڕای ئەوە زوربەیان دەنگوباسـیان لەسەر دیواری بتخانەکان هەڵدەکەند بۆئەوەی خەڵك بیانبینن . هەر شتێکی گرنگ روی بدایە لەسـەر تاشـە بەردی نوێ هەڵیاندەکەنـد و بە دیوارا هەڵیـاندەواسی . دوای ئـەوەی میسری‌یەکان توانی‌یان کاغەز لە (بەردێ) دروسـت بکەن فەرمانڕەوایانیان کەوتنە بڵاوکردنەوەی ئەوی مەبەستیان بێ لەسەر ئەو جۆرە کاغەزە . لـە موزەخانەی لۆڤەری پاریس پارچە کاغەزێکی لەو بابەتە هەیە کە دەگەڕێتەوە دەوروبەری ۳۷۵۰ ساڵ لەمەوبەرو بە وتاری یەکێـك لە وەزیرەکانی ئـەو سەردەمە پڕکراوەتەوە کە تیایدا باسی دەوڵەت و کارەکانی دەکات . لەوەش

---

(۲) «السلطة الرابعة» . بۆ یەکەمجار سالی ۱۸۲۸ ئەم زاراوە بۆ رۆژنامە و رۆژنامەنوسێ بەکارهێنرا بەتایبەتی دوای ئەوەی رۆژنامەنوسـان کەوتنە عەوداڵی ئەو هـەواڵانەی پەیوەندی‌یـان بـەکار و رەفتـاری مـیری و کاربەدەستانەوە هەیە .

(۳) بەشێك لە زانیاری‌یەکانی ئەم بەشە لە سەرچاوەی ئەنسکلوپیدی جیاواز وەرگیراون . ناو و لاپەڕەی ئەو سەرچاوانە لە کۆتایی ئەم کتێبەدا تۆمار کراون .

سەیرتر ئەوەتە کە مێژونوسی بەناوبانگی کۆن هیرۆدۆت [٤] باسی ئــەوە دەکات کە گوایە میسریە کۆنەکان رۆژنامەی رەخنە و گاڵتــە و گەپیــان هەبووە کــە یەکێکیان نــاوی « رۆژنامــەی کۆشــك » بــووە و دەڵێ نوسەرەکانی باسی رابواردنی شەوانی پاشا و خوا پێداوەکانیان دەکرد و بە بیانوی قسەی خۆشەوە توانجیان تێ دەگرتن[٥] .)

رۆژنامە کۆنەکانیش کە دەستی باڵایان لە رازاندنەوەی شــارستانەتی زودا هەیە دەوری خۆیان لە پێشخستنی رۆژنامەنوسی سەرەتــایی کۆنــدا بینی و دەسکەوتی رۆژهەڵاتیەکانیان لەم مەیدانەدا بەرەوپێش برد . پتر لە دو هەزار ساڵ لەمەوبەر یولیۆس قەیسەر دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی ئەو وتار و لێکۆڵینەوە و دەمەقاڵێ و باس و خواسانەی لەناو «ئەنجومەنی پیران» (مجلس الشيوخ)دا رویاندەدا . تا ئەوکاتە ئەو هەواڵانە لــە چوارچێوەی ئەنجومەنی ناوبراو و ئەندامانی و فەرمانڕەوایان نەدەچونە دەرێ . ئەم کارە هێند ئەنجامدار بۆ وای لێهــات بووە کارێــکی رۆژانــە و ســەرەتای هەنگاوێکی گرنگیتر بــۆ مەیدانی خۆی . زۆری نەخایاند هەر لە رۆمای کۆن و سەردەمی یولیۆس قەیسەردا بڵاوکراوەیەکی رۆژانە پەیدا بۆ کە بە ناویش خزمایەتی نزیکی خۆی لەگەڵ رۆژنامــەنوسی نوێدا دەگەیێنێــت ((Acta diurna Urbis)) واتە «روداوی رۆژانە»[٦].هەروەکو بە ناوەکەیدا دیارە ئەم «روداوی رۆژانە»یە باس و خواس و بەســەرهات و خــۆشی و ناخۆشی وڵات و خەڵکی بڵاو دەکردەوە . سەیر ئەوەیە تەنانەت هەواڵی وەك ژن خواستن و منداڵ بون و نابوتێ و بڕیاری قورسی دادگاکان و باســی

---

(٤) مێژونوسی هەرە بەناوبانگی ئەغریقە کۆنــەکان هــیرۆدۆت لە ســەدەی پێنجەمی بەر لە عیسا ژیاوە .

(٥) بڕوانە : الدكتور محمد نجيب ابوالليل ، الصحافة الفرنسية في مصر منذ نشأتها حتى نهاية الثورة العرابية ، القاهرة ، ١٩٥٣ ، ص ١٥ ــ ١٦ .

(٦) « الحوادث اليومية » .

وەرزش و هونەر و هەواڵی دەگەمەن و سەیری بڵاودەکردەوە • «روداوی رۆژانە» لە شوێنە گشتی‌یەکان هەڵدەواسرا و نوسەری تایبەتی رۆنوســی ناوەرۆکیان دەکرد و بە شار و ناوچەکانی وڵاتدا بڵاویان دەکردەوە • ئــەم بڵاوکراوەیەی یۆلیۆس قەیسەر دایمەزراند نزیکەی پێنج سەدە ژیا (لــە سەدەی یەکەمی بەر لە دایك بونی عیسا تا سەدەی چوارەمی پاش عیســا)•

یەکێك لە هەنگاوە گرنگە کۆنەکانی ئەم مەیدانە(چینی‌یەکان ضحابون • ئەوانیش لە سەدەی حەوتەمدا بڵاوکراوەیــەکی تایبــەتی‌یان هــەبو کە لە «روداوی رۆژانە»کەی یۆلیۆس قەیسەر زیاتر لە رۆژنامەی ئیمڕۆی دەکردە چینی‌یەکانیش یاسا و بڕیار و روداوەکانی ژیانی رۆژانەی کۆشکی پاشایان بڵاو دەکردەوە و ئەوانیش ناوێکی تایبەتی ماناداریان بۆ هەڵبژاردبو : « دی باو » واتە (هەواڵەکانی پایتەخت) • ئەمەش بۆ خۆی یەکێکە لە ناوە هــەرە کۆنە دەگمەنەکان کە لە ناوی رۆژنامەی ئەم سەردەمەی دەکرد •)

(دیسان لە ئەوروپا لە سەدەکانی نــاوەندا بڵاوکراوەیــەك بە نــاوی «پامفلێت» (Pamphlet)ەوە پەیــدا بو (٧) کە لە شێوەی پەخشە «نشرة» و کتێبی بچوکدا بڵاو دەکرایەوە • ئەم پامفلێتانە لە سەدەی پــازدەوە لە زۆر شوێنی ئەوروپای رۆژئاوا بڵاو دەکرانەوە • گەلێك لە پیاوە ناودارەکانی ئەو سەردەمە بیر و را و هەستی خۆیان لەو رێگەیەوە بە خــەڵك دەگەیــاند • زوربەی ناوەرۆکی ئەو «پامفلێت»انە بۆ مەبەستی سیــاسی و رەخنە لــە زۆرداری رژێم تەرخان دەکران • تەنانەت چەند بزوتنــەوەیەکی جوتیارانی ئەوروپای ئەو سەردەمە «پامفلێت»ی تایبەتی خۆیانیان بڵاو دەکردەوە • لەو بڵاوکراوانەدا باسی زوڵم و زۆری دەرەبەگایەتی و کاربەدەستانیان دەکرد و داواکانی خۆیانیان رادەگەیاند •) •

---

(٧) لە Pamphilius ی لاتینی‌یەوە وەرگیراوە . دو مانای هەیە : کومیدیا و گاڵتەجاڕ و هیجا یا کورتە باس و کتێبی بچوك .

هەر لەو سەردەمەشدا لە ئەنجامی پەرەسەندنی پەیوەنـدی بازرگانی لەنێوان شار و وڵاتاندا ، لەنێوان ئەوروپـا و ئاسیـادا خـاوەن مـاڵ و خەڵکی‌تریش زیاتر لە جاران کەوتنـە عەودالی هـەواڵی ئەو شـوێنانەی کەلوپەلیان بۆ دەناردن یا کەلوپەلیان لێوە دەهێنان • لەوکاتەوە بەندەر و شارە گەورەکانی ئەوروپا بۆنە مەڵبەندی کۆکردنـەوە و بڵاوکردنـەوەی دەنگوباسی هەمەجۆر • لە سەدەی شازدەهەمدا لە شاری ڤینیسیا (بندقیة) دەزگایەکی تایبەتی بۆ کۆکردنـەوەی هەواڵ و دەنگوبـاس دامەزرێنرا • پیشەیەکی نوێش بە ناوی «نوسەری دەنگوبـاس»ەوە داهات • لە شـارە گەورەکاندا هێ وا هەبۆن خۆیان بەتایبەتی بۆ ئەو کارە تەرخـان دەکرد و هەواڵ و دەنگوباسی فەرمانڕەوایان و روداوی شاران و بـاری بازرگانی و گەلێ شتی‌تریان کۆدەکردەوە و رێکیان دەخست و ئینجا بڵاویان دەکردەوە• هەر لەمەشەوە نـاوی «غەزەتـە» پەیدا بو [٨] ، چونکە ئـەو بڵاوکراوەی دەنگوباسە لە شاری ڤینیسیا یەکی بە غەزەتـەیەك دەفرۆشرا و غەزەتـەش ((Gazzetta)) ناوی پـارەیەکی لە زیو دروستکراوی ئەو شـارە بو • ئەم ناوە لە وڵاتەکانی ئەوروپادا وردە وردە بۆ مانا تازەکەی بڵاو بۆوە [٩] •

ئەم ئاڵوگۆڕانە دوا هەنگاو بۆن بۆ پەیدا بۆنی «رۆژنامە» بەوجۆرەی ئیمڕۆ دەیبینین ، بەتایبەتی چونکە بونە یەکێکیش لە هەوێنـە گرنـگەکانی دۆزینەوەی چاپ کە بێ ئەو رۆژنامەنوسیێ نەیدەتوانی بگاتە پلەی ئێـستەی •

چاپیش مێژوی تایبەتێ خۆی هەیە کە یەکێـکە لە ئەنجـامە هـەرە

---

(٨) لە سـەرەتادا و بۆ ماوەی نیو سـەدەیەك کوردیش «غەزەتـە»یان لەبریتی رۆژنامە بەکاردەهێنا . وادیارە ئەو وشـە ئەوروپایی‌یە لە رێگەی زمـانی تورکی‌یەوە گەیشتۆتە کوردی .

(٩) بەتایبـەتی دوای ئـەوەی رونـاکبیرێکی فەرەنسـەیی (ت. رینـودو T. Renaudot) لە سـالی ١٦٣١ وە دەستی‌کرد بە بڵاوکردنەوەی La Gazette

گرنگەکانی پەیدابونی نوسین و دانانی کتێب • لەوەتەی نوسین پەیدا بووە و ئادەمیزاد دەستی کردووە بە نانی هەنگاوی گەورە لە مەیدانی بەرەو پێش چونی شارەستانەتیدا ، کتێب بووەتە رۆی هەرە گرنگ و بزوێنەری هەرە پێویستی ئەو بەرەو پێش چونە • لە سەردەمی ئاشوری‌یەکانەوە کتێب و کتێبخانە پەیدا بۆن • کتێبی ئەو سەردەمە بە بارست گەورە و بە سەنگ قورس و بە ناوەرۆك پچوك بون ــ کتێبێك چەند تەنێك دەبو ، گواستنەوەی چەند عەرەبانەیەکی پێ دەویست ، کەچی خوێندنەوەی بە حونجە لەوانە بۆ تاقە سەعاتێك نەخایەنێ • لەم دواییەشدا کار گەیشت بەوەی دۆ دانە کتێبی چەند صەد لاپەڕەیی بەئاسانی لە پاکەتە شقارتەیەکدا جێگەیان بێتەوە • سالی ١٨٩٦ لە بەرلین فەرهەنگێك چاپکرا کە بریتی بو لە ٥٠٠ لاپەڕە و هەر لاپەڕەیەکیشی ٢٧ دێڕ و هەر دێڕێکی ٧٠ پیتی تێدا بۆ بەلام بارستی هەمۆی بریتی بۆ لە ٣٢ × ٢٤ × ٨ ملیمەتر ، واتە چەند سانتیمەترێکی سێ‌گۆشە کە لە قوتووە شقارتەیەك پچوکترە (١٠) •

دیارە ئەم گۆڕانە گەورەیە ماوەیەکی دور و درێژی پێویست بۆ • گەلانی رۆژهەلات لەو ماوەیەدا چەند دەستکەوتێکی گرنگیان بەدی هێنا کە دەوری دیاریان هەبو بۆ کورتکردنەوەی رێگەی گەیشتن بە چاپ • میسری‌یەکان یەکەم جۆری کاغەزیان لە (بەردێ) دروست کردە دوای ئەوان هەر لە رۆژهەلات دروستکردنی جۆری‌تری کاغەز دۆزرایەوە کە تارادەیەك لە کاغەزی ئێستەی دەکرد • ئەو جۆرە کاغەزە بۆ یەکەم جار لە سەدەی یەکەمدا لەلایەن چینی‌یەکانەوە بەکارهێنرا ، بەلام لەسەر خۆ بلاو بۆوە • لە

---

(١٠) بڕوانە :

Богданов Н. и Вяземский Б., Справочник журналиста, Ленинград, 1965, стр.652.

ن. بەگدانۆف و ب. ڤیازێمسکی ، رابەری رۆژنامەنوسی ، بە زمانی رۆسی ، لێنینگراد ، ١٩٦٥ ، ل ٦٥٢ .

سەمەرقەند ساڵی ٦٥٠ و لە بەغدا ساڵی ٨٨٠ [١١] و لە قــاهیرە دەوروبەری ١١٠٠ دەستیان کردە بەکارهێنانی • بەڵام هیچکام لە گەلانی ئەوروپــا تــا نزیــك ســەدەی سیــازدە ئەو کاغەزەیــان نــەدەزانی و ئەوســاش لــە ڕۆژهەڵاتییەکانەوە فێری بون •

هەر لە ڕۆژهەڵاتیش یەکەم جــۆری سەرەتــایی چــاپ پەیــدا بۆ • چینییەکان لە دەوروبەری کۆتایی سەدەی شەشەمەوە [١٢] فێری ئەوە بــۆن لە سەر پارچە تەختەی گەورە پیت و وشە و وێنە بە جوانی و ڕێکوپێــکی هەڵکەنن و بە هۆی مەرەکەبی ڕەنگاو ڕەنگەوە چەند هەزار دانەیەکی لــێ چاپ بکەن • ئەوروپاییەکان لە دەوروبەری کۆتایی سەدەکانی ناوەندا لــە چینییەکانەوە فێری ئەم جۆرە چاپە بون • دیسان چینییەکان یەکەم گەل بون کە بەر لە ئەوروپاییەکان بە نزیکەی چوار سەدە یەکەم هەنگاویان نــا بۆ دروستکردنی شتێك کە تارادەیەك لە ماکینەی چاپی دەکرد •

ئەم دۆزینەوانە هەرچەندە پێویست و گرنگ بۆن ، بەڵام ئەنجامیــان کەم و کێشەیان زۆر بۆ • بۆ وێنە چاپکردن بە هۆی هەڵکەندنی تەختەوە ماوەیەکی زۆری پێدەویست و دەشبو ئەو پیت و وێنانەی هەڵدەکەنرێــن گەورە و بێ پێچ و پەنا بن • بۆ هەر لاپەڕەیەك پێویســت بو تەختــەیەکی تایبەتی هەڵکەندرێ و دوایی فڕێ بدرێ •

بۆ زاڵبۆن بەسەر ئەم کۆسپانەدا دەبۆ جۆرە پیتێکیتر بدۆزرێتەوە ، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە «چەرخی بوژاندنەوەی ئەوروپادا» [١٣] خوێندن و

---

(١١) هەندێك سەرچاوە باسی ئەوە دەکەن گوایــە ژمارەیــەك چینی لەلایــەن عەرەبەوە بە دیل گیراون و لەوانــەوە فێری کاغــەز دروســتکردن بون (بڕوانە : محمد نصر ، صحافة الملايين ، القاهرة ، ١٩٦٥ ، ص ١٥) .

(١٢)
S. Natarjan, A history of the Press in India, London, 1962, P. 3.

(١٣) « عصر النهضة الاوروبية » .

خوێندەواری پەرەیان سەند و نوسەران کەوتنە ئەوەی بە زمانی خەڵك بنوسن نەك لاتینی ، واتە دوای ئەوەی کتێب وەك بەرهەمێکی روناکبیری کەوتە بازاڕەوە [١٤] بۆیەکا وای لێهات دەستنوسی گران یا بەرهەمی پچوکی چاپکراو بە تەختەی هەڵکەندراو دادی خەڵك نەدەن • ئەوسا بیری ئادەمیزاد بۆ ئەوە چو پیتی جیا جیا لە قوڕ دروستبکات و لە کورەدا سوری بکاتەوە • راستە ئەم جۆرە پیتانە زۆر زو دەسوان یا دەشکان ، بەڵام دۆزینەوەیان هەنگاوێکی گەورە بو بۆ نزیك کەوتنەوەی تەواو لە چاپی نوێ • وردە وردە مس و ئاسن جێگەی قوڕیان گرتەوەو بەوجۆرە پیتی لەبارتر پەیدا بو •

هەرچەندە کۆششی چەند کەسێك رێگەی ئەم دۆزینەوەیەی دوایان خۆش کرد بەڵام داهێنانی چاپی نوێ بە پیتی نەچەسپاو «متحرك» بە ناوی داهێنەری ئەڵەمانی یۆحەنا گۆتینبورگەوە (Johannes Gutenberg) (١٤٠٠ ــ ١٤٦٨) بەستراوە [١٥] کە دەوروبەری ساڵی ١٤٤٥ توانی

---

(١٤) تا دەوروبەری کۆتایی سەدەکانی ناوەند کتێب تەنها بۆ ئەندامانی چینەکانی ژوروی کۆمەڵ بو ، بەتایبەتی ئەوانەیان کە لاتینییان دەزانی . نوسەر و زاناکانی ئەوروپا بە زمانی نەتەوەیی خۆیان نەیاندەنوسی ، هەمویان لاتینییان بەکاردەهێنا . سەرەڕای ئەوە دەستنوس گران بو ، بۆیەکا زۆر بەدەگمەن دەکەوتە بازاڕەوە ، شوێنی ئاسایی ئەوسای کتێبخانەی کڵێسە و دەسەڵاتدار و دەوڵەمەندان بو . لە سەرەتای «چەرخی بوژاندنەوە»وە نوسەران کەوتنە بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی .

(١٥) شوێنی یۆحەنا گۆتینبورگ (١٤٠٠ ــ ١٤٦٨) لە بەرەوپێشچونی شارستانەتی مرۆڤدا تایبەتییە ، بەهۆی داهێنانەکەی ئەوەوە زادی بیری زانایان بووە موڵکی هەموان . بەداخەوە بەڵگە لەبارەی ژیانییەوە زۆر کەمە ، تا ئێستە تەنانەت ساڵی لەدایکبونی تەواو نەزانراوە . هەرچۆن بێ کارەکەی گۆتینبورگ وەك نوسەری رۆژئاوایی گ. سێلێری دەڵێ «لەو جۆرە کارانەیە کە تاقە جارێك رو دەدەن و دوبارە نابنەوە» (بڕوانە:ــ G. C. Sellery, The Renaissance. Its Nature and Origins, Madison, 1962, P. 234).

مەکینەیەکی چاپی تەختە دروستبکات کە بە دەست ئیشی دەکرد . دوای ریك‌خستنی لاپەڕەی پێویست بە پیتی نەچەسپاو چەند لاپەڕە مەبەست بوایە بەو مەکینەیە چاپ دەکرا و ئینجا پیتەکان دیسان بەسەر قاسەی تایبەتیدا دابەش دەکرانەوە بۆ بەکارهێنانی تریان . ئەم یەکەم مەکینەی چاپەی گۆتینبورگ لە سەعاتێکدا صەد لاپەڕەی چاپ دەکرد [١٦] . ئەمە خێراییەکی بێهاوتا بو بۆ کاتی خۆی . جگە لەوە بەهۆی ئەم مەکینەیەوە توانرا هەڵەی ناو کتێب کەم بکرێتەوە و یەکیەتی ناوەرۆکی بپارێزرێ کە نەبونی بە کێشەیەکی گەورەی دەستوسە کۆنەکان دادەنرێ ، چونکە زۆر جار ئەوانەی رونوسی ئەو دەستوسانەیان دەکرد دەستیان لە ناوەرۆکیان دەدا و بە ئارەزو و بە پێوانەی تێگەیشتنی خۆیان لێیان لادەبرد یا شتی نوێیان دەختە سەر .

ئەم کارەی گۆتینبورگ گەورەترین دەسکەوتی روناکبیریێ سەرتاپای گەلی ئەڵەمانیە لە سەدەی پازدەدا ، بەتایبەتی چونکە بووە سەرەتای بەرپابونی شۆڕشێکی گەورە لە ژیانی روناکبیریێ گەلانی ئەوروپا و ئینجا هەمو جیهاندا . داهێنانی چاپی نوێ رێگەی پێشکەوتنی زانست و بوژاندنەوەی کەلەپور و بڵاوبونەوەی بیری نەتەوەیێ ئاسان و خۆش کرد . گەر ئەو دەسکەوتە گەورەیە نەبوایە خوێندن و خوێندەواری هەروەك جاری جاران لە قاوغێکی تەسك و مەودایەکی تایبەتیدا دەمایەوە . بەلاّم دوای هەرزان و زۆر بونی کتێبی خوێندن فێرگەش زۆر بو . لێرەدا جێگەی خۆیەتی باسی ئەوە بکەین کە یەکێك لەو کتێبە کەمانەی گۆتینبورگ بۆ یەکەمجار بە مەکینەکەی خۆی چاپی کردن «رێزمانی لاتینی» بۆ بۆ فێرگەکان. گۆتینبورگ ئەو کتێبەی چەند جارێك لەچاپ دایەوە و دور نیە ئەو «رێزمانی لاتینی»یە لەمەدا تاقانە بوبێ . لە هەمانکاتدا داهێنانی چاپی نوێ

(١٦) بڕوانە : ن. بەگدانۆف و ب. ڤیازێمسکی ، سەرچاوەی ناوبراو، ل ٤٣٧.

بووە هۆیەکی یاریدەری گرنگ بۆ خێرا بونی چەند ئالوگۆڕێکی کۆمەڵایەتی کە بەر لەوە بە ماوەیەکی کەم دەستیان پێ کردبــو ، وەك یەکگرتنی زمــانە نەتەوەییە ئەوروپاییەکان و پەیدابوون و پەرەســەندن و بڵاوبونەوەی ئەدەبی نەتەوەیی ، بەتایبەتی دوای ئەوەی بازاڕ بووە شوێنی فرۆشتنی کتێب •

وەك چاوەڕوان دەکرا چاپی نوێ بەخێرایی بە ئەوروپادا بڵاوبۆوە ، هەرچەندە گۆتینبورگ و هــاوەڵەکانی دەیانویســت نهێنی ماکینــەکەیان بپارێزن • لە ماوەی نیوسەدەدا (تاوەکو سالی ١٥٠٠) نزیــکەی ٣٠ هەزار کتێبی چاپکراو کەوتە بازاڕەوە کە لە هەر یەکەیان دەوروبەری ٣٠٠ دانــە چاپ دەکرا • واتە ژمارەی هەمو ئەو کتێبانەی لە ماوەی ئەو نیو سەدەیەدا چاپکران خۆی دەدا لە نزیکەی ٩ ملیۆن دانە • ئەمەش بۆخۆی سەرەتایەکی گرنگ بو بۆ گۆڕینی ڕۆی ژیانی کۆمەڵایەتی و روناکبیری لە هەمو جیهاندا•

شایانی باسە هەر زۆ دەستکرا بە چاپکردنی بەرهەمی ئەدەبی و کتێبی کۆن • بۆ وێنە یەکێك لەو کتێبانەی گۆتینبورگ بۆ یەکەمجار بە مەکینەکەی خۆی چاپیکردن داستانێکی ئەڵەمانییە کە بە شــیعر هۆنراوەتەوە • لــە هەمانکاتدا چاپخانەکان دەستیان کردە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەو زانا و نوسەرانەی کە بە بیر و باوەڕ دژی رژێمی سیاسی و ئابوری دەرەبەگی بون و داوای گۆڕینی کۆمەڵیان دەکرد [١٧] • هــەر لەبەرئــەوەش بو کلێســە و دەسەڵاتداران لە سەرەتاوە بە توندی دژی داهێنانی چاپی نوێ وەستان و تەنانەت لە چەند بەیاننامەیەکی تایبــەتیدا تیر و پڕ بە ســەر و پۆتــەڵاکی گۆتینبورگ و مەکینەکەیدا هاتن و دۆزینەوەی چاپی نوێیــان بە کارێکی خراپ و نالەبار لەقەڵەم دا !! • پاپا و کاردیناڵەکان لەوە دەترسان ئینجیــل بە شێوەیەکی فراوان بڵاو بێتەوە و بگاتە دەست هەمو کەس و ئەمەش بێتە

---

(١٧) وەك بەرهەمە بەناوبانگەکانی تۆماس مۆر و ئارازمــس و گەلێکیتری وەك ئــەوان •

هۆی ئەوەی خەڵکی بۆخۆیان لە ناوەرۆکی تێبگەن و بەوجۆرە پەردە لـە ڕوی ئەوان و دورکەوتنەوەیان لە ڕێگەی ئایینی دروست هەڵبماڵرێ [١٨] •
ئینجیلیش یەکەم کتێب بو کە گۆتینبورگ بە مەکینەکەی خۆی چاپی کرد • دیارە هێز نەبو بتوانێ بڵاوبونەوە و پێشکەوتنی خێرای چاپ و چاپەمەنێ بوەستێنێ بۆیەکا تاریك پەرستان بە نـاچاری پەنـایان بردە بەر ڕێگەیتر بەنیازی کەمکردنەوەی «زیـانە کوشندەکانی» چاپ • لە سـاڵی ١٥٥٩وە کلێسە دەستی کردە دەرکردنی لیستەی قەدەغەکردنی کتێب • ژمارەی ئـەو لیستانە [١٩] تائێستە لە ٤٠ تێپەڕیوە و نـاوی هەزارەهـا کتێبی گرنـگی هەمەجۆریان تێدایە • شایانی باسە بەشێکی زۆر لەو کتێبانە دەستیان لـە کاری کلێـسە نەداوە ، زوربەیـان کتێبی فەلسـەفی و روناکبـیری ڕۆتن • کتێبیوا هەیە ناوی لەسەر ئەوە خراوەتە ناو ئەو لیستانەوە چونکە خاوەنەکەی چەند سەدەیەك لەمەوبەر زاتی ئەوەی کردووە بڵێ زەوی خڕە • ناوی زۆر ناوداری کەم هاوتای وەك ڤۆلتێر و هۆبس و دیکارت و برۆدۆن لاپەڕەکانی ئەو لیستانەیان « ڕازاندۆتەوە » •

سەرەڕای ئەوە و هەر لەبەرئەوەش وادیارە دەبو مەکینەی چاپی تازە داهاتو لەبەر چاوەزار بە خوێن سـور بکرێ • کۆنەپەرستانی ئەورووپا هەر زۆ دەستیان نایە بینی یەکێك لە خاوەن چاپخانە روناکبیرە ناودارەکان تـا بێکەنە عیبرەت بۆ ئەوانیتر • ساڵی ١٥٤٦ دۆلییەی تۆسەر و فەیلەسوف و

---

(١٨) پاپا و کاردینالەکان دەمێك بۆ بە ئارەزوی خۆیان ناوەرۆکی ئینجیلیـان لێکدەدایەوە و بیری ئایینی وایـان بڵاو دەکردەوە کە لەگەڵ ئینجیلـدا نەدەگونجـان . هەر لەبەرئەوەش بۆ پاپـاکان بەر لـە داهـاتنی چـاپ خوێندنەوەی سەربەخۆی ئینجیلیان قەدەغە کردبۆ ، دەبو پیاوی ئـایین تایبەتی ئینجیل بۆ خەڵك بخوێننەوە و بۆیانی شـەرح کەن .

(١٩) ناوی ئەو لیستەیە بە لاتینی بەمجۆرەیە :
((Indet librorum Prohibitorum)) .

خاوەنی یەکێك لە چاپخانەکانی شاری لیۆن (٢٠) لە ناوەڕاستی پاریسی پایتەختدا و بە بەرچاوی خەڵکەوە لە هەڕەتی لاوێتییدا سوتێنرا . بەڵام زۆری نەخایاند نەوەی ئەو خەڵکە و مێژوو حوکمی ڕەوای خۆیاندا ــ ساڵی ١٨٨٩ هەر لەو شوێنەدا کە دۆلیەی تیا سوتێنرا پەیکەرێکی پڕ شانازی بەرزبۆوە بۆ ئەوەی هەتا هەتایە چیرۆکێکی مانادار بۆ هەموو کەس بگێڕێتەوە.

داهێنانی چاپ گەورەترین کاری کردە سەر ڕۆژنامەنوسی . بەرلەوەی سەدەی پازدە کۆتایی بێ ، واتە ماوەیەکی کەم دوای دۆزینەوەی چاپی نوێ، هەندێك لەو پامفلێتانەی ئەوروپا کە باسمان کردن بە چاپکراوی بڵاو دەکرانەوە . دوای ئەوە بە ماوەیەك لە ژمارەیە وڵاتی وەك ئەڵەمانیا دەستکرا بە چاپکردنی ڕۆژنامە کە لە سەرەتای سەدەی حەڤدەوە بەجۆرێکی هەست پێ‌کراو کەوتە بڵاوبونەوە و پەرەسەندن . ڕۆژنامەی‌وا پەیدا بوو کە چەند هەزار دانەیەکی لێ چاپ دەکرا . لەگەڵ ئەوەشدا تا ئەو کاتە نە توانا هەبو نە پێویستی بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەی ڕۆژانە . زوربەی ئەو ڕۆژنامانەی دەردەچون مانگانە و کەمێکیان هەفتانە بون . ساڵی ١٦٦١ لە لایپزگی ئەڵەمانیا بۆ یەکەمجار لە مێژوودا ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بە ناوی ((Leipziger Zeitung)) وە کەوتە بازاڕەوە . ئەمە هەنگاوێکی زۆر گەورە بوو بۆ سەردەمی خۆی . وڵاتێکی پێشکەوتوی وەك ئینگیلتەرە تا ساڵی ١٧٠٢ توانای دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی وەك ئەوەی لایپزگی نەبوو . بەڵام بە تێکڕا سەدەی هەژدە و نۆزدە بە سەرەتای پەرەسەندنی خێرای ڕۆژنامەنوسی ئەوروپا دادەنرێن . ڕۆژنامەی بەناوبانگی «تایمس» (The Times) کە لە ساڵی ١٧٨٥وە دەستی بە دەرچون کرد ساڵی ١٨١٥ تەنها پێنج هەزار

---

(٢٠) دۆلیە (Dolet) (١٥٠٩ ــ ١٥٤٦) یەکێکە لە نوسەر و زانا ناودارەکانی فەرەنسای نیوەی یەکەمی سەدەی شازدەهەم . کە سوتێنرا تەمەنی ٣٧ ساڵ بوو .

دانەی لێ چاپ دەکرا . بەڵام لە ناوەندی هەمان سەدەدا ژمارەی چاپکراوی گەیشتە ٥٢ هەزار و بەر لە کۆتایی ئەو سەدەیە گەیشتە ٨٠ هەزار دانە لە رۆژێکدا .

گەلانی‌تر لە ئەوروپاییەکانەوە فێری بەکارهێنانی چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی نوێ بون . هەر زۆ ژمارەیەك لە خاوەن چاپخانەکانی ئەوروپا دەستیان کردە داڕشتنی پیتی عەرەبی بۆ وڵاتە موسڵمانەکان . بەوێنە لە سەرەتای سەدەی شازدەدا یەکێك لە چاپخانەکانی ئیتالیا پیتی عەرەبی تایبەتی خۆی هەبو . ئەو چاپخانەیە بۆ یەکەم جار قورئانی چاپکرد . هەر لەو دەورو بەرەشدا لە هەمان چاپخانە بەرهەمی ژمارەیەك زانای عەرەب و موسڵمانی وەك (ابن سینا) چاپ کرا . ڤاتیکانیش بۆ مەبەستی ئایینی خۆی زۆر زۆ کەوتە وەرگێڕان و چاپکردنی زنجیرە کتێبێکی ئایینی گاورەکان و بە رۆژهەڵاتدا بڵاوی کردنەوە .

بڵاوبونەوەی رۆژنامە لەبەر چەند هۆیەك کە دوایی باسیان دەکەین زۆر لەوە دواکەوت . لەگەڵ ئەوەشدا سەرەتای پەیدابونی رۆژنامەنوسی وڵاتانی رۆژهەڵات تا رادەیەکی زۆر بەرهەمی هاتن و سیاسەتی ئەوروپاییەکانە . لە زۆر شوێن کۆلۆنیستە ئەوروپاییەکان بۆ کاری پرۆپاگەندەی خۆیان و لەبەر خاتری ئەو ژمارە زۆرەیان کە رژابونە رۆژهەڵات دەستیان کردە دامەزراندنی چاپ و رۆژنامە کە بەشێکیان بەدەست میسیانیر (مبشر)ەکانەوە بو . بەم جۆرە ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٧٨٤وە دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی « غەزەتەی کەلکەتا » (Calcutta Gazette) . دوابەدوای ئەوە لە بەنگال و چین و شوێنی‌تر رۆژنامەی لەوبابەتە پەیدا بو . عوسمانی‌یەکانیش لەو شوێنانەی فەرمانڕەوا بون دەستیان‌کرد بە دەرکردنی رۆژنامەی رەسمی کە بەدەگمەن لە باسی یاسا و فەرمانەکانی سوڵتان و کاروباری دەوڵەت بەولاوە شتێکی‌تریان بڵاو

دەکردەوە . یەکێك لەو ڕۆژنامانە «الزوراء»[21] بۆ کە لە ١٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٨٦٩ەوە عوسمانییەکان لە بەغدا دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی و بەوجۆرە دەبێتە یەکەم ڕۆژنامەی عیراق [22] . سەیر ئەوەیە ئەم ڕۆژنامەیە دەوروبەری ٤٨ ساڵ (تاوەکو داگیرکردنی بەغدا لەلایەن ئینگلیزەوە ساڵی ١٩١٧) ژیا و ئەوەش بۆ خۆی درێژترین تەمەنە لە سەرتاپای مێژوی ڕۆژنامەنوسی عیراقدا .

زۆری نەخایاند ڕۆژنامەی نیشتمانیش لە ڕۆژهەڵات سەری دەرهێنا . بەڵام مەودای گەشەکردنی ئەم ڕۆژنامانە کەم بو . بەوێنە لە وڵاتێکی گەورە و خاوەن شارستانەتی کۆنی وەك چین تا نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە ڕێگەی دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بە زمانی نەتەوەیی نەدرا .

ڕۆژنامە لە هەمو شوێنێك دەتوانێ دو دەوری زۆر جیاواز ببینێ ــ دەورێکی پێشکەوتوی پڕ لە بینا و پەروەردە و هاندانی چاکە یا دەورێکی کۆنەپەرستی ڕوخێنەر . لە سەردەمی ئاڵوگۆڕی گەورەی وەك شۆڕشدا ئەم دو ڕووە جیاوازەی ڕۆژنامەنوسی زۆر ڕون دەردەکەون . شۆڕشی ئەمەریکا و شۆڕشی فەرەنسا دو نمونەی پڕ بەڵگەی ئەم راستییەن ــ لە

---

(٢١) «زوراء» یەکێکە لە ناوەکانی شاری بەغدا .

(٢٢) ژمارەیە لە نوسەران باسی ئەوە دەکەن گوایە یەکەم ڕۆژنامە لە مێژوی عیراقدا ساڵی ١٨١٦ لە سەردەمی فەرمانڕەوایی داود پاشادا دەرچووە (بڕوانە : فائق بطي ، الصحافة العراقية . ميلادها ــ تطورها ، بغداد ، ١٩٦١، ص ٢١٣). بەڵام ئەمە تاوەکو ئێستە ساغ نەبۆتەوە و وادیارە قەت ساغ نابێتەوە چونکە لە دروستکراو دەچێت . جگە لەوە زۆر وڵاتی تری عەرەب لەو سەردەمە لە عیراق پێشکەوتوتر بون کەچی کەسیان خاوەنی ڕۆژنامەی خۆیان نەبون . یەکەم ڕۆژنامەی نەتەوەیی عەرەبی رزقەللا حەسون حەلەبی لە ئەستەمۆل ساڵی ١٨٥٤ بە ناوی «مرآة الاحوال»ەوە دەری کرد و بەر لەوەش محەمەد عەلی گەورە لە قاهیرە ئۆرگانێکی میری بە ناوی «الوقائع المصرية»وە بڵاوکردەوە (بڕوانە : فليب دي طرازي ، تاريخ الصحافة العربية ، بيروت ، ١٩١٣ ، ص ٣٢ ، ٤٩ــ ٥٠) .

رۆژانی شۆڕشی ئەمەریکادا (١٧٧٥ ـ ١٧٨٣) چەند رۆژنامەیەکی کەم لایەنی ئینگلیزە داگیرکەرەکانیان گرت و ئەوە بووە هۆی مردنیان • زوربەی رۆژنامەکانی‌تر بە گەرمی لایەنی شۆڕشیان گرت و دەورێکی باشیان لە ریسواکردنی دوژمن و بەرزکردنەوەی دروشمە نیشتمانی‌یەکاندا بینی [٢٣]• ئەم کارە لە روداوەکانی شۆڕشی فەرەنسەدا زیاتر رەنگی دایەوە • لە ماوەی دە سالی دوای شۆڕشی گەورەی ئەم وڵاتە (١٧٨٩ ـ ١٨٠٠) نزیکەی ١٣٥٠ رۆژنامەی نوێ کەوتە بازاڕەوە • رۆژانی شۆڕشی ١٨٤٨ ـ ١٨٤٩ بەلای کەمەوە ٦٠٠ رۆژنامەی نوێ بە زمانی فەرەنسی دەستیان بە دەرچون کرد • کۆمۆنەی پاریسیش (سالی ١٨٧١) تەنها لە پاریس نزیکەی ١٣٠ رۆژنامە و گۆڤاری نوێی خستە بازاڕەوە •

هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤ دەورو جێگەی رۆژنامەنوسێ لە ژیانی گەلاندا پەرە دەسێنێ • ئیمرۆ رۆژنامەی وا هەیە ژمارەی لاپەڕەکانی لە ٤٠ تێدەپەڕێ [٢٤] • دەمێکە زانست و مێژو و ئەدەب و وەرزش و هونەر و هەمو روێەکی ژیانی کۆمەلایەتی تێکەڵ بە لاپەڕەکانی رۆژنامە بون • رۆژنامە و گۆڤاری تایبەتی هەمەچەشنە هاتونە مەیدانەوە (وەك هی وەرزش [٢٥] و ئافرەت و منداڵ و هونەر و ئەدەب و قوتابی و لاوان و گەلێکی‌تر) • رۆژنامەنوسێ بۆتە هۆی بەهێزبونی پەیوەندی لەنێوان خەڵك و شار و لادێ و وڵاتاندا • بەکورتی ئەم پیشە گرنگە و بەرهەمەکانی بونەتە بەشێکی نەپچڕاوی ژیانی مرۆڤ • وەك نەهرو

---

(٢٣) بڕوانە :
Th. E. Berry, Journalism to day. Its Development and Practical Applications, Second Printing, New York, 1958, PP. 10 — 12.

(٢٤) دێینەوە سەر ئەم باسە .

(٢٥) لە سەرەتای سەدەی بیستەوە لە ئەمەریکا دەستکرا بە بایەخ پێدانی وەرزش لەلایەن رۆژنامەنوسانەوە . ئیستە بەدەگمەن رۆژنامەیەکی ئەوتۆ هەیە هەمو رۆژ بەشێك بۆ هەواڵەکانی وەرزش تەرخان نەکات .

دەڵێ : «ئەوی بە لای کەمەوە رۆژی رۆژنامەیەك نەخوێنێتەوە رونـاكبیر نیە» • لە راستیشدا بەپێی ژمارەیەك سەرچاوەی باوەڕ پێکراو لە وڵاتـە پێشکەوتووەکاندا هەر کەسێ لە سەرو تەمـەنی منداڵیەوە بێ رۆژی ٤٠ تاوەکو ٤٥ دەقیقە بە خوێندنەوەی رۆژنامەوە دەبەنە سەر [٣٦] • بۆ زیـاتر رۆن کردنەوەی ئەم مەبەستە چەند نمۆنە و ژمارەیەکی مانادار دەخەینە بەرچاو•

بەپێی راپۆرتێکی یۆنـسکۆ سالی ١٩٥٩ لە هەمۆ جیهاندا رۆژی ٢٥٠ ملیۆن دانە رۆژنامەی هەمەجۆر بڵاو دەکرایەوە • ئەم ژمارەیە ، بەپێی هەمـان راپۆرت ، سالی ١٩٦٥ گەیشتـە ٣٠٠ ملیـۆن • لەگەڵ ئـەوەش بـەپێی راپۆرتێکیتری یۆنسکۆ سالی ١٩٦٢ دۆ ملیار کەس ، واتە نیوەی خەڵـکی جیهان ، لە رۆژنامە بێبـەش بۆن [٣٧] • بـەم جۆرە بۆ تێگەیشـتنی رۆی جیاوازی رۆژنامەنوسێ پێویستە چەند نمونەیەك لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بهێنینـەوە •

دەمێکە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و کەنەدا هەر ٢٤ سەعاتەی پتر لە ٥٥ ملیۆن رۆژنامە دەفرۆشرێ [٣٨] ، واتە هەر سالەی ٢٠ بلیۆن دانە •

---

(٣٦) بڕوانـە :
((Journalism Tomorrow)), Edited by W. C. Clark, New York, 1958, P. 8.

(٣٧) بڕوانە : هشـام توفیق بحري ، صحافة الغـد ، القاهرة ، ١٩٦٨ ، ص ١٧ •

(٣٨) سەرەتای سالەکانی شەست تەنها لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پتر لە ١١٫٣٢٢ رۆژنامە لە نزیکەی ٨٫٤٥٠ شار چاپدەکرا (بڕوانە :

"Печать зарубежных стран. Западная Европа, Америка, Австралия", Под редакцией Н.Г.Пальгунова и М.А.Харламова, Москва, 1962, стр. 322-323.

«چاپەمەنێ وڵاتانی دەرەوە ـ ئەوروپای رۆژئاوا ، ئەمەریکا ، ئوسـتورالیا» ، لەژێر چاودێری ن. گ. پالگونۆڤا و م. ا. خارلامۆڤا ، مۆسـکۆ ، ١٩٦٢ ، ل ٣٢٢ ـ ٣٢٣) . (لەمەودوا : «چاپەمەنێ وڵاتانی دەرەوە ») .

ئەمەش ، وەك یەكێك لە شارەزاكان باسی دەكا ، لە فرۆشــتنی جگەرە یــا گوێزانی تەراش یا پاكەتە بنێشت زیاترە . بەپێی قسەی هەمــان شــارەزا حەفتەی ۱۸ ملیۆن دۆلار (واتە ســالی ۹۰۰ ملیۆن [۲۹]) بــۆ كڕینی ئــەو رۆژنامانە خەرجدەكرێ [۳۰] . هەر لە ولاتــە یەكگرتووەكانی ئەمــەریكا دەوروبەری ۱۲٫۵۰۰ گۆڤاری هەمەچەشنە بلاو دەبێتەوە كە نزیكەی ۳۰۰یان گۆڤاری گشتین و ۱٫۵۰۰یان بۆ كاروباری ئایینی و ۲٫۰۰۰یان بۆ بازرگانی و ۸٫۵۰۰یــان بۆ پیشەســازی تەرخــان كراون [۳۱] . تەنهــا لە گۆڤــاری ((The Reader's Digest)) [۳۲] ۲۰ ملیۆن دانە لە هەر ژمارەیەكی چــاپ دەكرێ و بەلای كەمەوە ۸۰ ملیۆن كەس دەیخوێندنەوە [۳۳] . دیسان لــە ولاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا نزیكەی هەزار گۆڤار و رۆژنامە بە زمــانی بێگانە چاپ دەكرێ ، لەمانە دەوروبەری صەدیان رۆژنامەی رۆژانەن [۳٤] .

ئینگلیزەكان لە ئەمەریكاییەكان زیاتر عەودالی گۆڤار و رۆژنامەن . هەر ئینگلیزێك نزیكەی دوو ئەوەندەی ئەمەریكاییــەك و ســێ ئەوەنــدەی فەرەنسەییەك رۆژنامە دەكڕێ . هەر ۲٤ سەعات جارێك ۳۰ ملیۆن رۆژنامە دەكەوێتە بــازاڕەكانی ئینگلیتەرەوە . ســەرەڕای ئەوە ٤۰۸۸ گۆڤــاری جۆربەجۆر و نزیكەی ۱۰۵۰ رابەر و سالنامە و بەرهەمی رۆژنامەنوسێتی

---

(۲۹) دوور نی‌یە ئیســتە ئەو ژمارەیە لە ملیار تێپەڕیبێ .

(۳۰) بڕوانە :
F. W. Rucker and A. L. Williams, Newspaper — Organization and Management, Third Reprinting, Iowa, U.S.A., 1961, P. 3.

(۳۱) بڕوانە :
((Journalism Tomorrow)), P. 53.

(۳۲) بە عەرەبی بە ناوی «المختار»ەوە دەردەچێ .

(۳۳) بڕوانە :
((Journalism Tomorrow)), P. 53.

(۳٤) بڕوانە : الدكتور ابراهيم عبده ، الصحافة في الولايات المتحدة . نشاتهــا وتطورها ، القاهرة ، ۱۹٦۱ ، ص ۳۰٤ .

لەو بابەتە لە ئینگیلتەرە چـاپ دەکرێ [٣٥] .

لە سۆڤیەت هەمو سەر لە بەیانییەك تەنها لە ڕۆژنامەی «ئیزڤێستیا» پتر لە ٨ ملیۆن و لە «پراڤدا» ٩ ملیۆن دانە و هەمو سەری مانگێك ١٠ ملیۆن لە گۆڤاری «زدەرۆڤیا» (تەندروستێ) [٣٦] دەفرۆشرێ . لە هەمو کۆمارەکانی سۆڤیەت بە روسی و زمانی نەتەوەیێ خۆیان رۆژی هەزارەهـا رۆژنـامەی جیاواز چاپ دەکرێ . تەنها لە کۆماری ئوکراینا سالی ١٩٧٠ هەمو رۆژێك ١٣٤١ رۆژنامە چاپ دەکرا کە ٩٣٦یان بە زمانی ئوکراینی و ئەوانیتری بـە رۆسی و زمانیتر بون . سالی ١٩١٣ هەر صـەدکەسی رۆسـیا ١٫٢ دانـە رۆژنامەیان بەردەکەوت ، ئەم ژمارەیە سالی ١٩٤٠ بووە ١٩٫٨و سالی ١٩٧٠ گەیشتە ٥٨ دانـە .

ئەم خشتـەیەی خوارەوە پوختـەی بـاری رۆژنامـەنوسێ ولاتـە پێشکەوتووەکانمان دەخاتە بەرچاو :

ولات	سال	هەر هەزارکەس لە ڕۆژێکدا چەند ڕۆژنامەیان بۆ چاپ دەکرێ
یۆغۆسلاڤیا	١٩٦٩	٧٩
ئیتالیـا	١٩٦٧	٩٥
رۆمانیـا	١٩٦٩	١٧١
بەلغاریـا	١٩٦٨	٢١٤
هەنغاریـا	١٩٦٩	٢٢٧
فەرەنسـا	١٩٦٧	٢٥٣
چیکۆسلۆڤاکیا	١٩٦٨	٢٧٠
ولاتە یەکگرتووەکانی		

(٣٥) بڕوانە : «چاپەمەنی ولاتانی دەرەوە» ، ل ١٨ .

(٣٦) ئەوی زۆ دانەیەك لەم گۆڤارە بۆ خۆی تۆمار نەکا ئیتر دەستی ناکەوێ .

ئەمەریکا	١٩٦٩	٣٠٥
ئەڵەمانیای فیدراڵی	١٩٦٩	٤٠٠
ئەڵەمانیای دیموکرات	١٩٦٩	٤٠٣
بەریتانیـــا	١٩٦٦	٤٨٨
سویسرە	١٩٦٨	٥١٨
یەکیەتی سۆڤیەت	١٩٧٠	٥٨٠

بایەخی بێئەندازەی رۆژنامەنوسی لە ژیانی خەڵکدا و دەوری لە هاندان و بزواندنیاندا هەمیشە کارێکی‌وای کردووە دیکتاتۆر و داگیرکەر و چەوسێنەر بە چاوی ترسەوە سەیری رۆژنامەی خاوێن و نیشتمانپەروەر و رۆژنامەنوسی خۆنەفرۆش بکەن ٠ هەمو زۆربەدەستێك ناچارە کەم و زۆر حیساب بۆ رەخنەی رۆژنامە بکات ٠ هەیانە دەرس لەو رەخنەیە وەردەگرن و بۆ هەڵبژاردنی رێگەی راست کەڵکی لێ دە بنن ؛ هەشیانە پەنا دەبەنە بەر زەبر و زۆر بۆ دەمکوت‌کردنی ئەوانەی دەیانەوێ پەردە لە روی کاری چەوت هەڵماڵن و ئافەرینی کاری راست بکەن ٠ مێژوی ئادەمیزاد لە کۆنەوە تا ئیستە پڕە لە نمونەی سەیری ئەم راستی ٠ ٠ هەرچەندە ئەو «روداوی رۆژانە»یەی باسمان کرد بە فەرمانی یۆلیۆس قەیسەر و لەژێر سەرپەرشتی خۆیدا لەدایك‌بو کەچی لەگەڵ ئەوەشدا چ خۆی و چ ئەوانەی دوای ئەو هاتنە سەر تەخت بە وردی سەرپەرشتی‌یان دەکرد و رێگەی بڵاوبونەوەی هیچ باسێکیان نەدەدا کە دەقاودەق لەگەڵ بیر و رێبازی خۆیاندا نەگونجێ ٠ داگیرکەرە ئینگلیزەکان نەیاندەهێشت ئەمەریکاییەکان بە ئارەزوی خۆیان کاغەز دروست‌بکەن و گەلێك کوسپیان دەختە بەردەم هێنانی کاغەز و مەرەکەب و دامودەزگای چاپ لە دەرەوەی وڵاتەوە ٠ لە حاکمی ڤێرجینیا دەگێڕنەوە گوایە گەرم لە خوا پاڕاوەتەوە لە نیعمەتی (!)

بێ‌چاپخانه‌یێ خۆی و خه‌ڵکی ناوچه‌که‌ی (!) بێبه‌ش نه‌کا [٣٧] • ئینگلیزه‌کان ئه‌و کاره‌یان بۆ خۆیان له‌ عه‌قڵه‌وه‌ بو • بۆنمونه‌ یه‌کێك له‌ کێشــه‌ هــه‌ره‌ گه‌وره‌کانی رۆژنامه‌نوسێ له‌ رۆژانی شــۆڕشی گه‌لی ئه‌مه‌ریکیــدا که‌می کاغه‌ز بۆ [٣٨] • هه‌ر ئه‌و کۆسپانه‌ش بۆنه‌ هۆی ئه‌وه‌ی دامه‌زراندنی یه‌که‌م رۆژنامه‌ له‌ ئه‌مه‌ریکای ده‌وڵه‌مه‌ندا زۆر دوای ئه‌وروپا بــکه‌وێ • یــه‌که‌م رۆژنامه‌ی ئه‌مه‌ریکایێ رۆژی ٢٥ی ئه‌یلولی ساڵی ١٦٩٠ له‌ چاپخانه‌ ده‌رچو ، به‌ڵام ئه‌م ژماره‌یه‌ تاقانه‌ مایه‌وه‌ و بنیامین هاریسی خاوه‌نی پاش چه‌ند رۆژێك له‌ ده‌رچونی بووه‌ «میوان»ی کاربه‌ده‌سته‌ ئینگلیزه‌کان له‌ به‌ندیخانه‌ی شاری بۆســتن [٣٩] •

له‌گه‌ڵ زیاتر وریابونه‌وه‌ی خه‌ڵك و په‌ره‌سه‌ندنی بایه‌خی رۆژنامه‌نوسێ ترسی ده‌سه‌ڵات په‌رستان له‌ چاپه‌مه‌نێ ئه‌وه‌نــده‌ی تر به‌هێــز بو • چه‌نــد نمونه‌یه‌کی که‌می رابوردوی نزیك به‌سه‌ بۆ ساغ‌کردنه‌وه‌ی ئه‌م راستی‌یه‌ : دوای کوژاندنه‌وه‌ی شۆڕشی ئیسپانیا فرانــکۆ ژمــاره‌یه‌کی بێ‌شــومار رۆژنامه‌نوسی له‌ به‌ندیخانه‌کان توند کرد و فه‌رمــانی ده‌رکرد بۆ خنکاندنی ته‌نها ••• چل که‌سیان[٤٠]• دوای کۆدێتای راستڕه‌وی پورتوگال (٢٨ی مایســی ١٩٢٦) یه‌کێك لــه‌و بڕیارانه‌ رژێمی نوێ یه‌کســه‌ر ده‌ری‌کردن یاسه‌یه‌کی زۆر دواکه‌وتوی چاپه‌مه‌نێ بو (٢٩ی گه‌لاوێژی هه‌مان‌ساڵ) که‌ فشارێکی زۆری خــسته‌ سه‌ر رۆژنامــه‌نوسێ و تــا ئه‌م چه‌نــدانه‌ی دوایێ بێ‌ده‌ستکارێ وه‌ك خۆی له‌ کاردا بو [٤١] •

---

(٣٧) بڕوانه‌ : د. ابراهيم عبده ؛ سه‌رچاوه‌ی ناوبراو ، ل ٢٠ .

(٣٨) بڕوانه‌ : Th. E. Berry, Op. Cit., PP. 1 — 2, 10 — 12 .

(٣٩) Ibid , P. 2.

(٤٠) بڕوانه‌ : ((The Press in Authoritarian Countries)), Published by The International Press Institnte , Zurich, 1959, P. 139.

(٤١) Ibid, PP. 155 — 156.

له زۆر وڵاتی ئەمەریـــكای لاتینی شـــتێك نەمـــاوە بۆنی ئـــازادیی رۆژنامەنوسیی لێ بێت • ساڵی ١٩٥٨ لە هەمو پەرەگوای تەنها چوار رۆژنامە هەبو کە بە هەر چواریان ٤٥ هەزار دانەیان بۆ ملیۆن و نیوێك بەشەر چـــاپ دەکرد (٤٢) • لەو وڵاتە تەنانەت رۆژنامەنوسە بێگانەکانیش مافی ئەوەیـــان نیە هیچ هەواڵێك بە دەرەوە بگەیێنن بەر لە وەرگرتنی رەزامەندیی دەزگای تایبەتیی راگەیاندن • لە پەرەگوای تاقە رۆژنامەیەکی سەربەخۆ هەیـــە (٤٣) ، واتە هی میریی خۆی نیە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش کە ناحەزی کاربەدەستـــان نیە ئینجا بۆ ماوەی پازدە ساڵی رەبەق رێگەی پێ نەدرا لە هیچ ژمارەیەکیدا سەروتار بڵاو بکاتەوە• نمونەی لەوەش خراپتر هەیە: رۆژنامەی(El Orden) کە ژمارەیەك رۆژنـــامەنوسی ســـەر بـــە میریی بڵاویـــان دەکردەوە پـــاش ٢٦ رۆژ لە دەرچونی قەدەغە کرا چونکە توزێك لە رۆژنامەکانیتر کەمتـــر کۆنەپەرســـت بو (٤٤) •

لە دۆمینیکان لە ماوەی فەرمانڕەوایی ترۆجیلۆدا خۆی دو رۆژنامەی دەردەکرد ، یەکەمیـــان ((La Gazette)) کە ســـاڵی ١٩٤٠ دایمـــەزراند و ئەویتریان ((El Caribe)) کە دوای ٨ ساڵ دایمەزراند • ئەم دو رۆژنامەیە ٦١ هەزار دانەیان چاپ دەکرد و بە هەمو رۆژنامەکانیتریش کە هیچیان تلپی تەزی دیموکراسییان تێدا نەبو کەمتر لە ١٤ هەزاریان چاپ دەکرد (٤٥) •

لە وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاوا سەربەستی چاپەمەنیی پارێزراوە و مرۆڤ توانای تەواوی رەخنەگرتنی هەیە • بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رۆژنامە نایارەکانی

---

(٤٢) واتە رۆژی ٣٠ دانە بۆ هەزار کەس . بۆئەوەی رادەی نزمیی ئەو ژمارەیـــە تێبگەین دەبێ لەگەڵ ئەو ژمارانەدا بەراوردی بکەین کە لە خشتەی پێشودا نیشانمان داون و دەشبێ ئەوە لە یاد نەکەین کە خوێندەواریی لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتینی لە زۆر شوێنیتر زیاتر بڵاوە .

(٤٣) نـــاوی ((La Tribunna))

(٤٤) بڕوانە : ((The Press in Authoritarian Countries)), P. 169.

(٤٥) Ibid, P. 171.

میرێ لە عەزیەت‌دان و بیاتۆ پێ‌گرتن بەتەواوەتی رزگاریان نەبووە • هەر بۆ نموونە رۆژنامەی «یومانیتێ»ی پاریسی لە ماوەی ٨ ساڵدا (١٩٥٠ ــ ١٩٥٨) تەنها ٢١٤ جار دراوە بە دادگا (٤٦) •

لێرەدا جێی خۆیەتی چەند رویەکی تایبەتی رۆژنامەنوسیی جیهانی سەرمایەدار بخەینە بەرچاو • لە رۆژانی شۆڕش و راپەڕین و ئاڵوگۆڕە بۆرجوازی‌یە گرنگەکاندا زوربەی هەرە زۆری چاپەمەنی ئەو ولاتانە دەوری پێشکەوتویان دەبینی بەوەی بوبونە هێزێکی بزوێنەری گەورەی رەوڕەوەی مێژو • بەڵام دوای وەرگرتنی دەسەڵات و پەرەسەندنی پەیوەندیی سەرمایەداریی و دەست پێ‌کردنی چەوساندنەوەی کۆلۆنیالی زوربەی ئەو رۆژنامانەش وەك زۆر رۆی‌تری ژیانی روناکبیریی و کۆمەڵایەتی وڵات کەوتنە سەر بارێکی نوێ • بەپێی یاسای نەگۆڕاوی سەرمایەداریی «ماسی‌یە گەورەکان دەستیان کردە خواردنی ماسی‌یە پچوکەکان » • لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کار گەیشت بەوەی سەرتاپای هۆکانی راگەیاندن کەوتنە دەست ژمارەیەك ترێستی دەسەڵاتدارەوە کە خاوەنەکانیان لە ریزی پێشەوەی سەرمایەدارە گەورەکانی ئەو ولاتەن • بە وێنە ئەو پارەیەی یەکێك لەو دەزگایانە بۆ کاری رۆژنامەنوسی هەمو ساڵێك دەیخاتە گەڕ ٢٥٠ ملیۆن دۆلارە (٤٧) • لە وڵاتێکی بچوکی وەك بەلجیکا دەوروبەری کۆتایی سەدەی نۆزدە ٩٢ رۆژنامەی رۆژانە دەردەچو ، ساڵی ١٩٢٧ ئەو ژمارەیە هاتە سەر ٧٦ و ساڵی ١٩٣٩ بووە ٦٥ و ساڵی ١٩٦١ هاتە سەر ٥٤ رۆژنامە کە بەسەر یەکەوە رۆژی ٣ر٢ ملیۆن دانە چاپ دەکەن (٤٨) • هەر بەوجۆرەش دامەزراندنی رۆژنامەیەکی نوێ لە وڵاتە سەمایەدارەکاندا بۆتە کارێکی

(٤٦) « چاپەمەنی وڵاتانی دەرەوە » ، ل ١٧٢ .

(٤٧) بڕوانە : «رابەری رۆژنامەنوس» ، ل ٧٥٢ .

(٤٨) بڕوانە : « چاپەمەنی وڵاتانی دەرەوە » ، ل ٩ .

ئەوتۆ بە خەڵك و دەزگای پارەداری زۆر نەبێ هەڵنەسوڕێ • بەپێی قسەی شارەزایان لە چلەکاندا ، نەك ئێستا ، دامەزراندنی رۆژنامەیەکی نوێ لە ئینگیلتەرە بە لای کەمەوە پێویستی بە ٢ ملیۆن پاوەن هەبێ ، ئەویش تەنها بۆ دەست پێکردنی کار [٤٩] • ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا دەبو خێرا بکەوێتە گەڕ و پەرە بسێنێ بەرلەوەی قوت بدرێ •

لە روی ناوەرۆکیشەوە رۆژنامە و گۆڤارە بۆرجوازییەکان زۆر گۆڕاون • ئێستە گەلێك لە جاران کەمتر بایەخ بە سیاسەت دەدەن • جاران بەرهەمی بیری شکسپیر و ڤۆلتێر و رۆسۆ و کەسانیتری وەك ئەوان شوێنی دیاریان لەسەر لاپەڕەکانی ئەو رۆژنامە و گۆڤارانە هەبو ، ئێستەش باسی دیوەخان و جل و بەرگ و مێزی قومار و ژمارەی دۆست و تاولەی ولاخی خوا پێداوەکان جێگەی ئەوانیان گرتۆتەوە • بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی ٦٠٪ی ئەو هەواڵانەی یەکێك لە رۆژنامەکانی شاری دیترویتی ئەمەریکایی لەسەر لاپەڕە یەکی بڵاوی کردۆنەوە بریتی بوە لەباسی جەردەیی و خراپەکاری [٥٠] • چ لە ئەوروپای رۆژئاوا و چ لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەو جۆرە رۆژنامانەی هەر لەوێ کاتی خۆی ناوی « رۆژنامەی زەرد »یان بۆ هەڵبژێرراوە [٥١] گەلێك زیاتر لەو رۆژنامانەی ئەو رێگەیەیان

---

(٤٩) K. Martin, The Press the Public wants, London, 1947, P. 32.
لەم سەرچاوەیەدا گەلێك زانیاری و بەلگەی پڕمانا دەربارەی ئیحتیکاری کاری رۆژنامەنوسی هەیە (Ibid, PP. 33 — 55) •

(٥٠) بڕوانە : الدكتور حسين عبدالقادر ، الصحافة كمصدر للتأريخ ، الطبعة الثانية ، القاهرة ، ١٩٦٠ ، ص ١٢٩ •

(٥١) ئەو رۆژنامانەی رێبازێکی تایبەتییان نییە و هەر بەدوای قازانجدا دەگەڕێن ئەگەرچی لەسەر حیسابی ناو و شەرەفی خەلکیش بێ پێیان دەڵێن « رۆژنامەی زەرد » . ئەم ناوە بۆ یەکەم جار لە ئەمەریکا لە کۆتایی سەدەی رابوردودا بۆ ئەم مانایە بەکار هێنرا . سالی ١٨٩٥ لە یەك کاتدا دۆ رۆژنامەی نیویۆرك World لەگەل New York Journal لەسەر لاپەڕەی یەکەمیان وێنەی منداڵێکی کراس زەردیان بلاوکردبۆوە =

نەگرتۆتەبەر لەبرەودان • هەر بۆنمونە رۆژنامەیەکی کۆنی بەناوبانگی وەك «تایمس»ی ئینگلیزیی رۆژی ۳۰۰ هەزار و «نیۆیۆرك تایمس»ی ئەمەریکی ۷۰۰ هەزار و «مۆنـد»ی فەرەنسی ٤۰۰ هەزار دانەیان لێ چاپدەکرێ ، کەچی «رۆژنامەی زەرد»ی وا هەیە رۆژی ٥ ملیۆنی لێ دەکەوێتە بازاڕەوە •

بەشی زۆری داهاتی رۆژنامە رۆژئاواییەکان لە پارەی ئیعلانەوە دێت • دەزگا سەرمایەدارەکانی ئەمەریکا سالی نەك چەند ملیۆنێك یا چەند ملیارێك بەلکو چەند بلیۆنێك دۆلار تەنها بۆ پرۆپاگەندە و ئیعلان خەرج دەکەن(٥٢)• لە ولاتێکی کەم گەشە کردوی وەك یۆنان پارەی ئیعلان ٥۰٪ تا ٦۰٪ی گشت داهاتی چەند رۆژنامەیەکی ناودار پێكدەهێنێت • ٦۰٪ی پوختەی داهاتی بێشوماری رۆژنامەی «فرانس سوار»ی پاریسی لە پارەی ئیعلانەوەیە (٥٣) • هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە رۆژنامە رۆژئاواییەکان بە بارست زۆر گەورەن • زۆریان ٤۰٪ و هەندێکیان ۷۰٪ی لاپەڕەکانیان بۆ ئیعلان تەرخان دەکەن • رۆژانی یەك شەموان لاپەڕەی ژمارەیەك لە رۆژنامە ئەمەریکاییەکان دەگاتە ۲۰۰ لاپەڕە و هەندە جارێکیش خۆی دەدا لە ٤۰۰ ــ ٤٥۰ لاپەڕە کە نزیکەی ۷٥ ــ ۸۰٪یان بۆ ئیعلان تەرخان

= کە بە توانجەوە باسی خەلکی ناوداری دەکرد بەنیازی لەکەدار کردنیان . لەسەر یەکەمێ ئەو «شەرەفە» بەرزە هەردو رۆژنامە کەوتنە دۆبەرەکییەکی زۆر توند و تیژ . لەم‌کاتەدا سەرنوسەری رۆژنامەی ((New York Press))ناوی «زەرد»ی بەسەر ئەو دۆ رۆژنامەیەدا ، کە لەسەر کراس زەرد شەڕیان بو ، داسەپاند . لەوکاتەوە «رۆژنامە یا چاپەمەنێ زەرد» بۆتە دۆ زاراوەی بلاو کە وەك ناتۆرە بۆ ئەو چاپەمەنییانە بەکاردەهێنرێن کە لە نۆسیندا پەیڕەوێ رەوشت ناکەن .

(٥٢) بڕوانە : F. W. Rucker and H. L. Williams, Op. Cit., P. 6 .
بەپێی هەندێك سەرچاوە ئەو پارەیە سالی ۱۹٤۱ خۆی لە ۲ بلیۆن دۆلار و سالی ۱۹٦۱ خۆی لە ٥ بلیۆن داوە (بڕوانە : د. ابراهيم عبده ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ۳۰٦) .

(٥٣) «چاپەمەنێ ولاتانی دەرەوە» ، ل ٤۹ ، ۱۷۰ .

دەکرێ (٥٤) .

کار و هونەری دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤار بێوچان لە پێشکەوتن و بەرزبونەوەدایە . هەرچەندە مەکینەی ئۆتۆماتیك و کەمپیوتەر بەخێرایی جێگەی کاری ئینسان دەگرنەوە ، بەڵام دەرکردنی رۆژنامەیەکی بەناوبانگ هێشتا پێویستی بە سەدان و هەزاران نوسەر و بەڕێوەبەر و کارگەر هەیە . یەکێك لە رۆژنامە ناودارەکانی ژاپۆن نیازێتی هەمو رۆژ بە تەلەڤیزیۆنی تایبەتی لاپەڕەکانی بگەیێنێتە ماڵان تەنها بۆئەوەی لە گێرمە و کێشەی دابەش کردن و قەڵەبالغی تۆکیۆ خۆی قوتار بکات .

ئەو راستیانەی بەکورتی باسمان کردن بایەخ و باری رۆژنامەنوسی دەخەنە پێش چاو . گەلی کوردیش لەم دەریا پان و بەرینە بێبنەی رۆژنامەنوسیدا قەترە ئاوێکی هەیە ، بەڵام مێژوی ئەو قەترەیە بۆ خۆی دەریایەکە . لە لاپەڕەکانی بەشی داهاتوی ئەم کتێبەدا هەوڵدەدەین بەپێی توانا چەند رویەکی ئەم باسە بخەینە بەرچاو تاوەکو باشتر لە زروفی دەرچونی « تێگەیشتنی راستی » بگەیین .

* * *

(٥٤) هەمان سەرچاوە ، ل ٣٢٧ .

بەشی دووەم

چمکێك لە مێژوی رۆژنامەنوسی کوردی [1]

(سەرەتای پەیدابونی رۆژنامەنوسی هەمو گەلێك مێژوی تایبەتی خۆی هەیە . ئەو مێژووە بەستراوە بە گەلێك هۆی جیاوازەوە ، بۆیەکا رونکردنەوەی پێویستی بە رونکردنەوەی زۆر لایەنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یە . بەنیسبەت پەیدابونی رۆژنامەنوسی کوردی‌یەوە جگە لە مەرجەکانی ناوەوەی کۆمەڵ چەند هۆیەکی دەرەوە دەوری زۆریان تیا بینیوە. یەکێك لەو هۆیانە بریتی‌یە لە پەیدابونی رۆژنامەنوسی و پەرەسەندنی دەوری لە ژیانی روناکبیری و سیاسی گەلانی دراوسێی کوردا .)

وەك لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا باسمان کرد زۆر بەسەر دۆزینەوەی مەکینەی چاپدا تێپەڕی کە ئەوروپایێکان پیتی عەرەبیشیان داڕشت . بەڵام ماوەیەکی زۆری دەویست بەرلەوەی چاپخانەی نوێ و پیتی عەرەبی بگەنە وڵاتە موسلمانەکان . راستە لە کۆتایی سەدەی پازدەوە چاپ و چاپەمەنی نوێ گەیشتە وڵاتی عوسمانی ، بەڵام نە ئەمیان و نە ئەویان بە تورکی و عەرەبی نەبون . یەکەم دەزگای چاپ ئەو جولەکانە هێنایانە تورکیاوە کە لەدەست زۆرداری فەرمانڕەوایانی ئیسپانیا پەنایان هێنایە بەر وڵاتی عوسمانی. ئەمانە سالی ١٤٩٤ یەکەم چاپخانەیان لە هەمو ئیمپراتۆری عوسمانیدا لە

ئەستەمۆڵ دامەزراند ، بەڵام تەنها دەوروبەری بیست ساڵێك ژیا [1] . دوا بەدوای ژمارەیە چاپخانەی‌تری وەك ئەو دامەزرێنرا کە هەندێکیان بەر شاری‌تریش کەوتن .

ئەرمەنەکانیش زۆ هاتنە مەیدانی چاپ و چاپەمەنی‌یەوە . ساڵی ١٥٦٥ یەکەم چاپخانەی ئەرمەنی لە ئەستەمۆڵ کەوتە کار [2] . ساڵی ١٧٧٣ لە ئیچمادزینی نزیك یەریڤان ، واتە لەناو ئەرمینیا خۆیدا ، چاپخانەیەکی سەربەخۆ بە پیتی تایبەتی ئەرمەنی دامەزرێنرا . زۆری نەخایاند چەند کتێبێکی ئەرمەنی ئایینی و زانستی بە چاپکراوی کەوتنە بازاڕەوە . دوای ئەرمەن یۆنانی‌یەکان سەرەتای سەدەی حەڤدە چاپخانەی سەربەخۆی خۆیانیان لە ئەستەمۆڵ دامەزراند .

چاپ بە زمانی گەلە موسڵمانەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی زۆر لەوە دواکەوت . سیاسەتی کوێرانەی سوڵتانەکان و دواکەوتویی خەڵك لەمەدا دەوری گەورەیان بینی . وەك دەگێڕنەوە ساڵی ١٤٨٣ سوڵتان بایەزیدی دووەم فەرمانێکی بۆ قەدەغە کردنی چاپ دەرکرد و خنکاندنی کردە سزای ئەوانەی لەو فەرمانەی دەردەچن و گوایە سوڵتان سەلیم یاوزیش ساڵی ١٥١٥ ئەم فەرمانەی دوبارە کردۆتەوە . هەرچەندە ئەم باسە جێی گومانە و هێشتا

---

(1) بڕوانە :

Желтяков А.Д., Начальный этап книгопечатания в Турции,-" Ближний и Средний Восток. История, Культура, Источниковедение", Москва, 1968.

ا. د. ژیۆلتیاکۆف ، سەرەتای چاپکردنی کتێب لە تورکیا ، ــ کتێبی «ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست . مێژۆ ، ڕوناکبیری ، کاری بیبلیۆگرافی » ، مۆسکۆ ، ١٩٦٨ ، ل ٤٧.

(2) ساڵی ١٥١٢ لە شاری ڤینیسیای ئیتالیا یەکەم کتێب بە زمانی ئەرمەنی چاپکرا .

به تەواوەتی ساغ نەبۆتەوە [٣] بەڵام ئەوەندە هەیە بەپێی یاسا رێگەی چاپخانەی کەمینە ئاینیەکان نەدەدرا هیچ بە زمانی تورکی یا عەرەبی چاپ بکەن [٤] . ئەو چاپخانانە خۆیشیان لەگەڵ بەرزبونەوەی هەستی نەتەوەیی لەناو ئەرمەن و یۆنانیەکاندا یەك لەدوای یەك داخران .) .

کار لەوەش تێپەڕی . سوڵتانەکان چاپکردنی کتێبیان بە کفر دادەنا ، بەتایبەتی کتێبی ئاینی . هەندێك سەرچاوەی تورکی باسی ئەوە دەکەن چۆن سوڵتان محەمەدی چوارەم (١٦٤٨ ــ ١٦٨٧) فەرمانی داوە هەمو ئەو قورئانانەی کابرایەکی ئەوروپایی بە چاپ کراوی لەگەڵ خۆی هێنابونیە ئەستەمۆڵ تورێ بدرێنە ناو دەریاوە . هەر بە فەرمانی ئەویش ئەو پێتە عەرەبیانەی بە دیاری لە ڤینیساوە بۆیان نارد فڕێ دراونەتە دەریاوە [٥] .

لەگەڵ ئەوەش روناکبیرانی وڵاتی عوسمانی زۆ لە بایەخی چاپ گەیشتن . سەرەتای سەدەی هەژدە ژمارەیەکیان ویستیان چاپخانە لە دەرەوەی وڵاتەوە بهێنن . جێبەجێ کردنی ئەم ویستە لەبەر ئەو هۆیانەی باسمان کردن [٦] کارێکی ئاسان نەبو . دەبو فەرمانڕەوایان چەند جارێك تاڵی ژێرکەوتن لە

---

(٣) تاوەکو ئێستا ئەو دۆ فەرمانە نەدۆزراونەتەوە . هەرچەندە فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانی هەر لە سەرەتاوە بایەخی تەواویان دەدا بە پاراستنی هەمو بڕیار و فەرمانێکی میری .

(٤) بڕوانە : ا. د. ژیۆلتیاکۆڤ ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٥٠ .

(٥) هەمان سەرچاوە ، ل ٥١ .

(٦) فەرمانڕەوا دواکەوتووەکانی دەوڵەتی عوسمانی تەنها لە کتێبی چاپکراو سڵیان نەدەکردەوە . ئەوان لە هەمو کتێبێکی جیهانبینی دەترسان ، جا با دەستنوسیش بوایە . بەڵگەی ئەمە زۆرە . هەروەك نمونە ئەمە دەگێڕینەوە : عەلی پاشای سەدری ئەعزەم کتێبخانەیەکی یەکجار گەورەی هەبو کە تەنها ناوی کتێبەکانی لە چوار بەرگدا نوسرابونەوە . بەر لە مردنی (١٧١٦) کتێبخانەکەی وەقفکرد . بەڵام (شێخ الاسلام) رەتیکردەوە چونکە دەستنوسی فەلسەفی و زانستی تێدا بو کە بەلای ئەوەوە بریتی بون لە درۆ و دەلەسە .

بەردەمی ئەوروپاییەکاندا بچێژن تا تێبگەن هۆی سەرکەوتنی ئەوان ئەنجامی پێشکەوتنیانە. ئەمە کارێکی وای کرد وردە وردە دەرگا بۆ دەسکەوتی زانستی «کافرانی رۆژئاوا» بکرێتەوە. بەمجۆرە رێگە بۆ دامەزراندنی چاپی نوێش بە زمانی گەلە موسلمانەکان خۆش بو. رۆژی ٥ی تەموزی سالی ١٧٢٧ سولتان ئەحمەدی سێیەم بەپێی فەرمانێکی تایبەتی رێگەی دامەزراندنی چاپخانەی دا بە کابرایەك کە ناوی مستەفا موتەفەرڕیق بو، بەلام مەرجی بۆ دانا کە هیچ جۆرە بەرهەمێکی ئاینی وەك قورئان و تەفسیر و حەدیس و ئەو بابەتانە قەت چاپ نەکات. سەیر ئەوەیە لەم قۆناغەدا خۆشنوسەکان دژی چاپ وەستان و وەك نیشانەی نارەزایی بەرامبەر رێگەدانی دامەزراندنی چاپخانە قەلەم و دوێتەکانیان خستە دارە مەیتێکەوە و بە شاردا گێرایان [٧].
لەگەل هەمو ئەمانەش لە کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەوە کاری چاپەمەنی نوێ هەنگاوی باشی لە ولاتی عوسمانی بەرەو پێشەوە ناو ئەوەش سەرەتایەکی پێویست بو بۆ پەیدابونی رۆژنامە و رۆژنامەنوسی لەو ولاتەدا.

رۆژنامەش وەك کتێب سەرەتا لەناو کەمینە ئاینییەکانی ئیمپراتۆری عوسمانیدا پەیدا بو. ئەرمەنەکان زۆر زو رۆژنامەی نەتەوەیی خۆیانیان دامەزراند [٨]. بەلام یەکەم رۆژنامە لە خاکی عوسمانی خۆیدا سالی ١٨٢٥ لە شاری ئەزمیر بە فەرەنسەیی دەرچو. دوای ئەوە بە دەوروبەری حەوت سال (١٨٣٢) یەکەم رۆژنامە بە ناوی «تەقویمی وەقایع»ەوە بە زمانی تورکی

---

(٧) ا. د. زیۆلتیاکۆف، سەرچاوەی ناوبراو، ل ٥٦ ـ ٥٧.

(٨) نوسەری ئەرمەنی دوکتۆر ئەستارجیان بە شانازییەوە باسی ئەوە دەکا کە ئەرمەن دەهەم گەلی جیهانن رۆژنامە و گۆڤاری خۆیان دامەزراندووە و لەوەدا پێش تورك و ئەمریکاییەکان کەوتون (بڕوانە: الدکتور ك. استارجیان، تاریخ الثقافه والادب الارمنی، الموصل، ١٩٥٤، ص ١٣١). یەکەم گۆڤار بە زمانی ئەرمەنی لە مەدراس بە ناوی «ئازدارار»ەوە سالی ١٧٩٤ ـ ١٧٩٦ چاپکرا.

چاپ کرا . ئەمە بووە سەرەتایەکی گرنگ بۆ مێژوی رۆژنامەنوسی گەلانی ناو دەوڵەتی عوسمانی . چل سالی نەخایاند کە ژمارەی رۆژنامە و گۆڤاری ئەم گەلانە گەیشتە ٤٧ ، لەمانە ١٣یان بە تورکی و ئەوانی‌تریان بە یۆنانی و ئەرمەنی و عەرەبی و بەلغاری و فەرەنسی و چەند زمانێکی‌تر بون (٩) . رۆژنامەی تورکی وەك «ترجمان احوال» و «تصور افكار» و هی‌تر بەناو خوێندەواری کوردیشدا بلاودەبونەوە . لە ئێرانیش سالی ١٨٥١ یەکەم رۆژنامەی فارسی کەوتە دەست خوێندەواران و تا سەرەتای سەدەی بیست رۆژنامەنوسی ئەم ولاتە گەیشتە پلەیەك شوێنی دیاری لە ژیانی رۆژانەی کۆمەڵدا هەبێ (١٠) .

جێگەی رۆژنامەنوسی لە ژیانی روناکبیری و تایبەت سیاسی ئەم گەلانەدا رۆژبەرۆژ زیاتر دەبو . ناحەزانی عوسمانی و قاجاری چاپەمەنی‌یان کردە چەکی کاریگەری خەباتی سیاسی رۆژانەیان . وەك دواییش بە درێژی

---

(٩) بڕوانە :

Новичев А.Д., Турция. Краткая история, Москва, 1965.

ا. د. نۆڤیچێف ، تورکیا . کورتەی مێژوی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٥ ، ل ١٣٢ .

(١٠) بڕوانە :

J. M. Upton, The history of Modern Iran. An itroduction, Fourth Printing, Massachusetts, 1968, P. 11.

ئەوەی گومانی تێدا نی‌یە سالی ١٨٥١ ناصرەددین شا یەکەم رۆژنامەی بە زمانی فارسی بلاوکردەوە ، بەلام هەندێ سەرچاوە سالی ١٨٣٨یان بە سەرەتای دەست‌پێ‌کردنی رۆژنامەنوسی فارسی داناوە (بڕوانە : احمد عبدالكريم ، الصحافه الايرانيه ، بغداد ، ١٩٧٢ ، ص ٧) .

باسی دەکەین « عوسمانیانی نوێ » (١١) و دوا بەدوای ئەوان تورکانی لاو(١٢) ژمارەیەکی زۆر رۆژنامە و گۆڤاریان لەناوەوە و دەرەوەی وڵات دامەزراند • شۆڕشگێرانی ئێران سەرەتای شۆڕشی دەستوری (١٩٠٥ — ١٩١١) نزیکەی ١٥٠ رۆژنامە و گۆڤاری هەمەجۆریان دامەزراند کە هێ وایان تێدا بو لەوکانە زووەدا ٥ تا ١٠ هەزار دانەی چاپ دەکرد (١٣) • تا دەهات سەنگی رۆژنامە و رۆژنامەنوسێ لەناو عەرەب و ئەرمەندا قورستر دەبو •

بێگومان ئەمانە هەمو لە ژیانی روناکبیری و سیاسێ گەلی کوردا رەنگیان دایەوە و بونە هۆیەکی هاندەری گرنگ بۆ خوێندەوارە دوربینەکانی کە ئەوانیش بیر لە دامەزراندنی رۆژنامەی تایبەتێ خۆیان بکەنەوە • عەبدولرەحیم رەحمی هەکاریێ کە یەکێکە لە پێشڕەوانی رۆژنامەنوسێ کوردیێ کاتی خۆی لەمبارەیەوە نوسیویە دەڵێ : ئێمە دەبینین چۆن «خەباتا وان (مەبەستی ئەرمەنە — ک • م•) بەشەو و رۆژ مرۆڤ لێ حەیران دەبێ —

---

(١١) «عوسمانیە نوێکان» یا «عوسمانیانی نوێ» (العثمانیون الجدد) ناوی رێکخراوێکی نیشتمانیەیە کە سالی ١٨٦٥ دەستەیە پیاوی سیاسێ تورکیا بەنهێنی دایانمەزراند بۆ خەباتکردن لەپێناوی دامەزراندنی رژێمێکی دەستوریدا .

(١٢) رەنگبێ «تورکانی لاو» لە «تورکە لاوەکان» بۆ مانای (الاتراك الفتیان) زیاتر دەست بدا .

(١٣) بڕوانە :

Иванов М.С., Очерк истории Ирана, Москва, 1952.

م• س• ئیڤانۆف ، کورتەی مێژوی ئێران ، مۆسکۆ ، ١٩٥٢ ، ل ٢١٢ — ٢١٣ .

هەر رۆژێ غەزەتەکی ، هەر رۆژێ مجموعەکی ، هەر رۆژە کتێبەکی دەریدەخەن » [١٤] .

لەگەڵ ئەوەش کاری رۆژنامەنوسێ لەناو کوردا زۆر درەنگتر لە گەلانی دراوسێی پەیدابو • دواکەوتویێ و بەتایبەتی لاوازێ دەستەی ئینتیلیجێنسیا [١٥] یەکەم هۆی ئەمە بو • هەر بۆنمونە رۆژانی شۆڕشی دەستورێ ئێران پیاوە سیاسییەکانی کوردیش دەیانتوانی وەك ئازەرییەکان بێکۆسپ رۆژنامەی خۆیان دەرکەن • کەچی وادیارە کەسێکیان بیریان لە کارێکیوا پێویست نەکردۆتەوە هەرچەندە هەزاران رۆڵەی کورد لەو شۆڕشە گەورەیەدا بەشدار بون [١٦] .

بۆ پەیدابونی رۆژنامەنوسێ کوردێ دەبو خوێندەوارێ وەك رۆی هەرە گرنگی ژیانی روناکبیرێ و دروستبون و پەرە سەندنی دەستەی ئینتیلیجێنسیا وەك دیاردەیەکی زۆر گرنگی ژیانی کۆمەڵایەتێ بگەنە رادەیەکی ئەوتۆ نەبونی چاپەمەنێ نەتەوەیێ لەگەڵی نەگونجێ • ئەم دۆ

---

(١٤) بڕوانە گۆڤاری «ژین» ، ئەستەمول ، ساڵی یەك ، ژمارە ٨ ، ٩ی کانونی دووەمی ١٣٣٥ ، ل ١٦ ــ ١٧ .

ئەم گۆڤارە دوای شەڕی یەکەمی جیهان لە ئەستەمۆل لە چاپخانەی «نجم استقبال» بە کوردی و تورکی چاپ دەکرا . خاوەن ئیمتیاز و لێپرسراوی ئەشرەف حەمزە و دوای ئەو مەمدوح سەلیم بو . عەبدولرەحیم رەحمێ خەڵکی هەکارێ ئەندامی دەستەی نوسەرانی بو . لەژێر ناوی گۆڤارەکە نوسراوە : «دین ، ئەدەبیات ، اجتماعیات و اقتصادیاتدن بحث ایدر تورکجە ــ کوردجە مجموعەدر » . ئەو سەرچاوانەی «ژین»یان بە رۆژنامە داناوە هەڵەن .

(١٥) ئینتیلیجێنسیا (یا ئینتیلیگێنسیا) لە وشەی (Intellegence) ی لاتینی کۆنەوە وەرگیراوە کە مانای زیرەك و دانا و تێگەیشتو دەگەیێنێ . لە کۆتایێ سەدەی نۆزدەوە بۆتە زاراوێکی کۆمەڵایەتی کە مانای دەستەی خوێندەوار دەگەیێنێ . روناکبیرانی رۆس یەکەم کەس بون ئەم زاراوەیان بۆ مانای نوێی بەکارهێنا .

(١٦) بڕوانە : م. س. لازەرێف ، کوردستان و کێشەی کورد ، ل ١١٨ .

ئاڵوگۆڕە پێکەوە بەستراوە لەناو کوردا هێواشتر ڕۆیان دەدا وەك لەناو زوربەی گەلانی دراوسێی ئەودا • بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەردوکیان لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە بونە روداوێکی هەست پێکراو ؛ بەرادەیەك بایەخدان بە خوێندەواری بووە یەکێك لە دروشمەکانی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد • لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوەش راکێشین کە فێرگەی ئایینی لە کوردستان لە دێرزەمانەوە جێگەی شیاو و دیاری بووە و زانا و خوێندەواری باشی پێگەیاندووە • زوربەی ئەو زانایانە لە هەست و خزمەتی نەتەوەیی راست بێبەش نەبون و دەستی باڵایان لە پێشخستنی ژیانی روناکبیری گەلدا هەبو • حاجی قادر و مەلای گەورە و دەیانیتری وەك ئەوان بەرهەمی پڕشانازی ئەو فێرگانە بون کە جگە لە باسی ئایینی بایەخی زۆریان بە ئەدەبی نەتەوەییش دەدا (١٧) •

سەرەڕای ئەوە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە خوێندن لەسەر شێوازی نوێ گەیشتە کوردستانیش • بۆنمونە بەر لە شەڕی یەکەمی جیهان لە عەقرە ٣٠ قوتابی و لە زاخۆ ٤٠ و لە عەمادیە ٤٥ و لە رەواندزیش ئەوەندە و لە دهۆك ٥٠ و لە کۆیە ١٢٥ و لە سلێمانی بە شارباژێڕەوە ١٤٠ و لە سەلاحیە ١٥٠ و لە هەولێر ١٥٥ قوتابی لە فێرگەکانی میری دەیانخوێند (١٨) • دیسان بەر لە کۆتایی سەدەی رابوردو چەند فێرگەیەکی روشدیە (ناوەندی) لە ناوچە کوردیەکاندا کرایەوە کە ژمارەیەکیان فێرگەی ناوەندی سەربازی بون • بە وێنە سالی ١٨٩٣ فێرگەیەکی روشدیەی سەربازی لە شاری سلێمانی کرایەوە و پاش چەند ساڵێکی کەم

(١٧) دەربارەی مێژو و بلاوی ئەو جۆرە فێرگانە و شوێنی زانا و بایەخیان بڕوانە : محمد القزلجي ، التعريف بمساجد السليمانية ومدارسها ، بغداد ، ١٣٥٦ هـ (١٩٣٨ م) •

(١٨) بڕوانە : عبدالرزاق الهلالي ، تاريخ التعليم في العراق في العهد العثماني (١٦٣٨ ــ ١٩١٧) • بغداد ، ١٩٥٩ ، ص ١٧٩ ــ ١٨٠ •

بەشێك لە دەرچوانی ئێررانە بەغدا و ئەستەمۆل[19] • بەر لە کەوتنی عوسمانیەکان ژمارەی قوتابیانی ئەم فێرگەیە گەیشتە ١١٠ کەس جگە لە ٧٠ کەسیتر کە لە فێرگەی ناوەندیێ مولکی دەیانخوێند[20] •

خوێندن و خوێندەواریێ لە شاری گەورەی وەك دیاربەکر زۆر لەوە زیاتر و خێراتر پەرەی سەند • ئاڵوگۆڕە روناکبیریە گەورەکانی پایتەخت و لە رێگەی ئەوەوە پێشکەوتنی گەلانی رۆژئاوای ئەوروپا زیاتر کاریان کردە سەر دەستەی خوێندەواری نوێی ئەو جۆرە شارانە • لەوەش گرنگتر ئەوە بو کە ژمارەیەکی زۆر لە خوێندەوارانی کورد وەك فەرمانبەر یا قوتابیێ دەزگای زانستیێ و سەربازیێ لە ئەستەمۆل کۆبوبونەوە • هێشتا سەدەی نۆزدە کۆتاییێ نەهاتبو کە لەناو ئەمانەدا هیێ وا هەلکەوت بۆ خوێندن یا کاری دیپلۆماسی رویانکردە ئەوروپاش • دیارە ئەم روداوانە چاوی خوێندەواری کوردیان کردەوە و خستیانە سەر رێبازێکی نویێ • هیچ لە خۆوە نیە یەکێکی وەك مستەفا پاشا یامولکی کە لە ریزەکانی سوپای عوسمانیدا گەیشتە بەرزترین پایە و ماوەیەکی زۆری ژیانی لە ئەستەمۆل بردە سەر ، دوای گەڕانەوەی لە کاتێکی ناسکی مێژوی گەلەکەیدا ئەو هەمو بایەخەی بە کاری رۆژنامەنوسیدا • یا چۆن نەوەی بەدرخان پاشا و کوڕانی جەمیل پاشا[21] چاپەمەنیان خستبوە سەرو ئەرکەکانی خەباتی بێوچانی رۆژانەیان •

---

(١٩) محمد امین زکی ، تاریخ السلیمانیە ، نقلە الی اللغة العربیة الملا جمیل الملا احمد الروزبیانی ، بغداد ، ١٩٥١ ، ص ٢٠٥ – ٢١٠ .

(٢٠) هەمان سەرچاوە ، ل ٢١٠ .

(٢١) تابەت مەدحەت و عەبدولڕەحمان و جەلادەت بەدرخان و قەدری و ئەکرەمی جەمیل پاشا کە هەمویان جێگەی دیاریان لە ژیانی روناکبیریێ کوردا هەبو . ناوبراوان ماوەی زۆریان لە ئەستەمۆل و شارە پێشکەوتووەکانی ئەوروپا بردە سەر و زمانێك یا زیاتریان لە زمانە ئەوروپاییەکان دەزانی .

ئەمانە لەگەڵ پەرەسەندنی خەباتی نەتەوەیی و زۆربوونی فشاری زوڵم و زۆری عوسمانی و قاجاری و چەسپ بونی رۆژنامەنوسی وەك كاریكی كاریگەر لەناو هەمو دراوسێكانی كوردا رێگەیان بۆ پەیدا بونی رۆژنامەنوسی كوردی خۆشكرد • بەڵام بەهۆی رژێمی خوێناوی سولتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە دوامەرجی لەدایكبونی كورپەی نوێ لەناو وڵات خۆیدا نەبو • ئەمە و چەند هۆیەكیتر كە لەخوارەوە باسیان دەكەین ، شاری قاهیرەیان كردە شوێنی لەبار بۆ چاپكردنی یەكەم رۆژنامە لە مێژوی كوردا •

سولتان عەبدولحەمید كە سەرەتا خۆی بە دەستورپەروەر دادەنا و لەراستیدا پیاوێكی غەداری ترسنۆك و فێڵباز بو لەو رۆژەوەی هاتە سەر تەخت (ساڵی ١٨٧٦) كەوتە گیانی هەر شتێك بۆنی ئازادی و دیموكراسی و پێشكەوتنی لێ دەهات [٢٢] • «فەلسەفەی» حوكمی سولتان عەبدولحەمید دانانی وەزیر و كاربەدەستی گەورەی نیمچە خوێندەوار بو • خۆی دەیگوت: «دەزانم دەورو بەرم بە دز تەنراوە ••• بەڵام من وای بە باش دەزانم ئەم پیرە دزانە لەسەر كار بهێڵمەوە ••• ئەمانە بۆ من دڵسۆزن »[٢٣] •

---

(٢٢) ساڵی وەرنەچەرخا سولتان عەبدولحمید دەستوری بەناوبانگی ١٨٧٦ی وەستاند و مەدحەت پاشا و هاوەڵەكانی دورخستەوە و گەلێكیانی لە بەندیخانە توند و زۆریانی ئاوارەی شار و وڵاتان كرد . لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەوا زیاتر لە ٢٠ هەزار كەس بەرەسمی جاسوس بوون (بڕوانە : ادموند تیلور ، سقوط الاسر الحاكمة ، ترجمة علی عزت الانصاری ، القاهرە ، ١٩٦٥ ، ص ١٩٣) .

(٢٣) بڕوانە :

Алиев Г.З., Турция в период правления младотурок (1908-1918), Москва, 1972.

گ. ز. ئەلیێف ، توركیا لە سەردەمی فەرمانڕەوایی توركانی لاودا (١٩٠٨ ــ ١٩١٨) ، مۆسكۆ ، ١٩٧٢ ، ل ٤٦ .

عەبدولحەمید هەمو قوژبنێکی ئەستەمۆڵ و شارە گەورەکانی بە پیاوی خۆی ئاخنیبو . بەپێی سەرگوزشتەی مێژونوسان لە سەردەمی سولتان عەبدولحەمیدا دەبو هەمو فەرمانبەرێکی تورك لە هەمان کاتدا پیاوی گوێ قولاغی کۆشکی یەلدز بن . «زۆر جار برا خەبەری لە برا دەدا و بەوجۆرە پاداشتێکی چەوری وەردەگرت » . یەکێك لە تورکانی لاو هەر لەمبارەیەوە وتویە : « لە تورکیا (ی سەردەمی عەبدولحەمیدا ـ ك. م.) تاقە رێگەیەك، تاقە ئامانجێك مابۆوە : کۆکردنەوەی پارە و خەرج‌کردنی بە سەفاهەت . بەڵام بۆ گەیشتن بەوە دەبو ببیتە پیاوی کۆشك و دڵسۆزی خۆت بەگوێ نەدانە باوك و دایك و برا و هاوڕێ و بیر و ویژدان و هەمو هەستێکی نیشتمانی و مرۆڤایەتی ساغ بکەیتەوە » [٢٤] .

دیارە دەبێ رۆژنامەنوسی لەژێر سایەی فەرمانڕەوایی ٣٣ ساڵەی سولتان عەبدولحەمیدا بکەوێتە زەلالەتەوە . لێرەدا چەند نمونەیەکی کەمی مانادار دەخەینە بەرچاو . هەرچەندە یەکەم «یاسای چاپەمەنی» کە ساڵی ١٨٥٧ دانرابو پڕ لە مەرج و بڕیاری قەبە و گران بو بەڵام سولتان پێی قایل نەبو بۆیە پێنج جار (لە ساڵی ١٨٥٧وە تا ساڵی ١٩٠٠) ئاڵوگۆڕی تێدا کرد [٢٥] تا وای لێهات تەنها بۆ پێکەنین بشێ . رۆژنامەنوسان مافی ئەوەیان نەما بە هیچ کلۆجێك ناوی مەدحەت پاشا و دەستور و دینامێت و بۆمبا و

---

(٢٤) هەمان سەرچاوە ، ل ٤٩ ـ ٥٠ .

(٢٥) بڕوانە :

Котлов Л.Н., Становление национально-освободитнльного движения на Арабском Востоке (середина XIX в.-I908 г.), Москва, I975.

ل. ن. کاتلۆف ، پەیدابونی بزوتنەوەی نەتەوەیی ـ رزگاریخواز لە رۆژهەڵاتی عەرەب (ناوەندی سەدەی نۆزدە ـ ساڵی ١٩٠٨) ، مۆسکو، ١٩٧٥ ، ل ١٢٩ ـ ١٣٠ .

شۆڕش و سۆشیالیزم و ماف و مانگرتن و ئازادی و سەربەستی و یەکسانی و خەبات یا باسی کوشتن و لابردنی هیچ فەرمانڕەوایەك بنوسن • تەنانەت ماوەی «فیل» و «فەرەج» و «قاچاغ»یش بۆ ڕۆژنامەنوسان نەمابو چونکە سوڵتان خۆی رەقیبی چاپەمەنی‌یەکانی ئەستەمۆل و پیاوە دڵسۆزەکانی هێ شارە گەورەکان بون • لەسەر یەك دۆ هەڵەی چاپ کە مانای رستەیەکی گۆڕیبو بەجۆرێك بۆنی توانجی لێ بێت رۆژنامەی «صەباح» چەند ساڵێك قەدەغە کرا[٢٦]• لەبەرئەوە هیچ سەیر نی‌یە کۆتایی حوزەیرانی ساڵی ١٨٩٤ رۆژنامەنوسانی ئەستەمۆل سەری دنیایان لێهاتەوە یەك چۆن هەواڵی کوشتنی سەرەك کۆماری فەرەنسە س•کارنۆ بڵاو بکەنەوە ، لەلایەکەوە نەدەبو توخنی باسی کوشتنی سەرۆکی دەولەتێك بکەون ، لە لایەکی‌تریشەوە زاتیان نەدەکرد بنوسن بە دەردی خوا و لەبەر پیری مردووە چونکە سوڵتان لەگەڵیدا هاوتەمەن بو • بەوجۆرە هیچ رۆژنامەیەك بە خۆیدا رانەپەرمو لە دێرێکی پچوك زیاتر بنوسێ کە ئەویش بریتی بو لە راگەیاندنی هەواڵی مردنی • بەکورتی رقی ناپیرۆزی عەبدولحەمید بەرامبەر رۆژنامەنوسێ سەربەست گەیشتبووە رادەیەك تەنانەت دوای هێنانە خوارەوەشی لەسەر تەختی خەلافەت (ساڵی ١٩٠٩) خۆزگەی بەوە دەخواست رۆژێ لە رۆژان بگەڕێتەوە کۆشکی یەلدز تاوەکو « سەرتاپای رۆژنامەنوسان تورداتە تەنـدورەوە »[٢٧] •

بێگومان لەژێر سایەی رژێمێکی لەو بابەتە قەت چاوەڕوان نەدەکرا رێگەی بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی کوردێ بدرێ ، جا یا کەس زاتی داواکردنی مافی دەرکردنی رۆژنامەیەکی بە زمانی کوردی نەدەکرد یا ئەوی بیوێرایە و

---

(٢٦) هەر بەو بیانووە یەکەم رۆژنامەی تورکێ «تەقویمی وەقایع»یش داخرا.

(٢٧) بڕوانە : الدکتور خلیل صابات ، الصحافة استعداد ، فن ، علم . القاهرە ، ١٩٥٩ ، ص ١٣ .

لەژێر هەر پەردەیەکدا داوایەکی وای بکردایە بە دەستی بەتاڵ دەگەڕایە دواوە.

جگە لەوانەی باسمان کرد بۆ ئەمە هۆیەکی گرنگی‌تر لەئارادا بــو. رژێمی سوڵتان عەبدولحەمید بە توندی دژی وریابونەوەی نەتەوەکانی نــاو دەوڵەتی عوسمانیی بو. لە سەردەمی فەرمــانڕەوایی ئەودا لە زۆر شــوێن بێ‌بەزەییانە لە بزوتنەوەی رزگاری‌خوازی کورد و گەلانی دراوسێی کورد درا. هەروەها سوڵتان دەیویست هۆزە چەکدارەکانی کورد بکاتە یەکێك لە داردەستەکانی بۆ لێدانی ناحەزانی خۆی و دەستە و دایەرەی، لەبەرئەوەش بو کە «سوارەی حەمیدیی» لە چەکدارانی ئەو هۆزانە دروست‌کرد [٢٨]. دیارە سوڵتانی کورتبێن شتێکی نەدەویست پێچەوانــەی ئەو ئــارەزووە ناهەموارەی بێ [٢٩].

بەم‌جۆرە دەبو خوێندەواری کورد وەك خوێندەواری زوربەی گەلانی ناو دەوڵەتی عوسمانی [٣٠] بۆ دەرکردنی رۆژنامەی خۆی بیر لە شوێنی‌تر بکاتەوە. قاهیرە لەبارترین جێگە بو بۆ بۆ هێنانەدیی ئەم ئامانجە. بەر لە هەمو شت میسر لە زوربەی وڵاتانی‌تری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر پێــوەندیی لەگەڵ شارستانەتی ئەوروپا هەبو. سەرەتای پەیدابونی رۆژنامەنوسیی ئەم

---

(٢٨) لەوبارەیەوە بڕوانە: الدکتور کمال مظهر احمد، کردستان في سنوات الحرب العالمیة الاولی، ترجمة محمد الملا عبدالکریم، بغداد، ١٩٧٧، ص ٨٤ – ٩٤.

(٢٩) وەك دوایی باسی دەکەین «کوردستــان»ی یەکەم رۆژنامەی کوردیی دژی سەرتاپای سیاسەتی سوڵتان عەبدولحەمید وەستا، بەتــایبەتی دژی «سوارەی حەمیدی» و کوشتــاری ئەرمەن.

(٣٠) زۆر لە گەلانی ژێردەستەی عوسمانیی ناچار بون رۆژنامەی خۆیان لــە دەرەوەی وڵات دەرکەن. ساڵی ١٧٩٤ ئەرمەن لە مــەدراس یــەکەم گۆڤاریان بە ناوی «ئازدارار»ەوە دەرکرد. ساڵی ١٨٥٤یش لە مۆسکۆ دەستیان کردە بڵاوکردنەوەی گۆڤارێکی‌تر بە زمان و پیتی ئەرمــەنی. تەشرینی دووەمی ساڵی ١٨٨٧ حیزبی «هەنچاك» لە جنێڤ هەر بەناوی خۆیەوە کە مانای (زەنگی کڵێــسە)یە رۆژنامەیەکی دەرکرد.

ولاّته دەگەڕێتەوە سەردەمی هاتنی ناپلیۆن و لەشکری فەرەنسی بۆ ئەوێ ؛ واتە کۆتایی سەدەی هەژدە . دوای داگیرکردنی میسر لەلایەن لەشکری ئینگلیزەوە (سالّی ١٨٨٢) دەسەلاّتی سولّتانی عوسمانی دەنگی ماو رەنگی نەما . لەگەلّ ئەوەش فەرمانڕەوایانی ئەستەمۆلّ دەیانویست کەلّك لە باری سیاسی نێوان دەولّەتان و ئالّوگۆڕی ناو میسر وەربگرن بۆ گێڕانەوەی دەسەلاّتی لەکیس چوبان . ئەمە بووە هەوێنی دۆبەرەکی‌یەکی شاراوە لەنێوان ئینگلیز و تورکدا کە تا دەست‌پێ‌کردنی شەڕی یەکەمی جیهانی خایاند . رۆژنامەنوسی لەم دۆبەرەکی‌یەدا دەورێکی گەورە و سەیری بینی. سولّتان عەبدولحەمید بە هەر چوار لادا هەولی دەدا هەستی رۆژنامەکانی میسر بەلای خۆیدا راکێشێ . بۆ ئەم مەبەستەی پارەی زۆری دەدا (٣١) و هەستی ئایینی دەبزواند و عوسمانی پەروەرانی هان دەدا رۆژنامەی نوێ لە قاهیرە دامەزرێنن . تەقەلای سولّتان لەم مەیدانەدا بێ‌سوّد و ئەنجام نەبو . مێژونوسێکی عەرەب لەم‌بارەیەوە نوسیویە دەلّێ :

« تورکیا هەرچەند لاواز بو ، بەلاّم هەولی دەدا هەستی خەلّك دژی داگیرکەران (ی ئینگلیز ــ ك. م.) بزوێنێ چونکە نەیدەویست بە یەکجاری میسری لە کیس بچێ . هەمان کات زۆر میسری ئەلّقە لە گوێی تورکیا بۆن و ئەوەش بۆ خۆی ئەنجامی هەستی ئایینی بو ... لەبەرئەوە رۆژنامەی وا پەیدا بو کە بەلای دەولّەتی عوسمانیدا مەیلی هەبو ، هێ‌واش هەبو بە هاندانی ئەو دامەزرا » (٣٢) . «البرهان» و «القاهرة» و «الأهرام»ی

---

(٣١) رۆژنامەی‌وا هەبو هەزار جونەیهی بۆ بڕیبۆوە کە ئەمەش بۆ ئەو سەردەمە پارەیەکی زۆر بو .

(٣٢) الدكتور سامي عزيز ، الصحافة المصرية وموقفها من الاحتلال الانجليزي، القاهرة ، ١٩٦٨ ، ص ١٦١ ــ ١٦٢ .

ئەوسا [٣٣] و چەند رۆژنامەیەکی‌تر لەوانە بون کە بە لایەنگری ئەستەمۆڵ دادەنــران •

دیارە کاربەدەستانی ئینگلیز لە میسر بەرامبــەر بەمە دەستەوەســـان نەوەستان ، بەتایبەتی چونکە سوربون لەسەر مانەوەی خۆیان و دەرپەڕاندنی یەکجاری عوسمانی‌یەکان لە میسر و بۆ جێبەجێ کردنی ئەو مەبەستەش ئامادە بون بێ سێ و دوّ پەنا بەرنە بەر هەر رێگەیەك دەست بدا • کۆششی ئینگلیز لەم مەیدانەدا لە کۆششی عوسمانی‌یەکان گەلێك بەرهەمدارتر بو• ئەمەش بەر لە هەموشت ئەنجامی ئەوە بو کە توانا و دەسەڵاتیان زۆر لەوان زیاتر بــو • رۆژنامەی وەك «الوطن» و «الزمان» و «مرآة الشرق» و «النیل» و «المقطم»و هی‌تر کەوتنە هێرش بردنە سەر دەسەڵاتی عوسمانی و نیشاندانی عەیب و عاری • دوّبەرەکی‌یەکی توند و تــیژ لەنێوان رۆژنــامە ئینگلیز خواکان و ئەوانی سەر بە ئەستەمۆڵ دروست بو [٣٤] •

سەرەڕای ئەوە کاربەدەستانی ئینگلیز لە میسر دەرگایـــان بۆ هەمــو نــاحەزانی سوڵتان عەبدولحەمید و رژێمی عوسمانی خستە ســەر پشت • شاری قاهیرە بووە یەکێك لە مەڵبەندە گرنگەکانی کۆبونــەوە و خەبــاتی تورکانی لاو کە دوژمنی هەرە گەورە و بەتواناى سوڵتان بون • یەکێك لەو کارانەی تورکانی لاوی دەرەوەی وڵات بایەخی زۆریان پێ دەدا دەرکردن و بڵاوکردنەوەی رۆژنامە بو بە چەند زمانێك • لەبەرئــەوە قاهــیرەش بووە ناوەندێکی گرنگی خەباتیــان لەم مەیــدانەدا و ئەو رۆژنامــانەی لــەوێ دەریاندەکردن بوبونە رۆیەکی دیاری چالاکی‌یان [٣٥] • شایانی باسە یەکێك

(٣٣) لەگەڵ ئەوەش بڵاوکردنــەوەی «الاهرام» لەو شوێنــانەی دەســەڵاتی ئەستەمۆڵ بەهێز بو لە ساڵی ١٨٨٤وە قەدەغە بو .

(٣٤) بڕوانە : د. سامی عزیز ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٥٩ ــ ١٧٨ .

(٣٥) تورکانی لاو چەند رۆژنامەیەکیان لە قاهیرە دەردەکرد ، لە هەمویــان ناودارتر ئەوەیان بو کە موراد داغستانی بە ناوی «میزان»ەوە بــڵاوی دەکردەوە .

لەو رۆژنامانە کە ناوی «اجتهاد» بو دوکتۆر عەبدوڵلا جەودەتی کورد بڵاوی دەکردەوە کە بۆ خۆی یەکێك بو لە یەکەم دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵی « تورکانی لاو » (٣٦) ٠

بەهەمان دەستور کاربەدەستانی ئینگلیز ماوەیان دەدا بە ناحەزانیتری سولتان میسر بکەنە مەڵبەندی کار و خەباتیان ٠ نیشتمانپەروەرانی ئەرمەن وەك نیشتمانپەروەرانی تورك لێرەش بەگەرمی کەوتبونە جموجۆڵ ٠ ئەوانیش لە قاهیرە رۆژنامەی خۆیان هەبو ٠

بەمجۆرە و هەر لەبەر ئەو هۆیانەی باسمان کردن ، میسر بووە باشترین و نزیکترین شوێن بۆ لەدایکبونی یەکەم رۆژنامە لە مێژوی کوردا (٣٧) ٠ (رۆژی پێنج شەممەی ٣٠ی «ذو القعدە»ی سالی ١٣١٥ی کۆچی ـ ٩ی نیسانی سالی ١٣١٤ی رۆمی کە دەکاتە ٢٢ی نیسانی سالی ١٨٩٨ی عیسایی (٣٨) لە شاری قاهیرەی میسر یەکەم ژمارەی یەکەم

---

(٣٦) عەبدوڵلا جەودەت خەڵکی عەرەبکیرە . مانگی مایسی ١٨٨٩ لەگەڵ ئیسحاق سکوتی خەڵکی دیاربەکر و چەند هاورێیەکیتری یەکەم شانەی رێکخراوی تورکانی لاویان دامەزراند ، توشی گەلێك دەرد و ئازار هات و دوای گرتن و دورخستنەوەی بۆ لیبیا هەڵهات و لە دەرەوە چالاکانە تێکەڵ بە خەباتی ناحەزانی سولتان عەبدولحەمید بو . لەگەڵ عەبدوڵلا سکوتی رۆژنامەی «عوسمانلی»شی دەرکرد . تا سەر خەباتی بۆ نەکرا و سولتان توانی بەلای خۆیدا رایکێشێ .

(٣٧) ئەو سەردەمە چاپەمەنی و رۆژنامەنوسی میسر قۆناغێکی باشی بەرەو پێشەوە بڕیبو . دەمێك بو ژمارەیە چاپخانەی گەورە بە پێوانەی ئەوسا لە میسر کاریان دەکرد و رۆژنامەیان لەچاپ دەدا . تەنها لە ماوەی دوازدە سالدا (١٨٦٥ ـ ١٨٧٧) پتر لە ١٥ رۆژنامەی هەمەچەشنە هاتنە دەرچون (بڕوانە : عبدالله حسین ، الصحافة والصحف ، القاهرە ، بلا ، ص ١٣٧) .

(٣٨) لێرەدا پێویستە سەرنج راکێشین بۆ ئەوە کە رۆژی دەرچونی یەکەم ژمارەی «کوردستان» لەسەر رۆژنامەکە خۆی تەنها بە سالی «هیجری»و «رۆمی» نوسراوە . هیجرییەکەی ، وەك وتمان ، ٣٠ ذوالقعدەی ١٣١٥یە . بەڵام بەپێی ئەو جەدوەلە باوەڕ پێکراوانەی لەبەر

دەستماندان ، بەتایبەتی جەدوەلی ئەکادیمی ئۆرەبیللی کە سالّی ١٩٦١ لە سۆڤیەت چاپکراوە ، رۆژی (٣٠ی ذو القعدەی ١٣١٥) دەکاتە هەینی ، کەچی لە سەر «کوردستان» لە دوو شوێن نووسراوە رۆژی پێنجشەممە چاپکراوە . بەپێی جەدوەلەکەی ئۆرەبیللی (٣٠ی ذوالقعدەی ١٣١٥) دەکاتە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ . لەبەرئەوەش کە لە راستیی گۆڕینەکەی ئۆرەبیللی دلّنیاین (بڕوانە ل ٢٦٩ی جەدوەلی ناوبراو) بەتایبەتی چونکە لەو هەلّە کەمانەی زانای سۆڤیەتی پرۆفیسۆر تیبۆلسکی لەناو جەدوەلی ناوبراودا دۆزیونیەوە سالّی ١٣١٥ و ١٣١٦یان تێدا نی‌یە (بڕوانە : گۆڤاری «گەلانی ئاسیا و ئەفریقا» ، بە زمانی رووسی ، مۆسکۆ ، ژمارە ٢ ، ١٩٦٢ ، ل ٢٤٥) ناچار کەوتینە سۆراخی ئەوەی ئایا (٢٢ی نیسانی سالّی ١٨٩٨) بەر پێنجشەممە یا هەینی دەکەوێ . دوای لێکۆلینەوەیەکی ورد ساغبۆوە کە ٢٢ی نیسانی سالّی ١٨٩٨ دەقاودەق رۆژی پێنجشەممە دەگرێتەوە . کەواتە دەبێ هەلّە لە دیارکردنی سەرەتا و کۆتایی مانگە هیجرییەکانی ئەو سالّە خۆیدا روو دابێ ، ئەمەش بۆ سالّنامەی هیجریی ئاسایی‌یە چونکە ، وەك ئاشکرایە ، دیارکردنی سەرەتا و کۆتایی مانگەکانی لەسەر بینینی مانگ وەستاوە و زۆرجار هەلّەی تێدا دەکرێ . کەواتە ئەو رۆژی (٢٢ی نیسانی ١٨٩٨)ەی لە میسر بە ٣٠ی «ذوالقعدە» دانراوە ٢٩ی «ذوالقعدە» بووە. هەمان هەلّە بەنیسبەت ژمارەی‌تری «کوردستان»ەوە دوبارە بۆتەوە .

ئەم راستی‌یەم یەکەمجار بێ ناوی خۆم لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردا بلاّوکردەوە (بڕوانە : «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد» ، بەرگی یەکەم ، بەشی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٣٩٥ ـ ٣٩٦) .

(٣٩) لە کۆتایی دوا لاپەڕەی ژمارە یەك و دوو سێی «کوردستان» نوسراوە لە چاپخانەی «الهلال» چاپکراوە ، کەچی لەسەر هەمان لاپەڕەی ژمارە چوار و پێنج نوسراوە گوایە لە چاپخانەی رۆژنامەی کوردستان چاپ کراوە . دوور نی‌یە میقداد مەدحەت بەگ بۆ نیشاندانی توانا یا سەرلێشێواندن وای‌کردبێ . بارستی ئەو ژمارانەی من دیومن ٢٣٫٨ x ٢٦ سانتیمە . دوکتۆر کەمال فوئاد کە زوربەی ژمارەکانی «کوردستان»ی دیوە ٢٥٫٥٠ x ٣٢٫٥٠ی داناوە (بڕوانە : « کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردیی» ، پێشەکی) .

(٤٠) میقداد مەدحەت ناوی لێکدراوی خۆیەتی وەك مستەفا کەمال ، عەلی‌کەمال ، ئیسماعیل حەقی و گەلێکی‌تر . سەردەمی عوسمانی‌یەکان ناوی لێکدراو باو بو .

بەگی نەوەی بەدرخان پاشاوە چاپکرا .

بەم مەینەت و دەردێ سەری‌یە بناغەی رۆژنامەنوسی کوردێ دانرا کە وەك دیمان تەنها دانرشتنی گەلێ سالی پێ ویست چونکە ژانی گەلی کورد بۆ لەدایك‌بونی یەکەم رۆژنامەی زۆر زیاتری لە ژانی گەلانی‌تر خایاند . جێگەی خۆیەتی لێرەدا باسی ئەو نامەیە بکەین کە روناکبیرێکی کورد ناردویە بۆ خاوەنی «کوردستان» و تێیدا بەداخەوە پێی دەڵێ تۆ درەنگ دەستت‌پێ‌کرد و دەبو بەر لە ۲۰ ساڵ ، واتە حەفتاکانی سەدەی نۆزدە ، رۆژنامەکەت دەرکردایە (٤١) .

وەك دوایش باسی دەکەین ئیقداد مەدحەت و بەتایبەتی عەبدورزەحمان بەگی برای لە نزیکەوە پەیوەندی‌یان لەگەڵ تورکانی لاودا هەبو . ئەمەش بۆ خۆی تا رادەیە کاری دەرکردنی «کوردستان»ی ئاسان کرد . ئەو پەیوەندی‌یە نزیکەی بەدرخانی‌یەکان وای لە ژمارەیە مێژونوس کردووە رۆژنامەی «کوردستان»یش بە یەکێك لە ئۆرگانەکانی تورکانی لاو لە قەڵەم بدەن (٤٢) . بەڵام راستی‌یەکەی «کوردستان» رۆژنامەی سەربەخۆی نیشتمانپەروەرانی کورد بو کە زۆر شت لەو سەردەمەدا لەگەڵ ناحەزانی رژێمی سوڵتان عەبدولحەمید لە یەك سەنگەردا کۆی دەکردنەوە .

دەمێکە ژمارەیەکی زۆر لە کورد و رۆژهەڵاتناسان بایەخ دەدەن بە مێژوی یەکەم رۆژنامەی کوردی و شوێنی لە ژیانی روناکبیری و سیاسی کوردستاندا (٤٣) . مینورسکی پتر لە ٦٠ ساڵ لەمەوبەر باسی دەرچونی

---

(٤١) بڕوانە : «کردستان» ، عدد ١٤ ، جنیف ، ٩ی ذي‌الحجة ١٣١٦ .

(٤٢) وەك رۆژهەڵاتناسی ئازەری دوکتۆر حەمید عەلییێف (بڕوانە : لاپەڕە ٥٨ی کتێبەکەی «تورکیا سەردەمی فەرمانڕەوایی تورکانی لاو») .

(٤٣) ژمارەیەکیان لە لێکدانەوە و دیارکردنی رۆژی دەرچونی « کوردستان » بە هەڵە چوبون . مامۆستایان ئەمین زەکی و عەلائەددین سەجادی ١٨٩٧یان بە ساڵی دەرچونی داناوە (محمد امین زکی : خلاصة تاریخ الکرد وکردستان ، ترجمة محمد علی عونی ، القاهرە ، ١٩٣٦ ، ص ٢٧٠؛

«کوردستان»ی لە قاهیرە کردووە (٤٤) . دوای ئەو بە دوو ساڵ (ساڵی ١٩١٧) گەردلیڤسکی بەمجۆرە هەمان باسی هێناوەتە کایەوە : « ساڵی ١٨٩٨ لە قاهیرە رۆژنامەی «کوردستان» دەرچو ، دوایی لە جنێڤ دەستکرایەوە بە بڵاوکردنەوەی . ئەم رۆژنامەیە کوردێك کە مەدحەتی کوڕی بەدرخانی ناودار

علاءالدین سجادی ، مێژووی ئەدەبی کورد ، بغداد ، ١٩٥٢ ، ل ٥٥١ . لە چاپی دووەمی کتێبەکەیدا (بەغدا ، ١٩٧١ ، ل ٦٠٩ — ٦١٠) مامۆستا سەجادی لەبەر رۆشنایی ئەو زانیارییانەی دوکتۆر کەمال فوئاد کاتی خۆی بڵاوی کردۆتەوە ساڵی دەرچوونی « کوردستان »ی راست کردۆتەوە) . ئەدمۆندس و دوکتۆر شاکر خەصباك و هیتر ساڵی ١٨٩٢یان داناوە (الدکتور شاکر خصباك ، الکرد والمسالة الکردیة ، بغداد ، ١٩٥٩ ، ص ٢٩ ؛

C. J. Edmonds, Kurds, Turks and Arabs, P. 58; C. J. Edmonds, The Kurds of Iraq , — ((The Middle East Journal)), 1957, No. 1, P. 55).

باسیل نیکیتین و دوکتۆر بلەچ شیرکۆ و دوکتۆر عەبدوڕڕەحمان قاسملۆ ساڵی کۆچی دەرچوونی «کوردستان»یان وەك خۆی نوسیوە (بڕوانە :
B. Nikitine, Les Kurdes. Etude Sociologique et historique, Paris, 1956, ; A. R. Ghassemlou, Kurdistan and the Kurds, Prague, 1965, P. 44 ; .

الدکتور بلەچ شیرکوە ، القضیة الکردیة . ماضي الکرد وحاضرهم ، القاهرە ، ١٩٣٠ ، ص ٥٠) . کاتی خۆی ئەم راستییانەم لە وتارێکی تایبەتیدا بڵاو کردەوە (بڕوانە : پێشەکی ، بەراوێزی ژمارە ٦) .

(٤٤) بڕوانە :

Минорский В.Ф., Курды. Заметки и впечатления, Петроград, 1915.

ف. ف. مینۆرسکی ، کورد . تێبینی و سەرنج ، پێترۆگراد ، ١٩١٥ ، ل ١٨ (هەروەها بڕوانە : ف. ف. مینۆرسکی ، الاکراد . ملاحظات وانطباعات ، ترجمة الدکتور معروف خزنەدار ، بغداد ، ١٩٦٨ ، ص ٤٤ — ٤٥) .

بو دەریکرد ، دیارە لە تورکیا بلاوبونەوەی قەدەغە بو » [٤٥] ، دوابەدوای ئەمان زۆر کوردناسیتر باسی سالی دەرچونی «کوردستان»یان بە دروستی کردووە و بەرز نرخاندویانە [٤٦] ،

دوکتۆر بلەچ شێرکۆ [٤٧] دەربارەی «کوردستان» توسیویە دەلێ : نیشتمانپەروەرانی کورد لەناو خۆیاندا بڕیاری دەرکردنی ئەم رۆژنامەیەیان داو بەوجۆرە بووە ئۆرگانی ئەوان [٤٨] ، دوکتۆر شاکیر خەسباکیش دەرچونی «کوردستان» بە سەرەتای گۆڕین یا قۆناغێکی نوێ لە ژیانی کوردا دادەنێ [٤٩] ،

---

(٤٥) Гордлевский В.А., Избранные сочинения, том III (история и культура), Москва, 1962.

ئەکادیمی ف. ا. گەردلیڤسکی ، کاری هەلبژاردەی ، بەرگی سێ (مێژۆ و روناکبیری) ، مۆسکۆ ، ١٩٦٢ ، ل ١١٩ ،

(٤٦) بەوێنە بڕوانە : م. س. لازەریڤ ، مەسەلەی کورد ، ل ٤٨ .

(٤٧) جێگەی خۆیەتی لێرەدا راستییەکی نەزانراو بخەمە بەرچاو . زۆرن ئەوانەی ناوی دوکتۆر بلەچ شێرکۆیان بیستووە یا کتێبەکەیان بینیوە . دەمێکە «القضية الكردية» کە بە ناوی کۆمەلی «خۆیبون»ەوە دەرکراوە و سەد لاپەڕە زیاترە بۆتە سەرچاوەیەکی باش بۆ مێژۆنوسان . زۆری خۆمان و رۆژهەلاتناسان بۆ نوسینەکانیان کەلکیان لە زانیاریی نــاو ئەم کتێبە بینیوە . بەلام کەمن ئەوانەی دەزانن دوکتۆر بلەچ شێرکۆ کێیە . هەن وادەزانن مامۆستا جەلادەت بەدرخانە . راستەکەی دوکتۆر بلەچ شێرکۆ مامۆستا محەمەد عەلی عەونییە کە یەکێك بۆ لە خوێندەوارە هەرە دلسۆزەکانی کورد. مامۆستای ناوبراو زمانزان و مێژۆنوس بۆ، زوربەی بەرهەمەکانی مامۆستا ئەمین زەکی ئەو وەریگێڕانە سەر زمانی عەرەبی . خزمەتی زۆری «خۆیبون»ی کرد . شایانی باسە مامۆستا عەونی بۆ نوسینی «الكرد والقضيه الكرديه»کەی کەلکی زۆری لەو زانیاری و چاپەمەنییانە وەردەگرت کە جەلادەت بەدرخانی هاوەل و هاوبیری بۆی دەنارد .

(٤٨) د. بلەچ شێرکۆ ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٥٠ ــ ٥١ .

(٤٩) د. شاکر خصباك ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٢٩ .

چاوگێڕانێکی خێرا بە ناوەرۆکی ژمارەکانی «کوردستــان»دا ئــەم راستی‌یە ساغ دەکاتەوە و دەری دەخا چۆن رۆژنامەنوسی کورد لە سەرەتای لەدایك‌بونی‌یەوە لەژێر زەبری زولــم و زۆری عوسمانی‌یــان و ئاڵوگۆڕی فیکری ناو دەستەی روناکبیری کوردا رێگەی خەبــاتی راســتی بۆ خۆی هەلبژارد . لە یەکەم ژمارەیەوە «کوردستان» «وریا کردنــەوە و هــاندانی فێربــونی صەنعەت»ی کردە دروشـــمی خۆی (٥٠) . وەك جگەرســۆز و دوربین زۆر جار باسی نرخ و بایەخی خوێندن و خوێندەواری دەکا و لــە رۆڵەی کورد دەپاڕێتەوە ئەویش وەك رۆڵەی گەلانی‌تر روکاتــە خوێندن . بەنیازی زیاتر بزواندنی هەستی کۆمەلانی خەڵــك لەم‌بارەوە «کوردستان» زۆ زۆ پەنا دەباتە بەر فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (د. خ.) دەرحەق پێویستی و قازانجی فێربون (٥١) . «کوردستان» دەیویست بە هەموان راگەیێنێ چۆن خوێندەواری بۆتە هەوێنی پێشکەوتنی گەلان . ئەوەتە بە یاریدەی خوێندن و زانست ژاپۆن بەسەر چین و میسر بەسەر سوداندا زاڵ بون . لــە عەقڵەوە دەیویست مەسەلەی ئایین و خۆشەویستی نیشتمان تێکەڵ یەك کا و بەوجۆرە

---

(٥٠) لە ژێرەوەی ناوی ژمــارە یەکی «کوردســتــان» نــوسراوە : «کردلری ایقاظ وتحصیل صنایعە تشویق ایچون شمدیلك» . لە ژمارە ســێوە ئەم دروشمە وای لێ هات : «کردلری تحصیل علوم و فنونە تشویــق ایدر نصائح و ادبیات کردیەیی حاوی» .

(٥١) لە زۆر ژمارەی «کوردستان»دا ئەم فەرمایشتانەی پێغەمبەر دەکەونە بەرچاو : «العلماء ورثة الانبیــاء» ، «العلم علمــان ــ علم الابدان وعلم الادیان» ؛ «الکاسب حبیب الله» ، «اطلبوا العلم من المهد الی اللحد» ؛ « طلب العلم فریضة علی کل مسلم ومسلمة » ، «شهد الله انه لا الــه الا هو والملائکة و اولوا العلم» . هەندە جاری «کوردستان» وتاری بــە ناونیشانی وا بلاو دەکردەوە : «فضیلة التعلم» (ژمارە پێنج) ، « هــل یــستوي الذین یعلمون والذین لایعلمون» (ژمارە هەشت) ؛ «رتبة العلم اعلی الرتب» (ژمارە نۆ) و هی‌تر .

لاوی کورد بجوڵێنێ (٥٢) • دەیویست لە ڕێگەی قسەی پڕ بایەخی شاعیری گەورەی وەك خانییەوە کورد بۆ «اتفاق» هاندا (٥٣) •

هەرکات ناوی «کوردستان» هاتە پێشەوە دەبێ دوو ڕووی پڕ شانازی ئەم ڕۆژنامەیە بخرێتە بەر چاو • یەکەمیان هەڵوەستییە بەرامبەر گەلی ئەرمەن و ئەویتریان بەرامبەر بەو دەزگا سەربازییە دواکەوتووەی سوڵتان دەوروبەری کۆتایی سەدەی نۆزدە بە ناوی «سوارەی حەمیدی»یەوە لە پیاوی چەکداری هۆزانی کورد دایمەزراند •

وەك ئاشکرایە لە نەوەدەکانی سەدەی رابوردووەوە فەرمانڕەوا شۆڤێنییەکانی دەوڵەتی عوسمانی بە ناحەق کەوتنە گیانی نەتەوەی ئەرمەن و ویستیان هۆزە چەکدارەکانی کورد بکەنە یەکێك لە داردەستە هەرە کاریگەرەکانی جێبەجێ کردنی ئەو کارە گڵاوەیان (٥٤) • پەردە لە ڕوو لادانی ئەو کارە و بەرهەڵستی کردنی بۆ قۆناغی خۆی ئەرکێکی ئاسان نەبو • لەو کاتەدا کە زۆرکەس کوێرانە دەستی خۆیان بە خوێنی ئەرمەن ڕەش دەکرد و لەوانیش زیاتر دەستیان بە کڵاوی خۆیانەوە دەگرت با نەیبا «کوردستان» دڵسۆزانە بانگی نەوەی کوردی دەکرد لە مەبەستی ڕاستەقینەی سوڵتان عەبدولحەمید بگەن و نەبنە هۆی لەناوبردنی ئەرمەنی دراوسێی دێرینیان • بەپێچەوانەوە ، «کوردستان» بەگەرمی داوای لێ دەکردن پارێزگاری برا ئەرمەنەکانیان بکەن هیچ نەبێ لەبەرئەوەی هەردوو لایان وەك یەك گیرۆدەی زوڵم و زۆری سوڵتان عەبدولحەمید و دەستە و دایەرەی

---

(٥٢) بۆ ئەمەش زۆر جار «کوردستان» پەنای دەبردە بەر فەرمایشتەکانی پێغەمبەر ، وەك «حب الوطن من الایمان» ، «علو الهمة من الایمان» .

(٥٣) بۆنمونە بڕوانە : «کردستان» ، ژمارە ٤ ، ١٢ ذوالحجة ١٣١٦ . بۆ هەمان مەبەست وتاری لەژێر ناونیشانی وادا بڵاو دەکردەوە : «واعتصموا بحبل الله جمیعاً ولاتفرقوا» (ژمارە یازدە) .

(٥٤) بۆ زانیاری زیاتر لەمبارەوە بڕوانە : د. کمال مەزهەر ، کوردستان.. ، چاپی کوردی ل ٨٩ ـ ١٥٦ ، چاپی عەرەبی ل ٢٣٥ ـ ٣٠٢ .

ئەون [٥٥] . داوای لێ دەکردن شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بکەنە نمونــە و دەرسی لێ وەرگرن چۆن کاربەدەستانی ئەســتەمۆڵ لە حەفتــاکانی سەدەی نۆزدەمدا نەیانتوانی دژی گاوران هانی دەن . جاریوا هەبۆ «کوردستان» لە دلسۆزیــەوە بە رەقی روی دەمــی دەکردە گەلی کورد تــاوەکو زیــاتر بیزوێنێ و لەو کارە ناهەموارەی دۆرخاتەوە [٥٦] .

عەبدوڕڕەحمان بەدرخانی سەرنوســەری «کوردســتان» راسترین هەلوەستی بەرامبەر کوشتارەکانی ئەرمەن هەبۆ . کار گەیشــت بــەوەی ئەم پیاوە دۆرێنە بەئاشکرا حاشای لە عوســمانی کوژی کرد چونــکە لە کوشتاری ئەرمەندا بەشدار بو [٥٧] .

بە هەمان چەشن «کوردستان» بە ئەوپەڕی تێگەیشتنەوە «ســوارەی حەمیدێ» و مەبەستی شارراوەی دامەزرانی هەلــەنگاند . کاتێك ژمارەیەکی زۆر لە سەرەك هۆزانی کورد رەشبەلەکیان بەبۆنــەی دامــەزراندنی ئــەو دەزگایەوە دەگێڕا و هیوایان هەبو وای دەزانی خێر و بەرەکەت بۆ هەمــۆ کورد دێنێ (!) ، «کوردستان» بە هەمــوانی رادەگەیــاند کە مەبەستی سەرەکێ «سوارەی حەمیدێ» خەریككردنی کورد و خۆشکردنی ئاگری دۆبەرەکێ نێوان ئەوان و ئەرمەنە تاوەکو دژی سیاسەتی چەوســاندنەوەی سولتان یەكنەگرن . دیارە دەزگایە بۆ کاری وا نالەبار دامەزرابێ دەبۆ لــە

---

(٥٥) «کردستان» ، ژمارە ٢٦ ، ٢٢ی رەمەزانی ١٣١٨ ، ١٤ی کانونی دووەمی ١٩٠١ .

(٥٦) بۆنمۆنە بڕوانە : «کردستان» ، ژمارە ٢٧ ، ٢٢ی ذوالقعدەی ١٣١٨ ، ١٤ی مارتی ١٩٠١ .

(٥٧) بڕوانە :

E. E. Ramsaur, The Young Turks. Prelude of the Revolution of 1908, Princeton — New Jersey, 1957, P. 63.

زیان بەولاوە هیچی لێ چاوەڕوان نەکرێ [٥٨] • جێگەی تەقدیر و نیشانەی دۆربینی‌یە کە «کوردستان» بە هەمان دەستور ڕوی کردۆتە نیشتمانپەروەرانی عەرەب و داوای لێ‌کردون بە قسەی سولتان هەلنەخەلەتێن و ڕێگە نەدەن بە دامەزرانی «سوارەی حەمیدیێ» لەناو هۆزی چەکداری عەرەبدا •

زۆر ڕوی‌تری «کوردستان» وەك یەکەم ڕۆژنامەی کوردیێ سەرنج رادەکێشن • «کوردستان» لە هەر ڕێگەیەکەوە بۆی لوابێ هەولی داوە هەستی‌کورد بە شێوەیەکی دیموکراسی‌یانە بزوێنێ • لەبەر خاتری ئەم مەبەستە زۆر لاپەڕەی «کوردستان» بۆ باسی ئەدەب و مێژوی کورد تەرخان‌کراون و بە بەیتی پڕمانای «مەم و زین»ی خانی ڕازێنراونەوە[٥٩] •

لەبەر ئەمانە و زۆر هۆی‌تری وەك ئەوان دەبێ «کوردستان» ئاوارەی ولاتان و میوانی شاران بێ • ڕاستە زۆر ئۆرگانی نیشتمانپەرومرانی تری ناو ئیمپراتۆریێ عوسمانیێ وەك «کوردستان» دەربەدەر بون ، بەلام هیچ کامیان بەرادەی ئەو ناچار نەبون شارەو شار کەن : ژمارە یەك تا پێنجی لە قاهیرە و شەش تا نۆزدەی لە جنێف و بیست تا بیستو سێی دیسان لە قاهیرە و تەنها بیستو چواری لە لەندەن و بیستو پێنج تا بیستو نۆی لە فۆلکستۆنی باشوری ئینگیلتەرە و سێ و سێویەکی جارێکی‌تر لە جنێف چاپ‌کراون • ئەم «گەشتە»ی « کوردستان » تەنها ٤٧ مانگ و ٢٢ ڕۆژی خایاند • هەر لەبەرئەوەشە کە لەوماوەیەدا لە بریتی (٩٦) تەنها (٣١) دانەی لێ دەرچو ، واتە لە بریتی پازدە ڕۆژ کە بڕیار بو ، هەر ژمارەیەی پتر لە ٤٥ ڕۆژی بەردەکەوێ • گەلێ‌جار خاوەنی «کوردستان» داوای خوش‌بونی لە خوێنەر کردووە چونکە نەیتوانیوە کاتی خۆی ڕۆژنامەکەی دەرکا [٦٠] •

---

(٥٨) بڕوانە : «کردستان» ، ژمارە ٢٨ ، ١ جمادی الاخرەی ١٣١٩ ، ١٥ی ئەیلولی ١٩٠١ •

(٥٩) لە بەشی پێنجەم جارێکی‌تر دێینەوە سەر ئەم باسە •

(٦٠) بڕوانە : ژمارە ١٦ و ٢٤ و ٢٨ •

دەرچونی «کوردستان» بووە گرێیەکیتر لە ناخی دڵی سوڵتان عەبدولحەمید و دەستەو دایەرەکەیدا . ناوەڕۆکی ئەو ژمارانەی «کوردستان» کە بۆ یەکەمجار لە قاهیرە چاپکران ڕوون نیشانی دەدەن چۆن پیاوانی سوڵتان کەوتونە شەڕ فرۆشتن و بیانوگرتن بە میقداد مەدحەت بەدرخان . کار گەیشتووە بەوەی داوایان لە کاربەدەستانی میسر کردووە وەك «تاوانبارێك» میقداد مەدحەت بدەنەوە دەست ئەستەمۆڵ [٦١] . وادیارە ئەمە پاڵی نا بە بەدرخانیەکانەوە ناچار «کوردستان» بگوێزنەوە ئەوروپا .

پەیوەندیی نزیکی عەبدوڕڕەحمان بەدرخان لەگەڵ نیشتمانپەروەرانی تورك زیاتر رقی سوڵتان عەبدولحەمیدی هەڵدەستاند . زۆر لە بیروباوەڕی کۆمەڵی «تورکانی لاو» لە ناوەڕۆکی وتارەکانی «کوردستان»دا ئاشکرا رەنگیان داوەتەوە . عەبدوڕڕەحمان بەدرخان یەکێك بو لە بەشدارانی یەکەم کۆنگرەی ئەم کۆمەڵە کە شوباتی ساڵی ١٩٠٢ لە پاریس بەسترا . جگە لەوە جاروبارێش لە ڕۆژنامەی «عوسمانلی» ئۆرگانی ئەو کۆمەڵەدا وتاری بڵاودەکردەوە [٦٢] . سەرەڕای هەمو ئەمانە ژمارەکانی ئەوروپای «کوردستان» ئاشکرا لە چاپخانەکانی کۆمەڵی «تورکانی لاو» چاپدەکران. لە دوا لاپەڕەی زوربەی ئەو ژمارانەی لە ئەوروپا چاپکراون ناوی ئەو چاپخانانە بەئاشکرا تۆمار کراوە .

(٦١) تایبەت بڕوانە سەروتاری ژمارە پێنجی «کوردستان» کە بریتییە لە نامەی میقداد مەدحەت بەدرخان بۆ سوڵتان عەبدولحەمید . شایانی باسە ئەو سەردەمە گەلێ جار کاربەدەستانی ئەستەمۆڵ داوای داخستنی ڕۆژنامە ناحەزەکانی سوڵتانیان لە خدێوی میسر دەکرد (بڕوانە : د. سامی عزیز ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٦٧ ـ ١٦٨) .

(٦٢) بڕوانە : E. E. Ramsaur, OP. Cit., P. 63. بەشی زۆری ژمارە ٣١ی «کوردستان» (١٤ی نیسانی ١٩٠٢) بۆ باسی هەواڵی ئەو کۆنگرەیە تەرخانکراوە .

دیارە ئەمەندە بەس بۆ بۆئەوەی خاکی کوردستان لە «کوردستان» قەدەغە کرێ • خاوەن و خوێنەرانی چەند جارێ باسی ئەمەیان لەسەر لاپەڕەکانی «کوردستان» خۆی کردووە • بەڵام کپ کردنی دەنگی خەباتکەری ڕەسەن کارێکی مەحاڵە • بەپێی ئەو یاسا چەسپاوە «کوردستان» توانی وەك یەکەم ڕۆژنامەی کوردیێ تا ڕادەیەکی زۆر دەوری مێژوویی خۆی بینێ • وەك لای ڕاستی ناوی ڕۆژنامەکە خۆیەوە نوسراوە خاوەنی هەرجارە دوو هەزار دانەی لێ ناردۆتە کوردستان بەونیازەی بێ پارە بەسەر خەلکدا دابەش بکرێن [٦٣] • دوور نییە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە گرنگە بەدرخانییەکان پەنایان بردبێتە بەر یارییەدەی نیشتمانپەروەرانی تورك و ئەرمەن • هەر چۆن بێ ئەو سەردەمە ناردنی ڕۆژنامەی نەیاری سولتان عەبدولحەمید بۆ خەلکی ناو وڵات کارێکی باو بو • بەڕێوەبەرانی ئەو ڕۆژنامانە هەزار و یەك فڕوفێلیان دەکرد بۆ جێبەجێ کردنی ئەو مەبەستەیان : جاریوا هەبو ڕۆژنامەکانی خۆیان دەخستە ناو چاپەمەنیێ ئەوتۆوە کە وێنەی سولتان یا باسی باشی ئەویان تێدا بو • ڕۆژنامەنوسانی عەرەبیش بۆ سەر لێ شێواندنی عوسمانی و ئینگلیز یا پیاوانی خدیو پەنایان دەبردە بەر ئەو جۆرە فێلە • یەکێکیان دە جار ناوی ڕۆژنامەکەی خۆی گۆڕی [٦٤] دیارە بۆئەوەی نەناسرێتەوە و بەوجۆرە بگاتە ناو وڵات •

گومان لەوەدا نییە لە هەر ڕێگەیەکەوە بوبێ بەدرخانییەکان

---

(٦٣) ئەم ڕاستییە بە کوردی و بە تورکی لای ڕاست و چەپی سەرەوەی زیاتر لە نیوەی ژمارەکانی «کوردستان» نیشان دراوە . لای ڕاستەوە نوسراوە : « هر جار دو هزار جریدیا بی پرَه ازی ریکم کردستانی دەبدەن خەلکی» یا « . . . دە بلاش بدن‌خەلکی» . لە هەندێ ژمارەدا دوو هەزارەکە بۆتە «دو صد» و لە هەندێکی‌تریشدا وای‌لێ‌هاتووە «کردستان داخلندە خصوصی استەیتلرە مجاناً کوندریلور » .

(٦٤) بڕوانە : د. سامی عزیز ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٤٢ ــ ٤٣ ، ٧٢ .

«کوردستان»یان دەگەیاندە دەست سەرەك هۆز و روناکبیرانی کورد • لە زۆر نوسینی ئاو «کوردستان»ەوە دەردەکەوێ ژمارەکانی زوبەزو دەگەیشتنە زۆر ناوچەی کوردەوارێ و شوێنیتری ناو دەولەتی عوسمانی • هەر زو پەیوەندێ لەنێوان خاوەنی «کوردستان» و روناکبیری کوردا دروست بو • لە لاپەڕە چواری ژمارە دۆی «کوردستان»دا میقداد مەدحەت بەدرخان باسی نامەی «هەندێك میر و ئاغای کورد» دەکا و دەلێ داوایان لێ کردووە باسی « حالی نەو و ئەدەبیاتا کوردێ» بلاو بکاتەوە • لە ژمارە سێیدا نامەی کوردێکی شام بلاو کراوەتەوە کە باسی ئەوە دەکا چۆن «کوردستان»یان پێ گەیشتووە و خەلك لە خۆشیانا ماچیان کردووە و کۆتاییش گەلێك رەحمەتی بۆ میقداد مەدحەت و باو و باپیری ناردووە • دوای ئەوە بە دۆ ژمارە نامەی « اطنەیی سید طاهر بوظی »ی بلاوکردۆتەوە کە خاوەنی بەرز ناوەرۆکی «کوردستان»ی نرخاندووە و باس دەکا چۆن لە «خوێندنەوەی تێر نەبووە» و داوا دەکا هەرجارەی «چل پەنجا» دانەی بۆ بنێرن چونکە ئەدەنە «وەك بازێری کوردی لیهاتووە» و « هەر سالەی دە پازدە هەزار» کوردی تێدەرژێ و گەلێکیان ، وەك دەلێ ، لەوێ دەمێننەوە [٦٥] • لە ژمارەیتری «کوردستان»دا نامەی خەلکی ماردین و دیاربەکر و موسل و شوێنیتر بلاوکراوەتەوە [٦٦] • لەوەش گرنگتر : لەسەر لاپەڕە چواری ژمارە سیازدە لیستەی ئەو پارەیە بلاوکراوەتەوە کە بەشدارانی «کوردستان» لە دیاربەکر و سلێمانی و ئەدەنەوە ناردویانە •

وادیارە «کوردستان» لە دەرەوەش ، تایبەت لەناو رۆژهەلاتناسانا ، دەنگی داوەتەوە• عەبدوڕڕەحمان بەدرخان لە ژمارە سیازدەی «کوردستان»دا

---

(٦٥) زۆر کەم دەستکارێ قسەی ناو کەوانەکان کراوە ئەویش بەنیازی گونجاندنی ئەو شوێنانە لەگەل ناوەرۆکی رستەکان .

(٦٦) بڕوانە : ژمارە ٨ و ١٣ و ١٤ و ١٥ و هێتر .

باسی ئەوە دەکا چۆن لەوەتەی دەستی کردووە بە دەرکردنی رۆژنـامەکەی «گەلێك مرۆڤی ئەجنەبێ ئەڵەمان و نمچە (نەمسایێ ــ ك. م.) و ئینگلیـز» ئیشتراکیان تێدا کردووە «علی الخصوص یەك ئەڵەمان هەیە ناوی ڤێ مسیۆ (مارتن هارتمـان)ە » کە زوربەی زمـانی گەلانی رۆژهـەڵات دەزانێ و تەنانەت لەگەڵ ئەو خەریکی فێربونی کوردیشە . هیـچ دوور نیە ئەو ٢٦ ژمارە دەگمەنەی «کوردستان» کە لە کتێبخـانەی دەولـەتێ مـاربورگی ئەڵەمانیای رۆژئـاوا پارێزراون هەر ئەوانـە بن کە کاتی خۆی بۆ زانـای بەناوبانگ هارتمان [٦٧] چوون .

شایانی باسە ژمارەکانی یەکەم رۆژنامەی کوردێ ئیستە زۆر بەدەگمەن دەستدەکەون . جگە لەو ٢٦ ژمارەیەی کتێبخانەی دەولەتێ مـاربورگ کە کاتی خۆی دوکتۆر کەمال فوئاد بە ئۆفسێت بلاوی کردنەوە ١٨ ژمـارەش لەوانەی سالی ١٨٩٩ و بەدواوە چاپ کراون لە کتێبخانەی نیشتمانێ ئەنقەرە پارێزراون [٦٨] . ژمارە یەکیشی لە کتێبخانەی لقی دەزگای رۆژهەڵاتناسێ سۆڤیەت لە لێنینگراد هەیە . لە کتێبخانەی «کۆڕی زانیاری کورد» ژمارە پێنج و لاپەڕە سێ و چواری ژمارە سێی هـەن [٦٩] . یەکەمیـان لەسـەر کاغەزێکی تەنکی رەنگ سەوز و دووەمیـان لەسـەر کاغەزێکی زەردبـاو

---

(٦٧) پرۆفیـسۆر مارتن هارتمـان (M. Hartmann) (١٨٥١ ــ ١٩١٨) عەرەبناسێکی ناوداری ئەڵەمانە ، زۆر شارەزای مێژوێ ئیسلام بوە .

(٦٨) بڕوانە
((Eski harfli Türçe süreli yayinlar topİy Katalogu)) , Ankara, 1963.
زۆر سوپاس بۆ دوکتۆر سەنان سەعید کە سەرنجی بۆ ئەم راستییـە راکێشـام .

(٦٩) دیاریێ ئەندامی یاریدەری کۆڕ بەڕێز رەوشەن بەدرخانن .

چاپکراون (٧٠) ٠ دوور نییه جگه لەمانه ژمارەی‌تری «کوردستان» لەم‌لا و لەولا دەست‌بکەون (٧١) ٠

پیاوانی سولتان هەولێکی زۆریــان لەگەڵ نەوەی بەدرخان پاشـا دا بۆئەوەی دەســت لــه بلاوکردنــەوەی «کوردســتان» هــەڵگرن ٠ وەك لەپێشیـتەوە باسمان‌کرد سولتان عەبدولحەمید ئامادە بۆ هەموشتێك بکا تەنها بۆئەوەی ناحەزانی دەرەوەی بە لای خۆیدا راکێشێ ٠ بەوجۆرە توانی زۆر سەردار و رۆژنامەی نایاری خۆی بکڕێ کە یەکێکیان رۆژنامەی ناوداری «مشورت» بوو (٧٢) کە تورکانی لاو له دەرەوەی ولات دەریاندەکرد ٠

تائێسته بۆمان ساغ نەبۆتەوە «کوردستان» چــۆن و بۆ له دەرچــون وەستا ٠ وەك رامزۆر باس دەکا گوایه «نوێنەرانی سولتان ســالی ١٩٠٤ توانیویانه (عەبدوڕڕەحمان بەدرخــان ــ ك٠ م٠) قــایل کەن دەســت لــه بلاوکردنەوەی رۆژنامەکەی هەڵگرێ» (٧٣) ٠ هەرچەندە دوور نییه وەستانی « کوردستان » ئەنجامی کارێکیوا بوبێ ، بەلام لەگەڵ ئەوەش پێویستــه چەند راستییەك بۆ مێژوو تۆمار بکەین ٠ بەر له هەمو شــت دوا ژمــارەی زانراوی «کوردستان» نیــانی سالی ١٩٠٢ دەرچووە نەك ١٩٠٤، لەوکاتەشدا عەبدوڕڕەحمان بەدرخان له ریزی پێشەوەی ناحەزانی سولتان عەبدولحەمید بو ، هەموی مانگێك بۆ له یەکەم کۆنگرەی تورکانی لاو گەڕابۆوە جنێف ٠ جگه لەوه تا دوا ژمارەی زانراوی «کوردستان» (٧٤) بە تۆسقاڵ بۆنی ئەوە

---

(٧٠) بڕوانه : «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد» ، بــەرگی یــەکەم ، بەشــی یەکەم ، ١٩٧٣ ، ل ٣٩٧ ، ٤٠٢ ٠

(٧١) له قاهیرە بەدوای ژمارەکانی «کوردستان»دا گەڕام ، بەداخەوە گەڕانەکەم بێ‌ئەنجــام بو ٠

(٧٢) بڕوانه : E. E. Ramsaur, Op. Cit., P. 53.

(٧٣) Ibid, P. 63.

(٧٤) بە قسـەی مامۆستایان محەمەد ئەمین زەکی و محەمــەد عەلی عــەونی

ناکرێ خاوەنی لە ڕێبازی کوردایەتی ڕاست و خاوێن لای دابێ • دوور نییە لەبەر کەمدەستێ یا لەژێر فشاری چەتەولەکانی سوڵتانا یا لەبەر مەبەستێکی سیاسیتر «کوردستان» لە دەرچوون وەستابێ •

ئەمەبوو بەکورتێ داستانی لەدایکبوون و ژیانی پڕ ئێش و ئازاری یەکەم ڕۆژنامەی کوردێ • بڕوا ناکەم مێژووتوسێکی خاوەن ویژدان هەبێ ئەم

«کوردستان» دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٠٨ ماوەیەکیش لە ئەستەموڵ چاپ کراوە (بڕوانە : محمد امین زکی ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٧٠). چاپەمەنییەکانی «خۆیبوون»یش وادەڵێن (بڕوانە : د. بلەچ شیرکوە ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٥١ ؛

((La Question Kurde. Ses origines et ses causes)), Par Le Docteur Bletch Chirguh, Le Caire, 1930, P. 19)

تاوەکو ئێستە ئەم ڕاستییە بەتەواوەتی ساغ نەبۆتەوە . گەر وابوایە هیچ نەبێ دەبوو ئەو ژمارانەش لە کتێبخانەی نیشتمانێ ئەنقەرە ناویان وەك ئەوانەی دەرەوە هەبوایە (بڕوانە : پەراوێزی ژمارە ٦٨) . لەگەڵ تەواوبونی شەڕی یەکەمی جیهان گۆڤارێك لە ئەستەموڵ بە ناوی «کوردستان»ەوە کەوتە دەرچون . مامۆستا عەلائەددین سەجادی و ئەو نوسەرانەی دوای ئەو باسی گۆڤاری ناوبراویان کردووە بە هەڵە ١٩١٧یان بە ساڵی دەرچوونی داناوە و بە ڕۆژنامە ناویان بردووە . لەوە دەکا مامۆستا سەجادی ساڵی ڕۆمێ ئەو ڕۆژنامەیەی وەك ساڵی کۆچی (هیجری) گۆڕیبێتە سەر ساڵی عیسایێ . جگە لەوەی خۆم ١٩ ژمارەی ئەو « کوردستان »ەم دیوە ، بەڵگەیەکی باوەڕ پێکراویتریش بەدەستەوەیە گومان لەوەدا ناهێڵێ ئەم «کوردستان»ە دوای شەڕی یەکەم چاپکراوە نەك لە جەنگەی شەڕدا:لە بەرگی پشتەوەی ژمارە ١١ی گۆڤاری «ژین» کە دوای تەواوبونی شەڕی یەکەم دەستی بە دەرچون کرد (بڕوانە : پەراوێزی ژمارە ١٤) بەنیازی ڕاگەیاندن باسی دەرچونی ژمارە دوێ «کوردستان» بڵاوکراوەتەوە.لە هەمان شوێنی ژمارەکانیتری گۆڤاری « ژین »دا باسی دەرچوونی یەك لەدوای یەکی «کوردستان» بڵاو کراوەتەوە . سەرەڕای هەمێ ئەمانە لە ساڵەکانی شەڕدا ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانێ لەبەر بێدەرامەتێ دامو دەزگای خۆیان دەپێچایەوە یا زۆر لەجاران کەمتر دەردەچون . بڕوا ناکەم ڕوناکبیری کورد ئەوساڵانە توانای دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤاری هەبوبێ.

داستانه به سەرەتایەکی پرشنگداری پڕ ماناو بەڵگە دانەنێ • هەر لەو سەرەتایەشەوە ڕوون دیار بۆ پەرەسەندن و گەشەکردنی رۆژنامەنوسێ کوردێ بەستەیە بە رادەی رەسەنێ سروشتی دیموکراسێ ئەو رژێمانەی وا هات کورد لەژێر سایەیاندا ژێی • ئەوەبو تا شۆڕشی سالی ١٩٠٨ی تورکیا سەرنەکەوت رۆژنامەیەکیتری کوردێ چاوی هەڵنەهێنا •

هەروەك دوکتۆر لازەرێف دەلێ لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٠٨ «بەهارێکی کورت» لە ژیانی کوردا دەستی پێکرد [٧٥] • بۆ یەکەمجار مێژوی کورد چەند کۆمەڵ و دەزگایەکی روناکبیرێ و سیاسێ بەخۆیەوە بینی • پایزی سالی ١٩٠٨ ، واتە یەکسەر دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ناوبراو [٧٦] ، ئەمین عالی بەدرخان و شەریف پاشا و شێخ عەبدولقادری شەمزینێ و ژمارەیە سەرداری ناسراویتر کۆمەڵی «تەعالی و تەرەقی کوردستان»یان دامەزراند و بەناویەوە «کورد تەعاون وە تەرەقی غەزەتەسی »یان بلاوکردەوە • زۆری نەخایاند قوتابیانی کوردی ئەستەمۆل کۆمەلی «هیڤی»یان دامەزران و سالی ١٩١٣ش دەستیانکردە بلاوکردنەوەی گۆڤاری «رۆژ کورد» [٧٧] • هەر لەو دەوروبەرەشدا گۆڤارێکیتر کە ناوی

---

(٧٥) م. س. لازەرێف ، مەسەلەی کورد ، ل ١٤٥ .

(٧٦) شۆڕشی تورکانیلاو کە بە مەشروتە و شۆڕشی ئیتیحادی ناسراوە تەموزی سالی ١٩٠٨ بەرپابو .

(٧٧) ژمارە ٣ی «رۆژ کورد» (رۆژی کورد) یەکی ئابی سالی ١٣٢٩ (١٩١٣) دەرچووە . ژمارە ٤ی رۆژی ٣٠ی ئابی هەمان سال چاپکراوە . بەمەدا وا دەردەکەوێ «رۆژی کورد» مانگانە بوبێ و ژمارە یەکی سەرەتای حوزەیرانی سالی ١٩١٣ یا ئەو دەوروبەرە دەرچوبێ . لێرەدا پێویست و گرنگە سەرنج بۆ ئەو قسەیەی مینۆرسکی راکێشین کە دەلێ ئەم گۆڤارە کە بەر لە دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهان ناوی بووە «هەتاوی کورد» لەناو خەلکدا زۆر بلاو بۆ بەرادەیە ، وەك دەلێ ، خۆم «لە ناوچەی دوری سلێمانێ» هەوالیم بیست (بڕوانە : ف. ف. مینۆرسکی ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٨) .

«یەکبوون» بوو کەوتە دەرچوون [۷۸] .

رۆژنامەنووسی کوردی لە سەرەتاوە بە پێی سروشتی مەرجی مێژوویی ئەو قۆناغە و لە قەوارەی تێگەیشتنی نیشتمانپەروەرانی ئەو سەردەمە جێگەی دیاری بۆ مەسەلەی خوێندن و خوێندەواری و ژیانی روناکبیری تەرخان کردە چەند رۆیەکی ئەم لایەنەمان لەگەڵ باسی یەکەم رۆژنامەی کوردی خستە بەرچاو . بەنیازی زیاتر روونکردنەوەی ئەم باسە گرنگە پەنا دەبەینە بەر چەند نموونەیەکی تری رۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە .

ئەوانەی ژمارەی «کورد تەعاون وە تەرەقی غەزەتەسی»یان دیوە دەڵێن ناوەرۆکی بۆ مەسەلەی نەتەوەیی و زمان و ژیانی روناکبیری و فۆلکلۆری کوردی و ئەو جۆرە باسانە تەرخان کرابوو لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا باش دەنگی دابۆوە [۷۹] . «رۆژی کورد» و «یەکبوون»یش بەشی هەرە زۆری لاپەڕەکانیان بۆ ئەو جۆرە باسانە تەرخان کردبوو . سەروتاری ژمارە سێی «رۆژی کورد» «قەڵەم بەر لە شێر»ە . خاوەنی وتار هەموو دواکەوتن و گیرۆدەیی کورد لەوەدا دەبینێ کە «بایەخیان داوە بە شێر نەك قەڵەم» . نرخدان بە زانیاری و زانست لای «رۆژی کورد» وەك جێبەجێکردنی ئەرکی ئایینی وایە و بێ ئەو «حەقی خۆمانە لەم ژیانە ناخۆشەدا بژین» [۸۰] . «یەکبوون»یش لە ژمارە دوویدا بەداخەوە باسی ئەوە دەکا چۆن «لەگەڵ

---

(۷۸) وابزانم تائێستە کەس باسی ئەم گۆڤارەی نەکردووە . کاتی خۆی بەڕێز رەوشەن بەدرخانی خێزانی جەلادەت بەدرخان ژمارەیە لەو وتارانەی دامێ کە بە زمانی تورکی لە «یكبون» (یەکبوون) و «رۆژی کورد»دا بڵاوکراونەتەوە و زوربەیان لە نوسینی صالح بەدرخانی باوکین . بۆ نوسینی ئەم بەشە کەڵکی زۆرم لەو وتارانە بینی .

(۷۹) بڕوانە : A. Safrastian, Op. Cit., PP. 70 — 71 . لە ئارشیڤی باسیل نیکیتینیشدا باسی لەوجۆرە هەیە (بڕوانە : م. س. لازەرێف ، مەسەلەی کورد ، ل ١٤٥ ، ٤٠٥) .

(۸۰) «رۆژ کورد» ، ژمارە ۳ ، ۱ی ئابی ۱۳۲۹ .

ئەوەش هیچمان لە گەلانیتر کەمتر نیـیە» کەچی هێشتا «نەمانتوانیوە دەسەڵات و توانای خۆمان لە ژیاندا نیشاندەین » چونکە « بەجاری نەخوێندەوار و نەزانین »[٨١] • لەبەرئەوە سەیر نییە گەر هەمان گۆڤار بەگەرمی داوا بکا کارێکیوا بکری زۆبەزۆ «بە لای کەمەوە ٤٠٪ یا ٥٠٪ی کورد فێری نوسین و خوێندنەوە بکرێن» • بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەبەستە «یەکبون» رۆی دەمی دەکاتە لاوان و داوایان لێ دەکا «دەست لە خۆشی ژیان هەڵگرن » و «رۆ کەنە شاخە بەرزە ساردەکانی کوردستان و ببنە مامۆستا و رێنیشاندەری رۆڵەی ساکاری میللەت »[٨٢] • «ژین» داوای دەکرد «میللەت هەمو بخوێنن»[٨٣] ، «بە رۆژ و بە شەو بخوێنن ، مەکتەب ڤەکەن ، تەحصیل بکەن»[٨٤] •

ئەم هاوارەی ئەستەمۆڵ هەر لەو رۆژانەدا لە بەغداش دەنگی دایەوە • جەمالەددین بابان رۆژی ١٢ی «ربیع الاول»ی سالی ١٣٣٢ ك ، واتە ٨ی شوباتی ١٩١٤ ژمارە یەکی گۆڤاری «بانگ کرد» (بانگی کورد)ی بە تورکی و کوردی بلاوکردەوە[٨٥] • گۆڤاری بەغدامان کوردی هاندەدا دەرس لە «قەومێکی پچوکی وەك ژاپۆنیا» وەرگری چونکە ئەو بە « سایەی سەعی و تەقدیری قیمەتی وەختیان دەولەتێکی عظیمی وەکو رۆسیەیان شکان و تارومار

(٨١) «یك‌بون» ، ژمارە ٢ ، ١٩ی ئەیلولی ١٣٢٩ .

(٨٢) بڕوانە : «یك‌بون» ، ژمارە ٣ ، ٣٠ی ئەیلولی ١٩٢٩ .

(٨٣) «ژین» ، ژمارە ٦ ، ٢٥ی کانونی یەکەمی ١٣٣٤ ، ل ١٦ .

(٨٤) «ژین» ، ژمارە ١٢ ، ٢٥ی شوباتی ١٣٣٥ ، ل ١٦ .

(٨٥) لە چاپخانەی «الاداب»ی بەغدا چاپدەکرا . لە ژمارە یەکییەوە تا ژمارە سێی بەسەریەکەوە ٧٢ لاپەڕەن ، واتە هەر ژمارەیەی ٢٤ لاپەڕە بۆ . بەپێی زانیارییەکانی مامۆستا عەبدوڕڕەزاق حەسەنی «بانگی کورد» پێنج ژمارەی لێ دەرچووە (بڕوانە : عبدالرزاق الحسنی ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٣٥) . ئێمە تەنها سێ ژمارەی ئەم گۆڤارەمان دیـوە .

کرد »[٨٦] . «بانگی کورد» «هاوار و داد و بێـدادی» بۆ بۆ دامـەزرانی کۆمەڵێك تاوەکو «بە تەشویق و کۆششی» ئەو «لە هەمۆ جێگەیە مەکتەبێ گوشاد بکرێ و قەومی کوردان لەم جەهالەتە تخلیص بکا»[٨٧] . «بانگی کورد»یش بە چەشنی رۆژنامە و گۆڤارە کوردی‌یـەکانی‌تر هەوڵی‌دەدا لـە رێگەی بزواندنی هەستی ئایینی‌یەوە خەڵك بۆ خوێندن هان دا . وەك نمۆنە ئەم چەند بەیتەی خوارەوەی دەخەینە پێش چاو :

بۆ تەرەققی موڵـك و میللـەت ئیتتیحادمـان لازمـە
سەرفی غیرەت چـاکە با غەیبی نەکەین ئـەم فرسەتـە
محەفەزەی دین و شەریعەتمـانە خۆ خـاکی وەتـەن
ئـاوەدانی ئەو بە زۆری عیلـم و فـەنن و سەنعەتـە
ئیـش ئەگەر وابێ وەتـەن ئـاوەدانی‌یو مەعمـوور دەبێ
رستگاریمان دەبێ ئێمەش لە دەسـت ئـەم ظولمەتە
دوژمنی عیلـم و مەعـاریف خانەمـان وێـران دەکا
زۆر خراپە و موهلیکە ، دەرمانی کەین ئەم عیللەتە [٨٨]

دوای ئەوەی رۆی شۆڤێنی سیاسەتی نەتەوەیی رژێمی نوێی تورکانی لاو دەرکەوت چاپەمەنی کوردی دیسان گلولەی کەوتە لێژی . تا شەڕی یەکەمی جیهان دەستی پێ‌کرد سەرتاپای رۆژنامە و گۆڤـارە کوردی‌یەکان داخران . لەگەڵ تەواوبۆنی شەڕ و کەوتنی رژێمی دواکەوتـوی تورکانی لاو بزوتنەوەی نەتەوەیی گەلانی ناو ئیمپراتۆری عوسمانی بەجارێ خرۆشا و ئەنجـام قۆناغێکی نوێ لە ژیانی رۆژنامەنوسی ئەو گەلانەدا دەسـتی پێ کرد . رۆژنامەنوسی کوردیش ئەو سەردەمـە بەجـۆرێکی هەست پێ‌کراو

---

(٨٦) «بانگ کرد» ، ژمارە ٣ ، ١٣٣٢ ، ل ٦٨ . زۆر کەم دەستکاری شێوەی نوسـینەکەی کراوە .

(٨٧) هەمان ژمارە ، ل ٦٩ .

(٨٨) هەمان ژمارە ، ل ٦٩ ــ ٧٠ .

بوژایەوە • بەلاَم بەداخەوە تەمەنی ئەم قۆناغە بۆ کورد هەناسەیە بۆ • قۆناغی داهاتوی رۆژنامەنوسی کوردی ــ وەك دوایی باسی دەکەین ــ پڕ لە روداو و بەسەرهاتی بیرۆتنــەیە •

پەیدابونی رۆژنــامەنوسی کوردی لە ئێران تــارادەیەك دواکەوت • لێرەش دیسان یەکەم روناکبیری دوربین کە ویستی رۆژنــامەیەکی کوردی دامەزرێنێ لە بنەماڵەی بەدرخــان بو • ســـەرداری نــاودار عەبدورڕەزاق بەدرخــان (٨٩) زۆ بــە دروســـتی دەوری خوێنــدن و خوێنــدەواری و رۆژنامەنوسی بۆ ژیانی گەل نرخاند • ئەوەبو ســاڵی ١٩١٣ لە شاری خۆی لەسەر ئەرکی خۆی و پارەی کۆکراوەی خەڵك یەکەم قوتابخانەی کوردی دامەزراند (٩٠) • هەر لەوێش کۆمەڵێکی روناکبیری دروست کرد و نیــازی بۆ چاپخانەیەکی لە دەرەوە بۆ بهێنێ و رۆژنامەیەکی بەناوەوە دەرکا • بەلاَم چەند ئاڵوگۆڕێکی سیاسی نالەبار بونە کۆسپ لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەم نیازەی کە تا مردن لە مێشکی دەرنەچو (٩١) • عەبدورڕەزاق بەدرخان لــە

---

(٨٩) عەبدورڕەزاق بەدرخان دەرەبەگێکی لیبرالی کوردپەروەری دوربیــن و چالاك بو . لە کاری رۆژانەیدا بایەخی زۆری بە بلاَوکردنەوەی خوێندن و خوێندەواری دەدا . یەکەم کەس بو بیری لە دانانی ئەلفبــای کــوردی بەپێی لاتینی یا سلاڤی کردەوە (لەبارەیەوە بڕوانە : م. س. لازەریێف ، کوردســتان و کێشــەی کورد، ل ٦٩، ٧٠، ١٥٥ ــ ١٦٠ ، ٢٣٧ ــ ٢٤٠ و گەلێکیتر . هەروەها بڕوانە د. کمال مەزهەر ، سەرچاوەی ناوبراو ، چاپی کوردی : ل ٢٢ ، ٢٤ ، ٣٧ــ٣٨ ، ٣٩ ، ١٧٥ ، چــاپی عەرەبی : ل ٥٠ ، ٦٤ ، ١٠٢ ، ١٠٣ ، ١٠٤ ، ٣٥٩) .

(٩٠) بڕوانە : ك. ، اول مدرسة كردية في ايــران ، ــ «التــآخي» (صفحــة «الثقافة الكردية» ــ ٨ ــ) ، ٢٠ تشرين الثاني ١٩٧٣ .

(٩١) زمارەیە نوســەری کورد باســـی ئەوەیــان کردووە گوایە عەبدورڕەزاق بەدرخان ساڵی ١٩١٣ لە ورمێ رۆژنامەیەکی بە ناوی «کوردســتان»ەوە دەرکردووە و گوایە دوای گرتنی لەلایەن رۆســـەکانەوە سمکۆ لەســـەر دەرکردنی بەردەوام بووە (بڕوانە : علاءالدین سجادی ، ســەرچــاوەی

دەرەوەی وڵاتیش (چ لە رووسیا و چ لە فەرەنسە) هەوڵیدا رۆژنامە یا گۆڤارێکی کوردیی بەپیتی لاتینی بڵاوکاتەوە .

میسیانێرەکان یەکەم هەنگاویان لە مەیدانی رۆژنامەنووسیی کوردیی ئێراندا نا . وەك مینۆرسکی باس دەکا میسیانێرە پروتستانتەکان لە سابڵاغ (مەهاباد) بە یاریدەی دەزگا ئەڵەمانییەکان گۆڤارێکی بچوکیان بە ناوی «کوردستان»ەوە دەرکرد کە وتار و فۆلکلۆری کوردیی بڵاو دەکردەوە . مینۆرسکی دەربارەی هەمان باس ئەوەشی تۆمار کردووە کە خۆی ژمارە یەکی گۆڤاری ناوبراوی هەیە و نیسانی ساڵی ١٩١٤ دەرچووە [٩٢] .

دەستپێکردنی رۆژنامەنووسیی نەتەوەیی کوردیی لە ئێران هاوکاتی رۆژانی خەبات و دەسەڵاتی ئیسماعیل ئاغای شوکاك (سمکۆ)یە . دوای شەڕی یەکەمی جیهان و دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ لە بزوتنەوەی سمکۆدا و دوای ئەوەی دەسەڵاتی گەیشتە ورمێ کە چاپخانەی خۆی هەبوو

ناوبراو ، چاپی یەکەم . لە چاپی دووەمیدا باسی نەکردووە ؛ محەمەدی مەلا کەریم ، سەرچاوەی ناوبراو ؛ جمال‌خزنەدار ، سەرچاوەی ناوبراو، ل ١٩) . سەرەڕای نەبونی هیچ بەڵگەیە لەمبارەوە سمکۆ بەر لە عەبدوڕڕەزاق بەدرخان لەلایەن رووسەوە گیرا و بە دەستبەسەریی نێرایە تبلیسی گورجستان (یەکەمیان سەرەتای ساڵی ١٩١٥ و دووەمیان ناوەندی هەمان ساڵ گیرا) .

(٩٢) ڤ. ف. مینۆرسکی ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٩ . مامۆستا ئەمین زەکیی باسی گۆڤاری «کوردستان» دەکا و دەڵێ «میسیانێرەکان لە ورمێ دەریان دەکرد» (محمد امین زکی ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٢٧٠ — ٢٧١) . مامۆستا عەلائەدین سەجادی و دوابەدوای ئەو نووسەریتر باسی ئەم گۆڤارەیان دووبارە کردۆتەوە و دەڵێن «مانگی جاریی لە ورمێ موبەشیرەکان لە ساڵی ١٩١٢ دەریان‌ئەکرد ، بەڵام زۆر نەژیا » (علاءالدین سجادی ؛ سەرچاوەی ناوبراو ، چاپی دووەم ، ل ٦١٠) . دیارە ئەمانە لەگەڵ قسەکانی مینۆرسکی تەواو یەك‌ناگرنەوە ، هەرچەندە دوور نییە ئەم گۆڤارە لە ورمێ چاپکرابێ چونکە لەوانەیە ئەوکاتە چاپخانە لە سابڵاغ نەبووبێ .

دەستی کردە دەرکردنی رۆژنامەیە کە سەرەتا ناوی «رۆژ کرد ــ شەو عەجەم» (۹۳) (رۆژی کورد ــ شەوی عەجەم)ی لێ نا . دوایێ ئەم ناوەی گۆڕێ بە «رۆژ کرد» (رۆژی کورد) و ئینجا بە «کرد» (کورد) . لە سەرۆ ناوی «کورد»ەوە نوسراوە : «واعتصموا بحبل الله جمیعاً ولا تفرقوا» ، لە ژێریشیەوە وێنەی دۆ دەست لە یەکدا وەك نیشانەی یەکیەتی دروست کراوە. لای راستەوە نوسراوە : «جیگی ادارە ورمی . چاپخانە غیرت . مدیر محمد ترجانی (۹٤) . مقالاتیك منفعت کردان تیدا بی وردگیری . جاری لە هەر هەفتەدا یکیك چاپ دکری » (۹٥) . لای چەپەوە نوسراوە : « حق رۆژنامە پیشەکی وردگیری . داخلە سالیك ٥٠ خارجە ٦٠ قران . ششمانك ۲۷ و ۳٥ قران . قیمت یك نسخە دە شاهی . قیمت اعلانات هر دیری دو قران » . لەژێر ناوی رۆژنامەکە نۆسراوە : « رۆژنامیکە سیاسی ادبی اخباری . سرمقالی ترجمە دکری بفارسی . دینوسی کوردیك بو هەمو کردان » (۹٦) .

---

(۹۳) دەستکارێ جۆری نۆسینی نەکراوە . دیارە مەبەست «رۆژی کورد ــ شەوی عەجەم »ە . (دەربارەی رۆژنامەکانی سمکۆ بڕوانە : محمد تمدن، اوضاع ایران در جنگ اول یا تاریخ رضائیە ، تهران ، ص ۳۷۱ـ۳۷۲).

(۹٤) مەبەست لە شێخ محەمەدی تورجانێ شێخ محەمەدی کوڕی مەلا محەمەد حەسەنی کوڕی مەلا عەلێ قزلجیە . بنەماڵەی ئەم زانایە دانیشتوی گوندی قزلجەی نزیك پێنجوین بۆن . کاتێ خۆی باپیری چۆتە تورجان کە کەوتۆتە نێوان سەقز و بۆکان . خۆی لە بۆکان لەدایكبوە . باوکی مامۆستای مزگەوت بو لە مەهاباد ، بۆ خوێندن چوە میسر و زۆ لەناو هاوەڵەکانیدا وەك پیاوێکی زیرەك ناوی‌دەرکرد و دوایێ وەك زانایەکی دەسەڵاتداری خامە رەنگین زیاتر ناسرا . لە بەغدا لە کلیەی شەریعە دەرسی دەوتەوە ؛ لە مزگەوتی حەسەن پاشا و شبلێ و هێتر پێشنوێژێ دەکرد . مامۆستا حەسەن قزلجێ چیرۆکنۆس یەکێکە لە خزمانی .

(۹٥) «جێگەی ئیدارە : ورمێ ؛ چاپخانەی (غیرەت) . مدیر محمد تورجانێ . مەقالاتێك مەنفعەتی کوردانی تێدابێ وەردەگیرێ ...» .

(۹٦) «... دەینوسێ کوردێ بۆ هەمۆ کوردان» .

دوای ئەوەی بزوتنەوەی سمکۆ سەرەتای بیستەکان نوشوستی هێنا و ورمێی لەدەستچۆ ناچار وازی لە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکەشی هێنا • تا سەردەمی مەهاباد ڕۆژنامەنوسی کوردی ئەم وڵاتە جارێکی‌تر خۆشی بەخۆیەوە نەبینی • لە ماوەی تاقە ساڵی مەهابادا نزیکەی ١٠ ڕۆژنامە و گۆڤار کەوتنە گەڕ و خزمەت :ــ

١ ــ گۆڤاری «نیشتمان» ــ ناوەندی ساڵی ١٩٤٣ دەرچو [٩٧] • ئۆرگانی کۆمەڵەی «ژ• ك•» (ژیانەوەی کورد) بو • ژمارە ٧ و ٨ و ٩ی بەسەر یەکەوە بە یەك بەرگ دەرچون • لە سەری سەرەوەی بەرگەکەی نوسراوە « الله » ئینجا «ژ• ك•» • هەروەها «نیشتمان • بڵاوکەرەوەی کۆمەڵەی ژ• ك• گۆوارێکی ئەدەبی ، خوێندەواری ، کۆمەڵایەتی ، سیاسیو

---

(٩٧) کاتی خۆی دوکتۆر ڕەحیمی قازی و دوکتۆر قادری مەحمودزادە گەلێ ژمارەی ڕۆژنامە و گۆڤاری مەهابادیان دامێ . زوربەی زانیاری ئەم بەشە لەوان دەرهێنراون . لە گۆڤاری «نیشتمان» کە بە سەرەتای ڕۆژنامەنوسی مەهاباد دادەنرێ تەنها ژمارە ٧ و ٨ و ٩م لەبەردەستدایە. مامۆستا سەجادی دەڵێ «یەکەم ژمارەی لە حوزەیرانی ١٩٤٣دا دەرچو» (علاءالدین سجادی ، سەرچاوەی ناوبراو ، چاپی دووەم ، ل ٦١٥) . بەڵام دوکتۆر ڕەحیمی قازی دەڵێ یەکەم ژمارەی مایسی ١٩٤٣ چاپکرا (بڕوانە :

Гази Р.Г., Курдистанская демократическая партия - организатор и руководитель национально-освободительного движения в Иранском Курдистане (1945-1946 гг.), Автореферат дисс. на соискание уч. ст. канд. ист. наук, Баку, 1954.

ر. ح. قازی ، پارتی دیموکراتی کوردستان ــ ڕێکخەر و ڕەهبەری بزوتنەوەی نەتەوەیی ــ ڕزگاریخواز لە کوردستانی ئێران (١٩٤٥ ــ ١٩٤٦) ، کورتەی نامەی دوکتۆری ، باکو ، ١٩٥٤ ، ل ١٧) .

مانگی کوردی»یە • لەژێر ئەم قسانەوە وێنەی صەلاحەدین چاپکراوە • ئەم سێ ژمارەیەی کە «ساڵی یەکەم»یان لاوە نوسراوە بەر مانگی خاکەلێوە و بانەمەڕ و جۆزەردانی ١٣٢٣ کەوتوون کە دەکەنە مارت و نیسان و مایسی ساڵی ١٩٤٤ • ژمارە یەکی لە تەورێز لە چاپخانەی کابرایەکی ئەرمەن بەنهێنی چاپکراوە • زوربەی ژمارەکانی‌تری دیسان لە تەورێز چاپکراون • مامۆستا رەحمانی زەبیحی سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکرد • دوای مەهاباد لە عیراق ساڵی ١٩٤٨ژمارەیەکی بە چاپکراوی لێ بڵاوکراوەتەوە • دلشادی رەسوڵی کە بە ناوی نادری‌یەوە بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە یەکێ لە نوسەرە چالاکەکانی بوە ، کاتێ خۆی لە بەغدا خوێندویە و مامۆستا بووە • هێمنی شاعیر دەڵێ ئەو ئێمەی فێری رێنوسی کوردی کرد • نوسینی لە «گەلاوێژ»یشدا هەیە •

٢ ــ گۆڤاری «کوردوستان» • ژمارە یەکی رۆژی ١٥ی سەرماوەزی ١٣٢٤ ، واتە ٦ی کانونی یەکەمی ١٩٤٥ دەرچووە • لەسەر بەرگەکەی نوسراوە «بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان • گۆوارێکی ئەدەبێ کۆمەڵایەتێ سیاسی‌یە • هەر پازدە رۆژ جارێك بڵاو دەکرێتەوە » • لە مەهاباد لە چاپخانەی کوردستان چاپ دەکرا • ژمارە چواری مانگی بانەمەڕ . مایسی ١٩٤٦ چاپکراوە • تا کۆتایێ ساڵی ١٩٤٦ چەند ژمارەیەکی‌تری لێ چاپکرا (٩٨) •

٣ ــ رۆژنامەی «کوردستان» • ژمارە یەکی رۆژی پێنجشەمۆی

---

(٩٨) بەپێی ئەو زانیاری‌یانەی کاك جەمال خەزنەدار لە رابەرەکەیدا باسی‌کردون وادەردەکەوێ ئەم گۆڤارە گوایە لە دوو مانگ کەمتر ژیاوە (لە ٦ی کانونی یەکەمی ١٩٤٥وە تاوەکو کۆتایێ کانونی دووەمی ١٩٤٦) (بڕوانە : جمال خەزنەدار ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٥٠) دیارە ئەمە راست نی‌یە . سەرچاوەکانی‌تریش لە باسی گۆڤاری «کوردستان»دا کەوتونە هەڵەوە (بڕوانە : علاءالدین سجادی ، سەرچاوەی ناوبراو ، چاپی دووەم ، ل ٦١٥ ــ ٦١٦) .

٢١/١٠/١٣٢٤ که دەکاتە ١١ی کانونی دووەمی ١٩٤٦ چاپ بووە • لە سەرێ ناوی ئەم ڕۆژنامەیەوە نوسراوە : «بە ناوی خودای بەرز و بێ‌هاوتا»• لە ژێری‌یەوە نوسراوە : «بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستان»• هەر دوو ڕۆژ جارێ ژمارەیەکی دەردەچو کە بارستی (٤٠ × ٢٧سم) بوو • تا داخستنی پتر لە ١١٠ ژمارەی لێ بڵاوبۆوە •

٤ ــ گۆڤاری «هەڵاڵە» • ژمارە یەکی بەر مانگی ڕەشەمێی سالی ١٣٢٤ دەکەوێ ، واتە سەرەتای مارتی ١٩٤٦ ، لە بۆکان چاپ‌دەکرا • ژمارە ٢ی مانگی خاکەلێوە و ژمارە ٣ی مانگی بانەمەڕی سالی ١٣٢٥ (نیسان و مایسی ١٩٤٦) چاپ‌کراون • مودیری ئیدارەی ح• قزلجی بو [٩٩] •

٥ ــ گۆڤاری «هاواری نیشتمان» • ژمارە یەکی ڕۆژی ١ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ کە دەکاتە ٢١ی مارتی ١٩٤٦ لە مەهاباد چاپ‌کرا • لە سەرەوەی نوسراوە : «بڵاوکەرەوەی بیری یێکەتی جەوانانی دیموکرات »ە ، واتە ئۆرگانی ڕێکخراوی لاوان بووە •

٦ ــ گۆڤاری «گڕوگالی مندالانی کورد» • ژمارە ٢ی یەکی جۆزەردان و ژمارە ٣ی یەکی پوشپەڕی سالی ١٣٢٥ (واتە ٢١ی مایس و ٢١ی حوزەیرانی ١٩٤٦) لە مەهاباد چاپ‌کراون [١٠٠] • بەوجۆرە دەبێ ژمارە یەکی یەکەم ڕۆژی مانگی بانەمەڕی هەمان سال چاپ‌کرابێ کە دەکاتە ٢١ی نیسانی ١٩٤٦ • لەژێر ناویدا نوسراوە : «بیری کارگەرانی چاپخانەی کوردستان»ە • لە ژمارە ٢ و ٣ی «گڕوگالی مندالانی کورد»ا چەند دەرسێکی زمان و جوگرافیا بڵاوکراوەتەوە • «گڕوگال» ئەت پێی نەگرت و بەوجۆرە وەك گۆڤاری مندالان بووە تاقانەی مێژوی ڕۆژنامەنوسی کوردی•

٧ ــ گۆڤاری «هاوار» ، ژمارە یەکی مانگی ڕەزبەری سالی ١٣٢٤

---

(٩٩) دیارە مەبەست مامۆستا حەسەن قزلجی‌یە .
(١٠٠) تەنها ژمارە ٢ و ٣ی «گڕوگالی مندالانی کورد»م دیوە .

چاپکرا • لەسەر بەرگی یەکەمی تەنها «هاوار» و لەسەر دووەمی «هاواری کورد» نوسراوە (١٠١) •

٨ ــ گۆڤاری «هاواری نیشتمان» ، ژمارە یەکی رۆژی یەکی خاکەلێوەی سالی ١٣٢٥ ، واتە ٢١ی مارتی ١٩٤٦ دەرچووە ، ئۆرگانی لاوانی دیموکرات بووە و لە مەهاباد چاپکراوە • کارگێڕی ص• ئەنجیری (ئازەر) بووە • لەسەر لاپەڕە یەکی نوسراوە «گۆواریکی : ئەدەبی • سیاسی • کۆمەلایەتی »یە • رێبازی مارکسی لە ناوەرۆکیدا دیارە • لە سەرو ناوی گۆڤارەکەوە نوسراوە :

« باسەواد بیخوێنێتەوە بۆ بێسەوادان » •

لەبەر گەلێ هۆ رۆژنامەنوسی کوردی لە عیراق لە هەر شوێن زیاتر هەلی پێشکەوتن و گەشەکردنی بۆ هاتە پێشەوە (١٠٢) • سەرەتای مێژوی رۆژنامەنوسی کوردی عیراق دەگەڕێتەوە چەند مانگێ بەر لە هەلگیرسانی ئاگری شەڕی یەکەمی جیهان (١٠٣) • لە دواسالی ئەو شەڕەوە و بەتایبەتی لەگەل تەواوبونی قۆناغێکی نوێی زۆر گرنگ لە ژیانی رۆژنامەنوسی کوردی عیراقدا دەستی پێ کردە رۆژنامەکانی سەردەمی فەرمانڕەوایی شێخ مەحمود و «ژیانەوە» و «ژین» و «زاری کرمانجی» و «گەلاوێژ» و گەلێکیتر نمونەی پڕ بەلگەی ئەم راستییەن •

---

(١٠١) چەند نوسەرێکی کورد باسی گۆڤاری «ئاوات»یان کردووە کە گوایە ئەویش سالی ١٩٤٥ یا ١٩٤٦ لە مەهاباد چاپکراوە (بڕوانە : عبدالجبار محمد جەباری ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٤٣ ؛ جمال خزنەدار ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٤٨) •

(١٠٢) لە دەمێ سالەوە چاپەمەنی کوردی لە یەکیەتی سۆڤیەت بەشی خۆی لە برەودایە . یەکێ لە رووە دیارەکانی ئەو چاپەمەنییە رۆژنامەی «رێیا تازە»یە کە دەیان سالە رێکوپێك بلاو دەبێتەوە و لە زۆر لایەنەوە بە یەکێ لە رۆژنامە کوردییە هەرە پێشکەوتووەکان دادەنرێ .

(١٠٣) ئەو سەرەتایە لەگەل دەرچونی «بانگی کورد»ا دەست پێ دەکا (بڕوانە : پەراوێزی ژمارە ٨٥) •

لەگەڵ ئەوەش ڕێگەی گەشەکردنی ڕۆژنامەنوسـی کوردیی عـیراق بێکەند و کەندەڵان نەبو . چەند نمونەیەکی کەمی ساڵانی پێش شۆڕشـی گەلاوێژ دەتوانێ وێنەیەکی بێهاوتا لەمبارەوە بۆ خوێنەر بکێشێ . شـێخ مەحمود بە هەمو توانا و دەسەڵاتیەوە ناچار بۆ سـاڵی ١٩٢٣ ڕۆژنامـەی « بانگ حق » (بانگی حەق) لە ئەشکەوتی جاسەنەی ئەولای سورداشـی نزیك سلێمانی چاپبکا (١٠٤) . ژمارە یەکی ڕۆژی ٨ی مارت بڵاوبۆوە . تا نیـسانی هەمانساڵ تەنها سێ ژمارەی لێ دەرچو کە مەبەستی سەرەکیی هاندانی کۆمەڵانی خەڵك بۆ دژی ئینگلیز . بەنیازی دەرکردنی «بانگی حەق» شێخ مەحمود بەر لە داگیرکردنی شاری سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەوە چاپخانـەی شارەوانی «بلدیە»ی گواستەوە ئەشکەوتی جاسـەنە(١٠٥) . ئەمە بۆخۆی گەورەترین بەڵگەی بەرزبونەوەی بایەخی ڕۆژنامەنوسییە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو قۆناغەی گەلی کوردا . ناوی ڕۆژنامەکەش بەئاشکرا باسی

---

(١٠٤) ژمارە ٣ی «بانك حق» (بانگی حەق) لە کتێبخانەی کۆڕی زانیاری کورد هەیە . ئەم ژمارەیە ڕۆژی پێنجشەممەی ١٢ی نیـسانی ١٣٣٩ ، ٢٦ی شەعبانی ١٣٤١ی لەسەر نوسراوە . هەرلەوێدا ڕۆژی دامەزرانی «بانگی حەق» بەمجۆرە تۆمار کراوە «تاریخ تاسیـسی : ٨ مارت ١٣٣٩» . لە ژێرەوەی ناوی ڕۆژنامەکە نوسراوە «ئاشکێ بە تۆپ و بۆمبا سەرفرازە بانگی حەق» . دوابەدوای ئەمە نوسراوە «سیاسی ، ادبی ، اجتماعی ، غزتەیکی ڕسمییە لە قرارگاهی عمومی ئۆردوی کوردستان طەبع دەکرێ . غایە و ئەمەلی استحصالی حقوقی کوردانە» . ژمارە سێی «بانگی حەق» دوو لاپەڕەیە ، بارستی (١٣ × ٢ر٨سم)ە (بڕوانە : «بانك حق» ، ساڵ ١ ، ژمارە ٣ ، پێنجشەمبە ، ١٢ نیسان ١٣٣٩ ، ٢٦ شعبان ١٣٤١) .

(١٠٥) بڕوانە :

C. J. Edmonds, Kurds, Turks and Arabs, PP. 319 — 320 .

ئەم زانیارییانەی ئەدمۆندس دەربارەی «بانگی حەق» جێگەی بڕوان چونکە خۆی لەگەڵ ئەو هێزانـەی ئینگلیز بـو کە ئەو سـەردەمە بـە دامرکاندنەوەی بزوتنەوەی شێخ مەحمودەوە خەریك بون و یەکێك بـۆ لەوانەی دوای کشانەوەی شێخ و چەکدارانی چووە نـاو ئەشـکەوتی جاسـەنە .

ئەو حەقە دەکا کە ئینگلیز کردیانە قۆچی قوربانی بەرژەوەندە تایبەتی‌یەکانی خۆیـان .

دیـان هەر شێخ مەحموود لە لقەپۆپی دەسەڵاتیا نەیتوانی پتر لـە ١٥ ژمارەی «رۆژ کردسـتـان» (رۆژی کوردسـتـان) و ١٤ ژمـارەی «بـانگ کردستان» (بانگی کوردستان) دەرکا [١٠٦] . لە مـاوەی چواردە سـاڵەی فەرمانڕەوایی یەکسەرەی ئینگلیز (١٩١٨ـ١٩٣٢) لە هەموو عیراق بەسەریەکەوە پتر لە ٢٠٠ گۆڤار و رۆژنامەی هەمەجۆر دەرچوو کە تەنها ٦یان کوردی بوون و هیچ‌کامیان لە چەند ژمارەیە زیاتریان لێ دەرنەچوو . روناکبیری نـاسراوی کورد حـەسەین حوزنی موکریانی بە هەزار ئەمـەر و ئەوسەر و بە کولەمەرگی «چاپخانەی کوردستان»ی پێکەوەنا کەچی لەگەڵ ئەوەش بە شەش سـاڵی رەبەق (لە ١٩٢٦وە تاوەکو ١٩٣٢) نەیتوانی زیاتر لە ٢٤ ژمـارەی « زاری کرمانجی» چاپ بکا [١٠٧] . کەس وەك هامیلتن باسی ئەم گۆڤارە و خاوەنی

(١٠٦) یەکەم ژمارەی «بانگ کوردسـتان» (بانگی کوردستان) رۆژی ٢ی ئـابی سـاڵی ١٩٢٢ و دوا ژمارەی ٨ی حوزەیرانی ١٩٢٣ دەرچون . هەرچی «روژ کردسـتـان» (رۆژی کوردسـتـان)ە یەکەم ژمـارەی رۆژی ١٥ی تەشرینی دووەمـی سـاڵی ١٩٢٢ و دوا ژمـارەی ٣ی مـارتی ١٩٢٣ بلاوکراونەوە . ژمارەکانی ئەم دوو رۆژنامەیە لە چەند کتێبخانەیەك و لای چەند کەسی پارێزراون . هەندێ سـەرچاوە باسـی ٣ ژمارەی‌تری «بانگی کوردسـتان» دەکەن کە سـاڵی ١٩٢٥ لە بەغدا چاپ‌کراون (بڕوانە: علاءالدین سـجادی ، سـەرچاوەی نـاوبراو ، چـاپی دووەم ، ل ٦١١ ؛ محەمەدی مەلاکەریم ، سـەرچاوەی ناوبراو) . چـەند سـەرچـاوەیەك رۆژ و سـاڵی دەرچونی «بانگی کوردسـتان»یان هـەڵە چـاپ‌کردووە . بەپێی زانیاری‌یەکانی ناو رابەرەکەی کاك جـەمـال خەزنـەدار «بـانگی کوردسـتان» مانگو نیوێك ژیاوە (٢ی ئەیلول ـ ٢٧ی تەشرینی یەکەم) و گوایە بەو ماوە کەمە بۆ رۆژنامەنوسی کوردی ١٤ ژمارەی لێ چاپ‌کراوە (جمال خزنەدار ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٢٧) .

(١٠٧) یەکەم ژمارەی گۆڤاری «زاری کرمانجی» حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٦ بلاو کرایـەوە .

ئەم گۆڤارەی نەکردووە • بەم چەند دێڕەی هامیلتن نیگاری پڕمانــای هەمو ژیانی ڕۆژنامەنوسێ کوردێ کێشاوە :

موکریانی « خۆی بەتەنها وتارەکانی گۆڤارەکەی دەنوسی ، خۆی بەتەنها وێنەکانی دەکێشان ، خۆی بەتەنها لە چاپی دەدان و ئینجا دەشی پێچانەوە • ئەمە بۆخۆی نمونەیەکی بێهاوتایە لەســەر ڕوی هەمو زەمێن » (١٠٨) •

بەلام هامیلتن تەنها ئەوەی لە یاد کردووە کە دەوروبەری ٥٠٠ ســال لەمەوبەر کاتێك تازە چاپ لە ئەوروپا داهاتبو زۆر خاوەن چاپخانەی ئەوسای ئەوان وەك موکریــانێ ســەدەی بیستی ئێمە بون (١٠٩) • وردکردنەوەی ئەمە دواکەوتویێ تەنها پێنج سەدەمان دەخاتە بەرچاو •

هــەرچەند ســالی ١٩٣٢ بەناو سەربەخۆیێ بــە ولات « بەخشرا » بــەلام هیچ ئــالوگۆڕێ بەســەر ڕۆژنامەنوســێ عیراقــدا نــەهات • ڕۆژنامەنوسێ کوردێ وەك جاری جاران زەحمەت دەیتوانی جاروبار ســەر لە قاوغە تەسکەکەی خۆی دەرهێنێ • ڕەخنەیەکی پچوك لە نەبونی پڕۆژەی ئاوی خاوێن لە شاری هەولێر بەس بێ بۆئەوەی ســالی ١٩٣٦ گۆڤــاری «روناکێ» داخرێ• لە کۆتایێ چلەکانەوە و تایبەت لە بەستنی پەیمانی بەغداوە سەخت و نالەبارترین قۆناغ لە ژیــانی ڕۆژنامەنوســێ هەمــو عــیراقدا دەستیپێکرد • گەورەترین «قوربانێ» ڕۆژنامەنوسێ کوردێ ئەو ســالانە داخــتنی گۆڤاری «گەلاوێژ» بێ •

---

(١٠٨)
A. M. Hamilton, Road through Kurdistan, The Narrative of an Engineer in Iraq, London, 1937, PP. 122 — 123, 237.

(١٠٩) دەربارەی باری چاپ و چاپەمــەنێ ولاتانی ئەوروپــای ئەو ســەردەمە بڕوانە : جون ك. م. رونتشــتین ، اختراع الطباعة ، ــ «تاريخ العالم» ، المجلد الخامس ، ص ٦٤٧ ــ ٦٤٩ .

لەگەڵئەوەش رۆژنامە و گۆڤارە کوردیيەکانی سەردەمی پاشایەتی دەوری گەورەیان لە پێشخستنی ژیانی روناکبیری گەلدا بینی ، خزمەتی زۆری ئەدەب و زمانیان کرد و ژمارەیە نوسەری باشیان پێگەیاند ، باشترین بەڵگەی ئەم راستییە گۆڤاری تەمەنداری «گەلاوێژ»ە [110] .

بیری ئازاد وەك لێشاوی لافاو وایە ، قەدەغەکردنی ئاسان نییە ، لە هەزار کون و کەلەبەرەوە دەرفەت بۆخۆی دەدۆزێتەوە ، بەپێی ئەمیاسایە چاپەمەنی نهێنی نیشتمانپەروەرانی عەرەب و کوردی عیراق بەر لە شۆڕشی گەلاوێژ شۆڕە سواری مەیدانی ژیانی سیاسی و گوڵی سەردەستەی خەباتی کۆمەڵانی خەڵك بو ، رۆژنامە و گۆڤارە نهێنییەکانی ئەو سەردەمە فراوان بەناو خەڵکدا بڵاودەبونەوە ، بەپێی هەندێك سەرچاوە یەکێ لەو رۆژنامانە دۆ هێندی گەورەترین رۆژنامەی ئاشکرای ئەو سەردەمەی لێ بڵاودەبۆوە [111] ، یەکێ لە بەشدارانی دەرکردنی چاپەمەنی نهێنی کوردی سەردەمی پێش شۆڕشی گەلاوێژ تۆسیوبە دەڵێ تا دەهات خەڵکی کوردستان زیاتر لەدەوری رۆژنامەنوسی نهێنی کۆدەبونەوە ، هەرچەندە ــ وەك دەڵێ ــ دەشیانزانی لەوانەیە ئەو کارە زۆریان لەسەر بکەوێ [112] .

دیارکردنی هەمو رووەکانی رۆژنامەنوسی نهێنی کوردی کارێکی

---

(110) یەکەم ژمارەی کانونی یەکەمی ١٩٣٩ و دوا ژمارەی ئابی ١٩٤٩ چاپ کران . بەسەریەکەوە پتر لە ١٠٠ ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە .

(111) بڕوانە :

I. Cox, The Struggle in Iraq. — ((World News)) , Vol. I, No. 19, May 8, 1954, P. 390.

(112) صالح حيدري ، دور الصحافة الكردية السرية في العهود الرجعية والدكتاتورية ، جريدة «العراق» ، ٢١ نيسان ١٩٧٧ .

ئاسان نی‌یە (١١٣) • بەر لە شــەڕی یەکەمی جیهان ژمــارەیە چــاپەمەنی و پەخشەی دەسنوسی کوردی بەنهێنی بڵاو دەکرانەوە • «بانگی حەق»ەکەی شێخ مەحمودیش ڕۆژنامەیەکی نیمچە نهێنی بو • یەکەم ڕێکخراوی کوردی عیراق کە پەخشەی دەسنوسی نهێنی خۆی هەبو حیزبی «هیوا» بو (١٩٣٨ ــ ١٩٤٥) • یەکەم ئۆرگانی نهێنی ڕێکوپێکی کوردی گۆڤاری «نیشتمان»ی (ژ • ك•) بو • وەك وتمان زوربەی ژمارەکانی ئەم گۆڤارە بەدزی‌یەوە لــە تەوریز چاپدەکران • «نیشتمان» بە نــاوەرۆك دەوڵەمەنــد و بە ڕواڵەت ڕازاوە بو • بۆنمونــە ژمارە حەوت و هەشــت و نۆی کە بەســەریەکەوە دەرچون و ٣٢ لاپەڕەن بە زنجیرەیە وتاری سیاسی و بەڵگەی مێژویی و شەش پارچە بەرهەمی شاعیری ناوداری وەك هەژار و هێمن ڕازێنراونەتەوە •

ڕۆژنامەنوسی نهێنی کوردی عیراق وەك ڕۆژنامەنوسی نهێنی عەرەب لە دەوروبەری کۆتایی شەڕی دووەمەوە بووە دەردەستی کاریگەری هێزە نیشتمانی‌یەکان کە ڕۆژبەڕۆژ هونەرمەندانەتر هەڵیاندەسوڕاند • کار گەیشت بەوەی هەر ڕۆژەی لەلایەکەوە دەستەیە لاوی نیشتمانپەروەری خوێنگەرم دەکەوتنە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیە یا گۆڤارێکی نهێنی کە لەبەر بێدەرامەتی بەدەستخەت دەیاننوسینەوە • بۆنمونە ژمارە یەکی بــەرگی دوی گۆڤــاری «پشکۆ» ، کە وادیارە ئۆرگانی کۆمەڵێك بو بەناوی «هاوار»ەوە ، سیازدە لاپەڕەیە (٢١ × ٥ر١٦سم) و بە خەتی جوان و شێوازی ڕەوان و ناوەرۆکی دەوڵەمەند ڕازێنراوەتەوە (١١٤) •

---

(١١٣) ئەو کارە بۆخۆی زەحمەتە ، هیچ نەبێ چونکە پاراستنی ئۆرگانی نهێنی هێزە نیشتمانی‌یەکان لە هەمو شوێن ئەرکێکی بڕ تەنگو چەڵمەیە .

(١١٤) «پشکۆ» ، ژمارە ــ ١ ــ ، بــەرگی ــ ٢ ــ ، ١٩٤٥ . کاتی خــۆی لــە ڕۆژنامەی «التآخی»دا وتارێکم بەم‌ناوەوە بڵاوکردەوە : « جمعیة هاوار و مجلة پشکو » (« التآخي » ، ١١ شــباط ١٩٧٤ ــ صفحة « الثقافة الكردية » ، العدد الــسابع‌عشر) . لەوێدا تکام کردبو هەرکەس شــتی

«رزگاریٚ» ئۆرگانی حیزبی «رزگاریٚ کورد» یەکەم رۆژنامەی نهێنیٚ کوردیٚ عیراقە کە بە چاپکراوی و تارادەیەك ریکوپێك و فراوان دەورویەری کۆتاییٚ شەڕی دووەم هاتە مەیدانی خەبات [115] . «رزگاریٚ» دوایی بووە ئۆرگانی «پارتی دیموکراتی کوردستان» . ئەم مەیدانە جگە لە « رزگاریٚ » گەلیٚ رۆژنامە و گۆڤاریٚ نهێنیٚ کوردیٚ بەخۆیەوە بینیٚ وەك «یەکیەتی تێکوشین» و «شۆڕش» و «خەبات» و «خەباتی کوردستان» « ئازادیٚ » و «ئازادیٚ کوردستان» و «رێگا» و «دەنگی داس» و «شوعلە» [116] و هیٚتر .

سەرتاپای ئەم گۆڤار و رۆژنامانە بە ناوەرۆك شۆڕشگێڕ و دیموکراسیٚ بۆن . بەلگەی ئەم راستییە کەم نییە . لای سەرەوەی ژمارە ٢ی سالی ٩ی رۆژنامەی «رزگاریٚ» (حوزەیرانی ١٩٥٥) بەم دروشمانە رازێنراوەتەوە کە دروشمی هەمۆ هێزە نیشتمانییەکان بۆن : لای راستی ناوی رۆژنامەکەوە نوسراوە «ئەی کۆمەلانی خەلك تێکۆشن بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانیٚ

دەربارەی کۆمەلی «هاوار» و گۆڤاری «پشکۆ» دەزانیٚ ئاگادارم بکا . پاش ماوەیە کاك محەمەد مستەفای پارێزەر و کاك مستەفا عەبدوللا ئاگاداریان کردم کە «هاوار» دەستەیە لاوی سلێمانی دایانمەزراند و هەرئەوانیش «پشکۆ»یان دەردەکرد و بەنهێنیٚ بلاویان دەکردەوە . «هاوار» چەکی خەباتی دژی ئیمپریالیزم ، تایبەت ئیمپریالیزمی ئینگلیزی ، ئاراستە کردبۆ . ئەندامانی ئەم کۆمەلە جاریٚ پەردەی سینەمای پرۆپاگەندەی ئینگلیزەکانیان سوتاندووە ، بەوە ویستویانە ناپاریٚ خۆیان بەرامبەر ئینگلیز دەرخەن .

(١١٥) بەپێی زانیاریٚ ناو «موسوعة» «رزگاریٚ» سەرەتا بە رۆنیۆ و دوایی بە مەکینە چاپدەکرا (بڕوانە : «موسوعة سرية خاصة بالحزب الشيوعي العراقي السري » ، الجزء الاول ، بغداد ، ١٩٤٩ ، ص ٧٣) . هەروەها بڕوانە : صالح حيدری ، لە دەفتەری یادداشتەکانی . رزگاری چۆن چاپ دەکرا ، ــ « عیراق » ، ژمارە ١٤ ، نیسانی ١٩٧٨ ، ل ٣ ، ١٤ .

(١١٦) بەپێی زانیاریٚ ناو «موسوعة» (عبداللطيف السعدی) کە نازناوی «نذير» بۆ ئەم رۆژنامەیەی بە عەرەبیٚ و کوردیٚ لە هەولێر بلاودەکردەوە (بڕوانە : «موسوعة سرية خاصە بالحزب الشيوعي العراقي السري » ، الجزء الاول ، بغداد ، ١٩٤٩ ، ص ٧٣) .

یەکگرتوو لە بەینی هەموو پارتی و دامەزراوە نیشتمانییەکان و هەموو دوژمنەکانی ئیمپریالیزمدا ، بۆ لابردنی حکومەتی نوری سەعیدی خاین و هێنانی حکومەتێکی نیشتمانی » . لەلای چەپییەوە نوسراوە : «ئەی کۆمەڵانی خەڵك خەبات بکەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی مەجلسی داتاشراو(۱۱۷) ، لابردنی مەرسومو قانونە فاشستییەکان (۱۱۸) ، بەرەڵلاکردنی هەموو سەربەستییە دیموکراسیەکان ـ سەربەستی نوسین و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ ، سەربەستی کۆبوونەوە و خۆنواندن ، سەربەستی پارتی و کۆمەڵ و نەقابە دانان » . سەروتاری هەمان ژمارە ئەمە بوو : «بەرەی نیشتمانی یەکگرتوو تەنها هێزە بتوانی ئیمپریالیزم بشکێنی و پرۆژەکانی ژێر خا» (۱۱۹). بەناوی « کورد و عەرەب »موە رۆژنامەی « خەباتی کوردستان » وتارێکی دور و درێژی بڵاوکردوتەوە تێیدا باسی زەمینەی مێژوویی برایەتی ئەو دوو گەلە دەکا و پتەوکردنی بە مەرجێکی گرنگ دادەنێ بۆ بەهێزکردنی خەباتی کۆمەڵانی خەڵك دژی ئیمپریالیزم (۱۲۰) .

لەبەر رۆشنایی ئەو راستییانەی بەکورتی باسمانکردن دەتوانین چەند روویەکی تایبەتی رۆژنامەنوسی کوردی بەمجۆرە دیارکەین :

● دەستپێکردنی مێژووی رۆژنامەنوسی کوردی لەبەر گەلێ هۆ ، کە زوربەیان لە دەست کورد خۆیدا نەبون ، تارادەیە دواکەوت . بەڵام ئەو دواکەوتنە بەپێوانەی سەردەمی خۆی و لە قوژبنی بەراوردکردنییەوە لەگەڵ رۆژنامەنوسی ژمارەیە گەلیتری ناوچەکە یەکجار زۆر نییە . بەوێنە یەکەم

---

(۱۱۷) مەبەستی ئەو ئەنجومەنی نوێنەرانەیە کە نوری سەعید سالی ۱۹٥٤ هەڵبژاردنی تایبەتی بۆ کرد تاوەکو جێگەی ئەو ئەنجومەنە بێتەمەنە بگرێتەوە کە هێزە نیشتمانییەکان چەند نوێنەرێکیان تیا هەبوو .

(۱۱۸) مەبەستی ئەو یاسا و بڕیارانەیە کە نوری سەعید بەنیازی رێخۆشکردن بۆ بەستنی پەیمانی بەغدا دایتان .

(۱۱۹) «رزگاری» ، ژمارە ۲ ، سالی ۹ ، حوزەیرانی ۱۹٥٥ .

(۱۲۰) «خەباتی کوردستان» ، مایسی ۱۹٥۷ .

رۆژنامەی فارسی ــ وەك کاتی خۆی باسمانکرد ــ ساڵی ١٨٥١ لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ناصرەددین شادا چاپ کرا ، بەڵام ئەو رۆژنامەیە هی میری بۆ ، جگە لە یاسا و فەرمان و بڕیارەکانی شــا و ئەو جۆرە باســانە شتێکی‌تری ئەوتۆی بڵاونەدەکردەوە • دیموکراسی خوازانی ئێران مــاوەی دەرکردنی رۆژنامەیان نەبو ، بۆیەکا ئەوانیش ناچار لە هەندەران (لە لەندەن و قاهیرە و مەدراس) رۆژنامە و گۆڤاری خۆیان دەردەکرد و بە هەزار دەردی ســەری دەیانگەیاندنە ناو خاکی نیشتمان • یەکەم رۆژنامەی فارسی لەوبابەتە مەلکوم خان ساڵی ١٨٩١ لە لەندەن بە ناوی «قــانون»ەوە دەری‌کرد • بەوجــۆرە دەتوانین بڵێین رۆژنامەنوسی کوردی بە کەم‌دەرامەتی خۆیەوە لەراستیدا تەنها ٧ ساڵ لە رۆژنامەنوسی نەتەوەیی فارسی دواکەوت •

● رۆژنامەنوسی کوردی لەو رۆژەوەی لەدایك‌بوەوە بە وچان خەریکی بڕینی رێگەیەکی زۆر سەختە کە روداو و بەسەرهاتەکانی ئاوێنەی بێ‌غەل و غەشی ژیانی روناکبیری گەلی کوردن • لە عیراق و هەندەران لە هەمو شوێن زیاتر مــاوەی پێشــکەوتن و گەشــەکردن بۆ رۆژنــامەنوسی کوردی هاتۆتەپێشــەوە • رۆژنــامە و گۆڤــارە کوردیـیــەکانی عــیراق [١٢١] و «کوردستان»ی یەکەم رۆژنامەی کوردی و گۆڤاری «هاوار» کە جەلادەت بەدرخان ساڵی ١٩٣٢ لە شام دەری‌کرد و گۆڤاری (RONAHI) «روناهی» کە هەر ئەو ١ی نیسانی ساڵی ١٩٤٢ لە شام دەری‌کرد [١٢٢] بەڵگەی بێ‌پێچ و

---

(١٢١) زوربەی ئەو سەرچاوانەی باسی رۆژنــامەنوسی کوردی‌یــان کردووە لیستەیەکی دروستیان بۆ ئەو رۆژنــامە و گۆڤــارانە کردووە کە دوای شۆڕشی گەلاوێژ لە عیراق دەرچون ؛ بۆیــە دوبــارە کردنــەوەی ئەو باسەمان بەپێویــست نەزانی (بڕوانە : علاءالدین سجادی ، سەرچــاوەی ناوبراو ؛ چــاپی دووەم ، ل ٦١٧ ــ ٦٢٦ ؛ محــەمەدی مــەلا کەریم ، ســەرچاوەی ناوبراو ؛ جمال خزنەدار ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٦٥ ــ ١٢٤) •

(١٢٢) ئەو سەرچاوانەی باسی «روناهی»یان کردووە بەهەڵە تەشرینی یەکەمی

پەنای ئەم راستی‌یەن کە لە قوژبنی ئەم ژمارانەوە باشتر خۆ دەنوێنێ : لــە شەستەکاندا لە تورکیا رێگەی دەرچونی ۹٤۲ رۆژنامە و ۷۱٦ گۆڤار درا ٠ لەمانە ۷۲یان بە زمانی بێگانە و کەمینەکانی ناو ولآت بون ــ بە فەرنســێ ۲٦ ، بە ئینگلیزێ ۱۰ ، بە ئەلەمانی ٦ ، بە ئیتالی ۲ ، بە ئەرمــەنی ۱٥ ، بــە یۆنانی ۸ ، بە عیبرێ ۳ ، بە ئەلبانی ۱ و بە کوردیش ٠٠٠ سفر (۱۲۳) ٠

● زروف و باری ژیان کارێکی‌وای کردووە رۆژنامەنوسی کوردێ لە سەرەتاوە بە سروشت دیموکراسی و بە ناوەرۆك نەتــەوەیی بێ ، بۆیــەکا توانیویە دەوری گەورە لە ژیانی روناکبیرێ و پێشخستنی هەستی نەتەوەیی کۆمەلآنی خەلکدا ببینێ ٠ لەزووەوە رۆژنامە و گۆڤارە کوردی‌یەکان روی دەمیان کردۆتە هەمو چین و دەستە و دایەرەکانی کورد ٠ بڕیاری خــاوەنی یەکەم رۆژنامەی کوردێ لەســەر بلآوکردنەوەی دوّ هــەزار دانــە لە هەر ژمارەیەکی «کوردستان» بەخۆرایی بەردی بناغەی ئەم کارە گرنگەیە ٠ دوای

ســالی ۱۹٤۱یان بە مێژوی دەرچونی یەکەم ژمارەی داناوە (بۆنمونــە بڕوانە : جمال خزنەدار ، ســەرچاوەی ناوبراو ، ل ٤١ ؛ محەمەدی مەلا کەریم ، ســەرچاوەی ناوبراو) . بە کوردی و پیتی لاتینی لەســەر ژمارە یەکی نوسراوە : «ساڵ ۱ ، هژمار ۱ ، چارشەمب ، ۱ نیسان ۱۹٤۲» . هەر ئەمە بە فەرەنســیش دوّبارە کراوەتەوە . دیــان ئەو ســەرچاوانەی ئەم گۆڤارەیان بە حەفتانە داناوە بەهەلەدا چون . تا شوباتی ســالی ۱۹٤٤ (۲۳) ژمارەی لێ‌دەرچووە ، واتە هەر مانگەی ژمارەیە . دوای‌ئەوە لە نیــسانی ۱۹٤٤وە تا مارتی ۱۹٤٥ تەنها (٥) ژمارەی لێ دەرچووە . ژمارە ۲۸ی کە بەر مارتی ســالی ۱۹٤٤ دەکەوێ دوا ژمارەیەتی کە مــن دیومە . هەندێ سەرچاوە دەلێن گوایە «روناهی» تا ســالی ۱۹٤٦ ژیاوە (بڕوانە : محەمەدی مەلا کەریم ، ســەرچاوەی ناوبراو) .

(۱۲۳) بڕوانە :

"Современная Турция", (Справочник), Москва, 1965.

« تورکیای ئیمڕۆ » ، مۆسکۆ ، ۱۹٦٥ ، ل ۲٦۸ ــ ۲٦۹ .

تێپەڕبونی زیاتر لە ٣٠ ساڵ بەسەر ئەو بڕیارەدا گۆڤاری «هاوار» ڕوی دەمی کردۆتە لاوانی کوردستان و پێیان دەڵێ :

« تائیستە منەوەرانی موحتەرەممان هەر هەوڵیانداوە کە متنفذان فێری مەفکورەی میللی بکەن • ئێوە ئەبێ چاك بزانن هەر ئەوان کورد نین • جوتیار ، فەلاح ، دارفرۆش ، ئاودێر ، سنعەتکار ، تجار هەمۆ کوردن • فەرزە لەسەرتان لە حەیاتی عەمەلیتانا لەگەڵ جوتیارا ، فەلاحا ، شوانا ، گاوانا ، تجارا ، سنعەتکارا ، ئاودێرا بە سورەتێکی دیموقراتانە بجولێنەوە و تێیبگەیێنن مللیەت موقەدەسترە لە هەمۆ موعتەقەداتێك » • دوابەدوای ئەوە «هاوار» دەڵێ : «بە کورد و کوردستان چێ لاوێکی بزانێ هیمالایە چەند بەرزە ، سیسیی چەند درێژە ، بەرلین چیە و چیی تیایە ؟ [١٢٤] • وەرن بگەڕێن بە دیهاتا بزانن لادێی کورد لە چحاڵێکدایە و چۆنئەژێ ؟ ، چەند قووەتی بەسەرەوەیە ؟ ، چێ ئەخوا ؟ ، بۆچ لاواز و هەژارە ؟•••»[١٢٥]•

● باری سیاسێ کارێکیوای کردووە مێژوی ڕۆژنامەنوسێ کوردێ پڕ بێ لە سەربازی نەناسراو و وەك دواییش باسی دەکەین « تێگەیشتنی ڕاستێ» خۆی یەکێکە لە بەڵگە زۆرەکانی ئەم قسەیە • لەگەڵ ئەوەش بەهۆی باری گشتێ ژیانی کوردەوە ڕابوردو یەکێ هەڵەکەوت پیشەی بەرودوای ڕۆژنامەنوسێ بوبێ • زوربەی هەرە زۆری نوسەر و شاعیر و پیاوی سیاسێ ناوداری کورد لە هەمان کاتدا ڕۆژنامەنوس بون : لە نەوەی بەدرخان پاشا میقداد مەدحەت و عەبدوڕڕەحمان و ئەمین عالی و صالح و جەلادەت بەدرخان ، مەمدوح سەلیم و مستەفا پاشا یامولکی و ڕەفیق حیلمێ ، پیرەمێرد لە ئەستەمۆڵەوە ، شێخ نورێ شێخ صالح و علیکمال باپیر لە بیستەکانەوە . عەلائەدین سەجادی و حسەین حوزنی و گیو موکریانێ ، گۆران و هەژار و

(١٢٤) دیارە خاوەن وتار لێرەدا بەهەڵەچووە .

(١٢٥) «هاوار» ، شام ، ژمارە ٩ ، ٣٠ ئەیلولی ١٩٣٢ ، ل ٤ـ٦ .

هێمن و زەبیحی و زۆری‌تر نمونەی ئەو راستی‌یەن . هەیانبو بە خەرجی گیرفان و شەونخونی و بێ پادداشت مێژوی رۆژنامەنوسی کوردی‌یان دروستدەکرد [١٢٦] .

لەگەڵ‌ئەوەش رۆژنامەنوسی کوردی توانی هەنگاوی باش بەرەو پێشەوە بنێ . «کوردستان»ی یەکەم رۆژنامەی کوردی هیچی لە رۆژنامەکانی سەردەمی خۆی کەمتر نی‌یە ، بەڵکو لە هەندێ رووەوە پێش ژمارەیەکیان کەوتبو . رۆژئاواییەکان «گەلاوێژ»یان بە یەکێ لە گۆڤارە هەرە کامڵەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست داناوە [١٢٧] .

● رۆژنامەنوسی کوردی ، هەروەك مێژوی کورد خۆی ، پڕە لە بەسەرهات و نمونەی سەیری بێ‌هاوتا . بڕواناکەم لە هەمو جیهاندا رۆژنامە یا گۆڤارێك هەبێ وتارەکانی بە پێنج زمانی جیاواز بڵاو کردبێتەوە . گۆڤاری «کوردستان» کە دوای تەواوبونی شەڕی یەکەمی جیهان لە ئەستەموڵ دەرچو وتارەکانی بە کوردی و تورکی و عەرەبی و فارسی و فەرەنسەیی بڵاو

---

(١٢٦) مامۆستا حامید فەرەج بۆی گێڕامەوە چۆن دەستەیە لاوی خوێن گەرمی تازە پێگەیشتو لە خەرجی گیرفانیان یا لە موچەی کەمی کاریان پارەی دەرکردنی « دیاری لاوان »یان دەڕەخساند . مامۆستا قادر قەزازیش بەشانازی‌یەوە باس دەکا چۆن لە ساڵە سەختەکانی شەڕی دووەمی جیهاندا بە برسێتی تا نیوەشەو لە چاپخانە دەمانەوە هەر بۆئەوەی «گەلاوێژ» کەم هەڵە بێ .

(١٢٧) م. لورانس لە گۆڤاری ((Royal Central Asian Association)) مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٤٤ وتارێکی دەربارەی رۆژنامەنوسی کوردی بڵاو کردۆتەوە و دەربارەی «گەلاوێژ» نوسیویە دەڵێ : «ساڵی ١٩٣٩ چەند گەنجێکی کورد لە بەغدا بە ناوی «گەلاوێژ»ەوە گۆڤارێکیان دەرکرد کە ئێستە لە بەرزترین گۆڤارە ئەدەبیەکانی ولاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەژمێررێ » . ئەم وتارە یوسف مەلەك کردۆیە بە عەرەبی و قادر قەزازیش کردۆیە بە کوردی و لە «گەلاوێژ»دا بڵاوی کردۆتەوە (بڕوانە : «گەلاوێژ» ، ژمارە ٤ ، ساڵی ٦ ، نیسانی ١٩٤٥ ، ل ٢٤) .

دەکردەوە و بۆ خۆشی لەژێر ناوەکەیدا بە تورکی نوسیویە : « ئامادەیــن گشت باسێ بە هەر زمانێ بێ» بلآوی بکەینەوە • بۆنمونە ژمارە چواری ١١ وتاری تێدایە کە پێنجیان بە تورکی و دویان بە کوردی و دویتریــان بــە عەرەبی و ئەوانیتریان بە فارسی بلآوکراونەوە •

نمونەیەکیتر : وا پێدەچێ سەرتاپای وتارەکانی «پەیژە»ی تاقانە کە ٤٤ لاپەڕەیە مستەفا شەوقێ خاوەنی بەتەنها خۆی نوسیبێ •

لە دو بەرگەی ئەم کتێبەدا نمونەیتری لەمبابەتە زۆرە •

● رۆژنامە و گۆڤاری کوردێ سەرچاوەی رەسەنن بۆ لێکۆڵینەوەی مێژو و ئەدەب و زمان و ژیانی کۆمەڵایەتێ کورد • هەرچەندە لە بەشێکیتری ئەم کتێبەدا بەدرێژی دێینەوە سەر ئەم باسە بەلآم والێرەدا تاقە نمونەیەکی ماناداری ئەم لایەنەی رۆژنامەنوسێ کوردێ دەخەینە بەرچاو •

بڕوا ناکەم تائێستە هیچکام لە شارەزایــانمان ئــاگاداری ئەوە بێ کە سەرەتای شانۆگەرێ کوردێ دەگەڕێتەوە یەکەم سالی دوای تــەواوبونی شەڕی یەکەمی جیهان [١٢٨] • ئەو سالە «ژین»ی ئەستــەمۆل «دۆ پــەردە پیــەس»ی بە نــاوی «مــەمی ئــالان»ەوە بــلآوکردەوە کە ع• رەحمێ نوسیویە [١٢٩] • لەژێر ناوی «مەمی ئالان» نوسراوە «تیاترو کردان فضیلتا

---

(١٢٨) زوربەی ئەو سەرچاوانەی باسی شانۆی کوردیyan کردووە ســالی ١٩٢٦ بە سەرەتای دادەنێن ، واتە ئەو ســالەی یەکێ لە فێــرگەکانی سلێمانێ شانۆگەرێ «نیرۆنی زۆردار»ی نیشان دا کە مامۆستا فوئــاد رەشــید سەرپەرشتێ ئامادەکردن و دەرهێنانی کردبو (بڕوانە : ص. ك.، المسرح الكردي والفرق المسرحية ، ـ «العراق» ، ٢٨ تشرين الثاني ١٩٧٧) . وابزانم ئەو چیرۆکەی ع. رەحمێ و هەندێ بەرهەمیتر ئەوە دێنن مامۆستا حسەین عارف سالی١٩١٨یان ١٩١٩ی بکردایە سەرەتای لێکۆلینەوەکەی ئەم دواییەی دەربارەی چیرۆکی کوردی (بڕوانە : حسێن عارف ، چیرۆکی هونەرێ کوردی ١٩٢٥ ـ ١٩٦٠ ، بەغدا ، ١٩٧٧) .

(١٢٩) عەبدولرەحیم رەحمێ خەلکی هەکارێ یەکێکە لە نوســەر و شــاعیر و رۆژنامەنوســە چالاکەکانی ئەو سەردەمە .

کردان نوشی ددەت » (١٣٠) • مەم دەیەوێ «سەری کوردان بەرزکاتەوە» و بەدەم سولتان صەلاحەددینەوە بچێ کە «شیری خۆی کێشـایە و لەپێش تەمـاعی دنیاێ وەستایە (قودسـا شریف) محافەزە دەکا » • مەم دەیەوێ چاوڕەشی دایکی «شیری سپێ خۆی پێ حەڵاڵ کا» و ڕێگەی بدا بچێ بـۆ غەزا • چاوڕەشیش دەیەوێ «ناوێ کوردێ کرمانجێ ئەعلا بکا» بۆیە شیری خۆی بە مەم حەڵاڵ دەکا • فرمێسکی خەزاڵی ژنی ، مەم پەشیمان ناکاتەوە •

زۆر ڕوی گرنگی ڕۆژنامەنوسی کوردێ چاوەڕوانی خاوەن قەڵەمی بە بەهرە و توانـان •

ناوەرۆکی ئەم بەشە بە رونی نیشانی دەدا چۆن گەلی کورد بەرلەوەی سەدەی نۆزدە تەواو بێ گەیشتبووە ئەو قۆناغەی پێویست بێ لە ڕێـگەی ڕۆژنامە و گۆڤارەوە قسەی لەگەڵ بکرێ • دیارە ئەمە ــ هەر وەك لە بەشی داهاتوشدا باسی دەکەین ــ لە سەرو گشت ئەو هۆیانەوە دێ کە پاڵیان بە ئینگلیزەوە نا ڕۆژنامەی «تێگەیشتنی ڕاستی» دەرکەن •

★ ★ ★

---

(١٣٠) «ژین» ، ژمارە ١٥ ، ٣٠ مارت ١٣٣٥ ، ل ٢١ ــ ٢٤ •

بەشی سێیەم

کەی و چۆن «تێگەیشتنی راستی» دەرچو

رویەکی گرنگی شارستانەتی سەرمایەداری لەوەدا خۆ دەنوێنێ کە لەبەر زۆر هۆ نەیتوانی لە قاوغ و قەوارەیکی تەسکدا بمێنێتەوە ، تیشکی تیژی گەیشتە دواکەوتوترین و کەلاترین قوژبنی جیهان • چاپ و چاپەمەنی و رۆژنامە و رۆژنامەنوسیش هەر لەو رێگەوە گەیشتنە ناو گەلانی ئەو ولاتانەی ئەمڕۆ پێیان دەگوترێ «جیهانی سێیەم» •

کۆلۆنیالیستەکان لەبەر خاتری خۆیان زۆ دەستیان دەدایە دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤار لەو ولاتانەی دەکەوتنە ژێر دەستیان • ناپلیۆن بۆناپارت بەرلەوەی بکەوێتە رێ بەرەو میسر کەوتە ئامادەکردنی تفاقی تەواوی چاپ و چاپەمەنێ تا لەگەڵ خۆیدا بیانهێنێ • وەك دەگێڕنەوە ناپلیۆن بەوە زۆر قارس بو کە کاربەدەستان نەیانتوانی لە ماوەی دە رۆژدا ئەو فەرمانەی بەجێبهێنن کە تێیدا داوای ئامادەکردنی سێ چاپخانە و پیتیعەرەبی و لاتینی و یۆنانێ کردبو • بۆ هەمان مەبەست ناپلیۆن بەتایبەتی داوای کردبو لە ئیتالیا پیتی عەرەبێ بۆ دابڕێژن • جگە لەوە بڕیاریدا (مارسێل)ی رۆژهەڵاتناس و ژمارەیە لەوانەی عەرەبییان لە رۆما و پاریس خوێندبو لەگەڵ خۆی بیانهێنێ بۆ میسر بۆ سەرپەرشتێ کاری راگەیاندن • جارێکیتر بایەخدانی بێ

ئەندازەی ناپلیۆن لەوەدا خۆی نواند کە چاپخانەکانی خستە ناو ئەو پاپۆڕەی خۆی پێی هاتە میسر [1] .

بەمجۆرە ٦٠ رۆژ زیاتر بەسەر گەیشتنی ناپلیۆندا تێنەپەڕی کە یەکەم رۆژنامەی بە زمانی فەرەنسەیی لە قاهیرە بلاوکردەوە[2] . دوای ئەوە بە ماوەیە رۆژنامەیەکی‌تری بە فەرەنسەیی بلاوکردەوە . فەرەنسەییکان نیازیان بو رۆژنامەی عەرەبیش بلاو کەنەوە . بەلام فریا نەکەوتن . بەلای ژمارەیە لە توسەرانی میسرەوە ئەم کارەی ناپلیۆن پۆناپارت لە مەیدانی چاپەمەنی و رۆژنامەنوسیدا کردی «کۆتایی سەردەمێکی کۆن و سەرەتای سەردەمێکی نوێ» بو بۆ «ژیانی میسر» و بگرە « هەموو رۆژهەلات» [3] .

داگیرکەرانی ئینگلیز لەمەشدا زۆ بونە یەکەمی مەیدان و بۆڕی هاوەلەکانیان دا ، دەیانزانی دەتوانن چاپەمەنی و تایبەت رۆژنامەنوسی بکەنە داردەستێکی کاریگەری راگەیاندنی سیاسەتیان و بلاوکردنەوەی زمان و نەریتیان و چەسپکردنی جێ پێیان لە ژیانی ئابوریی ئەو ولاتانەی داگیریان دەکەن . دەزگای ناودارو چالاکی ئینگلیز «کۆمپانیای هیندی رۆژهەلاتی» لە دەورو بەری کۆتایی سەدەی هەژدەوە گەورەترین دەوری بینی بۆ دامەزراندن و بەڕێوەبردنی رۆژنامە و گۆڤاری ئینگلیزی لە هیندستان [4]. ئەم کارە وەها زیرەکانە دەبرا بەڕێوە کە لە ماوەیەکی کەمدا توانی تەنگ

---

(1) بڕوانە : «آفاق عربیه» ، بغداد ، العدد ٣ ، تشرین الثانی ١٩٧٦ ، ص ١٥٨ — ١٥٩ .

(2) بڕوانە : عبدالله حسین ، الصحافة والصحف ، القاهرة، بلا ، ص١٢٧ .

(3) بڕوانە : ابراهیم عبده ، تاریخ الطباعة والصحافة في مصر خلال الحملة الفرنسیة ، القاهره ، ١٩٤٩ ، ص ١٢ ، ٢٧ — ٢٨ ؛ الدکتور محمود نجیب ابواللیل ، الصحافة الفرنسیة في مصر ، ص ٢٤ .

(4) بڕوانە :
S. Natarajan, A history of the Press in India, London, 1962, PP. 14 — 99.

بە زمانە نەتەوەییە هندی‌یەکان هەڵچنی • تاقە نمونەیە دەتوانی ئەمە باش رۆن‌کاتەوە : ساڵی ١٩٣٧ لە هندستان ٣٢ رۆژنامەی رۆژانە و نزیك ئەوەندەی حەفتانە بە زمانی ئینگلیزی بڵاو دەبونەوە • ساڵی ١٩٤٧ ، واتە پاش دە ساڵ ئەم ژمارەیە وای لێ هات : ٥١ رۆژنامەی رۆژانە و ٢٥ی حەفتانە • پاش پێنج ساڵ یەکەمیان گەیشتە ٧٠ و دووەمیان ٢٦١ • بازاڕی ئەم رۆژنامانە زۆر لە بازاڕی رۆژنامەی هندی گەرمترە • بەنجاکان لە یەکەمیان رۆژی ملیۆن و نیوێك و لە دووەمیان تەنها ٧٤٥ هەزار دانە دەفرۆشرا [٥] •

دەوری پرۆپاگەندە لە ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهاندا زۆر لە جاران زیاتربو • ئینگلیزەکان بایەخێکی زۆریان بەم مەسەلەیە دا • لوید جۆرجی سەرەك وەزیر لە یادداشتەکانیدا لەم‌بارەیەوە نوسیویە دەڵێ : «زانیمان دەتوانین توانای دوژمن لە رێگەی کەڵك‌وەرگرتن لە نارەزایی گەلانی ژێردەستی‌یەوە هەڵتەکێنین • هەر بۆنمونە سەدان ساڵی چەوساندنەوە ژیانی پێکەوەی عەرەب و تورکی کردبووە مەحاڵ » [٦] • لە شوێنێکی‌تری یادداشتەکانی لوید جۆرج ئەم مەبەستەی رونتر داوە بەدەستەوە ، دەڵێ : «پرۆپاگەندەی هەردوولا لەم شەڕەدا [٧] دەوری گەورەتری لە جاران بینی • بە لایەنی کەمەوە وەك نمونە دەتوانم باسی بەڵێنە ئاشکراکانی وڵاتە هاوپەیمانەکان بکەم دەربارەی نیازیان بۆ ئازادکردن و دانانی بە مافی چارەنوسی گەلە ژێردەستەکانی تورکیا و ئەڵمانیا و نەمسای دوژمنماندا •••

---

(٥) بڕوانە :
((Journalism in Modern India)), Edited by R. E. Wolseley, Second revised edition, London, 1964,PP. 4 — 5.

(٦)
David Lloyd George, The truth about Peacc Treatiets, Vol. II, London, 1938, P. 755.

(٧) دیارە مەبەست شەڕی یەکەمی جیهانە .

ئێمه دەمانزانی باسی ئازادێ وەك یەكێ لە مەبەستەكانمان یاریدەمان دەدا بۆ تێكدانی شیرازەی یەكیەتی ولاتــە ناحەزەكانمــان و لەوەشــدا بە هــەلە نەچوین» (٨) • دیارە دەبێ لەم قوژبنەوە سەیری ئەو بایەخە زۆرە بكرێ كە ئینگلیز سالآنی شەڕی یەكەم دایان بە كاری رۆژنامەنوسێ بە زمانی ئــەو گەلانەی لە ژێردەستی دوژمنانیاندا بون •

بە هەمان دەستور زۆر بەسەر داگیركردنی شــاری بەسرەدا تێنەپەڕی كاتێ ئینگلیزەكان دەستیان كردە بلآوكردنەوەی رۆژنامەی تایبەتێ خۆیان • هەر ئەو رۆژەی پێیان نایە ئەم شــارەوە (٢٢ی تەشرینی دووەمی ١٩١٤) دەستیان گرت بەسەر هەر چوار چاپخانەی شاردا هەرچەندە تەنها یەكێكیان هێ میرێ و ئەو سیانی تریان هێ خەلكی بون • سەرەتا ئینگلیزەكان كەوتنە بلآوكردنەوەی پەخشــە «نشرە»یەكی تایبــەتێ بە عــەرەبێ و ئینگلیزێ و تەرخانیان كرد بۆ راگەیاندنی هەواڵەكانی شەڕ • دیارە سەركەوتنی ئینگلیز لە مەیدانی شەڕدا جێگەی یەكەمی لاپەڕەكانی ئەو پەخشەیەی گرتبۆوە • زۆری نەخایاند كە فەرماندەی لەشكر بڕیاری دەركردنی «تایمــی بەسرە» ((Basra Times))ی‌دا كە بە عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی و توركی بلآو دەكرایەوە • هەمانكات كەوتنە دەركردنی دۆ گۆڤــاریش ، یەكێكیان بــۆ دەنگوباسی شەڕ و ئەوی‌تریان بۆ باسی سەرمك هۆزەكانی سەر بە خۆیان و وێنەی شار و شوێنەواری كۆنی عیراق تەرخان كرابۆ • دیارە ئەركی یەكەمی ئەم پەخشە و رۆژنامە و گۆڤارانە لە یەكەم رۆژی دەركردنیــانەوە هەلدانی ئینگلیز و بەدناو كردنی دوژمنیــان بو (٩) •

---

(٨) Lloyd George, Op. Cit., P. 1118.

(٩) بڕوانە : عبدالرزاق الحسنی - سەرچــاوەی نــاوبراو ، ل ٧٤ ـ ٧٥ ؛ حمید احمد حمدان التمیمی ؛ البصرە في ظل الاحتلال البریطانی ١٩١٤ ـ ١٩٢١ ، رسـالة ماجستیر ، بغداد ، ١٩٧٥ ، ص ٤٢٦ ـ ٤٣٣ •

بۆ ماوەی دوو ساڵ رۆژنامەنوسی ئینگلیز لە عیراق لەم سنورە دەرنەچو . بەڵام وەك زۆر شتیتر لەگەڵ گرتنی بەغدا (١١ مارتی ١٩١٧) قۆناغێکی نوێ لە مێژوی ئەم رۆژنامەنوسی‌یەدا دەستی پێکرد. ئینگلیزەکان لە رۆژی ١١ی تەشرینی یەکەمی هەمان ساڵەوە دەستیان کرد بڵاوکردنەوەی پەخشەیەکیتر لە بەغدا بە ناوی « صدی الحقیقة » (دەنگدانەوەی راستی)یەوە کە بۆ باس و وێنەی سەرکەوتنەکانی ئینگلیز و هاوپەیمانانیان تەرخانکرا . هەنگاوی گەورەی ئینگلیز لەم مەیدانەدا دەرکردنی رۆژنامەی «العرب» بو کە یەکەم ژمارەی رۆژی ٤ی تەموزی ساڵی ١٩١٧ دەرچو . لەژێر ناوی « العرب »دا نوسرابو « رۆژنامەیەکی رۆژانەی سیاسی هەواڵگوزاری مێژوویی ئاوەدان کەرەوەیە . بە بیر و ئامانج عەرەبی‌یە . لە بەغدا عەرەب بۆ عەرەبی بڵاودەکاتەوە » [١٠] . شایانی باسە ژمارەیەکی زۆر لە زانا و نوسەری ناوداری ئەو سەردەمەی عیراق بە دەرکردنی «العرب»ەوە خەریك بون ، لەمانە : ئەنستاس ماری کەرمەلی و زەهاوی و مەهدی بەسیر و کازم دوجەیلی و عەبدورەحمان بەنا و زۆریتر .

هەنگاوی گەورەی داهاتوی ئینگلیز بریتی بو لە دەرکردنی سێ رۆژنامەی نوێ کە هەرسێکیان لەگەڵ دەست پێکردنی ساڵی ١٩١٨ کەوتنە دەرچون . یەکێکیان ئینگلیزی رۆژانە بو ، بە چوار لاپەڕە و بە ناوی ((Baghdad Times)) (تایمسی بەغدا)وە دەردەچو . یەکێکیتریان ناوی «ئێران» بو کە بە زمانی فارسی و بە دوو لاپەڕە هەفتەی جارێ دەردەچو[١١] .

---

(١٠) عەرەبی‌یەکەی بەمجۆرە بو : « جریدة سیاسیة اخباریة ادبیة عمرانیة . عربیة المبدأ والغرض . ینشئها في بغداد عرب للعرب » .

(١١) ئێران لە شەڕی یەکەمی جیهاندا بەشدار نەبو ، بەڵام خاکی بوبوە مەیدانێکی گەورەی ئەو شەڕە و لەشکر و کرێگرتەی چوار دەوڵەت (تورکیا و ئەڵمانیا و بەریتانیا و روسیا) خاکیان بە تورەکە دەبێژا . ئینگلیزەکان عیراقیان لە یەکەم رۆژی داگیرکردنی‌یەوە کردە مەڵبەندی

سێیەمیان «تێگەیشتنی راستی» بۆ • رۆژنامەی «العرب» بەبۆنەی دەرچونی ئەم سێ رۆژنامەیەوە نوسیویە دەڵێ :

«هەر ئەوەندە پێی تورك لەم خاکە پیرۆزە بڕا سروەی بەیان گیان و بیری خەڵکی فێنك کردەوە ، لە کۆت و زنجیر قوتـار بون و لەم وڵاتـەدا بزوتنەوەیەکی روناکبیری ••• ئەوتۆ دەستی پێکرد کە قەت لە وێنەیمـان نەدیوە مەگەر ئەوە نەبێ لە رێگەی مێژووە دەرحەق سەردەمی ئـاوەدانی عەباسییان بیستومانە •

تورکان رۆشتن و لە پیسی بەولاوە هیچیان بەجێ نەهێشت بونیـان بیرخاتەوە ••• ئەوان دوو رۆژنامەیان هەبو «زوراء» کە تورکی و هی میری بوو «الزهـور» [۱۲] کە ئۆرگانی کۆمـەلی زۆردار و تاوانبـار بو [۱۳] ، هەردوکیان چ لە روی رێبازەوە چ لە روی زمـان و شـێوازەوە نزمتریـن رۆژنامەی جیهان بون •

بەڵام ئیمڕۆ کار بە جۆرێکیتر بەڕێوە دەبرێ • هەر ئەوەندە تورکان رۆشتن ئەم رۆژنامەیە (واتە «العرب» ـ ك• م•) دەرچو • لەگەل هەڵهاتنی روی سالی نوێی ۱۹۱۸یش لە بەغـدا سێ رۆژنـامەیتر کەوتنـە دەرچون: یەکێکیان ناوی تایمسی بەغدایە ، رۆژانە و ئینگلیزی زوبانە ، دووەمیـان «تێگەیشـتنی راستی» و سێیەمیان «ئێران»ە ••• ئەم سێ رۆژنامەیە هی ئەو نەتەوانەن کە لەم شـارە دەژین ــ عـەرەب و ئینگلیز ، کورد و فورس • دەوڵەتی بەریتانیا هەمو نەتەوەیە هاندەدا بۆ دامەزراندنی هەر شتێ بـیر و

پرۆپاگەندەی خۆیان لە ئێران چونکە لە ناو ئەو وڵاتە خـۆیدا سـەودای تەواوی ئەو کارەیان نەبو •

(۱۲) «الزهور» رۆژنامەیەکی سیاسی بو ، لە رۆژی ٤ی تەشرینی دووەمی سالی ۱۹۰۹وە بە عەرەبی و تورکی لە بەغدا کەوتە دەرچون •

(۱۳) مەبەستی کۆمەلی ئیتیحادی دەستـەی تورکانی لاوە کە تەموزی ۱۹۰۸ هاتە سـەر حوکم •

ئاواتی دەربڕێ • سوپاس بۆ یەزدان کە دەولەتێکی پێ بەخشین چۆن پێویستە کار وا دەنرخێنێ و رێگەی هەموان دەدا بە هەوای خۆیان تا خوا دەلێ بەس بنوسن » [١٤] •

هیچ بەلگەیەکی مێژوویی رۆن بە دەستەوە نیە لە رێگەیەوە بتوانرێ ناوی ئەوانە دیار کرێ کە سەرپەرشتی دەرکردنی «تێگەیشتنی راستی»یان دەکرد • زوربەی نوسەرانی رۆژنامەی «العرب» و هەمو نوسەرانی «تێگەیشتنی راستی» ناوی خۆیان لەسەر بەرهەم و وتارەکانیان نەدەنوسی [١٥] • بەلام وردبونەوە لە چەند راستیەك و بەراوردیان گومان لە بەشداری دوکەس ناهێلن : یەکەمیان میجەر سۆن و دووەمیان شوکریلفەضلی (شکری الفضلی)یە • لەوانەیە هەر ئەم دوانەش بە جوتە دەستەی نوسەر و کارگێری «تێگەیشتنی راستی» بوبن •

---

(١٤) «العرب» ، بغداد ، ٧ کانون الثانی ١٩١٨ .

(١٥) بەنیسبەت «العرب»ەوە مێژونوسی ئاگادار مامۆستا عەبدوڕڕەزاق حەسەنی دەلێ ئەو نوسەرانە لەوە سلیان دەکردەوە تومەی لایەنگیری داگیرکەریان بدرێتە پال (عبدالرزاق الحسنی ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٧٥) . راستە زۆر نوسەری ئەم رۆژنامەیە ناوی خۆیان نەدەنوسی ، هی واشیان هەبو نازناوی بۆ خۆی دادەنا . بۆنمونە عەبدوڕڕەحمان بەننا بە ناوی (ابن‌البراع)ەوە نوسینی بلاو دەکردەوە . کەرمەلی زانا گەلێ نازناوی جیاجیای بەکاردەهێنا . بەلام ئەمە بۆ خۆی کارێکی ئاسایی‌یە . بەوێنە کەرمەلی ناوبراو ٠٤ نازناوی هەبو کە زۆریانی بەر لە سالی ١٩١٤ بەکارهێناوە (بڕوانە : کورکیس عواد ، الاب انستاس ماری الکرملی . حیاته ومؤلفاته (١٨٦٦ ــ ١٩٤٧) ؛ بغداد ؛ ١٩٦٦ ، ص ١٩ ــ ٢٢) . هەمان‌کات ژمارەیە نوسەر و شاعیری بەناوبانگی ئەو سەردەمەی وەك زەهاوی بە ناوی ئاشکرای خۆیانەوە لە «العرب»دا بەرهەمیان بلاو دەکردەوە و بە شانازی‌یەوە باسی دەسکەوتە شارستانی‌یەکانی ئینگلیزیان دەکرد . مەبەستم لەم رۆنکردنەوەیە ئەوەیە نیشانی دەم بۆ ئەو سەردەمە هێشتا زو بو بەوجورە بیر لە ئینگلیز بکرێتەوە ، بەتایبەت چونکە هێشتا دلی خەلك پڕ لە رق و کینە بو بەرامبەر عوسمانی‌یان و تەواو ئینگلیزیان لەنزیکەوە نەناسیبو .

هەرچی مێجەر سۆنە (١٦) لە هەموو ئینگلیزی ئەو سەردەمە و بگرە پێش ئەو سەردەمەش زیاتر شارەزای کورد و وڵاتی کورد و زمانی کوردی بوو • بەر لە شەڕی یەکەم بە چەند ساڵێ هاتبووە ناو کورد و لە نزیکەوە دەرسی نیشتمان و نەریتی کردبوون و پەیوەندی لەگەڵ زۆری ناودارییان بەستبوو ؛ بەرهەمی گەورە و بایەخداری دەربارەیان بڵاو کردبووە (١٧) • سۆن زمانی کوردی ئەوەندە دەزانی مامۆستا ئەمین زەکی بڵێ : «بەقەدەر کوردێک کوردی ئەزانی و لە عالمێکی کورد زیاتر شارەزای زمانەکەمان بوو » (١٨) • کوردی زانینی سۆن گەیشتبووە رادەیە قورئانی پیرۆزی بە باشی لە عەرەبییەوە وەردەگێڕایە سەر زمانی کوردی • جارێکیان بە بەردەمی چاپخانەیەکی سلێمانیدا تێدەپەڕێ و دەبینێ زۆر کەس بە قومارەوە خەریکن• یەکسەر وتارێ بە ناوی خۆیەوە لە «پێشکەوتن»دا بڵاو دەکاتەوە و تییدا دەڵێ :

---

(١٦) ئێلی بانستەر سۆن (Ely Bannister Soane) (١٦ی ئابی ١٨٨١ – ٢٤ی شوباتی ١٩٢٣) یەکێکە لە ئەفسەرە سیاسییە هەرە ناودارەکانی ئینگلیز . وەك رۆژهەڵات و کوردناسیش شوێنی دیاری خۆی هەیە . بەر لە شەڕی یەکەم بە ناوی میرزا حەسەین غولامی شیرازییەوە هاتە گەلێ ناوچەی کوردستان . ساڵانی شەڕ زۆر فەرمانی گرنگی لە عیراق پێ سپێررا . دوای شەڕ بۆ ماوەیە حاکمی سیاسی سلێمانی بوو . لە رۆژانی سەختی کاریدا توشی سیل هات و ئەنجام بەو دەردە رۆی .

(١٧) گەشتەکەی کوردستانی بە کتێبێکی گەورە دوو جار چاپکرا (E. B. Soane, To Mesopotamia and Kurdistan in disguise, London, 1912 and 1926).

گەلێ بەرهەمی بایەخداری دەربارەی زمانی کوردی و هۆزەکانی کوردستان هەیە .

(١٨) محمد امین زکی ، خلاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان ، جلدی اول (جزمی دووەم) ، بەغدا ، ١٩٣١ ، ل ٢٩١ . لە زۆر شوێنیتردا چاپی عەرەبی ئەم کتێبەمان وەك سەرچاوە بەکارهێناوە ئەویش زیاتر لەبەر لێدوانەکانی محەمەد عەلی عەونییە .

«دەڵێم ئەم یارییانە لەسەر پارە یا چای بێ یاخود لەسەر هەچ شتێکی‌تر بێ قومارە و فەرقێکیان لە نێودا نی‌یە . لە قورئانی مەجیدا بێژراوە : «یسألونك عن الخمر والمیسر قل فیهما اثم کبیر ومنافع للناس ، واثمهما أکبر من نفعهما » یەعنی : «لە تۆ دەپرسن لە مەی و قومار بڵێ لەو دوانەدا زیانی گەورە و قازانج هەیە ، بەڵام زیانیان زۆرترە لە قازانجیان » . دیسان فەرمووراوە : « انما یرید الشیطان ان یوقع بینکم العداوة والبغضاء في الخمر والمیسر ویصدکم عن ذکر الله وعن الصلوات » یەعنی « جگە لەمە نی‌یە کە شەیتان دەیەوێ لە ناوتان دوژمنی و رق بخاتن بە مەی و قومار و ئێوە بهێڵێتەوە لە زکری خوا و لە نوێژ » [19] . دیارە کێشانی ئەم کوردی‌یەی سۆن دەبێ بە تەرازوی سەردەمی خۆی بێ کە لەگەڵ قسەی گەلێ شاعیر و نوسەری ئەو قۆناغە پارسەنگی پێ ناوێ . بەڵام گوێ بۆ ئەم راگەیاندنە رایەڵ کەن کە دیسان هەر خۆی نوسیویە :

« بۆ زانینی هەمو :

مەجید کوڕی عەلی هەمەوەندی ٢٧ ساڵەیە ، دەستە پیاوە ، سمێڵی پڕ و درێژە ، ریشی تۆپە ، مۆی سورە ، پیاوی کوشتووە و هەڵاتووە ، هەچ کەسێ هەواڵی ئەو مەجیدە بدا کە بۆ کوێ چووە یا بیگرێ و بیگەیێنێتە حوکمەت سێ‌صەد روپیەی ئەدرێتێ .

حاکمی سیاسی مێجەر سۆن » (٢٠) .

سۆن حەزی دەکرد زمانی کوردی پێشکەوێ و بێتە زمانی نوسین . بۆ جێبەجێ‌کردنی ئەم نیازەی پەنای بردە بەر گەلێ کاری بە ئەنجام . هەر کە بووە حاکمی سیاسی سلێمانی کوردی کردە زمانی خوێندن و نوسین و

---

(١٩) «پێشکەوتن» ، سلێمانی ، ١٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٠ .

(٢٠) «پێشکەوتن» ، ٣ی مارتی ١٩٢١ .

پەیوەندیی نێوان دەزگایانی میری[٢١] . بەخێرایی کتێبی ئـەلفبای کوردیی چاپکرد و خۆی بەسەر فێرگەکاندا دەگەڕا و زۆر گەرم ماموستا و شاگردانی ئەو قوتابخانانەی بۆ بەکار هێنانی زمانی کوردی هاندەدا . جگە لەوە سۆن کەوتە هاندانی نوسەر و شاعیرانی کورد بۆئەوەی زیاترپەتی بنوسن . بـۆ ئەم مەبەسـتەی پێشکەوتنێکی ڕێکخـست و نوسینێکی زەکی صائیبی کردە دووەم لەگەڵ ئەوەش کە لە تارتـلک‌بینی و ورە بـەردان و «گەڕان بەدوای عیزرائیل» بەولاوە هیچی‌تری تێدا نیە ، بەلام هەمێی لە بەرگێکی ساکاری پەتیدا پێشکەش کراوە و مێجەر سۆنیش عەودال و کوژراوی ئەوە بـو . هەر لەو پێشکەوتنەدا شیعرێکی شێخ نوری شێخ صالحی کردۆتە یەکەم کە قەت ناچێتە ناو دەفتەری بەرهەمە بەهێزەکانی ئەو شاعیرەوە ، بەلام بۆ سۆن ئەوە زۆر بـو کە شێخ نوری بە کوردیی‌یەکی پـەتی خەلکی هاندەدا بۆ بایەخدان بە کشتوکاڵ[٢٢] . هەر بەوجۆرەش سۆن شـێخ نوری و جەمال عیرفانی هان دەدا لەسەر لۆکە و توتن و ئەو بابەتانە بنوسن . ڕاستە مێجەر سۆن دەیەویـست داهاتی بۆجەی کارگێڕیی شار زۆر کا کە هەمی کاروباری ناوچەکەی پێ هەڵدەسوڕێنرا ، بەلام خۆ هیچ‌کام لە حاکمە سیاسی‌یەکانی‌تر ،

---

(٢١) بڕوانـە :
W. R. Hay, Two Years in Kurdistan. Experiences of a Political Officcer 1918 — 1920, London, 1921, PP. 36 — 37.

(٢٢) مێجەر سۆن هەواڵی ئـەو پێشکەوتنـەی لە ژمـارە (٢٧) و (٢٨)ی ڕۆژنامەی «پێشکەوتن»دا بلاوکردەوە . یازدە کەس لەو پێشکەوتنەدا بەشدار بون کە سیانیان یەکەم و دووەم و سێیەم دەرچون. یەکەمیـان شیعری شێخ نوری شێخ صالح بۆ «جوتو گا شـتێکی چـاکە» (٥٠ ڕوپیەی لە سەر وەرگرت) ، دووەمیان پارچەیە پەخشانی زەکی صائیب بۆ ، بێ ناونیشـان بلاوی کردەوە و ٣٥ ڕوپیـەی لەسـەر وەرگرت ، سێیەمیان «ڕۆژەوە بۆنێك»ی محەمەد جەمیل (جەمیل صائب) بۆ کە ئەویش پارچەیە پەخشانە لە شێوەی چیرۆکدا نوسراوە و ٢٥ ڕوپیەی لەسـەر وەرگرت (بڕوانە : «پێشکەوتن» ، ٢٨ی ئۆکتۆبەر و ٤ و ١٨ی نۆڤەمبەری ١٩٢٠) .

تەنانەت تۆئێلیش کە وا ناسرابو کوردی خـۆش دەوێ ، وەك ئەو بیریـان نەکردەوە و رەفتاریان نەکرد .

لە لایەکی ترەوە مێجەر سۆن وەك فەرمانبەرێك درێغی لە جێبەجێ کردنی هیچ ئەرکێکی سەرشـانی نەدەکرد ؛ چیی پێ دەکرا وەك نوێنـەری رژێمی ولاتەکەی بە ئەوپەڕی دڵسۆزییەوە دەیکرد . لەمیشیاندا سۆن عـارەقی دەڕشت و توشی دەرد و ئازار دەهات و زادی مێشکی دەسوتاند و زۆریشی لەسەر دەکەوت . گەلێ جار سۆن لەگەڵ مەرگ دەستە و یەخە دەوەستا[٢٣] .

بەمجۆرە پێویستە لە هەمو قوژبن و لایەنێکەوە سەیری سۆن بکرێ : وەك مرۆڤێك کە ئەویش مەبەستی بو بێتـە « لۆرانسی کورد »[٢٤] ، وەك فەرمانبەرێك و وەك پیاوێکی ئازا و زانـا و شـارەزا . سەربـاری هەمو ئەمانەش سۆن دەستی بالای لە مەیدانی رۆژنامەنوسیدا هەبو . یەکێ بو لە بەڕێوەبەرانی ((Basra Times)) کە یەکەم رۆژنامەیە ئینگلیزەکان لە بەسرە دوای گرتنی دەریان کرد[٢٥] . هەر کە بۆشە حاکمی سیاسی سلێمانی یەکسەر دەستی دایە دەرکردنی رۆژنامەی «پێشکەوتن» کە بە بـارست و ناوەرۆك لەگەڵ «تێگەیشتنی راستی» هیچ جیـاوازییەکی نییە . ئەم راستییـانە

---

(٢٣) تایبەت بەر لە شەڕی یەکەمی جیهـان ، واتە ئـەو کاتـەی بە نـاوی بازرگانێکی عەجەمەوە ماوەیەکی درێژی لە کوردستـان بردەسـەر . مێجەر سۆن خۆی بە وردی باسی ئەو رۆژانەی کردووە (بڕوانە کتێبەکەی : ((To Kurdistan and Mesopotamia in disguse))).

(٢٤) ئێرنست مێین دەڵێ کارەکانی سۆن «بەرادەی کارەکانی لۆرانس گرنگ بون هەرچەندە کەمتر زانراون » .
(E. Main, Iraq from Mandate to Independence, London, 1935, P. 51).

(٢٥) بڕوانە :
A. T. Wilson, Loyalities Mesopotamia 1914 — 1917. A Personal and Historical Record, London, 1930, P. 73.

بەسەر یەکەوە دەبێ گومان لەوەدا نەهێڵن کە مێجەر سۆن دەست و دەوری گەورەی لە دەرکردنی رۆژنامەی «تێگەیشتنی راستی»دا هەبێ .

کە ژمارەکانی «تێگەیشتنی راستی» دەخوێنییەوە هەست بە نوسینی دوو کەسی جیاواز دەکەیت ، هەست دەکەیت یەکێکیان بۆ کورد سوتاوە و بە زمان و هەستی رۆژهەلاتییەك دەدوێ . ئەوی تریان وەك ئینگلیزێکی دڵسۆز و روناکبیرێکی ئەوروپایی دەنوسێ . ئەمیان وەك وتمان مێجەر سۆنە . هەرچی ئەوی تریانە زۆر لەوە دەکا شوکریلفەضلی بوبێ[٣٦] . بۆ ئەمەش ، وەك لە خوارەوە باسی دەکەین ، چەند بەلگەیەکمان بەدەستەوەیە .

شوکریلفەضلی[٣٧] (١٨٨٢ ــ ١٩٢٦) یەکێکە لە نوسەرە ناودارەکانی

---

(٣٦) روفائیل بەطی لە بەرگی یەکەمی سالی ١٩٢٦ی « لغة العرب »دا ئیشارەتێکی کردووە بۆ ئەوە کە شوکریلفەضلی لە «تێگەیشتنی راستی»دا کاری کردووە .

(٣٧) نیسبەت بە گەزەکی «فضل» لە بەغدا کە تیا لەدایك‌بووە . کوڕی مەحمودی کوڕی ئەحمەد ئاغای خەلکی سلێمانییە . عایشەی دایکی لە هۆزی «کرویە»ی عەرەبە . گەلێ سەرچاوەی باوەڕپێکراو دانی بەم راستییەدا ناوە (بڕوانە : رفائیل بطی ، شکری الفضلی (١٨٨٢ ــ ١٩٢٦) ، ــ «لغة العرب» ، بغداد ، الجزء الاول من السنة الرابعة ، تموز ١٩٢٦ ، ص ٢٢ ؛ خیرالدین الزرکلی . الاعلام ، الجزء الثالث ، الطبعة الثالثة ، بیروت ، بلا ، ص ٢٥٠ ؛ حەمە بۆر ، شکری الفضلی الشاعر الذي كتب للعرب والاكراد ، ــ «العراق» ، بغداد ، ١٨ آب ١٩٧٧) . لەگەڵ ئەوەش هەن ئەم پیاوە لە دایك و باوکەوە بە عەرەب دادەنێن (بڕوانە : عبدالله الجبوری ، شکری الفضلی ، ــ «البلد» ، بغداد ، ٥ مایس ١٩٦٦) . گەر ئەمە راست بێ ئەوەندەی تر لە مەقامی شوکریلفەضلی بەرز دەکاتەوە ، زۆر خۆشە مرۆڤ هێند دیموکراسی بێ و گەلانی تری بەورادەیە خۆش بوێ و ئاوا دڵسۆزانە خزمەتی زمان و کەلەپوریان بکا و بۆ دوارۆژیان بە پەرۆش بێ . با لێرەدا ئەوەش بلێین بەلگەیەکی گرنگی عەرەبایەتی شوکریلفەضلی لای عەبدوللا ئەلجبوری ئەوەتە کە لە کتێبی «مشاهیر الکرد و کردستان»ەکەی مامۆستا ئەمین زەکیدا ناوی نەهاتووە ! .

عیراقی پێش شەڕی یەکەم و دوای ئەو شەڕە ، بە دایك عەرەب و بە بــاوك کورد شوکریلفەضلی ، وەك نوسەرێکی کورد دەڵێ ، تاکە کەســە کە بۆ هەردو رەگەزی وەفادار بو(۲۸) ، هەرچەندە بەغدا مەڵبەندی خێزانی ئەم پیاوە بو بەڵام بەلای کەمەوە ۲۰ ساڵی تەمەنی لە کوردەواریێ بردە ســەر ، تایبەت لە سلێمانی و دەوروبەری (۲۹) ، بــەم‌جۆرە کوردی‌یەکی باشــی دەزانی و تەواو شارەزای ژیــانی کۆمەڵایــەتی کورد بو ، کوردیێ زانینی شوکریلفەضلی گەیشتبووە رادەیە شیعری پێ‌دەنوسێ و شەڕە شیعری لەگەڵ شاعیرێکی بە دەسەڵاتی وەك شێخ رەزا دەکرد(۳۰) ، بەر لەوەش شــەڕی یەکەم دەست پێ بکا ئەم پیاوە لە سەر کوردی دەنوسێ، لەو زنجیرە وتارەی کە لە «لغة العرب»دا بە نــاوی «کوردی ئیمرۆ»وە بڵاوی کردۆتــەوە وەك شارەزایە باسی ئافرەت و پیاو و خێزان و جل و بەرگ و ئایین و نەریتی کوردی کردووە (۳۱) ، زۆر پێ دەکا یەکەم کەسی خۆمانە بێ کە هەوڵی داوە وشەی کوردیێ بە پیتی لاتینی بنوســێ ، هەر لەو وتارەیدا گەلێ وشــەی کوردیێ پەتێ بــە لاتینی نوســیوە (۳۲) ،

(۲۸) بڕوانە : حەمە بۆر ، سەرچاوەی ناوبراو .

(۲۹) لەم‌بارەوە گۆڤاری باوەڕپێ‌کراوی «لغة العرب» بەر لە شــەڕی یەکەمی جیهان نوســیویە دەڵێ : «۲۰ ســاڵی لەنــاو کوردا بردەســەر و ... گەڕانێکی تەواو بەو ناوچەیەدا گەڕا » (بڕوانە : «لغة العرب» ، الجزء الخامس من الســنة الثالثة ، تشرين الثانی ۱۹۱۳ ، ص ۲۳٤) .

(۳۰) وەك باس دەکەن دیوانی شوکریلفەضلێ لای مامۆستا مەلا نەجمەددیــن بووە . بە شیعرێکی شێخ رەزادا رون دیارە کە شەڕە شیعری تورسیان لە نێواندا بووە (دەربارەی ئەو شیعرەی شێخ رەزا بڕوانە : « دیــوانی شێخ رضای طالەبانی » ، کۆکەر و چاپکەری علی الطالبانی ، بەغــا ، ۱۹٤٦ ، ل ٤٠) .

(۳۱) شکری الفضلی ، الکرد الحالیون ، ــ «لغة العرب» ، الجزء الخامس من الســنة الثالثة ، تشرين الثانی ۱۹۱۳ ، ص ۲۳٤ ــ ۲٤۲ ؛ الجزء السادس من الســنة الثالثة ، تشرين الثانی ۱۹۱۳ ، ص ۳۰۷ ــ ۳۱۳ .

(۳۲) بۆنمونە : کورتــەك = Koûrtak ؛ دۆم = Dôm ؛ ســێ بــراکە Sé — Brakéh و گەلێکی‌تر .

جگــه لەمانــه شوکریلفەضلیش وەك مێجــەر ســۆن دەســتی لــه ڕۆژنامەنوسیدا بالآ بۆ . بەرلەوەی شــەڕی یەکەم دەستپێبکا وتــاری سیاسی و کۆمەلایەتی و شیعری له ڕۆژنامەی « التعاون » و « الزهور »دا بلاودەکردەوە[٣٣] . وەك وتمان له گۆڤاری « لغة العرب »یشــدا وتاری دەنوسی . که ئینگلیز له سالآنی شەڕدا « العرب »ی عەرەبی و « ایران » و « ظفر عراق »ی فارســی‌یان دامەزراند شوکریلفەضلی بووە نوســەرێکی چالاکیــان[٣٤] .

ئەمانــه گومان لــەوەدا ناهێلن که شوکریلفەضلی یەکێك بووە لــه سەرپەرشتیکەرانی «تێگەیشتنی ڕاستی»ە ڕاسته هیچ بەلگەیە لەو ڕۆژنامەیه خۆیدا بۆ ساغکردنەوەی ئەم ڕاستی‌یە بە دەستەوە نی‌یە ، بەلآم هەمانکات هیچ بەلگەیەکی بەشداریشــی له چاپەمەنی‌یەکانی تــری ئینگلیزدا بەرچاو ناکەوێ . جگــه لەوە کوردێکی‌تر شكنابەین ئەو ســالەی « تێگەیشتنی ڕاستی » تیا دەرچو له بەغدا بوبێ و نوسین و دەرکردنی ڕۆژنامەی له دەست هاتبێ . جەمال بابان تاکه کوردی عیراقه بەر له شــەڕی یەکــەم ڕێگــەی ڕۆژنامەنوسی گرته بــەر ، بەلآم ئەویش لەگەل هەلگیرسانی ئاگری شــەڕ ناچار دامو دەزگای گۆڤاره تاقانەکەی پێچایەوە .

جگه له سۆن و شوکریلفەضلی بیری پشکنەر لەمباسەدا تارادەیه بــۆ نوئێلیش دەچێ هیچ نەبێ چونــکه بەرادەی ســۆن بایەخی بــه کورد و کوردستان دەدا و وەك ئەو یەکێ بــۆ له ئەفسەرانی لەشکری ئینگلیز لــه عیراق . بەلآم نوئێل زیاتر بیری له هۆز و سەرەك هۆزانی کورد دەکردەوە . ئەم بەر له سۆن بووە حاکمی سیاسیی ناوچەی سلێمانی ، کەچی وەك ئــەو

---

(٣٣) «التعاون» و «الزهور» له بەغدا دەردەچون .

(٣٤) عبدالرزاق الحسنی ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٧٥ ؛ روفائیل بطی . سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٢٣ ــ ٢٤ .

بیری لە دەرکردنی رۆژنامەیەکی کوردیی نەکردەوە هەرچەندە لەو زیاتر پەرۆشی بۆ کورد نیشان دەدا ٠

بۆ ساغکردنەوەی ئەم راستییانە پەنام بردە بەر زۆر کەسی شارەزا و خوێندەواری کوردی ئەو سەردەمە ٠ هەر لەمبارەوە نامەیەکی تایبەتیم بۆ مامۆستا تۆفیق وەهبی نارد بەڵکو ئەوو ئەدمۆندس بتوانن یاریدەیەکم بدەن٠ وا لە خوارەوە دەقی وەڵامی مامۆستا وەهبی بڵاو دەکەمەوە کە بۆ خۆی بەڵگەیەکیترە بۆ ئەم باسە :

« ٠٠٠ جوابی ئەو کاغەزەی ناردبوم بۆ میستەر ئەدمۆندس هاتەوە ٠ میستەر ئەدمۆندس دەڵێ کە ئەو سەردەمەی « تێگەیشتنی راستی » دەردەچو ، خۆی لەگەڵ کاروباری کوردستاندا پەیوەندیی نەبو ٠ « تێگەیشتنی راستی » ئۆرگانی پرۆپاگەندەی سیاسیی بەریتانی بو ، میستەر سۆن سەرپەرشتی دەکرد ٠ بەڵام باوەڕ ناکا کە مێجەر نۆئێل دەستی بوبێ تێیدا ٠ وە دەڵێ کە دەشێ شوکریلفەزلی یەکێ بوبێ لە سەرەك نوسەرەکانی ٠٠٠ » (٣٥) ٠

یەکەم ژمارەی « تێگەیشتنی راستی » رۆژی سێشەممەی ١٨ی (ربیع الاول)ی ١٣٣٦ی کۆچی ــ یەکی کانونی دووەمی ساڵی ١٩١٨ لە بەغدا دەرچو ، بەڵام لەو ژمارەیەدا بە هەڵە ساڵی ١٩١٧ لەبرتی ساڵی ١٩١٨ چاپکراوە (٣٦) ٠ یەکەم ژمارەی بەمجۆرە « مسلك »ی رۆژنامەی تازە

---

(٣٥) لەو نامەیەیدا مامۆستا تۆفیق وەهبی دەڵێ : «پێشنیار دەکەم لەباتی (د.) نیشانەی (دو.) دانێین بەرامبەر وشەی دوکتۆر » .

(٣٦) بەهۆی ئەو هەڵەی چاپەوە دانەری «کشاف الجرائد والمجلات العراقیە» (بغداد ، ١٩٧٦) زاهیدە ئیبراهیم کەوتۆتە هەڵەوە و ساڵی ١٩١٧ی بە سەرەتای دەرچونی «تێگەیشتنی راستی» داناوە . سەرچاوەی تریش

لەدایك‌بوی دیار کردووە: «تێگەیشتنی راستی خزمەتی یەك‌بون و سەربەستی و سەرکەوتنی کوردان ئەکا • ئەمڕۆ هەمو ئەقوامی عالەم خەریکی بەجێ‌هێنانی ئەم ئومێدە موبارەکەن و گەلێکیان لەپاش کۆششێکی پیاوانە پێی گەیشتن • هەر فیکرێ کە بە تەرازوی علم و عەقڵ نەپێورابێ عەرزی ناکەین ، هەر ئیشێ کە بە تاقی کردنەوە چاك‌دەرنەچوبێ کردنی رەوا نابینین » (٣٧) •

وەك لەکۆتایی بەشی دووەمدا وتمان کورد بەر لە شەڕی یەکەمی جیهان گەیشتبووە ئەو پلەیەی لە رێگەی رۆژنامەوە قسەی لەگەڵ بکرێ • ئینگلیزیش ئەو سەردەمە لە گشت لایەکەوە مەبەستی بۆ کورد بەلای خۆیدا راکێشێ • لەمەدا ، بەر لە هەمو شت ، هۆی دەرکردنی «تێگەیشتنی راستی » دەبینرێ •

بەشی زۆری سەرتاپای ژمارەکانی «تێگەیشتنی راستی» بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کراوە و لەمەدا هیچ لادانێك لە سروشت و کاری ئاسایی بەدی ناکرێ • هەر لە ژمارە یەکدا و دوابەدوای باسی رێبازی رۆژنامەکە «تێگەیشتنی راستی» وتارێکی بەم ناوەوە بلاوکردۆتەوە : «چاکەی حکومەتی بەریتانیای معظم بۆ عیراق» • لێرەدا بەشی زۆری ئەو وتارەی وەك خۆی دەخەینە بەرچاو بەنیازی رۆنکردنەوەی رێباز و شێوازی نوسینی «تێگەیشتنی راستی» لە سەرەتای هاتنە مەیدانییەوە :

«عیراق لەم شەڕە عالەمگیرەدا لە هەمو لا نەوجەوانێکی زۆری بەکوشتن‌درا کە بەراستی قوەتی ئەژنۆ و هێزی دەستی بەختیاری ئاینده بون • لەبەرئەمە ئەم ولاتە خەندەبارە ، هەمو لایەکی لە زۆری هەتیوانی هەناسە سارد و بێوەژنانی بێ‌کەس و دەر هەمیشە دەگریا • هەزاران ماڵ

کەوتونە هەمان هەڵەوە (بڕوانە : محەممەدی مەلا کەریم ، سەرچاوەی ناوبراو) •

(٣٧) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە یەك ، ١ی کانونی دووەمی ١٩١٨ •

وێران بۆ ، سوتا ، وەك جگەری خانەخوێ بۆ بەکۆی زوخاڵ . هــەزاران بــاغ و جۆگە و زەویێ بێخاوەن ما . رزق ، شــتومەك رۆژبــەرۆژ کەم ، فەقیر و هەژار تا ئەهات زۆر دەبۆ . گەلێ کەس ئێوارە بێچرا دەما ، شەو بێشێو سەریان ئەنایەوە . هەمۆ لایە پڕ لە شیوەن و هــاوار و گریــان و باوکەڕۆ بۆ . بێسەریێ و بێدەریێ هەمۆ وڵاتانی خەمبــار کرد . بێئیشێ ، بێبازاڕێ خەڵقی لە گیانی خۆی بێزار کرد [٣٨] . عیراقیـیە بێچارەکان لەژێر باری گرانی خوێنینی ئەم هەمۆ شەڕ و شۆڕە ، ئەم هەمــۆ خەم و خەفەتــە دەیانناڵاند ... ئاخرێ خوا حکومەتی معظمەی بەریتانیای بۆ عیراقیـیەکان رەخساند ، حکومەتە زالمە عاجزەکەیان دەرکرد و هەموانی لە کۆت و زنجیری بێرەحمێ ئەوان نەجاتدا . لە حاڵی نەزعی گێڕانەوە ، دۆبارە ژیانەوە...» . ئینگلیز بە «زەڕەبینی قانون و عەدالەت تەماشای حەق و حەقیقەت دەکەن... ئەو زەوییانەی کە جاران سێیەکێکی لەبەر زولم نەدەچێنرا ئەمڕۆ هەمــۆ سەوز ئەکاتەوە ، حکومەتی معظمەی بەریتانیا گەنمو جۆیــەکی زۆری بــە فەلاحەکان داو ئیشی تەواو بۆ ئاسان کردن » . بەم جــۆرە و لە ســایەی ئینگلیزدا هەموان «عومرێکی ئاڵتونین و زیوینێن رادەبوێرن » [٣٩] .

---

(٣٨) رســتەی لەم بابەتە : «بێســەریێ و بێدەریێ هەمۆ وڵاتانی خەمبار کرد ، بێئیشێ و بێبازاڕێ خەڵقی لە گیانی خــۆی بێزار کرد» لە نوســینی یەکێك دەکا دەستی لە شیعردا هەبێ . ژمارەکانی «تێگەیشتنی راستێ» پڕن لە نمونەیوا کە ئەمەش بۆ خۆی بەڵگەیەکی تری بەشداریێ کردنی شوکریلفەضلیـیە لە بڵاوکردنەوەی ئەو رۆژنامەیەدا .

(٣٩) «تێگەیشتنی راستێ» ، ژمــارە یــەك ، ای کانونی دووەمی ١٩١٨ . لەمەدا «تێگەیشتنی راستێ» و «العرب» تەواو یەکیــان دەگرتــەوە . ژمارەکانی ئەمیشیان وەك ئەو پڕن لە هەڵدان بە شانوباهوی ئینگلیزدا . هەر بۆنمونە ئەم چەند دێڕەی «العرب» دەخەینە بەرچاو کە هەمان رۆژ بڵاوی کردۆتەوە . «العرب» لەو ژمارەیــەیدا دەڵێ : «لە ســەردەمی لەناوچۆی تورکدا ناوی بەندیخانە لەشی دەهێنایە لەرزیــن ، خەڵــك مردنیان بەلاوە خۆشتر بۆ وەك لەم ناوە بێزراوە . تــورکان ، خوا تــا

راكێشانی هەستی گەلانی ناو ئیمپراتۆری عوسمانی بۆلای ئینگلیز پێویستی بە بەدناوکردنی یەکجاری عوسمانیان بو. «تێگەیشتنی راستی» و «العرب» لەمەدا درێغییان نەکرد. بەشی زۆری سەروتار و نوسینیتری هەردوکیان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کراوە. ناونیشانی سەروتاری ژمارە دۆی «تێگەیشتنی راستی» ناوەرۆکیئەم رێبازە رون دەخاتە بەرچاو : «کوردستان چ خێرێکی لە رۆمیان یەعنی لە تورکان دی ؟» [٤٠]. زۆر سەروتاریتری «تێگەیشتنی راستی» دەستە خوشکی ئەم بابەتەن ، وەك : « تورك بە عەمەلی کورد و ئەقوامیتر نایە» [٤١].

کار بەمەشەوە نەوەستا. دەبۆ هەستی ئایینی خەلك بزوێنرێ و وایانلێبکرێ تورك بە دوژمن و ئینگلیز بە دۆستی ئیسلام دابنێن. لە وتاری «ئینگیلتەرە و ئیسلام»دا «تێگەیشتنی راستی» نوسیویە دەڵێ : « ئەوی تەماشای تاریخ بکا دەبینێ کە حوکمەتی معظمەی ئینگیلتەرە گەلێ جار بە فریای ئیسلام گەیشتووە. حوکمەتی تورکی چەند دەفعەیە لەبەرخاتری موسلمانان لە مردن خەلاص کردووە ». دوای باسی خۆشی و بەختەوەری موسلمانان لەژێر سایەی ئینگلیزدا «تێگەیشتنی راستی» دەڵێ : «حوکمەتی ئینگلتەرە و فەرەنسە و روسیا لەبەر خاتری موسلمانان بە حوکمەتی تورکیان گوت تۆ شەرمەکە و بێتەرەف بوێستە ئێمە هەرچی چاکە دەرحەق بە تۆ رەوای دەبینین. ئەما ئیتیحادیيە تورکەکان چونکە ئارەزویان ئەمە بو کە

رۆژی مەحشەر خەجالەتیان کا ، ئەم شوێنەیان کردبووە «رازەو بۆ دۆزەخ» ... یەکەم کاری حکومەتی بەریتانی (لە عیراق ـ ك. م.) لابردنی ئەو بەندیخانەیەی رۆژانی تورك بو ». دیارە ئینگلیز لە جێی ئەو بەندیخانەیەکی هێند رێکوپێکیان دانا هەمو کەس حەز بکا تیا بژی (!!) .

(٤٠) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە دۆ ، ٥ی کانونی دووەمی ١٩١٨ .

(٤١) سەروتاری ژمارە ٢٨ی «تێگەیشتنی راستی» ، ١٣ی مایسی ١٩١٨ .

عەرەب و کورد لەنــاو بەرن و هەر خۆیان بمێنن گوێیان لــەم قســانە نــەگرت ... » [٤٢] .

لە وتارێکی‌تریدا بە ناونیشــانی «تورکە ئیتیحــادی‌یەکان موضــیری ئیسلامەتین» «تێگەیشتنی راســتی» دوای هێرشێکی قورس بۆ سەر تورکانی لاو دەڵێ : « ئەم جەمعیەتە تورکە کە چاوی‌پێ‌کەوت عەرەب لە تورکیا لــە خۆیان زۆرترن و استنادگاهیان دیانەتی ئیسلامە بۆ ئەمە کە ئەوان زەعیــف بکەن دەستیان‌کرد بە ئیمحا و گۆڕینی کلیلی ئادابی دیانەتی ئیسلام . چی‌یان کرد ؟ . جەمعیەتێکی گەورەی تورکیان هێنــایە ناو و ناویــان نا « تــورك ئۆجــاغی » . راو رەسمی ئەم جەمعیەتە مەحوی ئیسلامیەتە و (ئەیەوێ ــ ك. م.) ئەوی غەیرە تورکە بیکا بە تورك ...» [٤٣] . لە سەروتارێکی تریدا دەڵێ : « حوکمەتی تورك موغایری شەرعە » [٤٤] بۆیەکا ســەردارانی گەر «ناوی محەمەد (ص. م.)یان لا بێنی هەمۆ رۆ گرژ ئەکەن و ئەگەر نــاوی ئەنوەر و طەلعەت و جەمال [٤٥] بێ (صلی‌الله علیه وســلم) ئــەڵێن ... حوکمەتێك ئەمە حالی بێ ، رجالی دەوڵەتێك رەوشت و دین و ئاینیان ئەمــە بێ هەڵبەت شایانی تاعەت نیێ » [٤٦] . سەیرکەن « تورکە ئیتیحادی‌یەکان چی‌یان بە ئیسلام نەکرد » [٤٧] و چۆن « لەگەڵ ئەڵەمانیا و هاوڕێکانی کە هەمۆ دوژمنی ئیسلامن و موسڵمانێك تا ئیمرۆ لە سایەی ئەواندا نەژیــاوە ئیتیفاقیان کرد و خۆیان و موسڵمانە بێ‌گوناهەکانیان بەم‌دەردە برد ...» .

---

(٤٢) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە سیازدە ، ١٢ی شوباتی ١٩١٨ .
(٤٣) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە بیســتو یەك ، ٢٥ی مارتی ١٩١٨ .
(٤٤) ئەمە ناونیشــانی وتارەکەیە .
(٤٥) ئەو سەردەمە گشــت کاروبــاری دەوڵەتی عوسمانی بەدەســت ئەم سیانەوە بو .
(٤٦) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە بیــستو نۆ ، ٢٠ی مایــی ١٩١٨ .
(٤٧) ئەمە ناونیشانی سەروتاری ژمارە سیتو یەکی «تێگەیشتنی راستی»یە ، ٣ی حوزەیرانی ١٩١٨ .

ئینگلیز بە نیازی بژواندنی هەستی ئایینی خەڵکی ساکاری ناوچەکە پەنایان دەبردە بەر هەمو رێگەیە • ئەوەتە هەر ئینگلیزە و دەست لە ئایینی خۆیان هەڵدەگرن و دەبنە ئیسلام و «دڵسۆز»ی‌یان بۆ ئایینی نوێ‌یان دەگاتە رادەی «بێز» کردنەوە لە ناوی رابوردوّیان • فەرمو ئەوا میستەر ل• ج• ستیوارد نەك هەر موسڵمان بۆ بەڵکو ناوی خۆشی‌کردە جەمالەددین• هەرچی میستەر جاکسنی تازە موسڵمانە ناوی سەعدی ئەحمەدی لە هەمو ناوێکی ئینگلیزی بەلاوە خۆشتر بو [٤٨] • لای خۆشمان میستەر سۆن سەری بچوایە نوێژ و رۆژوی نەدەچو •

تا ئەوکاتەی «تێگەیشتنی راستی» دەستی‌کرد بە دەرچون گەلێ ئاڵوگۆڕی گرنگ لە مەیدانی شەڕ و باری سیاسی نێوان دەوڵەتاندا روی‌داە لەشکری ئینگلیز و ئەو هێزانەی سەر بەو بون جێ‌پێی خۆیان لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست باش قایم کردبو • بەرلەوەی لەشکری ئینگلیز بگاتە بەغدا وەزعی روسیا شلۆقا و گلۆڵەی دەستە و دایەرەی چار کەوتە لێژی و زۆری نەخایاند شۆڕشی ئۆکتۆبەر تەختو تاراجی رژێمی کۆنی تێکدا و لەشکری روس لە شەڕ کشایەوە • ئەم ئاڵوگۆڕانە بارێکی ئەوتۆیان خولقاند کە بۆ ئینگلیز بە هیچ‌جۆر لەگەڵ بڕیارەکانی پەیمانی نهێنی «سایکس — پیکۆ»ی ساڵی ١٩١٥ نەدەگونجا • بەپێی بەندەکانی ئەو پەیمانە هەمو کوردستانی ناو ئیمپراتۆری عوسمانی بەر روسیا و فەرەنسە کەوتبو • بەلام وا یەکەمیان لە مەیدان دەرچو ، دووەمیشیان دەوری لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست لەگەڵ دەوری ئینگلیز بەراورد نەدەکرا • بەم‌جۆرە ئینگلیز کەوتە سەر بیری ئەوەی تا دەتوانن بەرەو باکوری بەغدا بڕۆن • دیارە یەکێ لە ئەنجامەکانی ئەم ئاڵوگۆڕە زۆر بونی بایەخ و شوێنی کورد و کوردستان بۆ لە پلانەکانی

---

(٤٨) بڕوانە : «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە چوار ، ١٢ی کانونی دووەمی ١٩١٨ •

ئینگلیزدا ، بەتایبەتی لەبەرئەوەش کە لە سەرەتای دەستپێکردنی شەڕەوە دوژمنەکانیان چالاکانە هەوڵیان دەدا هۆزە کوردەکان ڕاکێشن و بیانکەنە دارەدەستێکی کاریگەری خۆیان لە مەیدانەکانی شەڕدا •

لەبەر ئەم هۆیانە دەبو ئینگلیز زیاتر بایەخ بدەن بە هـاندانی کورد و ڕاکیشانیان بەلای خۆیاندا • وەك ئاشکراشە کەس وەك ئەوان وەستای ئەم کارە نەبو • زوربەی لەشکری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان هندۆك و سیك بۆو تا ئەوان بەدەستەوە بونایە بەدەگمـەن پیاوی خۆیـان بەکوشـت دەدا • لەولاشەوە هەر ئەوان زانیبان چۆن کەڵك لە خەباتی ڕەوای هۆزە عەرەبەکانی حیجاز ببینن • دیارە دەیانویـست هەمان یاری بە کوردیش بکەن • لەمەشدا «تێگەیشتنی ڕاستی» دەوری خۆی بینی •

بۆ ئەم مەبەستە «تێگەیشتنی ڕاستی» بە هەمو زمانێك لەگەڵ کورد دەدوا • لە سەروتاری ژمارە دوێدا دەڵێ : «چارەی کوردان ئـەمڕۆ وەك عەرەب بە حکومەتی موعەزەمەی بەریتانیا پشتبەستنە چونکە چاوی لە ماڵ و مولکی کەس نیە ، ئارەزوی ئازادکردنی ئەقوامە ، حکومەتی ئەمەریـکا دەستێژی ئەوە ، کەنەدە و ئیرلەندە و مـسر و هندستان لە سایەی ئەوا زۆر چاك سەربەست ئەژین • لە تورکیا بەتەمای دڵخۆشبۆن شێتیە ئەی کوردی برایـان » [49] •

لە سەروتاری ژمارە چواریدا «تێگەیشتنی ڕاستی» ئایین و سیاسەت لە یەك جوێ دەکاتەوە و[50] دەڵێ : «حکومەتی موعەزەمەی بەریتانیا شەرقی بۆ شەرقیێکان دەوێ ، ئەم حـەربە گەورەیە بۆ سەربەسـت بونی ئەقوامی موختەلیفەی عەرەب و کورد و ئەرمەن دەکا • بۆ خۆ بە خۆ ژیانی هەمـو

(٤٩) «تێگەیشتنی ڕاستی» ، ژمارە دو ، ٥ی کانونی دووەمی ١٩١٨ .
(٥٠) ناونیشانی سەروتاری ئەو ژمارەیە بەمجۆرەیە : « دیانەت جـوێیە و سیاسەت جوێیە » .

ئەقوام سەعیەکی تەواوی ئیختیار کردووە »[٥١] .

لەبەر خاتری هەمان مەبەست زۆر جار «تێگەیشتنی راستی» دەکەوتە باسی «خۆشەویستی» و «دلسۆزی» بێهاوتای ئینگلیز بۆ کورد . بەگەرمی دەیگوت : « حکومەتی ئینگلیز کوردانی زۆر خۆش‌دەوێ ... چونکە دەزانێ لە تاریخی عالەمدا کوردان ناوێکی گەورەیان هەیە و بە مەردی و ئازایی هەتا ئێستاکە خۆیان راگرتووە . حەزناکا وا بلاو بینەوە و خزمەتی ئەم و ئەو بکەن ... هەلبەتە حکومەتی موعەزەمەی ئینگلیتەرە کە کوردانی لە هەموکەس زیاتر خۆش‌دەوێ وەکو ئیشی ئەقوامیتری ئاسانکرد ئیش بۆ ئەوانیش ئاسان دەکا ... » . لە هەمان ژمارەیدا «تێگەیشتنی راستی» دیسان دەلێ : «کورد عاقلن ، دەبێ ئەختێ تێبفکرن ، تا زووە یاریەی حکومەتی موعەزەمەی ئینگیلتەرە طەلەب و خۆیان هەم لە تورك و هەم ئەلەمان و کەسانیتر رزگار بکەن و بۆخۆیان جوێ بژین ، خودا پەکیان‌ناخا ... »[٥٢].

لە ژمارەیەکیتریدا دەلێ :

« ئینگلیز لە هەمو قەومێك زیاتر دۆستی کوردانن ، عاشقی شوجاعەتی ئەوانن ، دلێری کوردانیان چاك بیستووە لەبەرئەمە زۆریان خۆش ئەوێن . ئێمە ئەگەرچی لە بەغدا کەمین [٥٣] بەلام لە خەلکی بەغدا خۆشەویسترین . مەئموورییەتی گەورە ئەمرۆ زۆری لە دەس‌کوردانە ، کوردێ کە موراجەعەتیان بکا بێبەشی ناکەن ... لە تورکان مەترسن ، بەم‌نزیکانە لەشکری جیهانگیری ئینگلیز بە ئیمدادتان دەگا ... » [٥٤] .

---

(٥١) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە چوار ، ١٢ی کانونی دووەمی ١٩١٨ .
(٥٢) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە هەژدە ، ٢ی مارتی ١٩١٨ .
(٥٣) دیارە ئەمە نوسینی مێجەرسۆن نییە ، لە نوسینی شوکریلفەضلی دەکا ، گەر وابێ خۆی بە کورد داناوە .
(٥٤) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە حەفدە ، ٢٣ی شوباتی ١٩١٨ .

«دڵسۆزی» ئینگلیز بۆ کورد گەیشتبووە رادەیە ناونیشانی ژمارە ٣٢ی «تێگەیشتنی راستی» بەمجۆرە بێ : « حکومەتی بەریتانیای عوزما سەعی بۆ کورد دەکا » . ئەو حکومەتە ، وەك دەڵێ ، «قۆڵێکی موحتەشەمەی بۆ کوردان درێژ کردووە بۆ ئەمەی کە لە دەست حکومەتی تورك خۆی نەجات بدا . دەبێ (کورد ـ ك. م.) بە کەمالی دیقەت حەرەکەت بکا چونکە ئەمڕۆ لە حکومەتی موعەزەمەی بەریتانیا زیاتر هیچ حکومەتێك نیە خزمەتی حورّیەتی بەشەر و سەعادەتی ئەقوام بکا » . «تێگەیشتنی راستی» لێرەدا ناوەڕاست و باشوری عیراق دەکاتە نمونە کە وەك دەڵێ ئەمڕۆ « لەسایەی عەدالەتی» بەریتانیادا «لە هەمو ئەقطاری عالەم» باشترن . کۆتایی «تێگەیشتنی راستی» بە ئەوپەڕی بڕواوە دەڵێ : «شوبهە نیە کوردستانیش لەم نزیکانە نائیلی ئەم رەفاهو خێرە دەبێ » [٥٥] . ژمارەکانیتری ئەم رۆژنامەیە پڕن لەم بابەتە قسە و گفت و پەیمان و هاندانە [٥٦] .

«تێگەیشتنی راستی» زۆر جار عەرەبی حیجاز و عیراق و بە رادەیەکی کەمتر ئەرمەنی دەکردە نمونە بۆ کورد و دەیویست بە ناوی ئەوانەوە زیاتر هانیان بدا. دیارە لەمەدا عاقڵی دەکرد ، چونکە ئەوانیش وەك کورد ساڵەهای ساڵ بۆ گیرۆدەی دەستی عوسمانیەکان بون . جگە لەوە مەسەلەی حیجاز ئەو رۆژانە دەیتوانی لە قوژبنی ئاینەوە کار بکاتە سەر گشت موسڵمانانی جیهان . لەمەشدا «تێگەیشتنی راستی» وەستایانە هاتە مەیدان . بەکوردی دەوت ئەوەتە « حیجازی موبارەك لەژێر عەلەمی حەزرەتی رسول‌الله ، رۆحم بە صەدەقەی بێ ، ئیعلانی ئیستیقلالی کرد » [٥٧] ، چونکە تورکە

---

(٥٥) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە سێو دوێ ، ١٠ی حوزەیرانی ١٩١٨ .
(٥٦) شایانی باسە لەگەڵ نزیکبونەوەی کۆتایی شەڕ و مسۆگەربونی سەرکەوتنی ئینگلیز « تێگەیشتنی راستی » کەوتە پاشەکشە لە گفت و پەیمانە زۆرەکانی .
(٥٧) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە شازدە ، ٢٣ی شوباتی ١٩١٨ .

ئیتیحادی‌یەکان « ئارەزویان ئەمە بۆ عەرەب و کورد لەناوبەرن و ... گەلێ لە گەورەی عەرەب و کورد بە کوشتن دران و نەفی کران و چل پەنجا هەزار کەس لەوان بە زوڵمی ئەڵەمانیا و حەماقەتی تورك لەناوچۆن ... شەریفی مەککەی موشەڕەفە جەنابی سوڵتان حسەین [٥٨] کە موسڵمانێکی سەید و بەشەرەف و غیرەت بۆ کە ئەم حاڵە بێ‌مەعنایەی دیێ لەگەڵ حکومەتی زالمی تورك بە شەڕ هات » [٥٩] . لە ژمارەیەکی‌تردا بە هەمان دەستور دەڵێ : «قەومی عەرەب ئەوا جوێ حکومەتیان هێنایە ناو . ئەمڕۆ سوڵتان حسەین لە مەککەی موشەڕەفدا شەرەفی عەرەبی زیندۆ کردەوە . لە کوردستان پیاوی گەورە دەس دەکەوێ ، بۆچی بێ‌دەنگ بۆن ، تورك ئەو قووەتەی نەماوە کە کەس لێیان بترسێ ... » [٦٠] . دەربارەی هەمان باس دیسان « تێگەیشتنی راستی » دەڵێ :

عوسمانی «دەیانویست عەرەب و کورد فیدای تورك کەن ، ئەما عەدالەتی خودا ئەمەی قبوڵ نەکرد . قەومی عەرەب لە حیجاز حکومەتیان هێنایە ناو و خۆیان لە دەس تورك نەجاتدا و بە (اترکوا الترك کما ترکوکم) عەمەلیان کرد ، ئەگەر بەمە عەمەلیان نەکردایە مەحو دەبون ...» بەڵام «کورد چونکە بەدینن بەزەییان بەواندا (واتە بە عوسمانی‌یانا ـ ك. م.) هاتەوە و معاوەنەتیان دەکردن ، ئەما چونکە مەقصود ئەمە بو کورد مەحو بێتەوە هەر چاکەیەك لەگەڵیان دەکردن بێ‌فائیدە دەما و بالعکس زیاتر شێتگیر دەبون ...» . دوای ئەوە «تێگەیشتنی راستی» دێتە سەر باسی تەمەنی یەك ساڵەی بەغدا لەژێر سایەی ئینگلیزدا و دەڵێ : « ئەو ئاسار و عیمران و مەدەنیەت و زیراعەت و خەیراتە کە ئەوان پێشکیان‌هێنا تورکان بە

---

(٥٨) مەبەستی شەریفی مەککە حسەینی کوڕی عەلی‌یە کە ئەوکاتە راپەڕینێکی گەورەی دژی دەسەڵاتی عوسمانی لە حیجاز بەرپا کردبۆ .

(٥٩) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە سیازدە ، ١٢ی شوباتی ١٩١٨ .

(٦٠) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە حەڤدە ، ٢٣ی شوباتی ١٩١٨ .

٥٠٠ ساڵ نەیانتوانی بیکەن ... ئەمەمان هەیە کە قەومی کورد بە قسەی درۆی تورك تەفرە ناخۆن و دەست ئەدەنە دەستی ئینگلیز و خۆیان لە زوڵمی تورکان رزگار دەکەن و خەریکی ئیعماری مەملەکەتی خۆیان دەبن » [٦١] .

لە سەروتاری ژمارە ٣١یدا «تێگەیشتنی راستی» بێپێچوپەنا دێتە سەر مەبەست و دەڵێ : «حکومەتی تورك ئەمڕۆ هیچ قیمەتێکی دەولیەی نیە ، بەدەست ئەڵەمانیاوە وەك داشی دامە حەرەکەت دەکا ... هەڵبەتە عەرەب و کورد ئیتر مەیلی حکومەتێکیوا جاهیل و بێدەسەڵات ناکەن ، زاتەن لەبەرئەمە کە عولەمای مەککە خەلافەتیان لێ نەزع کرد قیمەتێکی دینیشی نەما . عەرەب لە مەککەی موشەڕەفە ئیعلانی ئیستیقلالیان کرد . جەلالەتمەئاب مەلیك حسەین ئەمڕۆ لەگەڵ تورکەکاندا لە حەربدایە ، کوردەکانیش چارەیەکی سەری خۆیان بکەن چاکە چونکە حکومەتی بەریتانیای عوزما موحیبی کوردە » [٦٢] .

دیارە مەبەستی سەرەکی ئەم هەمو پیاهەڵدان و هاندانە ئەوەبو هۆزە چەکدارەکانی کوردستان بنە داردەستی ئینگلیز و بکەونە گیانی لەشکری عوسمانی و راوێژکەرە ئەڵەمانەکانی و بەوجۆرە رێگەی پێشکەوتنی بێزیان بۆ ئەوان تەخت و خۆش کەن . هەر لە سەرەتاوە «تێگەیشتنی راستی» ئەمەی بە رونی خستە بەر چاو و گەلێ وتاری بۆ تەرخان کرد . سەروتاری ژمارە نۆزدەی بەم ناوەوە بو : «رۆئەسای کورد دەبێ چی بکەن ؟ ». دوای مەتحێکی زۆری سەردەمی فەرمانڕەوایی سەردارانی بابان «تێگەیشتنی راستی» لەم وتارەیدا دەڵێ :

سەردارانی بابان «دایم موستەقیل دەژیان و ئەگەر لە تەرەف عەجەم و تورکەوە تەجاوزێکیان بدیایە بۆ موحافەزەی ئەمارەتی خۆیان بەگژ ئەم دۆ

---

(٦١) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە بیستو هەشت ، ١٣ی مایسی ١٩١٨ .
(٦٢) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە سیو یەك ، ٣ی حوزەیرانی ١٩١٨ .

حکومەتە کە چەند دەفعە لە خۆیان گەورەتر بون دەچون و دەیانشکاندن • هەم تورك ، هەم عەجەم ئیفتیخاریان بە ئیتیفاقی ئومەرای بابان دەکرد •••

ئەگەر تەماشای حەقیقەت بکرێ کورد تا ئەم نزیکانە قەومێکی حاکم بـون کەواتا بۆچی حاکمێتی بە مەحکومی‌یەت بگۆڕنـەوە • لەم شـەڕەدا هەر قەومێك کە بەغیرەت بو سەری بەرز کردەوە و ئەوا نایلی حاکمی‌یەت دەبێ• قەومی کورد هەڵبەتە لە گەلێ ئەقوامی‌تر بەغیرەترن ، بۆچی هەتا ئێستـاکە وێستاون » • دوای ئەوە «تێگەیشتنی راستی» دەکەوێتە ژماردنی ناودارانی کورد و لە شێخانەوە دەست‌پێ‌دەکا و بەسەر جاف و پشدەر و مەنـگوڕ و هەمەوەند و زەنگەنە و تالەبانی و باجەلانی و گەلێکی‌تردا تێدەپەڕێو [63] داوایان لێ‌دەکا تا زووە بجولێن و «هەرایەکی گەورە» بەرپاکەن و «سلێمانی و ئەترافی لە زولمی تورك خەلاص» کەن و هەل لە دەست نەدەن بەتایبەتی کە «تورك ئەمڕۆ ئیشی خراپە ، ئەگەر هەر یەك لە کوردستاندا هەڵسێ ناتوانێ نەفەرێك بۆ ئەو ناوە بنێرێ چونکە لەشکری ئینگلیز بەرابەری وێستاوە•••»• دوای ئەوە بەنیازی زیاتر جولاندنی کورد «تێگەیشتنی راسـتی» هەر لـەو ژمارەیەیدا دەلێ :

«ئەمڕۆ حکومەتی ئینگلتەرە و فەرەنسە و ئەمریکا و هاوڕێکانیـان هەمو تەرەفداری حاکمی‌یەتی ئەقوامن • ئەم شەڕە هەر دەبێ ئـاخری بێ ،

---

(٦٣) زۆریش بە شانو باهوباندا هەڵدەدا : شێخان « لە هەمو کوردستاندا شۆرەتی ئازابیان هەیە و هیچ وەختێ لە حکومەتی تورك نەترساون » ؛ « عەشیرەتی گەورەی جاف وجودی حکومەتی تورکیان لە لا نی‌یـە و هەمو بە ئەسلەحەی چاك موسەلەحن » ؛ « ئاغایانی پشدەر و مەنگوڕ کـە حکومەتی تورك بـە تـۆپ و عەسـکەرێکی زۆرەوە دەرەقـەتیان نەدەهات » ؛ « هەمەوەند کە بە دەست و بازۆ تا ئەم چەندانە لە بازیان لەبەر چاوی حکومەت خەرج و باجیان لە ئەهالی وەردەگرت و حکومەتی تورك هەرچەند بەلەپەلی کرد فایەی نەبو » ؛ « زەنـگەنە و تالەبانی و شوان و شێخبزنێ ... زۆر شـەجیعن » ؛ « بەگزادەی باجەلان لـە تاریخدا ناویان گەورەیە » .

ئەوسا ناوی عەرەب و ئەرمەن و جولەکە لەناو موعاهەدەی صولح زیکر دەکرێ چونکە ئەمانە لەم شەڕەدا هەمو سەریان بەرز کرد و داوای حکومەتیان کرد . ئەما کوردان تائیستا هیچیان نەکرد ؛ لە حکومەتان وایە کە ئەم قەومە هیچ نیيە چونکە خۆیان نەتوانن » ، وادیارە «خۆیان حاکمیيەتیان ناوێ » چونکە « ئەگەر بیانویستایە هەرایەکیان دەکرد » و بە «قسەی درۆی تورکەکان تەفرەیان نەدەخوارد ... کورد دەبێ لەئێستاوە پەلەپەل بکەن تا لەناو موعاهەدەی صولح ناویان بێ ... وەکو دەبینین حکومەتی ئینگیلتەرە زۆر (زۆر ـ ك. م.) کوردانی خۆش دەوێ چونکە لە هەمو دەوڵەتەکانیتر زیاتر دەیانناسێ ، موحتەمەلە زۆر یارییەیان بدا ، ئەما کە ئەوان وسکت بن تەبیعی دەخلی بە سەریانەوە نامێنێ و لەپاشانا زەرەرێکی زۆر دەکەن ... » [٦٤] .

رون دیارە ئینگلیز ئەو رۆژانە دەیانویست هەرایەکی گەورە دژی دەسەلاتی عوسمانێ لە کوردستان بەرپا بێ . تا نزیك تەواوبونی شەڕ «تێگەیشتنی راستێ» لە هەمو شت زیاتر بایەخی بەم مەسەلەیە دەدا و ئاشکرا بە ناوی ئینگلیزەوە پەیمانی یاریدەی بە سەرەك هۆزانی کورد دەدا بۆئەوەی چالاکانە دژی رژێمی عوسمانێ بێنە مەیدانەوە . یەکێك لە ژمارە زووەکانی «تێگەیشتنی راستێ» رۆدەکاتە «زەنگەنە و هەمەوەند و پشدەر» و پێیان دەڵێ «ئەگەر (عوسمانێ ـ ك. م.) عەسکەری خۆیان بنێرنە سەرتان لەشکری ئینگلیز دەستبەجێ رۆدەکاتە هەمو کوردستان» خۆ « ئەمڕۆ ئەگەر حکومەتی ئینگیلتەرە بزانێ کە هەرایە لە کوردستاندا قەوماوە تۆپ و لەشکر سەوق دەکا و بە بێ ئەمە کە خوێن لە لوتی کوردێ بێ ئیشی کوردستان جێبەجێ دەبێ » [٦٥] . هەر بەوجۆرە « تێگەیشتنی راستێ »

---

(٦٤) «تێگەیشتنی راستێ» ، ژمارە نۆزدە ، ٥ی مارتی ١٩١٨ .
(٦٥) «تێگەیشتنی راستێ» ، ژمارە پازدە ، ١٩ی شوباتی ١٩١٨ .

ئەفسەر و سەربازی کوردی ناو لەشکری عوسمانی هاندەدا بدەنە شاخ و داوای دەکرد بۆ جێبەجێ کردنی ئەم مەبەستە پەیوەندییان پێوە بکرێ •

شایانی باسە « تێگەیشتنی راستی » لەمبارەوە رۆی دەمی نەدەکردە تەنها سەرەك هۆزانی کوردستان • جاروبار بەمجۆرەش دەدوا : « ئێمە لێرەدا رۆئەکەینە رەنجبەر و فەقیران چونکە دەزانین دەولەمەندان بە نانی خۆیان گەیشتون و رۆحی خۆیان زۆر خۆش دەوێ و خۆیان نە بە قەومی کورد نە بە دونیا ناگۆڕنەوە • ئەما رەنجبەر و فەقیر لە هەمو قەومێکدا مل لە چەقۆ دەسوون . هەر ئەمەندە چەند جوانێکی زیرەك رێگەیان پێ نیشانبدەن دەتوانن هەرایە بنێنەوە هەم خۆیان و هەم قەومی کورد لە فەلاکەت و کوێرەوەری رزگار بکەن • ئەی کورد ، برایانی فەقیر و رەنجبەر خۆتان زۆر چاك دەزانن کە ئەرزی کوردستان هەمو شاخ و داخە ، عەسکەری غەریب رێی تێدا چاك دەرناکا ، ئەگەر کورد[٦٦] سیلاحی خۆیان بێنن و لەگەڵ ئێوە یەك بن دەتوانن هەرایەکی گەورە بەرپا بکەن »[٦٧] •

لە ژمارەیەکیتریدا بە هەمان دەستور دەڵێ : « لێرە دوبارە قسە تەوجیهی پیاوی گەورەی کوردستان دەکەین و دەڵێین گوناهی فەقیر و هەژاری کورد هەموی بەئەستۆی ئێوەیە ئەگەر مەنفعەتی شەخسی خۆتان بە فائیدەی عومی کورد و کوردستان بگۆڕنەوە و ئەو قەومە کە بە هجومی بابل و ئاشور و میدی[٦٨] و فورس و حوکمەتانیتر بەفەنا نەچو لەناوی

(٦٦) مەبەستی سەرباز و ئەفسەری کوردی ناو لەشکری عوسمانییە .
(٦٧) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە پازدە ، ١٩ی شوباتی ١٩١٨ .
(٦٨) هێنانەوەی ناوی میدی لێرەدا راست نییە ، بەلام دەشبێ ئەوە لەیادنەکەین کە ئەوکاتە هێشتا را زانستییەکەی کورد و رۆژهەلاتناسی بەناوبانگ پرۆفیسۆر مینۆرسکی لەبارەی پەیوەندی رەگەزی کورد بە میدییەوە بلاو نەبوبۆوە (لەو بارەیەوە بڕوانە : البروفيسور فلاديمير مينورسكي ، الاكراد احفاد الميديين ، ترجمة وتعليق الدكتور كمال مظهر احمد ، ــ « مجلة المجمع العلمي الكردي » ، المجلد الأول ، العدد الاول ، ١٩٧٣ ، ص ٥٥٢ ــ ٥٦٣) .

بــەن »[٦٩] .

وەك وتمان دوٚ کەس یا دوٚ دەســـتەی (؟) [٧٠] جیا « تێگەیشـــتنی راستی »یان دەبرد بەڕێوە ، یەکێکیان فەرمانبەرێکی بەدەسەلآت و زیرەك و دلسوٚزی ئینگلیز بوٚ ، ئەوی تریان روناکبیرێکی کورد یا روٚژهەلآتی‌یەکە بە دڵ بوٚ کوردستان و گەلی کورد سوتاوە . لەبەر ئەوە گەلێ جار لـــە یەك مەبەستدا هەست بە دوٚ شێوازی جیاواز دەکەی چونکە ئەویان بـــوٚ یاری خوٚی و ئەمیان بـــوٚ یاری خوٚی شـــینی کردووە . لە هاندانی کوردا دژی دەسەلآتی عوسمانی ئەم لایەنە روٚن و ئاشکرا دەرکەوتووە . شان‌بەشانی ئەو شێوازەی لە سەرەوە باسمان‌کرد یەکێکی‌تر بە ئاوازێکی‌تر کورد بـــوٚ راپەڕین هان‌دەدا ، ئەوەش بوٚ خوٚی نرخ و بایەخی « تێگەیشتنی راستی » زوٚر بەرز دەکاتەوە ، تـــایبەت گەر کات و شـــوێنیش بگرینە بەرچـــاو . وا لەخوارەوە چەند نمونەیەکی شێوازی دووەم دەخەینە بەرچاو :

لە وتارێکی ژمارە بیـــتو پێنجیدا « تێگەیشتنی راستی » دەلێ :

«کورد دەبێ چاك تێبفکرن ... دەبێ چاك موتەزیری فرسەت (بن ــ لە م.) و بوٚ حەیاتی کوردستان هەرچی لازمە بیکەن . روٚژێکە و ئەمڕوٚ ، دەبێ دەستو بازوٚی هیمەتی کوردی تێدا دەرکەوێ و ناوی باوك و باپیری خوٚیان کە هەموٚ بە شانو باهوٚی خوٚیان بەڕێوە چون و بەندەگێ کەســـیان قبوٚل نەکردووە زیندوٚی بکەنەوە و خوٚیان لە مزگێنێ و زولمی ئەم و ئەو نەجات بدەن . تەماشا کەن خوا بـــەم عەزەمەت و گەورەییەی جورئەت و ئیختیاری بـــە بەندە داوە چاك و خراپ چێ ئارەزوٚ دەکا بیکا ، ئەما ئەوی ئەکەوێتە ژێر باری حوکمی خەلێ جورئەتی ئیختیاریشی لەدەست وەردەگرن و وەك داشی دامە چوٚن ئارەزو بـــکەن وای دەگێڕن » . دوای باســـی ئەو

(٦٩) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە بیـــتو پێنج ، ٢٢ی نیسـانی ١٩١٨ .
(٧٠) دوٚ دلێن لەوەی دوٚ کەس زیاتر بوٚبن .

دواکەوتنەی عوسمانی‌یەکان لەگەڵ خۆیان هێنایانە کوردستان «تێگەیشتنی راستی » لە کوتایی هەمان وتاردا دەڵێ : زەمانی زۆ « قەوم قەومی مەحو نەدەکرد ، ئەما سیاسەتی ئەم زەمانە وا ئیجاب دەکا ئەمڕۆ ئەگەر قەومێ خۆی موحافەزە نەکا هەمو کەس دانی لێ تیژ ئەکا و کە بۆی رێکەوت چنگی تێ دەهاوێ و پارچە پارچەی دەکا • ئەوی عەقڵی (بێ ـ ك• م•) ئەوەندەی بەسـە » (٧١) •

لە وتارێکی‌تریدا « تێگەیشتنی راستی » لەوەش جگەرسۆزانەتر دێتە دەست و بە دڵێکی پڕ لە داخەوە دەڵێ : « لە بەینی ئەو ئەقوامەی تابیعی تورکن(٧٢) لە کورد مەغدورتر نی‌یە ، تورك هەر خوێنیان دەمژن و مەحصولی سەعیان دەخۆن ••• » (٧٣) • لە وتارێکی‌تردا دەڵێ : « ئەمڕۆ قەومێ کە لەوان (لە کورد ـ ك• م•) بە عەدەد کەمتر و بە شەجاعەت لەوان خوارترە بۆ کۆبونەوە سەعی دەکا و بۆ ئەمە کە ئیشی خۆی بە دەستی خۆی رێکخا خەو و خۆراکی لە خۆی حەرام کردووە(٧٤) • ئەمڕۆ کێ حەز ناکا گەورە گەورانی کورد دەسـت بدەنـە یـەك و بـۆ رزگار بونی ئەم قەومـە تێ‌بکۆشـن ••• » (٧٥) •

شوێنی دیار لەسەر لاپەڕەکانی « تێگەیشتنی راستی » بۆ سەرکەوتنی ئینگلیز و هاوپەیمانەکانیان لـە مەیدانی شـەڕدا تەرخان کراوە • جۆر و

(٧١) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە بیـستو پێنج ، ٢٢ی نیسانی ١٩١٨ .
شابانی باسە هەندێ جار هەردوو رێباز لە وتارێکدا یەکیان گرتۆتەوە ، جا ئەوە یا رێکەوتە یا ئەنجامی هاوسەرنجی‌یە بۆ دیاردەی تایبەتی یا لەوەوە هاتووە کە رەنگبێ سۆن و شوکریلفەضلی سەیرو دەستکاری وتاری یەکیان کردبێ .
(٧٢) دیارە مەبەستی «تێگەیشتنی راستی» عوسمانی و تورکانی لاوە .
(٧٣) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە سیو یەك ، ١٠ی حوزەیرانی ١٩١٨ .
(٧٤) لەوە دەکا مەبەستی ئەرمەن بێ .
(٧٥) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە هەژدە ، ٢ی مارتی ١٩١٨ .

شێوازی بڵاوکردنەوەیان شێوەی پڕۆپاگەندەی وەرگرتبێ و زیاتر بۆ ئەوە بو خەڵکی کوردستان وا تێ‌بگەن دوارۆژ لە هەمو لا زیاتر بۆ ئینگلیزە بۆیە دەبێ پشت بەوان ببەستن . بۆنمونە بەشی زۆری ژمارە بیستو یەك بۆ باسی رووداوە گەورەکانی شەڕ لە ماوەی ساڵێکدا تەرخان کراوە و کۆتایێ بەم‌جۆرە هاتووە : « ... ئەڵەمانیا تەمایەتی عالەم بە شێر بگرێ و ببێ بە ئاغای هەمێ خەڵق . خودا مووەفەقی نەکا . زاڵم عومری کەم ئەبێ . ئینگیلتەرە وانیە ، تەرەفداری حاکمیەتی ئەقوامە ، نایەوێ کەس بکا بە عەبدی خۆی بەڵکو دەیەوێ هەمێ خەڵق مەسعود بن بۆیە تائیستە موەفەقە و لەمەولاش موەفەق دەبێ ، عادل دایمە بەرخوردارە »[٧٦] . « ئەڵەمانیا ئەمە چوار ساڵە خەریکە هەر پیاو بەکوشتن‌ئەدا و قووەت و ماڵ سەرف دەکا و موتەفیقەکانی بەگژ ئەم و ئەودا دەکا و تائیستا هیچی بە هیچ نەکرد ، بالعکس ئۆردووەکەی روی لە پەرێشانیە و حکومەتەکەی بەپێر موفلیسیەوە دەچێ . ئەوا ساڵی پێنجەمی حەرب دەستی پێ‌کرد ، شك نیە ناتوانێ ئەم ساڵە بە سەلامەتی بەرێتە سەر چونکە ئیشی تەواوە ... ئەڵەمانیا هەر خۆی نا ، ئەوستریا و تورك و بەلغاریشی بەقوڕدا برد . ئەما ئەوستریا و تورك هەردۆ موستەحەقن چونکە ساڵەهایە زوڵم لە عەناصری ژێردەستیان دەکەن ، ئەم حەربە تائیستە بەعزێکی نەجات دا و ئەوی ماوە ئەوانیش رزگار دەبن »[٧٧] .

دوژمنانی ئینگلیز ، تایبەت ئەڵەمان، هەر لە شەڕدا ژێرنەکەوتن ، بەڵکو سەرەڕای ئەوەش « عەسکەریان چووە هەر جێ وێرانی کرد و ئەهالێ لە رۆحی خۆی بێزار کرد . ئەما ئینگیلتەرە عەسکەری چووە هەر جێ مەعموری

---

(٧٦) «تێگەیشتنی راستێ» ، ژمارە بیستو یەك ، ١٨ای مارتی ١٩١٨ .

(٧٧) «تێگەیشتنی راستێ» ، ژمارە چل ، ٥ی ئابی ١٩١٨ .

کرد و ئەهالی‌یەکەی مەمنون هێشت [٧٨] ... لەبەر ئــەمە ئەڵمانیا تا بێ دۆستی کەم و دوژمنی زۆر دەبێ و ئینگیلتەرە تا بێ دۆســتی زۆر دەبێ » بۆیە « ئینگلیز موەفەقە و ئەڵەمانیا مەغلوبە و زەمان لە ئیــپاتی ئەمە عاجز نی‌یــە » [٧٩] .

بۆ هەمان مەبەست شوێنی تایبەت لە « تێگەیشتنی راســتی »دا بۆ ســەرکەوتن و پێشکەوتنی لەشــکری ئەمیر فەیسەڵ لە حیجاز و شــام و فەلەستین تەرخان‌کراوە . ژمارەی وای هەیە زیاتر لە نیوەی بریتی‌یە لە باسی شەڕی فەلەستین[٨٠] . سەروتاری ژمارە چلو هەشت کە بەم ناونیشــانەیە « ظەفەری عەظیمی فەلەســتین » [٨١] بەجۆرێکی ســەرنج راکێشەر باسی بەدیل‌گرتنی ٥٠ هەزار سەرباز و ٣٢٥ تۆپ و نیوەی ئەفــەری « ئۆردوی هەشتەمی » لەشکری عوسمانی دەکا و بە شانازی‌یەوە دەڵێ «لەشکرگێڕ[٨٢]

---

(٧٨) بە دارشتنەکەیدا لە قسەی سۆن دەکا .

(٧٩) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە ٤٥ ، ٩ی ئەیلولی ١٩١٨ . هەر بەوجۆرە « تێگەیشتنی راســتی » گەلێ نمونەی لەســەر کوشــتن و بڕیــن و خرابەکاری لەشکری عوسمانی لە ئێران و ئازەربایجان و شــوێنی‌تر هێناوەتەوە (بڕوانە هەمان ژمارە و ژمــارە چلو حەوتی رۆژی ٢٣ی ئەیلولی ١٩١٨) .

(٨٠) بۆ نمونە بڕوانە ژمارە چلو هەشت ، ٣٠ی ئەیلولی ١٩١٨ .

(٨١) رۆژنامەی «العرب»یش وتارێکی گەورەی لەژێر هەمــان ناونیشــاندا بلاوکردۆتەوە . ناونیشان و ناوەرۆکی زۆر وتاری گرنگی « تێگەیشتنی راستی » و « العرب » لە یەکیان دەکرد . ئەم چەند نمونەیەی «العرب» بەلگەن : « محاربة الاتراك لدين الاسلام » (٢١ آذار ١٩١٨) ؛ «انتهاك الاتحاديين لقدسيات الاسلام» (٢٥ آذار ١٩١٨) یا «الترك في نظر الالمان» (٨ نیــسان ١٩١٨) ؛ «حول رزء الترك» (٢٦ تشرين الاول ١٩١٨) .

(٨٢) مەبەستی لە (لەشکرگێڕ) (قائد الجيش) یا (القائد العام)ە .

لیمان فۆن ساندەرس [83] بە هەزار حاڵ خۆی لە یەخسیری رزگار کرد » [84] .

« تێگەیشتنی راستی » بڵاوکردنەوەی هەمو هەواڵێکی سەرکەوتنی مەیدانی فەلەستین و شامی بە هەل دەزانی بۆ تازەکردنەوەی باسی خراپەی عوسمانی و ئەلەمان و چاکەی ئینگلیز . « حکومەتی ئینگیلتەرە کە تورکی لەوێش (لە فەلەستین ــ ك . م .) دەرکرد خەڵق حەیاتێکی تازەیان دەست کەوت چونکە لە زەمانی تورکدا هەمو لەبرسانا دەمردن . ئەو زوڵمانەی تورك لە سوریە کردیان گەلێ خراپتر بو » بۆیە دانیشتوانی فەلەستین و سوریە « ئەمڕۆ هەمو بە خوێنی سەری تورکیا تینون » . هەرچی ئەڵەمانیاشە « دەیەوێ خوێنی ئەقوام بمژێ ، ماڵ و حاڵیان پێ نەهێڵێ چونکە ئەو ئەڵێ : ئەقوامی شەرق حەقی بەقایان نییە ؛ یا دەبێ بمرن یا دەبێ عەبدایەتی قبوڵ (بکەن ــ ك. م.) » [85] .

« تێگەیشتنی راستی » و « العرب » گەرماوگەرم قسە و وتەی لێپرسراوانی ئینگلیزیان بەجۆرێکی دیار و سەرنج راکێشەر بڵاو دەکردەوە . نەك هەر سەروتاری ژمارە ٥ و ٦ و ٧ی « تێگەیشتنی راستی » بەڵکو سەرتاپای ئەو سێ ژمارەیە [86] بۆ ناوەرۆك و باسی ئەو وتە گرنگەی لوید جۆرجی سەرەك وەزیر تەرخان کراون کە رۆژی ٥ی کانونی دووەمی ساڵی

---

(٨٣) جەنەراڵ لیمان فۆن ساندەرس شارەزایەکی عەسکەری ناوداری ئەڵەمانییە، ئەو سەردەمە وەك راوێژکەر سەرپەرشتی هێزی چەکداری عوسمانی دەکرد .

(٨٤) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە چلو هەشت ، ٣٠ی ئەیلولی ١٩١٨ .

(٨٥) « تێگەیشتنی راستی » ، ژمارە چلو پێنج ، ٩ی ئەیلولی ١٩١٨ ؛ ژمارە پەنجا ، ١٤ی تەشرینی یەکەمی ١٩١٨ .

(٨٦) تەنها یەك دوو هەواڵی زۆر بچوك لە ژمارە شەش و حەوتدا بڵاوکراونەوە.

١٩١٨ دای(٨٧). «تێگەیشتنی راستی» و «العرب» قسەکانی لوید جۆرجیان بە گەورەترین رووداوو گرنگترین قسەی رەسمی هەمو شەڕ دانا و بە لێدوانەوە بڵاویان کردەوە(٨٨) . لەگەڵ ئەوەش ئەو دوو رۆژنامەیە ئەو قسانەی لوید جۆرجیان نەنوسی کە دەربارەی رۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست (تایبەت سوریە و عیراق) وتبوی چونکە بەڵێنی سەربەخۆیی تەواویان تیا بۆ . بە هەمان دەستور چاوپۆشییان لەو بەشانەی چواردە بەندە ناودارەکەی سەرەك کۆماری ئەمەریکا ویلسن کرد کە بۆ باسی چارەنوسی گەلانی ژێردەستە تەرخان کرابون(٨٩) .

«تێگەیشتنی راستی» و بەتایبەتی «العرب» زۆر زۆر باسی ئەو دەسکەوتە شارستانەتییانەیان دەکرد کە بە هاتنی ئینگلیز لە عیراق بڵاوبونەوە . هەر لە ژمارە یەکیدا «تێگەیشتنی راستی» کەوتە باسی ئەوەی چۆن « جادەی مەملەکەت بە چرای ئەلەکتریك رۆشن کرایەوە و شەو لەگەڵ رۆژدا ئەوەندە

---

(٨٧) رۆژی ٥ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩١٨ لوید جۆرج لە هۆڵی وێستمنیستەر لە بەردەم نوێنەرانی کرێکاری ئینگلتەرە وتارێکی رەسمی گرنگی لەبارەی رووداو و مەبەستەکانی شەڕەوە خوێندەوە . هەر لەو وتارەیدا لوید جۆرج گەلێ باسی ماف و داخوازی رەوای گەلانی کرد (دەربارەی دەقی وتاری ناوبراو بڕوانە :
((War memories of Lloyd George)), Vol. V, London, 1936, PP. 2515 — 2527).

(٨٨) بڕوانە : «العرب» ، ١٢ و ١٩ کانون الثانی ١٩١٨ ؛ « تێگەیشتنی راستی » ، ژمارە پێنج و شەش و حەوت ، ١٥ و ١٩ و ٢٢ ی کانونی دووەمی ١٩١٨ .

(٨٩) تایبەت بەندی دوازدەی کە باسی دواڕۆژی گەلانی ناو ئیمپراتۆری عوسمانی دەکرد . سەیر ئەوەیە رۆژنامەی « العرب » دوای ئەوەش کە ژمارەیە لە خوێنەرانی داوایان لێ کرد دەقی ئەو بەندە وەك خۆی بڵاو بکاتەوە ئینجا هەر خۆی لێ گێل کرد (بڕوانە : « العرب » ، ٧ شباط ١٩١٨) .

فەرقی نەما » و «خەڵق لەبەر ئەو ڕۆشنایی‌یە کە شەڕ لەگەڵ مانگ و ئەستێرە دەکا تا سەعات شەشی (عەرەبی ـ ك‌ە م‌ە) شەو [90] بە هەوەسی خۆیان هاتوچۆ دەکەن . چەند مانگێ لەمەوپێش بۆ چرایەکی تەنەکە هەمو ئاواتیان دەخواست . ئەو تاریکی‌یە لەکوێ و ئەم ڕۆشنایی‌یە لەکوێ ؟ » [91] .

سەیر ئەوەیە لە هەمو «تێگەیشتنی ڕاستی»دا ، بەپێچەوانەی «العرب»ەوە ، شیعرێکی پیاهەڵدانێ بەسەر ئینگلیزدا تێدا نی‌یە هەرچەند شوکریلفەضلی دەستی باڵای لە شیعر وتندا هەبو ، جگە لەوەی شاعیری ناوداری وەك زەهاوی و عەبدوڕڕەحمان بەنا و هی‌تر گەلێ شیعری لەو بابەتەیان بە زمانی عەرەبی لە «العرب»دا بڵاو دەکردەوە . دیارە هۆیەکی گەورەی ئەمە نەبونی شاعیری کورد بو لە بەغدا . هەرچی شوکریلفەضلیش خۆیەتی لە قسەی یەکێ لە هاوڕێکانی‌یەوە وا دەردەکەوێ ڕۆژئاوا پەرست نەبوبێ [92] .

جێی خۆیەتی لێرەدا ڕویەکی تری گرنگ بخەینە بەرچاو کە پەیوەندی بە شۆڕشی ئۆکتۆبەری سۆشیالیزمی ڕوسیاوە هەیە . «تێگەیشتنی ڕاستی» یەکەم چاپکراوی کوردی‌یە باسی ئەم شۆڕشەی کردووە ، بەڵام لە زۆر ژمارەیدا هەوڵی‌داوە ڕوی ڕاستی بشێوێنی کە ئەمەش بۆ خۆی بە ڕونی مەترسی ئینگلیز دەخاتە ڕو . وادیارە لەو کاتەوە حسابی دوازۆڕیان دەکرد . هەمو سەروتاری ژمارە چلو چواری «تێگەیشتنی ڕاستی» بۆ «بەیانی

---

(90) واتە تا نیوە شەو .

(91) «تێگەیشتنی ڕاستی» ، ژمارە یەك ، ١ی کانونی دووەمی ١٩١٨ .

(92) ڕوفائیل بەطی دەڵێ شوکریلفەضلی لەگەڵ ئەوەش لایەنگری ڕژێمی نوێی دوای سەردەمی عوسمانی بو بەڵام ڕقی لە مادی‌یەتی ڕۆژئاوا دەبوەوە و ئامانجی ئەوەبو لە ڕۆژهەڵات هێزێ بێ بتوانێ بەرەنگاری بووەستێ (بڕوانە : « لغة العرب » ، الجزء الاول من السنة الرابعة ، تموز ١٩٢٦ ، ص ٧٦) .

حکومەتی ئینگلیز بۆ ئەقوامی روسیە» تەرخانکراوە کە سەرتاپای بریتییە لە هاندانی گەلانی ناوچەی قەفقاس بۆئەوەی بدەنە پاڵ ئینگلیز کە ، وەك دەڵێ ، ئەوانیان «لە فکر نەچۆتەوە» بۆیە لەشکریان «بۆ یاریدەیان» و «بۆ شەڕی ئەڵەمانیا» ناردۆتە خاکیان . دوابەدوای ئەوە پێیان دەڵێ :

«ئەی ئەقوامی روسیە : ئەمڕۆ بینای ئیستیقلالی ئێوە خەتەرناکە و ئەو حوڕیەتەی کە لە اثنای شۆڕشدا پێیگەیشتن روی لە زەوالە ، سەبەبیش ئەڵەمانیایە . لە دەوری ئەو بەیداغی حوڕیەت و ئیستیقلالە کۆبنەوە کە ئێمە لەناو ئێوەدا هەڵیئەدەین ... ئەی ئەقوامی روسیە : ئێمە نەهاتوین کە تەنها مەملەکەتەکەتان لە دەست ئەڵەمانەکان رزگار بکەین ، بەڵکو تەمامانە بە موساعەدەی ئیقتیصادی بە فریادی بگەین و لە مەشەققەت نەجاتی بدەین » (٩٣) .

شایانی باسە «تێگەیشتنی راستی» سەرەتا نە زۆر و نە کەم دەستکاریی ئەم باسەی نەدەکرد ، کەچی لەدوا ژمارەکانیدا زۆ زۆ دەیجوڵاند و جاربەجار ناپارانەتر دەربارەی دەنوسی . هەر لە ژمارەی ئایندەیدا ناوی دەسەڵاتی نوێی روسیا بەمجۆرە دەبا : « حکومەتە تازە نامەشروعەکەی روسیە»(٩٤) . لەوەش خراپتر «تێگەیشتنی راستی» بەمجۆرە باسی راوودونانی لەشکری ئینگلیز و هارپەیمانەکانی لەلایەن گەلانی روسیاوە رادەگەیاند :

---

(٩٣) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە چلو چوار ، ٢ی ئەیلولی ١٩١٨ . پرسیاری لێرەدا دێتە ناو کە ئایا مەبەست لە بڵاوکردنەوەی بەیانێکی لەم بابەتە بە کوردی چی بوبێ کاتێك « تێگەیشتنی راستی » بەیانی زۆر لەوە گرنگتری بڵاو نەدەکردەوە . تۆ بڵێی ئینگلیز حسابیان بۆ کوردی ناوچەی قەفقاس کردبێ ، چونکە هەر ئەو دەورو بەرە بو کە نوێنێلی کوردستانناسی شارەزایان بەرەو قەفقاس نارد و ئەوەبو لەلایەن جەنگەڵیەکانەوە بە دیل گیرا . دوریش نییە مەبەستی ئینگلیز پرۆپاگەندە بوبێ بۆ سیاسەتی خۆیان .

(٩٤) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە چلو پێنج ، ٩ی ئەیلولی ١٩١٨ .

«ئەفوامی روسیە ئەمڕۆ عەساکری حولەفا بە کەمالی دڵخۆشی لە هەمو جێ ئیستیقبال دەکەن و بە حامی حوڕیەت و ئیستیقلالی خۆیانی دەزانن • لەو بەیانامەیە کە حولەفاو حکومەتی ئینگیلتەرە دای نوری عەدالەت و مەرحەمەتی تێدا دەدرەوشێتەوە ••• حولەفا ئەمڕۆ لە مەسافەیەکی دورەوە عەسکەر بۆ خاکی روسیە دەنێرن و نقوس و ماڵێکی زۆر صەرف دەکەن لەگەڵ ئەمەش هیچ ئارەزوی ئەوە ناکەن یەکێك لەوان پارچەیەکی ئەرزی روسیە ببا » دیارە « عەدالەت هەر ئەمەندە دەبێ » [٩٥] •

لەگەڵ ئەوەش خوێنەر لە رێگەی هەواڵ و باسەکانی ناو «تێگەیشتنی راستی»یەوە دەتوانێ لە چەند رۆیەکی رۆسیای نوێ دروست تێبگا • ئەوەتا «زۆر زابتی رۆس . هەتا لە روتبە گەورەکان لە لەشکری سوردا خزمەت دەکەن و لەم عارە (!)[٩٦] هیچ باکیان نیە » [٩٧] • یا « روسیەی (بۆلشەفی ـ ك• م•) هەرچیەکی بو لەگەڵ عەوامی ئەڵەمان بەشی دەکرد» و «گاڵتەی بە فیکری حولەفا کرد لە ئەمە کە لەشکری‌تر بۆ روسیە دەنێرن» و «ئیشکەرانی رۆس بۆ ئەمە حازرن کە لەگەڵ ئەڵەمانەکان شانەوشان لەسەر راین شەڕ لەگەڵ ماڵدارەکانی ئینگلیز بکەن » [٩٨] •

شایانی باسە دوای داخستنی «تێگەیشتنی راستی» «پێشکەوتن» لەم مەیدانەدا گەرمتر جێگەی گرتەوە • «پێشکەوتن» ژمارەیەوای هەیە لە چوار شوێنی جیایدا باسی «هەرا و بگر» و «یاخی‌بون» و «برسێتی» رۆسیای کردووە[٩٩] بۆیە ، وەك دەڵێ ، « بۆلشەویك لە هەمو لایەکەوە

(٩٥) هەمان ژمارە .
(٩٦) لە « تێگەیشتنی راستی » دا نیە .
(٩٧) « تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە شەستو سێ ، ١٣ی کانونی دووەمی ١٩١٩ .
(٩٨) هەمان ژمارە .
(٩٩) بەوێنە بڕوانە : «پێشکەوتن» ، ژمارە بیستو دوو ، ٢٣ی سێپتامبەری ١٩٢٠ . هەر ئەو ژمارانە پڕن لە هێرشی ناڕەوا بۆسەر شۆڕشگێڕانی

رادەکەن» و «راکردنیشیان بۆتە بەڵا» چونکە بەهۆی ئەوانـەوە «ریـش تاشین لای دەلاك بە هەزار مەناتە[100] (واتە هەزار روبڵ !! ــ ك. م.) و شەکر بە ۳۰ هەزار مەناتە و هێلکەیەك بە دوو هەزار و پەنجا مەناتە [101] » . هەر بە سایەی ئەوانیشەوە «شـارە گەورەکان بووە بە کەلاوە و خـەرابە ، فابریقەکان نەماوە ، نان نەماوە ، حکومەتی بۆلشەویك ناتوانێ بگاتە فریای رەعیەی خۆی ، ئیشو کار و فابریقە نەماوە ، ئەوی مـاوە و هـەیە زوڵم و زۆرە » [102] . زۆر شوێنی ژمارەی تری « پێشـکەوتن » بە دەستوری دوا ژمارەکانی « تێگەیشتنی راستی » بۆ ئەم جۆرە باسە تەرخان کراون [103] .

بەمجۆرە «تێگەیشتنی راستی» ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ دەکردە لەگەڵ باسی هونەری رۆژنامەنوسی ئەم رۆژنامەیە چەند نموونە و باسێکی تری هەمان لایەن دەخەینە بەرچاو .

★ ★ ★

کورد و عەرەب لە باکور و باشوری عیراق و کەمالی لە تورکیا .

(۱۰۰) ئێستە بە نێو مەنـاتە !! .

(۱۰۱) ئێستە دەی بە مەنـاتێکە !! .

(۱۰۲) « پێشـکەوتن » ، ژمارە بیستو شـەش ، ۲۱ی ئۆکتۆبەری ۱۹۲۰ . ئەوجۆرە نوسینانەی نـاو « پێشکەوتن » لە هێ مێجەرسـۆن دەکەن کە ئەوسا حاکمی سیاسی سلێمانی بوو خۆی « پێشکەوتن »ی دامەزراند. هێرشی بێ ئەندازەی « پێشکەوتن » زیـاتر ئەو هۆیانەمان بـۆ روون دەکاتەوە کە هەر ئەو سـاڵە پالیان بە سۆنەوە نا نامەیەکی رەسمی نهێنی بۆ حاکمی سیاسی گشتی ئینگلیز لە عیراق بنێرێ کە تێیدا بەداخەوە باسی ئەوەی کردووە « چۆن خەڵکی ئەو ناوچەیە وایان لێ هاتووە لە ناوو ناوەرۆکی بۆلشـەفیزم تێبگەن » (بڕوانە :
A. T. Wilson, Mesopotamia 1917 — 1920. A clash of loyalities. A Personal and Historical Record, London, 1931, P. 145).

(۱۰۳) بۆنموونە بڕوانە : « پێشـکەوتن » ، ژمارە چلو چوار و حەفتا و سێ و حەفتاو چوار و هەشتا و حەوت و نەوەت و پێنج و گەلێکیتر .

بەشی چوارەم

هونەری رۆژنامەنوسی
لە « تێگەیشتنی راستی »دا

رۆژنامەنوسی و دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤار هونەرێکی هێند بەرزە کە لەدەست هەمو کەس نایەت . لەدەمێکەوە ئەم هونەرە بوتە زانستێکی سەربەخۆی زانکۆکان . لە سالی ١٨٦٩وە هونەری رۆژنامەنوسی وەك دەرس لە ئەمەریکا دەخوێنرێ[1] . ئەمڕۆ بەرزی هونەری رۆژنامەنوسی یەکێکە لە مەرجە هەرە پێویستەکانی ژیان و سەرکەوتنی هەمو رۆژنامە و گۆڤارێك .

بە پێوانەی کات و شوێن پلەی هونەری رۆژنامەنوسی « تێگەیشتنی راستی » بەشی خۆی بەرز بو . ئەمەش لەراستیدا ئەنجامی چەند هۆیەکی تێکەڵ بو . بەر لە هەمو شت نوێنەرانی پێشکەوتوترین گەلی ئەو سەردەمەی جیهان[2] سەرپەرشتی دەرکردنی « تێگەیشتنی راستی »یان دەکرد کە دیارە

---

(١) بڕوانە : د. خلیل صابات ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٣٦ ـ ٣٧ . نەك هەر ئەوە ، بەڵکو لە قوتابخانەی ئیمڕۆی هەمو وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بایەخێکی زۆر بە دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤاری تایبەتی دەدرێ و ئەرکێکی گەورەی پەروەردە و فێرکردنیان خراوەتە ئەستۆ (بڕوانە :
Th. E. Berry, Op. Cit., PP. 267 — 296).

(٢) کەم گەلی جیهان بەرادەی ئینگلیز پەرۆشی خوێندنەوەی رۆژنامە و گۆڤارن (دەربارەی ئەمە بڕوانە ئەو خشتەیەی لە بەشی یەکەمدا بڵاومان کردۆتەوە) .

زۆر شارەزای هونەری رۆژنامەنوسی بوَن • جگە لەوە میّجەر ســۆن بۆ خۆی ، وەك وتمان ، یەكێك بوَ لەو ئینگلیزانەی دەستی بالآیان لە دەركردنی ئــەو رۆژنامە و گۆڤارانەدا هەبوَ كە لە ســەرەتای داگیركردنی عیراقەوە فەرماندەی لەشكری بەریتانی دەستی دایە بلآوكردنەوەیان• شوكریلفەضلیش دەمیَ ساڵ بوَ تێكەڵی كاری رۆژنامەنوسی بوَ بوَو دەستی لە دەركردنی هەموَ ئەو رۆژنامانەدا هەبوَ كە ئینگلیز لە بەغدا بە عەرەبی و فارسی چاپیان دەكردن•

ســەرەتا « تێگەیشتنی راســتی » حەفتەی دوَ جار ـ شــەموان و سیَشەموان بە دوَ لاپەڕە دەردەچوَ • لای سەرەوە نــاوی رۆژنامەكە بەم جۆرە نوسراوە : « تی‌كەیشتن راستی » • لە ژێر ناوەكەدا ژمارە و رۆژی دەرچوَنی بە مێژوَی عیــایی و ئینجا رۆژی حەفتە و دوای ئەوەش رۆژی دەرچوَنی بە هیجری[٣] نوسراون • لای راستی ناوەكەوە نرخی «تێگەیشتنی راستی » چاپكراوە كە « بۆ ناو مەملەكەت » بۆ هەر ١٠٠ ژمارە ٦ روپیَ و « بۆ دەرەوە » ٨ روپیَ و بۆ ٥٠ ژمارە ٣ و ٤ روپیَ و بۆ هــەر ژمارەیەی عانەیەك[٤] بــوَ • لای چەپی ناوی رۆژنامەكەوە نوســراوە : « موخابەرە لەگەڵ ئیدارەخانەی رۆژنامە دەبیَ بكریَ • ژمارە ٩/١٧٨ [٥] • نویشــتەیی كە موافیقی مەسلەكمان بیَ دەینوسین ، ئەگەر نەبیَ نایگەڕێنینەوە • هەر هەفتەی دوَ جار دەردەچیَ : لە بەغداد » • لەژێر هەموَ ئەمانەشەوە نوسراوە :

« رۆژنامەیەكی سیاسی و ئیجتماعی و خادیمی یەكبوَن و سەربەستی كوردانە » •

---

(٣) ژمارە یەكی «تێگەیشتنی راستی» بە هیجری ١٨ی (ربیع الاول)ی ساڵی (١٣٣٦)ە •

(٤) واتە ٤ فلــس •

(٥) مەبەســت ژمارەی ئەو خانووەیە كە شوێنی كارگێڕی «تێگەیشتنی راستی» بوَ . ئەو خانووە لە (شــارع النهر) بوَ و هەمــانكات شــوێنی كارگێڕی رۆژنــامەی « العرب »یش بوَ .

لە ژمارە بیستەوە (١١ی مارتی ١٩١٨) « تێگەیشتنی راستی » بۆتە چوار لاپەڕە بێئەوەی نرخی بگۆڕرێ • لە ژمارە بیستو یەکیشەوە (٢٥ی مارتی ١٩١٨)[٦] بۆتە رۆژنامەیەکی حەفتانە و ئیتر دوشەموان دەردەچوو لەژێر ناوەکەیدا لەبریتی « هەر هەفتەی دو جار دەردەچێ : لە بەغداد » دەنوسرا « هەر هەفتەی جارێ دەردەچێ : لە بەغدا » . بێئەوەی هیچیتری لێ بگۆڕرێ •

لە سەرەتاوە تا کۆتایی هەمو ژمارەکانی « تێگەیشتنی راستی » بە بارست وەك یەکن : ٢٤×٣٦ سم • رۆژنامەی « العرب » و رۆژنامەی « پێشکەوتن » کە سۆن دوایی لە سلێمانی دەریکرد هەر بەو بارستە یا نزیکی چاپ دەکران [٧] •

وەك وتمان یەکەم ژمارەی « تێگەیشتنی راستی » رۆژی یەکی کانونی دووەمی سالی ١٩١٨ بلاوبۆوە • هەرچی دوا ژمارەیەتی رۆژی ٢٧ی کانونی دووەمی سالی ١٩١٩ دەرچو • واتە « تێگەیشتنی راستی » بەسەریەکەوە تەنها سالێك و ٢٦ رۆژ ژیا • دروشمی دوا ژمارەی وەك یەکەم ژمارەیەتی ، واتە بێدەستکاری نوسراوە : « رۆژنامەیەکی سیاسی و ئیجتیماعی و خادمی یەکبون و سەربەستی کوردانە » •

هەرچەندە ژمارەی (٦٥) لەسەر لاپەڕەی دوا ژمارەی « تێگەیشتنی راستی » چاپکراوە بەلام راستەکەی هەموی بەسەریەکەوە (٦٧) ژمارە لەم رۆژنامەیە چاپکرا • کاتی بلاوکردنەوەی ژمارەکانی دو هەلە کراوە • دو

---

(٦) ئەو جیاوازییە زۆرەی نێوان رۆژی دەرچونی ژمارە بیست و ژمارە بیستو یەك ، وەك باسی دەکەین ، ئەنجامی ئەوەیە کە بە هەلە دو جار ژمارە بیستو یەك چاپکراوە .

(٧) وادیارە ئەو راهاتنە بووە هۆی ئەوەی دوایی «ژیانەوە» و «ژین» بە هەمانبارست چاپ بکرێن .

جار ژماره (٢٠) چاپکراوه و هەردوکیشیان رۆژی ١١ مارتی ١٩١٨یان بەسەرەوەیە • سەیرئەوەیە جیاوازی‌یەکی کەم لە ناوەرۆکی ئەم دوو ژمارەیەدا هەیە • سەروتاری هەردوکیان وەك یەك بریتی‌یە لە چاوپێکەوتنێك لەگەڵ حەمدی بابان [٨] کە هەمو لاپەڕە یەك و چواریەکی لاپەڕە دوی گرتوتەوە • ئەوی‌تری لاپەڕە دوی هەردو ژمارەکە وەك یەك بۆ « ئەدەبیاتی کورد » تەرخان کراوە • لە تیوەی یەکەمی لاپەڕە سێی هەردوکیاندا بێ‌جیاوازی باسی « حەوادیسی محلیه » ، « زمراعەت » ، «بیمارستان ــ خەستەخانە» و قسەی « تێگەیشتنی راستی » دەربارەی بایەخ پێدانی ئینگلیز بە ئاوەدانی بلاو کراونەتەوە • لێرە بەدواوە جیاوازی نێوان ئەم دو ژمارەیە دەست‌پێ‌دەکا • لە تیوەی دووەمی لاپەڕە سێی یەکێکیاندا ئەم باسانە بلاوکراونەتەوە : « ئەخباری کاظمیه » ، « هاتنی روئەسای دەغارە » ، شەڕ « لە مەیدانی عیراق » و «تەلگرافی رۆیتەر ، مارتی ١٩١٨ » کە باسی هەوالەکانی دەرموەیە و هەمو لاپەڕە چواری گرتوتەوە ، کەچی لە ژمارەکەی‌تردا لەبریتی هەمو ئەو باسانە وتاریکی گەورە بەم ناونیشانە بلاوکراوەتەوە : « موازەنەی قیوای دو تەرەف لەم شەڕەدا » کە تیوەی لاپەڕە سێ و سەرتاپای لاپەڕە چواری داپۆشیوە و بریتی‌یە لە باسی سەرکەوتنەکانی ئینگلیز و شکاندنی یەك لەدوای یەکی ئەلەمان و تورك •

---

(٨) حەمدی بابان یەکێك بو لە کوردە ناودارەکانی ئەوسای بەغدا . بە ناوەرۆکی «تێگەیشتنی راستی»دا وا دەردەکەوی ئینگلیز بایەخی زۆریان پێ دابێ ، لەوە دەکا ، وەك کاتی خۆی باسی دەکەین ، حەمدی بەگی بابان لە دەسەلات و رەفتاری ناهەمواری عوسمانی زۆر داخ لە دڵ بوبێ . شایانی باسە لە ژمارە بیستو یەکی «تێگەیشتنی راستی»دا ئەم هەوالە بلاوکراوەتەوە : «جەنابی حەمدی بەگی بابان ٢٥ نوسخە کتیبی دەستخەتی دا بە کتیبخانەی مەعاریف. ئەم ئیحسانە مەعاریف پەروەری‌یە حەقیقەتەن لایقی ستایشە » (بڕوانە : «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە بیستو یەك ، ٢٥ی مارتی ١٩١٨) .

هەڵەی دووەم بەر ژمارە (۲۱) کەوتووە : لەسەر دوّ ژمارەی جیاوازی یەك لەدوای یەك رۆژی ۲٥ی مارتی ۱۹۱۸ چاپکراوە ، هەرچەند هیچ باسێك نیە لەم دوّ ژمارەیەدا لە یەك بکەن، وادیارە ئەم هەڵەیە بەسەر بەرێوەبەرانی « تێگەیشتنی راستی »دا تێپەڕیوە بۆیە لە هیچ ژمارەیەکدا سەرنجیان بۆ رانەکێشاوە و باسیان نەکردووە .

ئینگلیز لە هەڵبژاردنی ناوی « تێگەیشتنی راستی » بۆ رۆژنامەکەیان مەبەستی خۆیان هەبوو . لە ژمارە چوارەوە لەژێر ناونیشانی « تێگەیشتنی راستی »دا جاروبار وتارێکی کورت یا هەواڵێکی گرنگ بلاّو دەکرایەوە کە هەموی بریتی بو لە باسی چاکە و سەرکەوتنی ئینگلیز و خراپە و ژێرکەوتنی ناحەزانیان ، کە ئەوەش بەلای ئینگلیزەوە راستیە بۆ دەبو دانیشتوانی کوردستان تێی بگەن . وا لەخوارەوە یەکەم نموّنەی ئەو « تێگەیشتنی راستی »یانە دەخەینە بەرچاو :

« تێگەیشتنی راستی : ئەوی لەم حسابە ورد بێتەوە دەبینێ کە حکومەتی موعەظەمەی بەریتانیا لە سالی ۱۹۱۷دا یەك و چوار زیاتر بەسەر دوژمندا زاڵە، لەبەرئەمە ئومێدێکی بەقوەتمان هەیە کە لەم حەربە عمومیەدا بە موەفەقیەتێکی تەواو دەرچێ و ئەقوامی شەرق هەمو ، خصوصەن عەرەب و کوردی عیراق و ئەترافی ، لە پەرێشانی رزگار بکا و بە سەربەستی و یەك بون شاد بن چونکە ئەم مطلبە موقەدەسانە هەر بە یارمەتی حکومەتێکی بە عەدالەت و ئینصافی وەك بەریتانیای گەورە پێك دێ»[۹].

شایانی باسە ئینگلیزەکان دەیانویست ناوێکی هەر لەو بابەتە یا ((Baghdad Times)) لە رۆژنامە عەرەبیەکەیان بنێن ، بەلاّم وادیارە ئەنستاس کەرمەلی ئەو بیرەی پێ گۆڕیون و ناوەکەی پێ کردونە

---

(۹) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە چوار ، ۱۲ی کانونی دووەمی ۱۹۱۸ .

« العرب »[10] •

له هەمو ژمارەیەکی « تێگەیشتنی راستی »دا سەروتار یا هەواڵ و باسێکی گرنگ وەك سەروتار بلاوکراوەتەوە • بەوجۆرە لە (٦٧) ژمارەکەی ئەم رۆژنامەیەدا (٦٦) سەروتار هەیە [11] • لە زۆر ژمارەیدا جگە لە سەروتار وتارێکیتر بلاوکراوەتەوە • ناونیشانی زوربەی وتارەکانی ناو « تێگەیشتنی راستی » بە گشتی و بۆ کورد بەتایبەتی سەرنج راکێشەرن • ئەمانە چەند نمونەیەکی ئەو ناونیشانانەن :

« سولتان سەلاحەددین و تورکەکان » (ژمارە هەشت) ؛ « حکومەتی ئینگیلتەرە • فورس و تورك و رۆس و ئەلەمان » (ژمارە نۆ) ؛ «ئینگیلتەرە و ئیسلام » (ژمارە سیازدە) ؛ « فیکری ئینگلیز و فەرەنسە و ئەمەریکا و ئیتالیا دەرحەق ئەقوامی شەرق و عەرەب چیە» (ژمارە هەژدە) ؛ «روئەسای کورد دەبێ چی بکەن ؟ » (ژمارە نۆزدە) ؛ « ئینگیلتەرە و ئەلەمانیا لەم شەڕەدا » (ژمارە بیستو دۆ) ؛ « تورك بە عەمەلی کورد و ئەقوامیتر نایە » (ژمارە بیستو هەشت) ؛ «حکومەتی تورك بۆچی شەڕ دەکا» (ژمارە سیو هەشت) ؛ « فەرقی حکومەتی ئینگلیز و تورك » (ژمارە چلو چوار) ؛ « حکومەتی تورك بێهێز بووە » (ژمارە پەنجا) ؛ « سەربەستی فیکری و قەومی » (ژمارە پەنجا و حەوت) ؛ « ئایندەی عالەم » (ژمارە شەستو دۆ) •

ناوی کەس لەسەر هیچکام لەم سەروتارانە نەنوسراوە تەنها سەروتاری ژمارە چلو چوار نەبێ کە بە ناونیشانی « عەدالەت شیرێکی تێژە » و لە نوسینی زەینەلعابدین کاشانی ناوە و هەمو لاپەڕە یەك و دۆی گرتۆتەوە[12]• وا پێدەکا خاوەنی ئەم وتارە پیاوێکی ئایینی عەرەب بێ کە زۆر

---

(١٠) بڕوانە : عبدالرزاق الحسني ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٧٦ .

(١١) بۆیە (٦٦)ە چونکە سەروتاری ژمارە (٢٠)ی دۆبارە کراو وەك یەکن ، بەپێچەوانەی ژمارە (٢١)ەوە .

(١٢) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە چلو یەك ، ١٢ی ئابی ١٩١٨ .

خۆشەویستانە باسی ئەوروپاییەکانی کردووە چونکە وەك دەڵێ بە « شیری تیژی عەدالەت » « ئەمڕۆ ریاسەتی هەمو بەشەر دەکەن و لغاوی حوکمی دڕەوشاریان گرتۆتە دەست » و خەڵق « حەیرانی صنعەتیان » دەبێ کە « مسافەیان پێ نزیك و موخابەرەیان پێ خێرا و عەقڵی ئەشیایان پێ ئاسان کرد » ، سەرتاپای ئەوکارانەش بەهۆی « عەدالەتەوە جێبەجێ بون»(١٣) .

جگە لە سەروتار « تێگەیشتنی راستی » هەواڵی زۆری مەیدانەکانی شەڕی بەپێی راگەیاندنی « رۆیتەر » بڵاو دەکردەوە ، دیارە زۆرتر بایەخی بە سەرکەوتنەکانی ئینگلیز دەدا . جاروبار « تێگەیشتنی راستی » دەهاتە سەر باسی سیاسەتی نێوان دەوڵەتان وەك ئەوەی باسی رێبازی سیاسی تورکانی لاو و پەیوەندی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئەڵەمانیا و باری سیاسی روسیا و ناوچەکانی قەفقاس و باسی‌تری لەوجۆرەی دەکرد . لە ژمارەی بیستەمی‌یەوە « تێگەیشتنی راستی » کەوتە بایەخدانی زیاتر بە هەواڵ و روداو و ئاڵوگۆڕی ناو عیراق خۆی ، وەك باسی ژیانی ئابوری و روناکبیری و تەندروستی و بەراوردکردنی لەگەڵ ئەوەی لە سەردەمی عوسمانیدا هەبێ . لە ژمارە بیستو یەکەوە « تێگەیشتنی راستی » دەستی کردە بڵاوکردنەوەی ئاگاداری‌یەکانی فەرماندەی لەشکر و ئەو یاسا و بڕیارانەی دەری دەکردن . وا لە خوارەوە نمونەی یەکێ لەو ئاگاداری‌یانە دەخەینە بەرچاو :

« ئیعلان : من کە ولیەم رین مارشاڵ ـ کەی . سی . بی ـ و فەریق

(١٣) دیارە هەمان وتار بە عەرەبیش لە «العرب»دا بڵاوکراوەتەوە چونکە بڕی‌یە لە پیاهەڵدان بەسەر شانو باهوی ئینگلیزدا . کۆتایی بەمجۆرە هاتووە : «ئەگەر مەنتیق زانێك بیەوێ کەمێکی چاکەی ئەم حکومەتەی (ئینگلیز لە عیراق ـ ك. م.) بەیان بکا زمانی ماندو دەبێ و تەواوی ناکا و قەڵەمی کول دەبێ ... خولاسە ئەم حکومەتە بۆ ئەهالی نیعمەتێکی خوایە» . لەوە دەکا مێجەر سۆن وەری‌گێڕابێتە سەر زمانی کوردی .

ئەوەڵم بینا لەسەر ئەو سەلاحیەتەی بە سیفەتی لەشکرگێڕی عمومی قووەتی عیراق کە لە جەلالەتمەئابی بەریتانیاوە بە من دراوە فەقەراتی ئاتیە ئیعلان دەکەم : هەر کەسێ قسەیەکی درۆ یاخود شایەعەیەك یا تەقریرێك کە خەڵك بە ئەمنیەتی عمومی بگەیێنێ و ... خەڵق بێلزوم بترسێنێ و ئەفکاریان مشەوەش بکا کە ئەم جورمە لەسەری سابیت بێ بە ئیعدام و یا بە عقوبەتێکی سوکتر » بەپێی بڕی دادگا حوکم دەدرێ [١٤] .

« تێگەیشتنی راستی » یەکەم رۆژنامەی کوردییە کە ئاگاداری و پرۆپاگەندەی بازرگانی بڵاوکردۆتەوە . کاربەدەستانی ئینگلیز لە دەرەوەی بەغدا پیشانگەیەکی تایبەتییان کردەوە بۆ فرۆشتنی ئەو کەلوپەلانەی لێیان زیاد بێ . لە یەکێ لە ژمارەکانیدا « تێگەیشتنی راستی » بەم شیوە بزوێنەرە باسی ئەو پیشانگەیە دەکا و دەڵێ : « ... ئەشیای وای تێدا هەیە کە بۆ ئەهالی ئەم مەملەکەتە زۆر بەقیمەتە و بە عەمەلیان دێ . تاجیرێکی زیرەك مومکینە قازانجێکی چاکی لێی دەستکەوێ ... ئەو شتومەکانە کە لەوێدان قیمەتیان لە چەند هەزار لیرەی ئینگلیزێ زیاترە ، لەگەڵ ئەمە هیچ شتێکی تێدا نییە کە فیاتی (نرخی ــ ك. م.) زۆر بێ »[١٥] . لە ئاگاداریەکی تری لەو بابەتەدا دەڵێ : « کاروانی کۆلارە [١٦] لە بەینی میسر و بەغدا ... مودەتی سەفەر لە قاهیرەوە بۆ بەغداد لەبەینی دو سێ هەفتەدایە » بەڵام « ئەو کۆلارەیە » ئەو کاروانەی تەنها بە « ١٢ سەعات و ٣٥ دەقیقە طەی

---

(١٤) بڕوانە: «تێگەیشتنی راستی»، ژمارە بیستو حەوت ، ٦ی مایسی ١٩١٨. بە ناوەرۆکی ئەو ئاگاداریەدا وا دەردەکەوێ تورکخوایانی عیراق ئەو رۆژانە چالاکانە خەریکی بڵاوکردنەوەی پرۆپاگەندە بون دژی ئینگلیز .

(١٥) بڕوانە : «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە پەنجا و هەشت ، ٩ی کانونی یەکەمی ١٩١٨ .

(١٦) مەبەستی فڕۆکەیە . لە بەشی داهاتودا دێینە سەر باسی ئەو زاراوانەی «تێگەیشتنی راستی» بۆ یەکەم جار بەکاریهێناون .

کرد »(١٧) .

هەمان‌کات « تێگەیشتنی راستی » یەکەم رۆژنامەی کوردیە ریپۆرتاج و چاوپێکەوتنی رۆژنامەنوسی بڵاوکردۆتەوە . نوێنەری « تێگەیشتنی راستی » دوو جار گفتوگۆی تایبەتی لەگەڵ حەمدی بەگی بابان کردووە . جاری یەکەم داوای لێ کردووە بیری خۆی دەربارەی رۆژنامەکە و باری سیاسی کوردستان دەربڕێ . لە وەڵامدا « ئەمیرزادەی ئەجەل و ئەکرەمی بابان جەنابی حەمدی بەگ » وتویە : « ... ئەمڕۆ ئێمە لە زەمانێکداین کە حەقی حاکمیەتی ئەقوامی تێدا تەعیین دەکرێ . عەقل و نەجابەت و شەرەفی کوردان هەڵبەتە موساعیدی ئەمە نیە کە فرسەتێکی وا گەورەی لە دەس دەربکەن . قەت زەن ناکەم کوردان بە قسەی کرێ گرتەی ئەڵەمان تەفرە بخۆن و دەرحەق تاریخ و حەیسیەت و ئایندەی خۆیان خیانەت بکەن . کوردان ئەم زەمانەیان چاك پێ تەقدیر دەکرێ ، حەقی خۆیان هەڵبەتە داوا دەکەن و معاوەنەتی حکومەتی ئینگیلتەرە دەست خۆیان ئەخەن و لە ئەسیری خۆیان رزگار دەکەن » . وەك بەڵگە باسی ئەوە دەکا چۆن کاتێ لە « کوردستان و موسڵ » بەهۆی عوسمانی و ئەڵەمانەوە « خەڵکێکی زۆر لەبرسانا دەمرن » لە بەغدا لەژێر سایەی ئینگلیزدا «کیسەی هەموو پڕە و زگی هەموو تێرە » (١٨) .

پاش ماوەیە « موخبیری رۆژنامەی تێگەیشتنی راستی » دیسان چاوی بە « جەنابی سەعادەتمەئاب حەزرەتی حەمدی پاشای بابان » کەوتەوە . ئەمجارەش بە هەمان دەستور حەمدی بەگی بابان کورد بۆ هاریکاری ئینگلیز هاندەدا و دەڵێ :

---

(١٧) بڕوانە : «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە پەنجاو هەشت . ٩ی کانونی یەکەمی ١٩١٨ .

(١٨) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە بیست ، ١١ی مارتی ١٩١٨ .

« خولاسـه قەومی کورد لەلام موحەقەقە کە لەشـکری ئینگلیز و حکومەتی بەریتانیای عوزما بـە کەمالی دڵخۆشی و ئیحترام ئیسـتیقبال دەکەن و بە قسەی کەس تەفرە ناخۆن چونکە تورکەکانیان ئەمەندە تەجروبە کرد تا عاجز بۆن ... ئەمەڵان زۆرە کە حکومەتی حازرە کوردان بە نەزەری لوتف تەماشا بکا و رێی سەعادەتیان پێ نیشان بدا »[١٩] .

بەبۆنەی تەواوبونی شەڕەوە « تێگەیشتنی راستی » لە ژمارە پەنجا و سێیدا ریپۆرتاجێکی رێکوپێکی دەربارەی ئەو ئاهەنـگە بڵاوکردەوە کە فەرماندەی لەشکری ئینگلیز لـە بەغدا گێڕای [٢٠] . لـەو ریپۆرتاجەیدا « تێگەیشتنی راستی » باسی رازاندنەوەی بەغدا و « داگیرسـانی چـرای ئەلەکتریك بە شەو » و شادمانی خەڵك و ئـاگردانی ٢١ تۆپ بەوبۆنەیەوە دەکا . دوابەدوای ئەوە نوێنەری « تێگەیشتنی راستی » دەڵێ : « رۆژی شەممە لە بەغدا رۆژێ بو کە لە فکر ناچێتەوە ... کۆلانان لەبەر سەیرکەران عادەتا وەکو جۆگەی ذی حەیات جەرەیانی دەکرد و جلی خۆل رەنـگی زابتان و عەسکەری ئینگلیز و هیندییەکان لەگەڵ جلی رەنگاورەنگی ئەهالی مەنزەرێکی غەریبی نیشانئەدا و هەموکەس لوبابی فەرەح و رۆخۆش بو .. مۆسیقا لەو سێ مەیدانەدا کە لە پرۆغرامەکەدا تەخصیص کرابو ئەویش بەردەمی دائیرەی لەشکرگێڕ و بانق و مەیدان بو دەستی بە تەرەنوم کرد ، چەند کۆلارەیەك لە هەوادا دەستیانکرد بە یاری ، بـەرز و نزم دەبون و تەقلەیان لێئەدا و لە خوارەوە چەپڵەیان بۆ لێئەدان و تەحسینیان دەکردن .

(١٩) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە بیستو هەشت ، ١٣ی مایسی ١٩١٨ .

(٢٠) هەمو ژمارە ٥٣ی «تێگەیشتنی راستی» بۆ باسی کۆتایی شەڕ تەرخانکراوە و بە مانشێتێکی گەورە لە ناوەڕاستی یەکەم لاپەڕەی نوسراوە «موتارەکەی ئینگلیز و تورك» («تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە پەنجاوسێ ، ٤ی تەشرینی دووەمی ١٩١٨) . لەو سەردەمەوە «موتارەکە» بە مانای «هدنە» یا « صلح » تێکەڵی نوسینی سیاسی کوردی بو .

کە شەو هات نوری ئەلەکتریك رۆژی هێنا و خەلك بــە کەمالی فەرەح لە کولانەکاندا هاتوچۆیان دەکرد » • ئەم ریپۆرتاجە نزیکەی نیوەی لاپەڕە سێی ژمارەکەی داپۆشیوە •

هەمان ژمارە ریپۆرتاجێکی تری دەربارەی ئاهــەنگی نەجەف بــلاو کردۆتەوە • وەك دەلێ لەو ئاهەنگەدا «٧٢ سەید و ١٧٠ شێخ و لەگەل هەر شێخێ کۆلێ ئەتباع حازر بون ••• ئەوی ئیشتراکی ئەم ئیجتماعەیــان کرد چاك تێگەیشتن کە عەصرێکی تازەیان بۆ ظاهر بو کە عیبارەتە لە سەلامەتی و ئیتیفاق و ئازادێ و تەرەقێ » [٢١] •

دیسان « تێگەیشتنی راستێ » یەکەم رۆژنامەی کوردی‌یە کە وێنــەی لەسەر لاپەڕەکانی بلاوکردۆتەوە • ئەو وێنــانە لە ژێرەوەی دوا لاپــەڕەی ژمارەکەدا چاپ دەکران • یەکەم وێنە لە ژمــارە دۆیدا بلاو کراوەتــەوە و لەژێرەوەی نوسراوە «پاپۆرێکی ئینگلیزێ لە ساحیلی فەرەنسەدا عەسکەری ئینگلیز ئەکاتە دەرێ [٢٢] بۆ روکاری حەربی فەرەنســە » [٢٣] • هــەمێوی بەسەر یەکەوە دوازدە وێنە لە « تێگەیشتنی راستێ»دا بلاوکراوەتەوە [٢٤] کە زوربەیان وێنەی چەك و مەیدانەکانی شەڕن ، وەك «حەزرەتی حوکمدارێ ئینگیلتەرە تەماشای کەشتیانی زرێدار دەکا » (ژمارە حەوت) ؛ «عەسکەری ئینگلیز بە مەترەلیۆزێکەوە لەناو خەندەقدان » (ژمارە هەشت) ؛ « عەسکەری ئینگلیز حوشتری خۆیان دەشۆن» (ژمارە نۆ) ؛ « کۆلارەوایێکی ئینگلیــز

---

(٢١) «تێگەیشتنی راستێ» ، ژمارە پەنجا و سێ ، ٤ی تــەشرینی دووەمی ١٩١٨ .

(٢٢) دیارە مەبەستی ئەوەیە بلێ سەربازی ئینگلیز دادەبەزێنێ .

(٢٣) «تێگەیشتنی راستێ» ، ژمارە دۆ ، ٥ی کانونی دووەمی ١٩١٨ .

(٢٤) لەو ژمارانەدا کە من دیومن هێندێ لەو وێنانە باش دەرنەچون ، ئەوانی‌تر زۆر باش دیارن . بە کەمێ ژمارەی ئەو وێنانەدا وا دەردەکەوێ ئەوسا کاری دەرهێنانی زەنکۆگراف لە بەغدا ئاسان نەبوێ .

کۆلارەکەی پیشانی خەڵك ئەدا » (ژمارە یازدە) ؛ «ئالەتێکی دوژمن کوژی ئینگلیز» (ژمارە چواردە) .

تا ئیستە بۆمان ساغ نەبۆتەوە چەند دانە لە «تێگەیشتنی راستی» چاپ دەکرا و چۆن دابەش دەکرا . بەڵام گومان لەوەدا نی‌یە کە ژمارەی لێ دەگەیشتە ئەو ناوچانەی کوردستان کە هێشتا بەدەست لەشکری عوسمانی‌یەوە بون [٢٥] . دوور نی‌یە ژمارەی لێ گەیشتبێتە کوردستانی ئێرانیش چونکە ئینگلیز بایەخی زۆریان پێ دەدا و ئەو بایەخەش لەسەر لاپەڕەکانی «تێگەیشتنی راستی» رەنگی دابۆوە [٢٦] .

زوربەی هەرە زۆری وتارەکانی « تێگەیشتنی راستی » بە کوردی‌یەکی ساکار داڕێژراون . راستە نوسەرانی وشەی عەرەبی‌یان زۆر بەکار هێناوە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش نوسینەکانیان تام و چێژی کوردی‌یانەیان لەدەست‌نەداوە ، بەتایبەتی چونکە گەلێ جار لە شوێنی لەباردا بە پەندی پێشنیان و قسەی نەستەق رازێنراونەوە [٢٧] . لە هەمو ژمارەکانی «تێگەیشتنی راستی»دا تەنها جارێ وشەیەکی ناقۆڵای وەك «سەرسەری» بەکارهێنراوە [٢٨] .

---

(٢٥) سالەکانی شەڕ هەمو جۆرە پەیوەندی‌یەکی ئاسایی لەنێوان ئەو ناوچانەی بە دەست ئینگلیز و ئەوانی بەدەست عوسمانی‌یەوە بون هەبو ، لەبەرئەوە دور نی‌یە بەئاسانی ژمارەکانی «تێگەیشتنی راستی» گەیشتبنە کوردستان.

(٢٦) «تێگەیشتنی راستی» گەلێ‌جار هاتۆتە سەر باسی ئێران و کوردی ئێران و خراپەی عوسمانی و ئەڵمان لە کوردستان و ئازەربایجان و برسێتی ئەو ناوچانە و هۆی ناردنی لەشکری ئینگلیز بۆ ئەوێ (بڕوانە : «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە دوازدە ، ٩ی شوباتی ١٩١٨ ؛ ژمارە چلو حەوت ، ٢٣ی ئەیلولی ١٩١٨ و هی‌تر) .

(٢٧) لە بەشی داهاتودا بەدرێژی دێینەوە سەر ئەم باسە .

(٢٨) بەکارهێنانەکەی بەجۆرێکە کە تارادەیەکی زۆر لە زەقی مانای ئەو وشەیەی کەم کردۆتەوە . «تێگەیشتنی راستی» لە یەکێك لە وتارەکانیدا نوسیویە دەڵێ : «ئەگەر تورکەکان پیاوی چاك دەبون بەم‌نەوعە ئیشی

وتارەکانی «تێگەیشتنی راستی» هەمو درێژو پڕ لە قسەو و باس و هەواڵن • وتاریوای هەیە دو لاپەڕەی رۆژنامەکەی گرتوتەوە ، هیواشی تیایە بە ژمارەیە کوتایی نەهاتووە و لەژێرەوەی نوسراوە «تەواوی دێ» یا «دوایی دێ» • بەلام هیچ وتارێك نیە لە یەك ژمارەدا کرابێ بە دو بەشەوە، واتە سەرەتاکەی لە لاپەڕەیەك و کوتاییەکەی یەکسەر لە لاپەڕەی داهاتودا نەبێ • جێگەی تەقدیریشە کە بەدەگمەن خوێنەر توشی هەڵەی چاپ دێ • ئەمە بو خوی رویەکی هونەری گرنگی «تێگەیشتنی راستی»یە ، بەتایبەتی گەر بێتو ئەوە لەیاد نەکەین کە کاری چاپ ئەوسا گەلی گرانتر بو وەك لە ئیستە • بڕوا ناکرێ ئەوسا کرێکارێکی چاپی کورد یا کوردی لە هەمو بەغدادا هەبوبێ •

ئەم روانەی باسمان کردن لەگەڵ شیکردنەوەی بایەخپێدانی «تێگەیشتنی راستی» بە زمان و ئەدەب و مێژوی کورد زیاتر خو دەنوێنن •

★ ★ ★

خویان تەسلیمی دو سێ سەرسەری سیاسەت نەدەکرد و خویان وا ماڵوێران و پەرێشان و داماو نەدەهێشت » (بڕوانە : «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە پەنجاو سێ ، ٤ی تەشرینی دووەمی ١٩١٨) .

بەشی پێنجەم

زمان و ئەدەب و مێژوی کورد
لـە
((تێگەیشتنی راستی))دا

گرنگی و بایەخی زۆری «تێگەیشتنی راستی» وەك رۆژنامەیەکی کوردی لە قوژبنی ئەو شوێنە دیارەوە دەردەکەوێ کە بۆ زمان و ئەدەب و مێژوی کوردی تەرخان کردبو • لەم بەشەی کتێبەکەماندا هەوڵدەدەین بەپێی توانا و دەسەلات ئەم سێ لایەنە بایەخدارە لە چوارچێوەی هەڵسەنگاندنێکی راستدا بخەینە بەرچاو •

« تێگەیشتنی راستی» و زمانی کوردی :

بێ گومان سادەیی و رەوانی زمان مەرجی پێویستی سەرکەوتنی کاری رۆژنامەنوسێن • وەك بەر لە ئێستە باسمانکرد لە هەمو ژمارەکانی «تێگەیشنی راستی»دا وشە و رستەی عەرەبی زۆر بەکارهێنراون ، بەلام بێئەوەی زمانی کوردی لەوێدا شیرینی رەسەنی خۆی دۆڕاندبێ • هەر خوێندەوارێکی کورد ئەمڕۆ ژمارەیەکی «تێگەیشتنی راستی» دەستکەوێ تا کۆتایی واز لە خوێندنەوەی ناهێنێ • ئەمە بۆخۆی شتێکی مانادارە •

زوربەی وتارەکانی «تێگەیشتنی راستی» بە شیعری شاعیران و پەندی

پێشنیان و نمونەی جوان جوان رازێنراونەوە ، وەك : «بە تیرێ دوّ نیشانی دەشکاند » ، «لە سەرەوە دوّستە و لە ژێرەوە دوژمــن» ، «گورگە و لــە پێستی مەڕدایە» ، «شوێن کڵاوی بابردوّ کەوتوّن» [1] ، «پارو لە دەمی خوّی دەرئەهێنێ» . «لەپاش باران کەپەنك» .

سەرپەرشتیکەرانی «تێگەیشتنی راستێ» هەوڵێکی باشیان داوە بــوّ هەڵبژاردن و داڕشتنی وشەی کوردێ پەتێ بوّ ماناێ نوێ . وا لەخوارەوە چەند نمونەیە دەخەینە بەرچــاو :

به عەرەبی	له «تیگەیشتنی راستێ»دا	ئیستە
الطیــارة	کوّلارە (ژمارە یازدە و بیــــت)	فڕوّکە
الطیــار	کوّلارەوان (ژمارە یازدە)	فڕوّکەوان
المطــار	ئارامگای کوّلارە (ژمارە پەنجا و هەشت)	فڕوّکەخانە
الشرق	روّژهەڵات (ژمارە دوازدە)	روّژهەڵات
الجنوب	راست (ژمارە دوازدە)	خوارو ، باشوور
الشمــال	چــەپ (ژمارە دوازدە)	سەرو ، بــاکوور
الســفینة	گوّمێ (ژمارە دوازدە)	
	پابوّڕ (ژمارە چلو حەوت)	کەشتێ، گوّمێ، پاپوّڕ
لاجیء	پەناهێنەر (ژمارە پەنجاو یەك)	پەنابەر
العقبة	قوّرت (ژمارە پەنجاو یەك)	قوّرت ، لەگەرە
الجبهة	روکار (ژمارە پەنجاو چوار)	بەرە ، شەڕگە
الحــارس	دەرگەوان (ژمارە بیستو یەك)	دەرگەوان

(1) ئــەم پەندە جارێ وا بــەکارهێنراوە : « شــوێن کڵاوی لار کەوتن » (« تێگەیشــتنی راستێ » ، ژمارە چلو نــوّ ، ۷ی تەشرینی یــەکەمی ۱۹۱۸) ، لەوە دەکا مێجەر سوّن بەکاری‌هێنابێ و لێی تێك‌چوبێ .

لاسلكي	بێ‌تەل (ژمارە پەنجا و هەشت)	بێ‌تــەل
اللهجة	شێوە (ژمارە بیست)	شێوە
الراسمالي	ماڵدار (ژمارە شەستوسێ)	سەرمایەدار
الممثل	نوێنەر (ژمارە شەستو سێ)	نوێنــەر

جگە لەم‌جۆرە وشە و زاراوانە «تێگەیشتنی راســتێ» بۆ یەکەم‌جــار لە نوسیندا وشەی وەك ئوتومبیل و ئەلەکتریك و گالیــکە و وشــەی‌تری وای بەکارهێناوە • زۆر جاریش وشەی زۆر پەتێ تێکەڵکێشی نوسینەکانی کردووە وەك : پێژراوە و دەبێژن ، شوێنەون ، رەند ، خۆخۆیێ ، خۆماڵێ و گەلێکی‌تر • واش‌بووە نوسەرانی هەولیان‌داوە تەنانەت ئەو جۆرە ناوانــە بکەنە کوردێ کە دەستکاریان راست نی‌یە وەك «قەرەداغ» کە کراوەتــە «شاخی رەش» (۲) • «تێگەیشتنی راستێ» ناوی زۆر مەڵبەند و شــوێنی بەوجۆرە بەکارهێناوە کە ئەوسا باو بون ، یا لەوانەیە ئەو بۆ یەکەم‌جار وای نوسیبن ، وەك : لۆندەرە (لەندەن) ، ئەمــەریقا (ئەمەریــکا) (۳) ، قەنەدە (کەنەدە) ، ئەستەقهۆلم (ستەکهۆلم) ، قۆپنهاق (کۆپنهــاگن) ، دانیمــارقە (دانیمارك) ، لیپچیغ (لایپزگ) و هی‌تر •

نوسەرانی «تێگەیشتنی راستێ» هەولیان‌دەدا پیتی نوێ بۆ ئەو دەنگە کوردی‌یانە بەکاربهێنن کە لە ئەلفبای عەرەبیدا نین • (پ) و (چ) و (ژ)ی وەك ئێستە نوسیوە : (پارچە ، پایزز ، هەرچێ ، هەژار ، تێژو گەلێکی‌تر) • بەڵام جاری‌واش هەیە لە بریتی (پ) (ب) و (چ) (ج) و (ژ) (ز) یا (ش)ی بــەکار هێناوە • واهەیە هەردۆ شێوەی یەکێ لەم پیتانە تێکەڵی یەك ژمارە یا یــەك وتار و تەنانەت یەك دێڕیش بون و لەوانەیە لە یەك وشەدا بە هەردۆ جــۆر

(۲) بڕوانــە « تێگەیشتنی راستێ » ، ژمارە شەســتو دۆ ، ٦ی کانــونی دووەمی ۱۹۱۹ •
(۳) جاری‌وا هەیە (ئەمەریکا)شی بەکارهێناوە •

نوسرابن . بۆنمونە یەکەم دێڕی ژمارە چلو شەشی «تێگەیشتنی راستی» وانوسراوە : «رۆژنامەی تایمس ...» ، کەچی لەژێر ناوی رۆژنامەکە خۆیدا و وەك هەمو ژمارەکانی تری نوسراوە « رۆژنامەیەکی سیاسی و ئیجتیماعی و خادمی یەك بون و سەربەستی کورداه »[٤] . جاریواش هەیە (ش)ی لەبریتی (ژ) نوسیوە ، وەك (دوشمن) لە جێی (دوژمن) . جاروبار (ە)ی بەرامبەر «فتحە»ی عەرەبی بەکارهێناوە ، بەڵام توخنی (ڤ) و (گ) و سەر و بۆر و کەشیدە نەکەوتووە . زۆر جاریش پیتی عەرەبی ئەوتۆی بەکارهێناوە کە لە کوردیدا نین ، وەك (ذ) «مذكرة» و (ث) «تأثير» و (ض) « ضرر » [٥] .

لەمبارەوە گرنگ ئەوەیە نوسەرانی «تێگەیشتنی راستی» لەگەڵ کاری رۆژانەیان هەستیان بە پێویستی دەسکاری کردنی رێنوسی کوردی کردووە و لەم مەیدانەدا بەپێی دەسەڵاتی خۆیان هەنگاوی باشیان ناوە . « تێگەیشتنی راستی» خۆی جارێکیان نوسیویە دەڵێ :

«ئەوروپاییەکان بۆ خوێندن و نوسینی زمانی شەرقییەکان زۆر موشکیلات دەکێشن . ئێمە لەبەر ئەمە کە ئەم موشکیلاتە بەقەدەر ئیمکان حەل‌بکەین ئەمە سالێکە لە نوسینی کوردیدا بە موافەقەتی فەنی ئیشناکان بەعزێ ئیستیلاحمان قبول کرد . (سەر) و (بۆر) و (ژێر)ی حەرفەکان بە (ە) و (و) و (ی) دەنوسین [٦] : لە باتی کردستان (کوردستان) و لە باتی دکا (دەکا) و لەباتی موفقیت اوان (موفقیتی اوان) و همزەش بە (ی) دەنوسین [٧] . ئەمە بێ‌شوبهە بۆ چاك خوێندنەوەی نوسینی

---

(٤) « تێگەیشتنی راستی » ، ژمارە چلو شەش ، ١٦ی ئەیلولی ١٩١٨ .
(٥) پیتی (ض)ی زۆر بەکارهێناوە .
(٦) وەك وتمان هەمو کات پەیڕەوی ئەمەیان نەکردووە .
(٧) دەسکاری رێنوسی ئەم نمونانە نەکراوە .

کوردیٚ فائیدەی زۆرە و گەلیٚ ئیستیلاحاتیتریشمان تەصەور کردووە ، ئەوانیش لە وەختی خۆیدا نەشر دەکەین[8] »[9] .

ئەم قسانە زۆر لەوە دەچن هیٚ میٚجەر سۆن بن . وا دیارە سۆن کە چەند بەرهەمیٚکی بایەخداری لەســەر زمان و ریٚزمانی کوردیٚ هەیە[10] نیازی وابووە بەپیٚی پیٚویست ئالوگۆڕیش لە ریٚنوسیٚ ئەو زمانەدا بکا . بەداخەوە کاری سیاسیٚ زۆر و نەخۆشیٚ قورس و مردنی زوٚ مۆڵەتیان نەدا .

شایانی باسە «تیٚگەیشتنی راستیٚ» زۆر جــار پیٚتی (د)ی سەرەتــای وشەی وەك خۆی هیٚشتۆتــەوە ، وەك : دەکا ، دەخوا ، دەلیٚ ، دەبیٚ ... هتد ، واتە بەوجۆرەی لە زوربەی ناوچە کوردنشینەکان بــەکاردەهیٚنریٚ و

---

(٨) بەداخــەوە فریا نەکەوتن « ئەوانیــش لە وەختی خۆیدا نەشر » بکەن ، چونکە زۆری نەبرد کە « تیٚگەیشتنی راســتیٚ » داخرا .

(٩) « تیٚگەیشتنی راســتیٚ » ، ژمارە شەســتو ســـیٚ ، ١٣ی کانونی دووەمی ١٩١٩ .

(١٠) بەشی زۆری ئەو بەرهەمانەی بەر لــە دەستپیٚکردنی شــەڕی یەکەم بلاوکردەوە ، وەك :
((A Southern Kurdish Folksong in Kermanshahi Dialect)) , — ((Journal of the Royal Central Asian Society)) , London, 1909, PP. 35 — 51 ; ((Notes on a Kurdish Dialect, The Shadi Branch of Kermanji)) , — ((JRCAS)) , 1909, PP. 895 — 921 ; ((Notes on a Kurdish Dialect, Sulaimania (Southern Turkish Kurdistan))) , — ((JRCAS)) , 1912, PP. 891 — 940 ; ((Grammar of the Kurmanji or Kurdish Language)), London, 1913 (13 + 289 PP.) .

دوای تەواوبونی شەڕ سۆن لە بەغداش چەند بەرهەمیٚکیتری نوسیٚ کە ژمارەیەکیان چاپکراون و یەکیٚکیان کوردییە : « کیتابی ئەوەلەمینی قیرائەتی کوردیٚ »، بەغدا ، ١٩٢٠ . ئەم کتیٚبەی بەســەر فیٚرگەکانی ســلیٚمانیدا بلاو کردەوە ، بەوجۆرە دەبیٚتــە یەکەم کتیٚبی خویٚندن بە زمانی کوردیٚ .

مامۆستا تۆفیق وەهبیش نوسین و وتنی بە پێویست دەزانێ [11] • جاروبارش بەپێچەوانەوە ، ئەو وشانەی وەك وتنی خەلکی سلێمانی لێ کردووە ، واتە (د)کەی کردۆتە (ئە) : ئەکا ، ئەخوا ، ئەلێ ، ئەبێ [12] • هەر بەو جۆرەش رەفتاری لەگەڵ (ت)ی کۆتایی وشە کردووە ، زۆر جار نوسیویە (دێت ، دەڕوات ، دەلێت ••• هتد) ، جاروباریش سواندویە (دێ ، دەڕوا ، دەلێ ••• هتد) • (ی) درێژ و دۆ پیتی (ی)ی بەسەر یەکەوە و بە یەك پیت نوسیوە ، بەلام بەدەگمەن لە یەکیشی جیا کردۆتەوە • بەوێنە لە وتارێکی ژمارە پەنجا و سێیدا (پێڕان) بەمجۆرە نوسراوە : « لەورۆژەوە کە لەشکری ئینگلیز پێڕیان هاویشتە خەلیج •••» [13] •

راستە رۆژنامە و گۆفارە زووەکانی کورد بەپێی توانا و تێگەیشتنی سەردەمی خۆیان بایەخیان بە زمان و رێنوسی کوردێ داوە • « ژین »ی ئەستەمۆل و تایبەت « هاوار »ی شام شوێنی دیاریان لەسەر لاپەڕەکانیان بۆ ئەم باسە تەرخان کردبو • یەکەمیان لە دوا ژمارەکانیدا پێشنیاری چەند پیتێکی نیشانەداری بۆ نوسینی کوردێ کرد و چەند جارێ بلاوی کردنەوە [14] • بەلام دەستپێشکەرێ ئەم مەیدانە گرنگە هێ رۆژنامەی « تێگەیشتنی راستێ »یە •

---

(11) بڕوانە : تۆفیق وەهبێ ، ئەسلی پێنە قالبێ « ئە »ی شێوەی سلێمانی ، ــ «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، بەرگی یەکەم ، بەشی یەکەم ، ١٩٧٣ ، ل ٩ ــ ٣٤ •

(12) جاری‌وا هەیە لە یەك رستەی « تێگەیشتنی راستێ »دا هەردۆ شێوە بەکارهێنراوە ، وەك ئەم رستەیە : « ئەلەمانیا ئەمە چوار سالە خەریکە هەر پیاو بە کوشتن ئەدا و قووەت و مال سەرف دەکا و موتەفیقەکانی بەکز ئەم و ئەودا دەکا » (بڕوانە : « تێگەیشتنی راستێ » ، ژمارە چل ، ٥ی ئابی ١٩١٨ ، سەروتار) •

(13) « تێگەیشتنی راستێ » ، ژمارە پەنجاو سێ ، ٤ی تەشرینی دووەمی ١٩١٨ •

(14) بۆنمونە بڕوانە : « ژین » ، ٢٢ی مایسی ١٣٢٥ •

بایەخدانی « تێگەیشتنی راستی » بە زمانی کوردی جارێکیتر لەو بایەخە زۆرەدا خۆ دەنوێنێ کە داویە بە ئەدەبی کوردی .

«تێگەیشتنی راستی» و ئەدەبی کوردی :

لە رۆژی پەیدا بونیەوە رۆژنامەنوسی کوردی شوێنی دیاری بۆ ئەدەبی کوردی تەرخان کردووە . « کوردستان »ی یەکەم رۆژنامەی کوردی لە ژمارە دوێوە [١٥] دەستی کردە بلاو کردنەوەی « مەم و زین »ی ئەحمەدی خانی و زۆری ژمارەکانی بە بەیتی ئەو داستانە گەوهەرەی ئەدەبی نەتەوەیی کورد دەڕازاندەوەجاریوا هەیە بەیتەکانی «مەم و زین» دەوروبەری تیوەی تەواوی ژمارەیەکی « کوردستان »ی گرتۆتەوە [١٦] . جاروبارێش خاوەنی « کوردستان » لەو بەیتانە دەدوێ و بەرز دەیانرخێنێ . جگە لە بەیتی « مەم و زین » پارچە شیعریتری کوردی لە « کوردستان »دا بەرچاو دەکەون .

زوربەی هەرە زۆری [١٧] رۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکانی دوای « کوردستان » وەك ئەو بایەخیان بە ئەدەبی کوردی دا و بەوجۆرە بونە یەکێ لە سەرچاوە رەسەنە دەگمەنەکانی تۆژینەوەی ئەدەبی کوردی . « کوردستان » نەبوایە لەوانەبو تائیستەش سالی وەفاتی شاعیری گەورەی

---

(١٥) خاوەنی « کوردستان » لە ژمارە دوێدا نوسیویە دەلێ ژمارەبە « میرو ئاغایانی کورد » بە نامەی تایبەتی داوایان لێ کردووە باسی «حالی نوێ و ئەدەبیاتی کوردی »یان بۆ بلاو بکاتەوە و ئەویش پەیمانیداوە باسی « حالی نوێ »ی کورد بکا و «هەر جار هەندێ بەیت و شیعری کرمانجی و حیکایەتی قنج » بنوسێ (بڕوانە : « کوردستان » ، ژمارە دوّ ، ١٤ی ذو الحجه ١٣١٥) .

(١٦) بۆنمونە بڕوانە : « کوردستان » ، ژمارە ٦ ، ٢٥ی جمادي الاول ١٣١٦ .

(١٧) لەوانەشە هەمو .

کورد حاجی قادری کۆیمان ئەزانیایە [۱۸] . بەپێی قسەی شارەزایانی ئەدەبمان « کوردستان » یەکەم سەرچاوەیە دروست سالی دانانی

---

(۱۸) زوربەی نوسەرانی کورد سالی مردنی حاجی قادریان بە هەلە داناوە . لە زووەکان مامۆستا عەبدورڕەحمان سەعید سالی (۱۳۱۲ ك) داناوە کە دەکاتە (۱۸۹٤ ـ ۱۸۹٥ی عیسایی) (بڕوانە : « کۆمەلە شیعری حاجی قادری کۆیی » ، چاپو بلاوکەر عبدالرحمن سعید ، بغداد ، ۱۹۲٥ ، ل ٦) ؛ مامۆستایان سەجادی و گیو موکریانی و محەمەدی مەلا کەریم سالی ۱۸۹۲یا داناوە (بڕوانە : علاءالدین سجادی ، سەرچاوەی ناوبراو ، چاپی یەکەم ، ل ۳۰۹ ، ۳۱۲ ، چاپی دووەم ، ل ۲٤۱ ، ۲٤۳ ؛ « دیوانی حاجی قادری کۆیی » ، هەولێر ، ۱۹٦۹ ، ل ٥ ؛ محمدی مەلا کەریم ، حاجی قادری کۆیی شاعیری قۆناغێکی نوێیە لە ژیانی نەتەوەی کورد ، بغداد ، بێ ، ل ۹) . دوکتۆر ئیحسان فوئاد و دوکتۆر مارف خەزنەدار وەك ئەدمۆندس سالی ۱۸۹٤یان بۆ وەفاتی حاجی داناوە ، بەلام هەرچی ئەدمۆندسە بە وشەی ((circa)) (واتە دەوروبەری) گومانی نیشانداوە (بڕوانە :

Ихсан Фуад, Творчество Хаджи Койи и его место в курдской литературе, Автореферат, Москва, 1966.

دوکتۆر ئیحسان فوئاد ، هونەرمەندیی حاجی قادری کۆیی و شوێنی لە وێژەی کوردیدا ،کورتەی نامەی دوکتۆراکەی بە زمانی رووسی ، مۆسکۆ، ۱۹٦٦ ، ل ۹ ؛ دوکتۆر مارف خەزنەدار ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ۰٤) ؛
(C. J. Edmonds, Kurds, Turks and Arabs, P. 58) .

مامۆستا رەفیق حیلمی لە « شیعر و ادبیاتی کوردی »کەیدا (بغدا ، ۱۹٤۱ ، ل ۹۹ ـ ۱۱۸) باسی تەنها سالی لەدایکبونی حاجی کردووە . هەرچی مامۆستا ئەمین زەکی‌یە سالی ۱۳۱٤ی کۆچی داناوە کە ۱۸۹٦ و ۱۸۹۷ دەگرێتەوە (بڕوانە : محمد امین زکی ، مشاهیر الکرد و کردستان في العهد الاسلامي ، الجزء الثاني ، بغداد ، ۱۹٤۷ ، ص ۱۱۰) ؛ هەرەگول ئازیزان کە نازناوی جەلادەت بەدرخانە ، سالی ۱۳۱۲ی کۆچی داناوە کە ۱۸۹٤ و ۱۸۹٥ دەگرێتەوە (بڕوانە :
(((Hawar)), Sham, Sal 9, Hejmar 33, 1941, L. 13)

(شایانی باسە لە بریتی ۱۳۱۲ك بە هەلە ۱۹۱۲ چاپکراوە) . بەلام رۆژنامەی « کوردستان » لە لاپەڕە سێی ژمارە سێیدا (۲۸ ذوالحجه

« مەم و زین »ی نوسیوە[١٩] • «ژتن»ی ئەستەمۆل پڕە لە زانیاریێ گرنگ دەربارەی ئەدەبی کورد • بەوێنە پیرەمێردی نەمر یەکەمجار « قوربانی تۆزی رێگەتم »ەکەی نالیێ لەودا بلاوکردەوە و دێڕ بە دێڕ کردوێە بە تورکی[٢٠] • وادیارە ئەوسا پیرەمێرد بە ناوی (پیرە کورد)ەوە نوسینەکانی خــۆی بلاو دەکردەوە[٢١] •

لە رێگەی « ژتن »ی ئەستەمۆلەوە دەتوانرێ تۆماری ناوی شاعیرانی کورد دەولەمەند کرێ • ع • رەحمیێ هەکاریێ لە هەمو ژمارەیەکیدا شیعری پڕ هەســـتی نەتەوەییێ بلاو کردۆتەوە کــە تارادەیە هەســـت بە نوێکاریێ لە بەرهەمەکانیدا دەکرێ • دیسان « ژتن » بەرهەمی (ســیاە پۆش) ناوێکی بلاو کردۆتەوە کە کەسمان تائێستە ناویمان نەبیستووە و لەوە دەکا شاعیرێکی وردکار و خوێندەوارێکی باش بوبیێ[٢٢] :

ئەی حەبیبی قەلب و رۆح و ئەی قەرار جانی من
دەی چە بێتن جارەکی گەر تو بیریە میهمانی من
بیێ لەسەر چاڤیێ مە رۆ نیێ نەظرا قلبی من
ئەز غلامیێ کەمترینم ، هەر تۆیی سولتانی من
قەلب و دل مەجروحی عەینی ئەسوەدی تەنە
نینە بیێجامایی قەت مەرهەم و دەرمانی من

١٢١٥) هەوالێك و چەنــد بەیتێکی حــاجیێ بلاوکردۆتەوە و لــەوێدا نوسیویە « سالا دی وەفایی کر » کە بەپێی کاتی دەرچونی ئەو ژمارەیەی « کوردستان » دەکاتە ســـالی ١٨٩٧ . بەمجۆرە شـــارەزایانی ئەدەبی کورد توانییان ســالی وەفاتی حاجیێ بزانن .

بێناو کاتی خۆی ئەم زانیارییانەم لە «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد»دا بلاوکردەوە (بڕوانە « گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد » ، بەرگی یەکەم ، بەشی یەکەم ، ١٩٧٣ ، ل ٤٠٣ — ٤٠٥) .

(١٩) بڕوانە : الدکتور عزالدین مصطفی رسول ، سەرچاوەی ناوبراو، ل ٣٢ .

(٢٠) « ژین » ، ژمارە شەش ، ٢٥ی کانونی یەکەمی ١٣١٤ ، ل ١٢ — ١٤ .

(٢١) بڕوانە : « ژین » ، ژمارە دوازدە ، ٢٥ی شوباتی ١٣٢٥ ، ل ٤ — ٨ .

(٢٢) دەربارەی لە زۆر کەســم پرسی ، یەکێکیان مامۆستا هێمنی شاعیر بو ، کەسیان هیچیان دەربارە نەبیســـتبو .

صەد وەکی عیساو و ئیفلاتون و جالینۆسی حەکیم
چاری دەردی من ناکەن بێ تۆ ئەی لوقمانی من

....

ئەز ئەسیری قەید و بەند و زولف و زنجیری تەمە
رەحمێ کە بە یەخسیران ئەی شاهو سولتانی من

....

زولف خالان «ماه و رولر چوق سیاه پوش ایدیلر
قورقرم بن قره اولسون» چادر و سەیوانی من (٢٣)

هیچ لە راستی دوور ناکەومەوە گەر بڵێم لە هەموو ئــەم جیهانە پان و بەرینەدا تەنها کوردە شاعیری خاوەن بەهرەی وەهای خۆی ناناسێ !! ٠

داوەر ئەردەلانی کە دیــان کەسمان ناویمان نەبیستووە لەگەڵ تەواو بوونی شەڕی یەکەمی جیهانیدا پڕ بە دەم هاواری کردووە :

کوردان وەرن هەموو پێکەوە دەست بە دەین
بۆ کۆمەڵە هەژارەکەمان ، با لەناو نەچین
خەڵقی لەژێر سێبەری عیرفاندا حەساونەتەوە
ئێمەش خەریکی من من و تۆ تۆی جەهالەتین (٢٤)

« هاوار »ی بەدرخانییانیش ســەرچاوەیەکی دەوڵەمەنــدی ئەدەبی کوردییە ٠ « ئەدەبی کوردی لە هاواردا » پێشنیاری سەروتارێکی زانستی بەکەڵکە دەیخەمە بەرچاوی شارەزایان ٠ والێرەدا بە کورتی چەند نمونەیەکی ئەم باسە دێنینەوە ٠

« هاوار » یەکەم چاپەمەنی کوردییە کە « وەفدی کوردستان »ەکەی پیرەمێردی بڵاوکردۆتەوە و لەژێرەوەی ئاشکرا مەبەستی شــاعیر و هۆی

---

(٢٣) بڕوانە : « ژین » ، ژمارە دوازدە ، ٢٥ی شوباتی ١٣٣٥ ؛ ل ١٥-١٦ ٠
زۆر کەم دەســکاری نوسینەکەی کراوە ٠
(٢٤) بڕوانە : « ژین » ، ژمارە (٤) ، ل ١٦ ٠

دانانی رۆن کردۆتەوە[٢٥] ـ گەلێ شیعر و پەخشـــانی نەزانراوی گۆرانی زیندو لە « هاوار »دا چاپکراون ـ ئەویش « ئەی چاو »ەکەی یەکەمجار لە « هاوار »دا بڵاوکردۆتەوە و نـــاوی « ئاواتـــی دوری » لێ نـــاوە ـ دوای تەواوبونی بەیتەکانی ، گۆران رونکردنەوەیەکی کورتی نوسـیوە کە تێیدا دەڵێ : «ئەم شیعرانە لەسەر ئوصولی «فقرە» رێكخراون ، هەر فەقەرەیـــەك عیبارەتە لە چوار بەیت ، بەیتی یەکەم و چوارەم لەسەر وەزنی عەروز وتراون ، دووەم و سێیەمیش لەسەر وەزنی پەنجە » [٢٦] ـ

گۆران لە ژمارە دەی ئەم گۆڤارەدا «ئیلهامی هاوار»ی بۆ «مەفکورەی بەدرخانییەکان» بڵاوکردۆتەوە کە بەمبەیتە نازدارانە دەستی پێکردووە :

دەرویشێکم دێ لەسەر دوخمەی شا
شای صەلاحەددین ، بەکوڵ ئەگریـا
هاواری ئەکرد ، ئەیلاوانەوە
دڵی ئینسانی ئەتـاوانەوە (٢٧)

دیسان گۆران لە ژمـــارە دوازدەی «هـــاوار»دا شـیعری « ئـــەی گەلاوێژ » [٢٨] و پەخشانی «چاو»ی [٢٩] بڵاوکردۆتەوە ـ لەمیاندا دەڵێ : «هەندێ [٣٠] وەك شەو رەشن ، هەندێکیش چەشنی پیرۆزە شێن ، هەندێ چاویتریش هەن ئەڵێی چاوی هەڵۆن ، چەشنی یاقوت ئاگریان لێ ئەبێتەوە!ـ لایمن وایە چاوی رەش بە جلوەی حوزن و دڵۆپی فرمێسکەوە قەرالیچەی هەمو چاوە جوانەکانە ... ئەوەندە شیرین ، ئەوەندە بێوێنەیە ... » ـ

---

(٢٥) « هاوار » ، ژمارە ٢٢ ، ای تەموزی ١٩٣٣ ، ل ٤ ـ
(٢٦) « هاوار » ، ژمارە ٩ ، ٣٠ی ئەیلولی ١٩٣٢ ، ل ٥ ـ
(٢٧) « هاوار » ، ژمارە ١٠ ، ٢٣ی تەشرینی یەکەمی ١٩٣٢ ، ل ٥ ـ هـــەر لەو ژمارەیەدا « هەی وەتـــەن »ی (خدۆك) بڵاوکراوەتەوە کـــە پارچە شـیعرێکی نیشتمانی نایابی پڕ لە زانیاری مێژوویە ـ
(٢٨) « هاوار » ، ژمارە ١٢ ، ٢٧ی تەشرینی دووەمی ١٩٣٢ ، ل ٣ ـ
(٢٩) هەمان ژمارە ، ل ٤ ـ ٥ ـ
(٣٠) هەمو (هەندێ)کانی بە (هەنگێ) نوسـیون ـ

شیعری «بۆ خانمێك» (٣١) و پەخشانی «فرمێسك» (٣٢) و بەرهەمی‌تری گۆران لە «هاوار»دا دەست دەکەون • ئەویانی وا دەست پێ‌کردووە :

قاصید وتی پێم : بگرە سەبر ، خانم ئەوا دێت
سا فەرمۆ ، سەبر بێ بە فیدای خاکی بەری پێت (٣٣)

« ئەی وەتەن »ی بێکەسی بێکەسان (٣٤) و گەلێ شیعری نایاب و دانسقەی عەبدولخالق ئەسیری کەرکوکی (٣٥) بۆ یەکەم و هەندێکیان بۆ دواجار لە «هاوار»دا بلاوکراونەوە • لاپەڕەی زۆری «هاوار»یش لە ناوی سەربازی نەناسراو و گوڵی نەزانراوی باغی ئەدەبی کوردی بێبەش نین • وادیارە جگە لە هێمنی موکریانی هێمنێکی‌تری وەك ئەو هێمنمان هەبووە (٣٦) • ئەم چەند دێڕە دەوڵەمەندەش نمونەی بەرهەمی یەکێ لەو سەربازە نەناسراوانەن :

سەروەری عالی مەقامی قەومی کورد غەمخواری کورد (٣٧)
باعیسی فەخری گرۆهی میللەتی غەمباری کورد
گەر دەپرسی تۆ لە حالی میللەتی مەقهوری خۆت
هەوری بەدبەختی و خەفەت گرتی دلی هوشیاری کورد
ئەو کەسانەی ئەرزەلن ئەمڕۆ لە سایەی جەهلەوە
بون بە حوککام و ئەمیر و ئاغەوو سەرداری کورد
فیکری دینی بو بە زەهری قاتیلی ئەمسالی من
بۆیە پاشکەوتین لە جەمعی سەرسەری و جلخواری ... (٣٨)
لەحزەیە چاوت هەلهێنە سەیری ئەحوالی بکە
دە بزانە بۆچ غەریبە لە زوبێر سەییاری کورد
لە زوبێر ــ کورد (٣٩)

---

(٣١) « هاوار »» ژمارە ١٥ ، ٢٣ی کانونی دووەمی ١٩٣٣ ، ل ٧ .
(٣٢) « هاوار » ، ژمارە ١٣ ، ١٤ی کانونی یەکەمی ١٩٣٢ ، ل ٥ .
(٣٣) وادیارە ئەو شیعرەی لە هەڕەتی لاوێتیدا بە ئیلهامی رابواردنی شەوی یەکێ لە کەبارێیەکانی بەغدا بۆ هاتووە .
(٣٤) بێکەسی گەورە سەرەتا ئەم شیعرەی بە ناوی « یادی وەتەن »ەوە بلاوکردۆتەوە (بڕوانە : « هاوار » ، ژمارە ١٢ ، ٢٧ی تەشرینی دووەمی ١٩٣٢ ، ل ٢) .

سەربازێکی نەناسراوی‌تر وتویە :

دیمە چۆن لێزمەی بارانی بەهار
ئەشکی خوێنینت پێدا دێتە خوار
گریان کردمەوی بێ‌دەسەڵاتە
دۆ بەرگەی کتێب بگرە و بخوێنە
بێ‌دەسەڵاتان ئەمرن لەژێر بار
هاوڕێی دانا بە نەزان مەدوێنە
گەردن ئازاد کە لە کۆتەی دیلێ
یا ئازا بژی ، یاخود مەمێنە (٤٠)

دەتوانین گەلێ نمونـەی‌تری لەم بابەتـانە لە رۆژنـامە و گۆڤـارە کوردی‌یەکانی‌تر بهێنینەوە . هەرچی «تێگەیشتنی راستی»یە لەم مەیدانەدا شوێنێکی زۆر دیاری هەیە . ئەم رۆژنـامەیە هەرچـەندە بۆ مەبەسـتێکی تایبەتی دەردەکرا بەڵام بایەخی زۆری بە ئەدەبی کوردی دەدا ، تایبەت بـە

(٣٥) گۆڤاری « هاوار » ژمارەیەکی زۆری لە شیعرە نایابەکانی ئەسیری بلاو کردۆتەوە . وادیارە کاتی خۆی « سـۆر »ی ئەسـیری بە بەرهەمی حاجی قادری کۆیی لە قەڵەم دراوە ، «هاوار» ئەمەی لە زمان شاعیر خۆی و مامۆسـتا تۆفیق وەهبی‌یەوە راست‌کردۆتەوە (بڕوانـە : « هاوار » . ژمارە ١٠ ، ٢٣ی تەشـرینی یەکەمی ١٩٣٢ ، ل ٨ ؛ ژمارە ١١ ، ١٠ی تەشرینی دووەمی ١٩٣٢ ، ل ٤ ـ ٥) .

(٣٦) لە ژمارە چواردەیدا « هاوار » « سکاڵا لەتەك کردی سـەیواندا »ی هێمنی بلاو کردۆتەوە کە لەوە ئاگا هی مامۆستا هێمنی موکریانی بێ (بڕوانە : « هاوار » ، ژمارە ١٤ ، ٣١ی کانونی یەکەمی ١٩٣٢ ، ل ٨) .

(٣٧) مەبەستی جەلادەت بەدرخانی خاوەنی «هاوار»ە . دەرکردنی « هاوار » هەستی گەلێ روناکبیری کوردی بزواند و شیعر و بەخشانی زۆریان پیا هەڵدا .

(٣٨) ئەو دێڕە وا چاپ کراوە . دەبێ وشـەی (کورد) لەوێدا لابرابێ . ئـەو سـەردەمە بە کوردی «تورکخوا»یان دەوت «جل‌خوار» .

(٣٩) « هـاوار » ، ژمارە ١٢ ، ٢٧ی تەشـرینی دووەمی ١٩٣٢ ، ل ١٢ . بەیتەکانی ئـەم شاعیرە نەناسـراوە لەژێر ناوی « هـەربژێ »دا بلاو کراونەتەوە .

(٤٠) ئەم شیعرە بە ناوی (م)ەوە بلاوکراوەتەوە (بڕوانە : « هاوار » ، ژمارە ١٩ ، ١٧ی نیسانی ١٩٣٣ ، ل ٦ ـ ٧) .

بەرهەمی شاعیرانی ناوداری کوردستان • دیارە شارەزایی و هەستی شاعیری شوکرتلفەضلی لەمەدا دەوری گەورەی بینیوە • ئەمە بۆخۆی ، وەك وتمان، بەڵگەیەکی‌تری بەشداریی ئەو پیاوەیە لە دەرکردنی «تێگەیشتنی راستی»دا• هەر بەم‌بۆنەوە بەڵگەیەکی‌تر دێتە ناو • شوکرتلفەضلی ناوی زوربەی شاعیرە ناودارەکانی کوردستانی هێناوە و باسی ژیان و بەرهەم و سەنگیانی کردووە، بەڵام چونکە لەگەڵ شێخ رەزا ناکۆك بو [٤١] نە زۆر و نە کەم توخنی ناو و بەرهەمی نەکەوتووە • هیچ گومان لەوەدا نییە گەر ئەم دۆ بەیتە هی شێخ رەزا نەبونایە جارەهای جار لە «تێگەیشتنی راستی»دا چاپدەکران چونکە وەك دەرمان بەدوای قسەی وادا دەگەڕا :

لەبیرم دێ سلێمانی کە دارولوڵکی بابان بۆ
نە مەحکومی عەجەم ، نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بۆ (٤٢)

لە ژمارە یەکی‌یەوە «تێگەیشتنی راستی» شیعری کوردی تێکەڵ نوسینەکانی کردووە • لەو ژمارەیەیدا کە دێتە سەر باسی تورکانی لاو و خراپەکاری‌یان لەگەڵ دانیشتوانی عیراق دەڵێ : «خوێنی بێ گوناهان گرتنی ••• هەناسەی مەزلومان ئاگری تێبەردان :

ئەی جامیعی دونیا وو قیامەت بە خەیاڵات
ئەو رۆژەکە رۆیی (٤٣) نە ئەوت بو نە ئەمت بو »

---

(٤١) بڕوانە پەراوێزی ژمارە ٢٩ی بەشی سێیەم .

(٤٢) بۆ تەواوی ئەم شیعرە بڕوانە : « دیوانی شێخ رضای طالەبانی » ، ل ٣٤ – ٣٥ .

(٤٣) لە سەرچاوەی‌تردا :

ئەو رۆژە کە مردی ، نە ئەوت بۆ نە ئەمت بۆ

(بڕوانە : «دیوانی نالی . مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی مکایەڵی» ، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم ، پیاچونەوەی محمدی مەلاکەریم ، بغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٣٦٨ . لەمەودوا : « دیوانی نالی ») .

دیاره خاوەن وتار مەبەستی ئەوەیە بە کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی بڵێ هەمو شتتان لەکیس خۆتان دا و بۆنە جووەکەی لە هەردو دێن بۆ .

لە هەمان ژمارەیدا « تێگەیشتنی راستی» کاتێ باسی ئەلەکتریك دەکا بەیتێکی فارسی مەلا محەمەدی سەنەندەجی تێکهەڵکیشی قسەکانی کردووە (٤٤) .

لە وتارێکیتریدا کە دێتە سەر باسی پەیوەندی نێوان ئەڵەمان و عوسمانی «تێگەیشتنی راستی» دەڵێ : «... بەڵێ ئەڵەمانیا حکومەتێکی جەلادە ، ئەما کوشتنی تورکی لەپێش عەرەب و کورد ئارەزو دەکرد و لەژێریشەوە بۆ کوشتنی عەرەب و کورد دەستی بە تورکەکانەوە دەنا . خولاسە لەم شەڕەدا ئەڵەمان تورکی بەکوشت دەدا و تورکیش عەرەب و کوردیان لەناو دەبرد . ئەڵەمانیا بە تیرێك دو نیشانی دەشکاند . شاعیرێکی کورد ئەڵێ :

بە تیری دو نیشانە ناشکێ هەی رۆحەکەم شیرین
لە غەمزەی تاقە تیرێکی لە فەرهاد و لە خەسرەوی دا نالە»(٤٥)

جاروبار نمونەیتری لەم بابەتە لە وتارەکانی «تێگەیشتنی راستی»دا دەکەونە بەرچاو . زۆری نەخایاند ئەدەبی کوردی وەك باسێکی سەربەخۆ کەوتە سەر لاپەڕەکانی ئەم رۆژنامەیە ، دیارە نوسەرانی دەیانزانی لە رێگەی ئەدەب و مێژوی کوردەوە دەتوانن ئەوەندەی تر ناوی عوسمانی لای دانیشتوانی کوردستان رەش و لەکەدار کەن . لە ژمارە یازدەوە سەرەتای بایەخ پێدانی «تێگەیشتنی راستی» بەم لایەنە لە قوژبنی ئەدەبەوە دەستی پێکرد . ئەم قسانەی خوارەوە لە سەروتاری ژمارە یازدەوە وەرگیراون :

«تەماشا کەن ئەحمەد حیلمی شەهبەندەر زادە کە یەکێکە لە

---

(٤٤) « تێگەیشتنی راستی » ، ژمارە یەك ، ١ی کانونی دووەمی ١٩١٨ .
(٤٥) « تێگەیشتنی راستی » ، ژمارە سیازدە ، ١٢ی شوباتی ١٩١٨ .

موحەریزنی تورك لە کتێبی ئەقوامی جیهاندا ئەڵێ کوردەکان هیچ ئەدەبیاتیان نی یە • کە ئەحمەد حیلمی وا بڵێ دەبێ غەربی یەکان چی بڵێن ؟ • تورکێك کە لەگەڵ کورد ئەوەندە حەیات رابوێرێ هێشتا کورد چی یە نایناسێ ، لەکوێ دەتوانێ زمان و عادەتی ئەو تێبگا و رێی تەرەقی پێ نیشان بدا • کەسێ ئاگای لە خۆی نەبێ چۆن دەتوانێ یەکێکی تر ئاگاداری بکا (٤٦) • کورد ، وەکو وتمان ، دەبێ خۆیان بۆ خۆیان سەعی بکەن و ئیستیفادە لە قەومی ئینگلیز و حکومەتی بەریتانیا بکەن چونکە هیچ قەومێکی بێ‌ئەداروکات و بێ ئەسباب بە بێ یارمەی حکومەتێکی بەقووەت بە مەقصودی خۆی نەگەیشتووە و ناگا • ئەوانە کە سەعی بۆ قەومی کورد دەکەن نابێ تەماشای مەنفەعەتی خۆیان بکەن ، دەبێ بۆ ئەحفادیان سەعادەت حازر بکەن چونکە ئەوی چاوی لە قازانجی خۆی بێ ناتوانێ بۆ قەومی ئیش پێك‌بهێنێ ، باخصوص موحافەزەی وەتەن و ئیحیا و ئیرشادی قەومێك ئیشێکی زۆر گەورەیە ، هەر بەپیاوی غەیور و فیدایی سەردەگرێ ••• بزانن شاعیرێکی کورد کە ئەحمەد حیلمی نایناسێ چۆن باسی وەتەنی یەت دەکا :

دڵ سیاسەتک نەبێ ، مائیلی خاکی وەتەنە
خالی لێوی حەبەشە ، ساکینی بوردی یەمەنە (٤٧)
دڵی (نالی) کە نەنیسی قەرەداغە ئیستاش (٤٨)
داغی سەرچاوەوو دیوانەیی دار و دەوەنە »(٤٩)

« تێگەیشتنی راستی» کۆتایی وتارێکی‌تری مێژوویی بەم‌جۆرە هێناوە :

---

(٤٦) گەلێ‌جار قسەی وا مانادار کە لەگەڵ زانستی کۆمەڵایەتیدا یەك دەگرنەوە لە ژمارەکانی « تێگەیشتنی راستی »دا دەکەونە بەرچاو .

(٤٧) لە سەرچاوەی‌تردا :
« خالی لەعلی حەبەشە ، ساکینی بوردی یەمەنە »
(بڕوانە : « دیوانی نالی » ، ل ٥٢٤) .

(٤٨) لە سەرچاوەی‌تردا : « ئیستەیش » (بڕوانە : «دیوانی نالی» ، ل٥٢٧) .

(٤٩) « تێگەیشتنی راستی » ، ژمارە یازدە ، ٥ی شوباتی ١٩١٨ .

«ئیستا قەومێك كە ئەمەندە مالیكی ماضیەكی موحتەشەم بێ حەیف نیە وا موهمەل بیێنێتەوە ... ئەگەر روئەسای (لوڕستانی گەورە و پچوك) و (ئەردەلان) و (هەمەدان) و (جەنوبێ ئازەربایجان) و (شارەزوور) و (بتلیس) و قیسمی موسلمانی ویلایاتی شەرقیە [50] سەعی بۆ خۆیان بكەن و ئیستیفادە لە حكومەتی موعەظەمەی بەریتانیا بكەن چێ نایەتە ناو . شاعیرێكی كورد ئەڵێ :

حاصلی گفتوگۆ هەمۆ بایە
عەمەلیاتە نانی تێدایە » (51)

لە ژمارە شازدەیەوە « تێگەیشتنی راستێ » گۆشەیەكی تایبەتێ بۆ «ئەدەبیاتی كورد» تەرخان كردووە . بایەخی ئەم بەشە چ لە رووی رۆژنامەنوسێ و چ لەرووی لێكۆڵینەوە و بوژاندنەوەی ئەدەبی كوردیەوە ، زۆرە . لەم گۆشەیەدا بۆ یەكەمجار بەرهەمی ژمارەیە لە شاعیرە هەرە ناودارەكانی كوردستان چاپكراوە . دیسان بۆ یەكەمجار لە مێژووی ئەدەبی كوردیدا ئەو بەرهەمانە لەگەڵ توێژینەوە و بەراوردا لەسەر لاپەڕەكانی «تێگەیشتنی راستێ»بڵاوكراونەوە . بایەخێكیتری ئەو گۆشەیە لەوەدا خۆ دەنوێنێ كە شیعری نەزانراو یا جۆری نەزانراوی زۆر بەیتی بڵاوكردۆتەوە. بێگومان ئەمانە بۆ ئەدەبناسی كورد گرنگ و بایەخدارن .

لە یەكەم گۆشەی «ئەدەبیاتی كورد»دا «تێگەیشتنی راستێ» ئەم بەیتانەی «شاعیری گەورەی كورد نالێ»ی [52] بڵاوكردۆتەوە [53] :

---

(50) مەبەستی ئەو ناوچانەیە كە كورد و ئەرمەن تێكەڵ تیا دەژین .
(51) لەوەدەكا شیعری شوكرێلفەضلێ خۆی بێ (بڕوانە : « تێگەیشتنی راستێ » ، ژمارە دوازدە ، ٩ی شوباتی ١٩١٨) .
(52) « شاعیری گەورەی كورد » قسەی رۆژنامەكە خۆیەتی .
(53) هەمۆ بەیتەكان نیین ، كەمێك بەروودواش خراون . بۆ تەواوی ئەو بەیتانەی نالێ بڕوانە : « دیوانی نالێ » ، ل ٢٢٠ ــ ٢٢٦ .

«(له دوگمەی سینە دوێنێ بانگی شێوان (٥٤)
بەیانی دا سفیدەی بـاغی سێوان

لە خەوفی طلعەتی رۆژ هەروەکو شێت
بە رۆژمردێ هەلات و کەوتە کێوان

مەکەن لۆمەی پەشێوێ دڵ کە ئەمشەو
پەشێواوە لەبەر پەرچەم پەشێوان

دۆ چاوی من کە وا کەیلی سوروشکن
دەپێون ئاوی بەحری خوێن (٥٥) بە پێوان

شەرابی لەعلی روممانێ لە (نالێ)
حەرامە بێ مەزەی ماچێکی لێوان »(٥٦)

لە ژمارەی داهاتویدا و دیسـان لە گۆشـەی «ئەدەبیـاتی کورد»ا «تێگەیشتنی راستێ» شتێکی تازەمان بۆ دەردەخا کە وابزانم تا ئیمڕۆ کەس باسی نەکردووە • لەو ژمارەیەیدا بەمجۆرە موناسەبەتی وتنی شیعرێـکی نالیمان پێ دەلێ : «نالێ پاش مردن خیطاب بە ئەمیرێکی بابان دەکا (٥٧) :

هەرچەندە حەیاتی خضر و جامی جمەت بۆ (٥٨)
چونکە ئەمەلت زۆرە ، چ عومرێکی کەمت بۆ

---

(٥٤) لە سـەرچاوەیتردا :
« لە دوگمەی سوخمە دوێنێ نوێژی شـێوان »
(بڕوانە : « دیوانی نالێ » ، ل ٣٢٠ ؛ مەسعود محەمەد ، چەپکێك لـە گولزاری نالێ ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٢٠٩) .

(٥٥) لە سـەرچاوەیتردا : « خۆی » (بڕوانە : « دیوانی نالێ » ، ل ٣٢١) .

(٥٦) « تێگەیشتنی راستێ » ، ژمارە شازدە ، ٢٣ی شوباتی ١٩١٨ .

(٥٧) دیارە «پاش مردن»ی ناو ئەم رستەیە بۆ «ئەمیرێکی بابان» دەگەڕێتەوە .

(٥٨) لە سـەرچاوەیتردا :
« هەرچەندە کە عومری خضر و جامی جمەت بۆ »
(بڕوانە : « دیوانی نالێ » ، ل ٣٦٧) . دەربارەی هەمۆ بەیتەکانی ئەم هەلبـەسـتەی نـالێ و لێکدانەوەیان بڕوانـە ل ٣٦٨ ـ ٣٧٠ی هـەمان سـەرچاوە .

ئیستا کە لە تۆ دوورە هەماغۆشی عەدوتە
دونیا کە زەمانێ حەرەمی موحتەرەمت بۆ (٥٩)

ئەی جامیعی دونیاوو قیامەت بە خەیالات
ئەو رۆژە کە رۆییت نە ئەوت بۆ نە ئەمت بۆ

ئەوسا چ بو دەتدا بە زمان لافی کەرامات (٦٠)
ئەمڕۆ نە دەمت بۆ نەدەمت بۆ نەدەمت بۆ

(نالی) چیە تۆ میثلی جوعەل غەرقی شیاکەی
خۆ تۆ بە حیسابی وەکو پەروانە شەمت بۆ (٦٢) »

دەبێ نالی ئەمشیعرەی بەبۆنەی مردنی یەکێ لە ناحەزانی عەبدورڕەحمان پاشای بابانەوە وتبێ[٦٣] کە بە چاوی قەدر و رێزەوە سەیری دەکرد چونکە عەبدورڕەحمان پاشا یەکێ بۆ لەو سەردارە بەدەسەڵاتەکانی میرنشینێ بابان و بۆ ماوەی چارەکی سەدەیە شوێنێکی دیاری لە ژیانی سیاسێ هەمو عیراقدا هەبو ، تەنانەت کە پاشای بەغدا سولەیمانی پچوك لە ئەستەمۆل یاخی بـو سولتان داوای لێ کرد بچێتە جێگەی ، بەڵام پاشـای بابـان قبولی نەکرد کوردستان و مەڵبەندی باو باپیرانی بەجێبهێڵێ[٦٤] ، عەبدورڕەحمان پاشـا بەهۆی پیلان و دەسیسەی نـاوەوەی وڵات و دەوری خراپی عوسمـانی و

---

(٥٩) لە سـەرچاوەیتردا :
بێزارە لە تۆ ئیستە ، هەماغۆشی عەدوتە
دونیا ، کە دوێنێ حەرەمی موحتەرەمت بۆ
(بڕوانە : « دیوانی نالی » ، ل ٣٦٨) .
(٦٠) لە سـەرچاوەیتردا :
دوێنێ چ بو دەتدا بە زوبان لافی کەرامەت
(بڕوانە : « دیوانی نالی » ، ل ٣٦٨) .
(٦١) لە سەرچاوەیتردا :
« ... چییە وا ... » (بڕوانە : « دیوانی نالی » ، ل ٣٧٠) .
(٦٢) « تێکەیشتنی راستی » ، ژمارە حەڤدە ، ٢٦ی شوباتی ١٩١٨ .
(٦٣) مامۆستا مەسعود محەمەد سەرنجی بۆ ئەم راستییە راکێشام .
(٦٤) بڕوانە : کلودیوس جیمس ریچ ، رحلة في العراق عام ١٨٢٠ ، ترجمة بهاءالدين نوری ، بغداد ، ١٩٥١ ، ص ٦٧ ـ ٦٨ .

قاجاری ناحەزی زۆر بو (٦٥) بەرادەیە چەند جارێ ناچـار بو دەسـت لـە فەرمانڕەوایێ میرنشینێ بابان هەڵگرێ • لەگەڵ ئەوەش زوربـەی ناوچـەی سۆران لە سەردەمی فەرمانڕەوایێ پچڕ پچڕی ئەودا لە برەوو پێشکەوتنـدا بو • عەبدوڕڕەحمان پاشا یەکێکە لەو سەردارە کوردانەی سەرەتای هەستی نەتەوەییان تێدا بەدێ دەکرێ ، تا دوازۆژی ژیانی (سالی ١٨١٣ وەفاتی کرد) بە چاوی رێز و خۆشەویستیەوە سەیری زانا و ئەدیبی کوردی دەکرد ، بۆیـە نالیش شوێنی دیاری لە دلی فراوانیدا بۆ تەرخان کردبو •

لە گۆشەی «ئەدەبیاتی کورد»ی ژمارەی داهـاتویدا « تێگەیشـتنی راستێ» جارێکیتر دێتەوە سەر باسی نالێ و دەلێ : «نالێ مەتحی عەسکەرێ خـاصەی ئومەرای بابان دەکا :

ئەم تاقمە مومتازە کەوا خاصەیی شاهن
ئاشوبی دلی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن (٦٦)
یەڵ صەف کە دەویستن بە نەزەر خەتتی شوعاعن (٦٧)
حەلقە کە دەبەستن وەکو خەرمانەیی ماهن » (٦٨)

لە دواگۆشەی «ئەدەبیاتی کورد»ا «تێگەیشتنی راستێ» جـارێکیتر دێتەوە سەر باسی نالێ و دەلێ : « ••• لەمەوپێش بـاسی نالیمـان کرد و وتمان ئەم زاتە شاعیرێکی عالە ، موجەدیدە ، شێوە و زمـانی کوردی‌یـە ، شیعرەکانی زۆر فەسیحـن ، کوردستان بە شیعرەکانی موتەرەنیم دەبـن و گۆرانی پێوە دەلێن • ئەم غەزەلە لە چاکترین ئەشمارێتی :

---

(٦٥) یەکێ لەناحەزەکانی خالد پاشای برازای بو کە چەند جارێك هێزی هەردو لایان بە هاندانی بێگانە بەشەڕهاتن .

(٦٦) لەبارەی رۆنکردنەوەی ئەم دو بەیتە و هەست بەرزێ نالیەوە بڕوانە : مەسعود محەمەد ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٠٨ – ١٠٩ .

(٦٧) لە سەرچاوەیتردا : « صەف صەف کە دەوەسـتن ... » (بڕوانە : « دیوانی نالێ » ، ل ٢٤١) .

(٦٨) « تێگەیشتنی راستێ » ، ژمارە هەژدە ، ٢ی مارتی ١٩١٨ .

عاشقی بێدڵ دەناڵێ ، مەیلی گریانی هەیە
بێشکە هەور و تریشقە تاوی بارانی هەیە

چاوی من دەمدەم دەڕێژێ ئاوی صاف و خوێنی گەش
دا بڵێن دیاری (٦٩) عومان دوڕ و مەرجانی هەیە

ئاسمانی حوسنی مەحبوبم لە ئەبرۆ و زولف و ڕۆ
دۆ هیلال و دۆ شەو و دۆ ماهی تابانی هەیە

دڵ موشەببەك بۆ لەبەر نیشانی ئێشانی (٧٠) موژەت
حەیفە قوربان ئاخر ئەم نیشانە ئێشانی هەیە (٧١)

لەحزەیەك و لەمحەیێ چاوم بە چاوی ئاگەوێ
کێ دەڵێ وەحشێ غەزالە مەیلی ئینسانی هەیە (٧٢)

تۆ ئەگەر هەستی و لە جێ ڕاوێستی دێو و کافریش (٧٣)
دێن دەڵێن : بەخودا قیامەت ڕاستە هەڵسانی (٧٤) هەیە

فارس و کورد و عەرەب هەر سێم بە دەفتەر گرتووە
ناڵی ئەمڕۆ حاکمی سێ مولکە دێوانی هەیە »(٧٥)

لە گۆشەیەکیتری «ئەدەبیاتی کورد»ا «تێگەیشتنی ڕاستی» هاتۆتە سەر باسی هونەری مستەفا بەگ و دەڵێ : « مستەفا بەگ شاعیرێکی بەلیغی کوردە ، مەتحی ئەمیرزادەیەك دەکا :

---

(٦٩) بە هەڵە (دیاری) چاپکراوە . بۆ ئەم بەیتانەی ناڵی بڕوانە ل ٥٧٢ ــ ٥٧٧ی « دێوانی ناڵی » .

(٧٠) لە هەمان دێواندا : « ... ئێشانی نێشانی هەیە » (ل ٥٧٦) .

(٧١) لە هەمان دێواندا :

« حەیفە قوربان ! ئاخر ئەم نیشانەیی شانی هەیە »

(ل ٥٧٦)

(٧٢) دەربارەی وردکاریی ناڵی لەم بەیتەیدا بڕوانە : مەسعود محەمەد ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٥٧ .

(٧٣) لە دێوانی ناڵیدا :

« تۆ ئەگەر هەستی ، لە جێ ڕاوەستی ، دێو و کافریش »

(ل ٥٧٧)

(٧٤) لە هەمان دێواندا : « هەستانی » (ل ٥٧٧) .

(٧٥) « تێگەیشتنی ڕاستی » ، ژمارە سێو سێ ، ١٧ی حوزەیرانی ١٩١٨ .

لەپێش بەیداغی شاهێ یار ئەوا ئەسپی دەتاخێوێ
بە تیپی غەم ئەڵێن نامەرد ئەسەر دڵ ئەمڕۆ یەلغارە
ئەڵێ ئەسپی فیراق سەکۆڵ ئەکا وا لێلە بینایێم
ئەڵێ تەپڵی نیفاقیان ژەند کە گوێچکەم پڕ لە هاوارە»(٧٦)

«تێگەیشتنی راستێ» یەکەم سەرچاوەی کوردی‌یە کە وردە دەسکارێ ئەدەبی بەراورد (مقارن)ی‌کردووە • زۆر جار بەرهەمی شاعیرانی کورد لەگەڵ هێ شاعیرانی‌تری رۆژهەڵات بەراورد دەکا • هەر لەبارەی مستەفا بەگەوە «تێگەیشتنی راستێ» لە ژمارەیەکی‌تریدا نوسیویە دەڵێ : «مستەفا بەگ یەکێکە لە شاعیرانی کورد ، خەڵکی سلێمانی‌یە • لەقەبی (کوردێ)یە و بەعزەن (هیجرێ) • لەقەبی ئەوەڵی دەلالەت لە قەومی‌یەت پەروەرێ دەکا • شیعرەکانی زۆر مەحزونانەیە • هەر بەیتێکی سەرچاوەیەکی عیشقە ، مەشرەبی وەکو (فضولێ) وایە • ئەوی ئاساری ئەو بخوێنێتەوە دەبێ هەر

---

(٧٦) « تێگەیشتنی راستێ » ، ژمارە هەژدە ، ١٢ی مارتی ١٩١٨ . لە چاپی دووەمی ئەو دیوانەی کوردیدا کە موکریانی بلاوی کردۆتەوە ئەم چەند بەیتە وا هاتووە :

صەدای کاروانی فیرقەت دێ دەڵێن سەرقافلەچێ یارە
زڕەی پێشەنگی میحنەت دێ دەڵێن کالای غەمبارە
ترنگەی تەپڵی بازاڵانی چاوەش دەنگی جارچێ دێ
بە تیپی غەم دەڵێن نامەرد ئەسەر دڵ ئەمڕۆ یەلغارە
دەڵێی ئەسپی فیراق سەکۆڵ ئەکا وا لێلە بینایێم
دەڵێی تەپڵی فیراقیان ژەند کەوا گوێم پڕ لە هاوارە
لەپێش بەیداخی شادێ یار ئەوا ئەسپی دەتاخێوێ
لەسەر تیپی سوپاسالار و هەم پێشەنگ و دونبارە

(بڕوانە : « دیوانی کوردێ . مستەفا بەگی صاحیب قڕان » ، چاپی دووەمین ، هەولێر ، ٢٥٧٢ی کوردێ ، ل ٤٦) . ئەوانەی دوای « تێگەیشتنی راستێ » باسی ئەم شیعرەی مستەفا بەگیان کردووە دەڵێن بۆ قادر ناوێکی وتووە کە دڵی پیا چووە ، گەر وابێ بۆ « ئەمیرزادەیەکی » نەوتووە وەك « تێگەیشتنی راستێ » دەڵێ (بڕوانە : « دیوانی کوردێ ». ل ٦ ــ ٧ ؛ علاءالدین سجادی : سەرچاوەی ناوبراو ، چاپی دووەم ، ل ٣٢٨) .

بگرێ ، پێکەنینی لە فکر دەچێتەوە ، تەماشــای ئەم دوو بەیتــەکەن چەنــد موحزینــن :

شەهیدی عیشقم و مەعشوقن و کفنم بۆ مەکەن یاران
گەواهی حەشرە بۆ دەعوای شەهادەت بەرگی خوێنینم
لە پەردەی تاهیری گەر بێ صەدای یا عاشقی یارم (٧٧)
ئیتر حاجەت نییە بێنن مەلا بۆ وەعز و تەلقینم

ئەوێ ئەم دوو بەیتە بخوێنێتەوە جۆشی گریانی هەڵــدەسێ ، چونــکە سەودای مەحەبەتی لێ هەڵدەقوڵێ ... سەیرکەن فــیراق و غــەریبی چۆن تەصویر دەکا :

وەها سوتاوم ئەسلەن تابی فریادم نەما سا دەی
رەفیقان نیوە سوتون ، نامەرد عەرزی هاواری
لەژێر باری غەریبی شانی سەبرم ریشە ئیستاکە
فیراقی یار لەبەر ئاخر شەڕێ لێم بۆ بە سەرباری (٧٨)

ئەم دوو بەیتە دەرەجەی تەئسیری لەلای ئەربــابی زەوق و مــەوەدەت ئاشکرایە ، ئەما لە نوقتەی نەزەری ئەدەبیاتی کوردەوە قیمەتێکی گەورەی هەیە ، جارێ ئەمەندە سەلیس و مونسەجیمە ئەڵێی ئاوە دێتە خوارێ ... ماناکەی ئەوەندە وازیح و خۆشە دەستبەجێ زیهن ئیشغال ئەکا ... مستەفا بەگ بەعزەن دەکەوێتە وادێ وەسفەوە ، ئەما لەم نەسەقە شیعری کەمە :

---

(٧٧) ئەم نیوە بەیتەیان لە دیوانە چاپکراوەکەیدا وەهایە :

« بە پەردەی ظاهری گەر بێ صەدای ئەو عاشقی یارەم »

(بڕوانە : «دیوانی کوردی ... » ؛ ل ٢٧) .

(٧٨) ئەم بەیتانە لە دیوانە چاپکراوەکەیدا وەهان :

وەها سوتاوم ئەسلەن تابی فریادم نەما سا دەی
رەفیقان نیوە سوتەن ئێوە نامەرد عەرضە هاواری
لەژێر باری خەما وا شانی سەبرم ریشە ئیستاکە
فیراقی یار لەبەر ئاخر شەڕێ لێم بۆ بە سەرباری

(بڕوانە : « دیوانی کوردی ... » ؛ ل ٥٣) .

کەوا داری زەر کورتەك کەمەرچین جیبە گوڵناری
کڵاو لار چاو خومار شیرین سوار خاڵ موشکی تاتاری
کەمانی هاتە سەر کێشانی ئەبرۆی تۆ لەپاش چاوت
لە مەستی دەستی وا لەغزی کە کەچ هات خەتتی پەرگاری (٧٩)

ئەم دوو بەیتە زۆر نەشئە بەخشە ، زاهیرەن وەسفی ئەمیرزادەیەکە • ئەداکەی چەند موحتەشەمە ، موحیبەت و علوییەتی تێدا تێکەڵاو بووە • لە بەیتی ئەوەڵدا هەشت وەسفی کۆکردۆتەوە ، لەگەڵ (ئەوەش) هیچ خەلەلی بە زەوقی ئەدەبی نەداوە • شوبهە نییە کە تەبیعەتێکی خالیس و سافی پێدەوێ • لە بەیتی دووەمدا مانایەکی (وردی) ئەدا کردووە کە هیچ زەوق ئاشنایەکی ئەدەب نییە بە خوێندنی جەزبە نەیگرێ • شاعیرێکی فورس دەڵێ:

بعد چشم تو مصور چو بابرو پرداخت
شد چنان مست که بر روی تو شمشیر کشید

واقیعەن ئەم بەیتە قیمەتێکی ئەدەبی فەوقەلعادەی هەیە ••• دەهشەت بە ئینسان ئەدا • (بەڵام) بەیتێکی مستەفا بەگ ، یانی کوردی یاخود هیجری، لەو نازکترە ، چونکە فەنی تەسویر کراوە •ئەم دوو بەیتەی زۆر خۆش و بێباکانە ئەدا دەکا ••• :

ئەم خوسرەو خۆیانە کەوا دێتە ئەزارەت
شیرینە لەلام دڵ دەفرێنێ بە مەهارەت
باکم نییە لەو خەنجەرە کردۆتە بە بەرتا
شمشێری برۆت جەرگی بڕیوم بە ئیشارەت (٨٠)

بەیتی ئەوەڵی ئەمەندە نازکە کە لایقە خەسرەوی پەروێز بۆ شیرینی بخوێنێتەوە و (نەکیسا) و (باربد) ــ دوو موغەنی مەشهوری خەسرەو و

(٧٩) بە هەڵە لەبری (میسك) (مشك) چاپکراوە . دوا دوو وشە لە دیوانە چاپکراوەکەیدا وەهان : « ... خەطی پەرگاری » (هەمان سەرچاوە . ل ٥٦) .

(٨٠) ئەم دوو بەیتە لە دیوانە چاپکراوەکەیدا نین .

شیرنن ــ نەغمەپەروازێ پێ بکەن • بەشێوەیەکی کوردێ تەواو پێژراوە • بەیتی دووەم شوجاعەتێکی ئەدەبێ تێدا هەیە کە لەگەڵ مەیلێکی موحیبەت تێکەڵاو بووە • ئینسان کە مەصرەعی ئەوەڵ دەخوێنێ بڵندی‌یەك ••• لە خۆیدا دەبینێ ، ئەما کە مەصرەعی دووەم دەخوێنێتەوە خۆی لەناو بەحرێکی موحیبەتدا دەبینێ کە نە ساحیلی بێت و نە پەناە • (سروش) (٨١) کە شاعیرێکی فورسە ئەڵێ :

چه حاجت خنجر فولاد اگر خواهی مرا کشتن
ازان ابروی عاشق کش بکش ام ترك شمشيرى ؟

ئەما ئەگەر ئەم دوو بەیتە کە ماناپان تەقریبەن مساوی‌یە بێنیتە تەرازوی حەساسی ئەدەبیات هەڵبەتە بەیتەکەی (کوردێ) گرانتر دەردەچێ • بۆ شاعیرێکی کورد ئەمە کافی‌یە • ئەی ئەم دوو بەیتە سەیرکەن چەند کوردانەیە:

جانا وەرە ئەم جەژنە بە قوربانی سەرت بم
بۆ تیری قەزای چاوی حەسودان سوپەرت بم

هێن قاڵ و زەعیفم لە هەنیتەی غەمی دوریت
شایستەم ئەمێستاکە کە حەلقەی کەمەرت بم (٨٢)

لە بەیتی ئەوەڵدا مەتانەتێکی (ئەدەبی) ؛ (فەساحەتێکی شیعرێ) هەیە، ئەما بەیتی دووەم لە شیعرە فەوقەلعادەکانە چونکە مانا هەر ئەمەندە دەقیق دەبێ • لەپاشا ئەڵێ :

---

(٨١) مەبەست شەمسولشوعەرا میرزا محەمەد عەلێ سرۆشی ئەصفەهانی‌یە کە بە یەکێك لە شاعیرە ناودارەکانی ئێرانی سەدەی نۆزدە دادەنرێ • ساڵی ١٨٦٨ عەمری خوای کردووە •

(٨٢) بەیتی دووەم لە دیوانە چاپکراوەکەیدا وەهایە :

« وا قاڵ و زەعیفم لە هەتیتەی غەمی دوریت
شایستەیە ئیستاکە کە ئەلقەی کەمەرت بم »

(ل ٢٢) •

شادن لە تەماشایی روخت (٨٣) مەحرەم و ئەغیار
مروەت نی‌یە تەنها هەر ئەمن دەربەدەرت بم

چەند پاڕانەوەیەکی موحیبەتکارانەیە ، ئەوی دەیخوێنێتەوە بـەزەیی بەم شاعیرە بێچارەیەدا دێتەوە » [٨٤] .

«تێگەیشتنی راستی» لە هەمان وتاردا کە بەشێکی زۆری ژمارەکەی گرتۆتەوە ، جارێکی‌تر بەرز مستەفا بەگی ساحێبقڕان دەنرخێنێ و وەك بەلگە ئەم شیعرانەی بلاو کردۆتەوە :

« دەرۆن زامدار و دل غەمگینە بۆ تۆ
سەرم گێژە و تەنم بێ‌تینە بۆ تۆ
زمستان مەیل ئەکەی پایز براکەم
بەهاری وەسلی من هاوینە بێ تۆ
نەوا ئەمن بوم بە شاهی جوملە عالەم
توخوا سا کاکە گیان ئەی ژینە بێ تۆ (٨٥)

پێی ناوێ ئەوی زەوقی ئاشنای زمانی کوردی بێ و بتوانێ دەقـایقی ئەدەبیاتی تێ بگا دەزانێ کە ئەم سێ بەیتە بۆ ئەمە ... شاعیرێك بگەیێنێتە ئاسمانی «سەهلی مومتەنیع» کافی‌یە چونکی لەطافەتی زمـانی کوردی بـە

---

(٨٣) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« شادن لە تەماشای نظرت مەحرەم و ئەغیار »
(ل ٢٢) .

(٨٤) « تێگەیشتنی راستی » ، ژمارە بیستو یەك ، ١٨ی مارتی ١٩١٨ .

(٨٥) جیاوازی‌یەکی زۆر هەیە لەنێوان ئەم بەیتانەی « تێگەیشتنی راستی » و ئەوانەی ناو دیوانە چاپکراوەکەی . لەمیاندا وەهان :
« دەرۆن زامدار و دل غەمگینە بێ تۆ
سەرم گێژ و تەنم بێ‌تینە بێ تۆ
زومستان مەیلەکەت پایز براکەم
بەهاری عومر و دێن هاوینە بێ تۆ
نەوا من بوم بە شاو سولتان و والی
توخوا سا کاکە گیانە ژینە بێ تۆ »
(ل ٣٩) .

خوێندنەوەی ئەمانە قسێکی ئەمەندە چاکی دەردەکەوێ کە ئینسان سەرمەست و [٨٦] حەیران دەکا ، هەتا ئەتوانین بڵێین مەزیەتی زمانی کوردێ تەواو پێ دەردەکەوێ • کورد شاعیری ماهیریان زۆرە ، یەکە یەکە دەیان نوسین و ئاساریان نیشان ئەدەین ، لەگەڵ ئەمە ئیعتراف دەکەین کە ئەم شاعیرە لە هەموویان زیاتر کوردانە و مەحزونانە شیعر ئەڵێ و حەقیقەتەن لە شاعیرە گەورەکانی (کوردە) •

لە خاتیمەی کەلامدا ئەم شیعرە کوردیە خالیسە (بخوێننەوە) چونکە زۆر موافیقی شێوەیە :

بۆم هات سەگی دەرگای و زریقایەوە دەیوت
هەی لێی بگەڕێن بیگرێ ئازاری ئەوابە (٨٧) »

لە دامێنی ئەم وتارە نوسراوە : «دوایێ دێ» بە مەبەستی (ماویەتی)[٨٨] کە ئیستە بەکاردەهێنرێ •

ژمارەی داهاتوی «تێگەیشتنی راستێ» بەشی دووەمی ئەم وتارەی بڵاوکردۆتەوە • شایانی باسە «تێگەیشتنی راستێ» لەم ژمارەیەوەی هەوڵی داوە لاپەڕەکانی ئەدەبی کورد بە بارێ سیاسێ رۆژانەوە ببەستێ ، بەڵام ئەم کارەی هیچ لە بایەخ و سەنگی قورسی بەشی ئەدەبیاتی رۆژنامەکەی کەم نەکردۆتەوە •

لەم بەشەیدا دەربارەی مستەفا بەگی ساحێبقڕان «تێگەیشتنی راستێ» نوسیویە دەڵێ : «لە نوسخەی پێشودا باسی (مستەفا بەگ) یانی (کوردێ)

---

(٨٦) بە هەڵە « سرمت » چاپ کراوە .

(٨٧) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :

« هات بۆم سەگی دەرگای و زریقایەوە دەیوت
هەر لێی گەڕێ با بیگەزێ ئازاری ئەوابە »

(ل ٤٤) .

(٨٨) « تێگەیشتنی راستێ » ، ژمارە بیستو یەك ، ١٨ی مارتی ١٩١٨ .

کرا : بەعزێ لە موتەخەیاتی شیعریشی نوسرابو ، لەگەڵ ئەمەش تورکەکان (دەستیان) هاویشتبووە شاری سلێمانێ لێیان ئەدەترسا ، لەڕقانا لە عەلەیهی تورك و قەومی کورد دەبو ، ئەما بە ئەزاکەت ، تەماشای ئەم دوۆ بەیتە بکەن :

خەبەرێکم بەمنێ ئەهلی خەبەر حەشرە مەگەر
ڕۆژی ئەمڕۆ کە لە مەغریب سەری هێناوەتە دەر
نوری مەهدیێ لە تەرەف مەکەوە زاهیر بووە یا
غەلەبەی ڕۆمە لەبۆ کوشتنی (من کان کفر) » (٨٩)

ئەم چوار بەیتەی «تێگەیشتنی ڕاستێ» زۆر لەگەڵ بەیتەکانی ناو دیوانە چاپکراوەکەی جیان ، لەمیاندا وان :

«خەبەرێکم بەمنێ ئەهلی خەبەر حەشرە مەگەر
ڕۆژ کەوا ئەمڕۆ لە مەغریب سەری هێناوەتە دەر
نوری مەهدیێ لە تەرەف مەکەوە زاهیر بووە یا
غەلبەیی کوردە لەبۆ کوشتنی (من کان کفر)» (٩٠)

ئەم جیاوازی‌یە کەمێ ڕوۆن کردنەوەی پێدەوێ ، لەوانەیە لە دیوانی دەسنوسی جیای شاعیرەوە هاتبێ ، لەوانەشە بۆ مەبەستێکی سیاسێ لە «تێگەیشتنی ڕاستێ»دا گۆڕڕابێ . چونکە یەکسەر دوای ئەم بەیتانە نوسیویە دەڵێ :

« هەمو کوردێك دەزانێ کە کورد تورك بە ڕۆم ناو دەبەن ، هەتا ئەمڕۆش لە کوردستان بە تورك ئەڵێن (ڕۆمێ) ، سەیری ئەم شاعیرە کەن چۆن بە کینایە (قەومی) کورد دەهێنێتە هەیەجان ، تورك چونکی لە غەربی سلێمانی‌یەوە هاتن ئیستیلای ئەوان بە ڕۆژی حەشر تەشبیە دەکا و مەغلوبی‌یەت لایق بە کوردان نابینێ ، بە ڕەمز پێیان ئەڵێ خۆ ئێوە کافر نین، تورك جارێ بە ڕۆژ جارێ بە نوری مەهدیێ ناو دەبا ، یەعنی بۆچێ وا لاتان

(٨٩) « تێگەیشتنی ڕاستێ » ، ژمارە بیست و یەك (دوۆبارە) ، ٢٥ی مارتی ١٩١٨ .
(٩٠) « دیوانی کوردێ » ، ل ١٦ .

گەورە بون ••• (دوایی) شوێنەوتێکی عەجایەب دەکات • وەلحاصل ئــەم دۆ بەیتە بەلاغەتێکی چاکی لێ دەدرەوشێتەوە و بۆ وەتەنپەروەری (کوردی) دەلیلێکی گەورەیــە •

(کوردی) شیعری تورکی و عەرەبی و فارسیشی هەیە ، ئەما تورکی و عەرەبی‌یەکەی قیمەتێکی ئەدەبی نی‌یە • تەرکیب‌بەندێکی فارسی هەیە سۆفی مەشرەبــانەیە [٩١] » •

دوای ئەوە «تێگەیشتنی راســتی» بە کورتی دێتــە ســەر بــاسی سەرگوزەشتەی ژیانی مستەفا بەگی ساحێبقڕان و هەندێ بیری نوێ و شتی نەزانراو دەخاتە بەرچاو کە تا رادەیە جیــاوازن لەگەڵ گێڕانــەوەی باسی ژیانی لەلایەن شــارەزای‌ترەوە ، تایــەت لەگەڵ ئەوەی خوا لێخۆشبــو موکریانی [٩٢] • «تێگەیشتنی راستی» دەڵێ :

«کوردی ، مستەفا بەگ ، لە بــەگزادەکانی ســلێمانی‌یە • تــاریخی ویلادەت و وەفاتی نەنوسراوە ، ئەما وەکو ئاساری دەفامرێتەوە لە ئەسنای ئیستیلای تورك ژیاوە ، حەفتا هەشتا ساڵ لەمەوپێــش حەیــاتی شــیعری دەستی پێ‌کردووە • ئەم شاعیرە وەکو نەقڵ دەکرێ عاشــقێکی پاك بووە و مەحبوبەیەکی حەز لێ‌کردووە کە ئەمەندە جوان نەبووە • لــەپاش مودەتێ مەحەبەت تەئسیری تێ‌دەکا و وەك مەجنون دەکەوێتــە دەشــت و کێوی کوردستان و لە ئەترافی سنە و سابلاغ چەند ساڵ روت و پەرێشان دەگەڕێ و (دایم) شیعر دەخوێنێتەوە ، بەعزەن خەڵك لێیان دەبیست و دەیانووسی‌یەوە • شیعری زۆری گوم بووە •

---

(٩١) دەبێ مەبەستی ئەو شیعرەی بێ کەوا دەست پێ دەکا :

« خۆشم قوربان بە بەندیخانەوو زنجیر و سێدارەت »

(بۆتەواوی بڕوانە : « دیوانی کوردی » ، ل ١٢ ــ ١٣) •

(٩٢) « دیوانی کوردی » ، ل ٤ ــ ٩ . هەروەها بڕوانە : علاءالدین سجادی ، سەرچاوەی ناوبراو ، چاپی دووەم ، ل ٣٢٧ ــ ٣٤٠ .

لە زمان جۆششی مەحەبەت تەماشا کەن چی ئەڵێ
ئەم سەرە سەر بۆچە دایم پڕ لە عیشقی یار نەبێ
ئەم دڵە دڵ بۆچی دائیم والەوو غەمبار نەبێ
هەرکەسێ بێتو بڵێ من عاشقم باوەڕ مەکە
تا لەسەر گۆنای نیشانەی جێگە گەستەی مار نەبێ (٩٢)

ئەم دۆ بەیتە پەرتشانێ مەحەبەتی ئەم شاعیرە چەند ساف و راست بەیان (دەکەن) ، ئەوی بیانخوێنێتەوە ئیتر ئیحتیاج ناکا بۆ تەرجەمـــەی کوردیێ بـــگەڕێ •

ئەم غەزەلەی لە هەمو شیعرەکانیتری زیاتر کوردانەیە :

بۆ گەڕانی ئاشی دڵ فرمێسکی چاو ئاڤ دگرە
غەیری هیجران و بەلا ئەسلەن بە من نادا مزە
هەر ئەوەڵ رۆژ بۆی بە تیرئەنداز شوکور پێکات دڵم
دەك فیدای دەست و کەمانت کچەی چاو مامزە
هێند بە جۆش هات خوێنی مەزڵومان لە موژگانی سیات
ئەسپەکەت دوێنی سپی بۆ ئەمڕۆ رەنگی قرمزە
وەزنی ضەربی پەنجەت ئەمڕۆ صەرفی رۆی جانانە کرد
ئەی موعەلیم بۆچ کرت کرد هەی لە جەرگت چی چزە

---

(٩٢) جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئەم بەیتانەی « تێگەیشـــتنی راســـتی » و ئەوانەی ناو دیوانە چاپکراوەکەی هەیە . ئێوە بەیتی یەکەم لەمیاندا نییە. ئەوانیتری بـــەمجۆرەن :

« ئەو سەرە سەر بۆچی دائم پڕ لە عیشقی یار نەبێ
ئەو دڵە دڵ بۆچی دائم عاجز و خەمبار نەبێ
هەرکەسێ بێت و بڵێ من عاشقم باوەڕ مەکە
تا بە پەیکانی موژەی مەحبوبەکەی زامار نەبێ »

(ل ٥٢) .

سنگ بە ناری سینە جەرگم بۆی کەباب کرد ئەو ئەلێ
(کوردێ) زۆر چاکە کەبابت ناخ چ فایدە بۆکرە (٩٤) » (٩٥) .

لە ژمارە بیستیدا «تێگەیشتنی راستێ» وتارێکی گەورە و گرنگی دەربارەی ئەدەبی کورد بڵاوکردۆتەوە و تێیدا هەوڵی‌داوە بە بەڵگە و بەراوردەوە بەرزێ ئەو ئەدەبە بخاتە بەرچاو . ئەمەیان یەکەم وتاری درێژی‌یە دەربارەی ئەدەبی کورد ، لەوە دەکا کورتە باسە ئەدەبی‌یەکانی پێشوی بە دڵی خوێنەر بۆبێ . دۆر نی‌یە ئەم وتارەیان مێجەر سۆن نوسیبێتی ، جۆری قسە و شێوازی دارشتنی وا دەڵێن . لەو وتارەیدا

---

(٩٤) دیسان جیاوازێ زۆر لەنێو ئەم بەیتانەی « تێگەیشتنی راستێ » و ئەوانەی ناو دێوانە چاپکراوەکەیدا هەیە . جیاوازێ سەرنج راکێشەر لەنێو وشەی (کچەی) ناو « تێگەیشتنی راستێ » و (کوڕەی) ناو دێوانەکەدایە کە بەم جۆرەی خوارەوەیە :

« بۆ گەڕانی ئاشی دڵ فرمێسکی چاو آل دەنگەزە
غەیری هیجران و بەلا ئەصلەن بە من نادا مەزە
هێند بەتاو هات خوێنی کوژراوان لە موژگانی سیات
ئەسپەکەی جاران سپێ بۆ ئیستەکە رەنگی قرمزە
هەر لەوێ رۆژ بۆیە تیرئەنداز شوکور پێکات دڵم
ئەی فیدای دەست و کەمانت بم کوڕەی چاو مامزە

وەزنی ضەربی پەنجەت ئەمڕۆ صەرفی رۆی جانانە کرد
ئەی موعەللیم بۆ کزت کرد دەڵە لە جەرگت چێ کرە

دڵ لەنێو نامی فیراقی بووە کەباب و ئەو دەڵێ
کوردێ زۆر چاکە کەبابت ناخ چ فایدە بۆکرە »

(ل ٤٨).

(٩٥) « تێگەیشتنی راستێ » ، ژمارە بیستو یەك (دۆبارە) ، ٢٥ی مارتی ١٩١٨ . ئەو هەمو بایەخەی « تێگەیشتنی راستێ » بە بەرهەم و ژیانی مستەفا بەگی ساحێبقڕانی داوە قسەکانی شێخ رەزا دێننەوە یاد کە وتویە : « ... ئەگەر هەمێ بوێژانی پێشومان زیندێ ببونایەوە هەر یەکەی رۆژێ جارێکم دیدەنێ دەکردن ، بەڵام کوردێ رۆژی پێنج جاران » (بڕوانە : « دێوانی کوردێ » ، ل ٨) .

«تێگەیشتنی راستێ» نوسیویە دەڵێ :

«عولەمای ئەوروپا و حەتا تورك دەیانوت کە ئەکراد ئەدەبیاتی نی‌یە • ئەما ئێمە لەو رۆژنامە (کوردی‌یانەی) کە لەمەوپێش نەشر (کران) (٩٦) ئیسپاتمان کرد کورد ئەدەبیاتێکی نازك و رەنگین و شیرینیان و خصوصەن لە شیعردا دەستێکیان هەیە • ئەوی واقیفی حاڵی کوردستان بێ دەزانێ کە زمانی کوردێ چەند شێوەیەکی جوێ جوێی هەیە ، ئەما وەکو عەرەبێکی بەغدا چۆن زمانی هەمو عەرەبەکانی‌تر دەزانێ سلێمانی‌یەکیش (واتە یەکێکی دانیشتوی سلێمانی وەك ئەو عەرەبە ـ ك• م•) هەمو زمانی کوردەکانی‌تر تێدەگا • لە هەمو شێوەکاندا شیعری تەڕ و خۆش بێژراوە :

١ ـ شێوەی سنە :

وا لە سەربانی عەمارەت نیشتگە وەك بازی تۆڕ
من دەیێژم بێرە ئەگرە ، دەڵێ لاچۆ هەتیم
، من نموەی خاصان و ئەم کرمانج بێ‌ئەسڵ و نەسەو
گیانی خان باوا بە مردن بچمە رێ ئەم شۆنە تیم (٩٧)

سا نایێ نەیێ ، سا موطریب دەفێ
قەزای پەنجەکەت لە گیانم کەفێ (٩٨)

٢ ـ شێوەی (زەنگەنە) و عەشایری ئەو (تەرەفە) :

ئەدەبیاتی ئەم شێوەیە زۆر واسیعە • گەلێ (حیکایەتی خەیالی و تاریخێ) بێ نەظم کراوە • «شیرێن و فەرهاد» و «بارام و گوڵ ئەندام» و «هەفت لەشکر» و «ئەرچە و شێرۆ» لەو جوملەیەن • ئەمانە زۆر عالێ تەسویر کراون •

جەنابی مەولەوێ (ابن هانێ) ئەم شێوەیەیە • تەماشای ئەم دوو بەیتەی کەن :

---

(٩٦) مەبەستی‌یە بڵێ لە ژمارەکانی پێشوی « تێگەیشتنی راستێ »دا .
(٩٧) و (٩٨) دیارە فولکلۆرن .

بالا خانەی چەم دیوانخانەی تۆن
یا نەخای چە گل ئەستانەکەی تۆن

تکەش عاجز کەرد خەیالت تیشــدا
جاری ئەی عەزیز یا نیو پێشــدا

پۆست تەپڵ گوش ئەم کێشا کەم کەم
ئەی سەرمو سەرن دۆربینەکەی چەم

مەولەوی ــ مەعدومی

۲ ــ شێوەی سلێمــانی :

لەبەر ئەمە کە سلێمانی تا ئەم ئاخری‌یە مەرکەزی حکومەتی بابان بــو بــالطبع زمانی کوردی گەلێ ئەلفازی لە عەرەبی و فارسی وەرگرت [۹۹] و زمانێکی سیاسی و ئەدەبی هێنــایە ناو وەسەطی کوردستــانی تــابیعی ئەم شێوەیە • زمانی کوردی شێوەی زۆرە ، جەنوبی کوردستان کە لوڕستانە و شیمالی کە ئەنادۆلی شەرقی‌یە شێوەیان جوێیە • ئێمە لێرە مەقصودمان ئەمە نی‌یە کە زمانی کوردی تەدقیق بکەین ، ئەما دەمانەوێ نیشــانی بدەین کە ئەکراد ئەدەبیاتێکی رەنگینیان هەیە • نالی تابیع بەشێوەی سلێمانی شیعری وتووە ، ئەم زاتە (موتەنەبی) ئەکرادە ، ئاساری نازك و شیرینە ، شــیعری مەوزون و مەعنادارە ، ئەم چەند شیعرە لە موتەخەباتی ئەبیاتی ئەوە :

هەر بەرچەم و پێشانی‌یە فیکری شەو و رۆژم
هەر گەردەن و زولفە ئەمەلی دوور و درێژم (۱۰۰)

★ ★ ★

---

(۹۹) نایەوێ باســی زمانی تورکی بکا • چونــکە بەلایەوە زمانی رۆمی‌یانە و ئەوانیــش دوژمنی ئینگلیزن • ئەم خستنە پشتگوێ‌یەی زمانی تورکی لێرەدا زیاتر لە کاری سۆن دەکا کە ؛ وەك وتمان ؛ لەوانەیە ئەم وتارە ئــەو نوســیبێتی •

(۱۰۰) جیاوازی لەگەڵ دیوانەکەی نی‌یە (بڕوانە « دیوانی نالی » ؛ ل ۲۷۷).

بۆ ماچی دەمت رەنگە لە عیشوەی خەمی ئەبرۆت
جۆیایی بەقا خۆی لە دەم تێغی فەنادا (١٠١)

★ ★ ★

دەستم کە بە صەد وەعدە لە صەد لاوە (١٠٢) شکاوە
چەبری نی‌یە ئەم کەسرە هەتا نەیخەیە ئەستۆ

★ ★ ★

هەناسەم زولفەکەی لاداو مەیلێکی نەکرد چاوی
نەسیم ئەنگوت و شەو رابورد و نەرگس هەر لە خەودایە (١٠٣)

★ ★ ★

گۆشەگیرم لە برۆت و موتەوەححیش لە موژەت
رۆح شیرینە لە تیر و لە قولابی نادەم (١٠٤)

★ ★ ★

پێم ئەلێن خێل و هەردوو چاوی شەڕ دەکا
خێل و قیچە یا تەرازۆی نازی نەختی سەر دەکا(١٠٥) » (١٠٦)

دوای نالی «تێگەیشتنی راستی» لە بەشی «ئەدەبیاتی کورد»ا باسی

---

(١٠١) لـە دیوانەکەیدا :

« بۆ ماچی دەمی رەنگە لە عیشوەی خەمی ئەبرۆی
جۆیایی بەقا خۆی لە دەمی تیغی فەنا دا »

(ل ٨٦) .

(١٠٢) لە دیوانەکەیدا : « ... لە صەد جێگە » (ل ٣٨٥) .

(١٠٣) جیاوازی لەگەڵ دیوانەکەی نی‌یە (بڕوانە ل ٥٥٩) .

(١٠٤) لـە دیوانەکەیدا :

« گۆشەگیرم لە برۆت و ، موتەوەححیش لە موژەت
رۆحی شیرینم ئەبەر شیر و قولابی نادەم »

(ل ٣٠٧) .

(١٠٥) لـە دیوانەکەیدا :

« پێم دەلێن : مەحبوبە خێل و قیچە ، مەیلی شەڕ دەکا
خێل و قیچە یا تەرازۆی نازی نەختی سەر دەکا ؟ »

(ل ١٠٨) .

(١٠٦) « تێگەیشتنی راستی » ، ژمارە بیست ، ١١ی مارتی ١٩١٨ . دوو جار و لە دوو ژمارەی یەك لەدوای یەکدا ئەم وتارە وەك خۆی چاپکراوە .

حەریقی کردووە و دەڵێ : « حەریق شاعیرێکی نوکتەسەنجی کوردە ، شیعری تەڕ و خۆشە ، ئەم غەزەلە هینی ئەوە :

هەمو کەس با بزانێ من کە سەودای زولفی دۆتانم (١٠٧)
لە خانەی کۆلەدا کۆلم لە دەوری شای ڕوخت ماتم (١٠٨)
ئەگەرچی ساکینی موڵکی عەجەم بوم دوور لە ڕوم کەوتم
لە سایەی پەرچەمی تۆوە رەئیسی موڵکی شاماتم
موتالای حاشیەی زولفت لەسەر صەفحەی خەتت صەعبە
بەوەم چا بۆ بە منداڵی لە دەرسی عیشق راهاتم (١٠٩)
نەوای نالەی حەزینم راستە وەک قافلەی حیجازی دێ
وەرە سەر نالەیی پڕ تەرزشی شۆزی مەقاماتم (١١٠)
دڵم هەروەک رەعیەت خۆشنشینی موڵکی ئەعزانە
لە هەرچێ دادەنیشی لێی ئەگەڕێ قوربانی بالاتم
موریدی خانەقا بوم موددەتێ ئەمما بحمد الله
ئەمیستاکە لەبەر چاوت شەراب خۆری خەراباتم (١١١)

---

(١٠٧) لە زۆر شوێن جیاوازێ لەنێو ئەم بەیتانەی « تێکەیشتنی راستی » و ئەوانەی ناو هەردۆ چاپی دیوانەکەی حەریقدا هەیە (بڕوانە : «دیوانی حەریق » ، لە بڵاوکراوەکانی مەحموود خاکی ، کەرکوک ، ١٩٦٩ ، ل ٢٩ – ٣٠) .

(١٠٨) لە دیوانەکەیدا :
« لە خانەی کوکدا کوڵم بە فەرزی شای و رخت ماتم »
(ل ٢٩) .

(١٠٩) لە دیوانەکەیدا :
« موتالای حاشیەی زولفی سەری سەفحەی روخی سەعبە
لەبۆم چا بۆ بە منداڵی لە دەرسی عەشقا راهاتم »
(ل ٢٩) .

(١١٠) لە دیوانەکەیدا :
« وەرە سەر سەیری بەزم و سۆزش و شۆری مەقاماتم »
(ل ٢٩) .

(١١١) لە دیوانەکەیدا :
« بە یادی مەدرەسەی عیشقت گەلێ عیلمم کەسب کردن
ئەمیستاکە لەبەر چاوت شەراب خۆری خەراباتم »
(ل ٣٠) .

کوا پارچەی غەزەل دەبڕێ (حەریق) ئەمڕۆ لە دیوانت
ئەڵێی هەر چاوەڕێی دەستەی خەیاتەی زولفی دۆ تاتم(١١٢)»(١١٣)

دوای نالی و حەریق و کوردی « تێگەیشتنی راستی » لە گۆشـــەی « ئەدەبیاتی کورد » دێتە سەر باسی شاعیرێکی ناوداری ترمان کە ئەویش (سالم) ە و هەموو ئەو بەشەی ژمارە بیستو دوی بۆ باسی ژیان و نمونەی بەرهەمی تەرخان کردووە • دەربارەی سالم « تێگەیشتنی راستی » دەڵێ :

« عەبدوڕڕەحمان بەگ سالم ••• شاعیرێکی نوکتەپەروەری کوردە ، لەقەبی (سالم)ە موعاسیری نالی بو • ئەم زاتە هەرچـــەند کە خزمی مـــتەفـــا بەگە ئەما وەك ئەو شاعیرێکی عاشـــق نی یە ، رەند مەشرەبە ، لا ئوبالی یە ، شیعرەکانی زەریفانەیە ، مەیلی هەجوی زۆرە ••• زۆر میللەت پەروەر بو ، لە عەلەیهی تورکان دەدوا ، حـــەتا لە جەوابی قەســـیدەیەکی نالی ، ئـــەوی لە مەککەوە بۆ سلێمانی ناردبو ، سالم ئەڵێ :

رومی ئەمنە شومە لە شەخسیش ئەدا زەرەر

سالم شیعری (حافظی) تەلیم دەکرد ، یانی تیوەی ئەوەڵی بە کوردی دەوت و لەگەڵ تیوە فارسی یەکەی تر رێکی دەخست • تەماشای بەیتی ئاتی بکەن :

نەصیحەت بگرە گوێ جانا لەلایان زۆر بە تەعظیمە
جوانان سعادتمند پند پیر دانارا (١١٤)

---

(١١٢) لـــە دیوانەکەیدا :
« کەوای پارچە غەزەل دەبڕێ (حەریق) ئەمڕۆ لە دیوانت
ئەڵێ هەر چاوەڕێی دەستە خەیاتەی زولفی تاتام »
(ل ٣٠) •

(١١٣) « تێگەیشتنی راستی » ، ژمارە نۆزدە ، ٥ی مارتی ١٩١٨ •

(١١٤) وەك بەیتی ناو دیوانە چاپکراوەکەیەتی (بڕوانە : کوردی مەریوانی ، دیوانی سالم ، بەغدا ، ١٩٣٣ ، ل ٤) •

دڵ هەرچی بڵێ ناصیح لە چاك و خراپ بەجێی بێنە
کە سالك بی خبر نبود ز راه و رسم منزلها (١١٥)

سالم لەگەڵ (میرزا محەمەد سەراج) کە ئەویش لە شـــوعەرای کوردە موشاعەرەیەکی رەندانەی هەیە ، سالم بەو ئەڵێ :

میرزا محەمەد لێم لاوە ، دەستی من و دامانت (١١٦)
جوستەن بکەم ئەشکێنم وەك نەی هەمو ئێسقانت (١١٧)
من بازم و تۆ قازی مەقرێنە بە دەورمدا
با حەملە نەکەم گیر کەم چنگی لــە چیکلدانت (١١٨)
بۆ من قەڵەمە نیزە ، بۆ تۆ سویەرە دەســـتگا
بۆ تەجرەبە با لێدەم یەك حەربە لە قەڵخانت (١١٩)

میرزا محەمەدیش جوابێکی رەندانەی ئەداتەوە ، ئـــەما مەعەلەسەف هەر بەیتێکی لە خاترمانا ماوە (کە) ئەڵێ :

---

(١١٥) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« دلا هەرچی بلێ ناصیح لە نیك و بەد بەجێی بێنە
کە سالك بیخبر نبود ز راه و رسم منزلها »
(ل ١٢) .

(١١٦) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا ئەم نیوە بەیتانە لە شوێنی تردا یـەك تەواو دەکەن . لەودا بەمجۆرەیە :
« میرزا وەرە لێم لادە دەستی من و دامانت »
(ل ٢٢) .

(١١٧) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« جستن کەم و بشکێنم وەك نەی هەمو ئێسقانت »
(ل ٢٢) .

(١١٨) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« تۆ قاژو نەمن شـاهێن مەقرێنە بە دەورمدا
نەك حەملە بەر گیر کەم چنگی لە چیقلدانت »
(ل ٢٢) .

(١١٩) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« بۆ من قەڵەمە نیزە و بۆ تۆ سویەرە دەزگا
بۆ تەجرەبە با لێدەم یەك ضەربە لە قەڵغانت »
(ل ٢٢) .

شیعرم هەمو رەنگینە وەك نەقشی ئەلتوی زین
بیژێ دەروشی منت نەدیوە (١٢٠) بە نیمانت

سالم وەکو وتمان شیعرەکانی هەمو رەندانەیە ، جۆشێکی عیشقی تێدا نیە ، ئەما چونکی طەبایعی موختەلیفە لەلای بەعزێ کەس شیعرەکانی سالم مەوقعێکی هەیە ، ئەشعاری (وەسفی) زۆر خۆشە • ئەم غەزەلـە (١٢١) لـە چاکترین ئەبیاتی ئەوە :

لە نوری لامیعی تەشتێکی راگرت و وتی رۆمە
بە دۆشا ئەژدەهای پڕنێشی راکێشا وتی مۆمە
وتم تەنها منم پابەندی عیشقی تۆ وتی شێتی
هەزارانێکی وەك تۆ بەستەی زنجیری گێسۆمە
وتم تەنها منم کوژراوی عیشقی تۆ وتی لاچۆ
هەزارانێکی وەك تۆ کوشتەیی شمشێری ئەبرومە
وتم تاکەی لە خوانی وەسلی تۆ نەومید و بێبەش بم
وتی مردوت مرێ عاشق بەدایم زار و مەحرومە
وتم (سالم) دزێ دەستی بلندکرد ئاینەی راگرت
وتی ئێشکچی ئەم بلغە دایم خالی هیندومە

حەقیقەتەن ئەوی تەماشای ئەم غەزەلە بە دیققەت بکا دەبینێ کە سەراپا زەرافەتی لێ دەبارێ • دەرەجەی رەندێ سالمی بەئاسانی لێ دەفامرێتەوە •

سالم لە هەجودا مەهارەتێکی تەواوی هەیە ، ئەمـا چونـکە موافیقی مەسلەکی رۆژنامەکەمان نیـە لە دەرجی سـەرفی نەزەرمان کرد (١٢٢) • ئەوی دەیەوێ بیخوێنێتەوە دەتوانێ دەست خۆی بخا چونکی دیوانی ئـەم شاعیرە لە کوردستانا زۆرە » (١٢٣) •

«تێگەیشتنی راستی» لە هەمو شاعیرە ناودارەکانی کورد زیاتر بایەخی

---

(١٢٠) بە هەڵە « من نت دیوە » چاپکراوە .
(١٢١) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا نیـە .
(١٢٢) بەداخەوە « لە دەرجی سـەرفی نەزەریان کرد » ، ئەگینا لەوانـەبو زانیاریمان دەربارەی سالم دەوڵەمەندتر کا .
(١٢٣) « تێگەیشتنی راستی » ، ژمارە بیستو دۆ ، ای نیسانی ١٩١٨ .

بە بەرهەمی هونەری حاجی قادری کۆیی داوە . چەند گۆشەیەکی «ئەدەبیاتی کورد»ی ژمارەکانی بۆ ئەو تەرخان کردووە . جگە لەوە زۆر جار « تێگەیشتنی راستی» وتارە سیاسی و مێژوییەکانی خۆی بە شیعری مانادار ی حاجی رازاندۆتەوە . بەمجۆرە گەر باسی سالی وەفاتەکەی لە رۆژنامەی «کوردستان»دا بخەینە لاوە «تێگەیشتنی راستی» دەبێتە یەکەم چاپەمەنی کوردی کە حاجی قادری بە خوێنەری کورد ناساندووە و دروست بەرهەمەکانی هەڵسەنگاندووە . لە گۆشەی « ئەدەبیاتی کورد »ی ژمارە بیستو سێیدا « تێگەیشتنی راستی » دەربارەی حاجی نوسیویە دەڵێ :

« حاجی قادر لە شاعیرە موجەدیدەکانی کوردە ، خەڵکی کۆیەیە ، شیعرەکانی تەڕ و خۆشە ، رەندانەیە . زۆرترینی شیعری ئیجتیماعی‌یە . لە رۆژنامەکانی ئایندەدا [١٢٤] لە ئاساری ئەوی بەفیکرماناً بێ [١٢٥] دەرجی دەکەین ... لێرەدا غەزەلێکی (؟) [١٢٦] موهیمی تاریخی و ئیجتیماعی (ئەو ــ ک. م.) دەنوسین . ئەڵێ :

ئەگەر کوردێك قسەی بابی نەزانێ
موعەییەن دایکی ... بابی ... (١٢٧)

---

(١٢٤) دیارە مەبەستی‌یە بڵێ : « لە ژمارە داهاتووەکانی تێگەیشتنی راستیدا ... » .

(١٢٥) ئەمەی کە دەڵێ « ئەوی بە فکرمانا بێ دەرجی دەکەین » بەڵگەیەکی ترە کە ئەو کەسەی « تێگەیشتنی راستی » و گۆشەی ئەدەبیاتەکەی دەردەکرد تەواو شارەزای کورد و شاعیرانی کوردستان بو ، بەرادەیە وا بێ‌دەچێ بەرهەمی ئەو شاعیرانەی لەبەربوبێ .

(١٢٦) ئەم پرسەکە لەلایەن ئێمەوە دانراوە .

(١٢٧) تەواوی ئەم نیوە بەیتە وایە : « موعەیەن دایکی حێزە و بابی زانێ » . لە دیوانە چاپکراوەکەیدا : « موحەققەق ... » (بڕوانە : « دیوانی حاجی قادری کۆیی » ، گرد و کۆ و بەخشکار گیویی موکریانی ـ چاپی سێیەمین ، هەولێر ، ١٩٦٩ ، ل ٧١) .

صەلاحەددین و نورەددینی کوردی
عەزیزانی جەزیر و مۆش و وانی (۱۲۸)
موەللەل و ئەردەشێر و دەیسەمی شێر
قوباد و باز و میری ئەردەلانی (۱۲۹)
نەمانە پاکیان کوردن نیهایەت
لەبەر بێدەفتەری و نوسینەڤانی (۱۳۰)
کتێب و دەفتەر و تاریخ و کاغەز
بە کوردی گەر بنوسرایە زوبانی (۱۳۱)
مەلاو شێخ و میر و پادیشامان
هەتا مەحشەر دەما نام و نیشانی (۱۳۲) » (۱۳۳)

لە ژمارەی داهاتویدا و لە هەمان گۆشەیدا «تێگەیشتنی راستی» جارێکی‌تر هاتۆتەوە سەر باسی حاجی قادری کۆیی و دەڵێ :

---

(۱۲۸) ئەم بەیتەی پەڕاندووە :
وەرە با بۆت بکەم باسی نیهانی
تەفەننون خۆشە گەر چاکی بزانی

(۱۲۹) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« موەلهەل ئەردەشێری دیسەمی شێر
قوباد و باز و میری ئەردەلانی »
(ل ۷۱) .

(۱۳۰) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« لەبەر بێدەفتەری ون بون و فانی »
(ل ۷۱) .

(۱۳۱) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« بە کوردی گەر بنوسرایە زمانی »
(ل ۷۱) .

(۱۳۲) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« مەلا و زاناوو میر و پادیشامان
هەتا مەحشەر دەما ناو و نیشانی »
(ل ۷۱) .

(۱۳۳) « تێگەیشتنی راستی » ، ژمارە بیستو سێ ، ۸ی نیسانی ۱۹۱۸ . ئەو شیعرەی حاجی زۆر لەوە زیاترە ، بەڵام « تێگەیشتنی راستی » زۆر جار تەنها چەند نمونەیەکی هەڵدەبژارد و بڵاوی دەکردەوە .

« حاجی قادر وتمان شاعیرێکی بێ‌نەظیری کوردە ، شـیرەکانی زۆر موتەجەدیدانەیە خۆی (غایەت) میللەت پەرومرە ، وەك شاعیرەکانی‌تر بـە زولف و (خاڵەوە) خۆی خەرتك نەکردووە ؛ هەر لەگەڵ ئیجتیماعیاتی قەومی کورد حەیاتی شیعری رابواردووە ، تەماشای ئەم مەنزومەیە بکەن چەنـد تەنقیدکارانە و ئیجتیمـاعیانەیە :

تا یـەك نەگەون قەبیلی ئەکراد (١٣٤)
هەروا دەبنە خەرابە ئاباد
ئەنواعی میلەل لە گەورەو بچـوك (١٣٥)
خەملیوە مەمالیکی وەکو بـوك
یەك بەرگن و یەك زبان (١٣٦) و یەك رەنگ
بێ‌غەیبەت و عەیب و عار و بێ‌دەنگ
هەر کوردان ئەگەرچی پاکی مەردن
پامالی زەمانـە قەتلی (١٣٧) کردن (١٣٨)
هەر مانەوە بێ‌نەواو ســەزلوم
وەك بومی خەرابە زاری مەشئوم
گەر باعیسی ئەمە دەپرسی کامە
شەرتێکە کە بۆ هەمو تەمامە
ئـەو شـەرتە بە کوللی ئیتیفاقە
گەر مەرعەش و وانـە گەر عـیراقە

---

(١٣٤) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :

« تا ریك نەگەون قەبیلی ئـەکراد »

(ل ٩٦) .

(١٣٥) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :

« ئەنواعی میلەل بـە گەورەوو چۆك »

(ل ٩٦) .

(١٣٦) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا : « زمان » (ل ٩٦) .

(١٣٧) بـە هەڵە « متل » چاپکراوە .

(١٣٨) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :

« هەر کوردن ئەگەرچی پاکی مەردن
پامالی زەمانـە مەحوی کردن »

(ل ٩٦) .

صەد شێخ و مەلا و ئەمیر و خانی
بۆ لەزەتی عەیشی زیندەگانی (١٣٩)
لەولاوە ئەوان بە حیلەبازی (١٤٠)
لەملاوە ئەمان بە تەقلەبازی

قوربان بە هەموو ولاتەوەدا
تا مولك و رەعیەت پاکی فەوتا
یەکیان ئەمی تۆ دەیکەی ئەیاتکرد
غەمیان نەبو کورد ئەگەر هەموو مرد » (١٤١)

هەر یەکەر دوای ئەم بەیتانە «تێگەیشتنی راستی» ئەم چەند بەیتەی تری حاجی قادری کۆیی لە گۆشەی ئەدەبیاتی هەمان ژمارەیدا بلاوکردۆتەوە :

« حاجی سا بەسیە صەد هەزار دەفعە (١٤٢)
پێم گوتی ئەم قسانە بێ نەفعە
رۆژی ئەوەل لە بەندموو ئازاد
خزمەتی خەلقە قیسمەتی ئەکراد (١٤٣)
باوکە هەر چۆنی ئەلێی ئەتۆ وایە
فەمن دەکەم ئەم قسانە خۆرایە (١٤٤)

---

(١٣٩) تا ئێرە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ دیوانە چاپکراوەکەی نییە شایانی باس بێ .
(١٤٠) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا : « ... بە حیلەسازی » (ل٩٦) .
(١٤١) لەم شیعرەی حاجی «تێگەیشتنی راستی» تەنها ئەم بەیتەی پەڕاندووە :
دونیا بە تران دەخۆن و دەیدەن
هەرچۆنی مەرامیانە دەیکەن
(١٤٢) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« بەسە (حاجی) دۆ سەد هەزار دەفعە »
(ل ٩٣) .
(١٤٣) ئەم بەیتە لە دیوانە چاپکراوەکەیدا نییە .
(١٤٤) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« باوکە هەرچۆنی تۆ دەڵێی وایە
تێدەگەم ئەم قسانە خۆڕایە »
(ل ٩٣) .

قوڕی کام جی بکەم بەسەر خۆما
ئەمە لێم بۆتە عادەت و سەودا (١٤٥)
بە قسەی چاکە دەستیان دەگرم
تەرکی ناکەم بە لۆمە تا دەمرم (١٤٦) »

ئینجا «تێگەیشتنی ڕاستی» بەمجۆرە شیعرەکانی حاجی قادر و مەبەستەکانی دەنرخێنێ کە بۆ سەردەمی خۆی بۆچوونێکی ورد و شایانە : «ئەگەر کوردێکی عاقڵ بە دیققەت تەماشای ئەم دوو مەنزومەی حاجی قادر بکا هیچ وەختێك لە یاریدانی قەومی پاش ناکەوێ . ئەگەر کوردان هیمەتیان بکردایە تا ئەمڕۆ هەم نوسینێکی چاك هەم خەتێکی چاکیان دەبوو (تاریخ) و ئەحوالی مەشاهیریان بە زمانی کوردی دەنوسرا . ئەمەلمان هەیە کە جوانانی ئازاد و قەوم پەروەری کورد لە موستەقبەلێکی نزیکدا بۆ بڵندی قەومی خۆیان سەعی بکەن ، چونکی قەومێك کە تاریخ و ئەدەبیاتی تەدوین نەکرابێ قیمەتێکی ئیجتیماعی و سیاسی نابێ . ئەم مەسەلانەش هەر ئەحراری قەوم دەتوانن سەعی بۆ بکەن . ئەوی دەماغی بە جەزری مەنفعەت و بە خزمەتکاری ئەم و ئەو ڕاهاتبێ و حەیاتی خۆی لە زۆر حەیاتی قەومی خۆی ڕاگرتبێ ئەم نەوعە ئیشە (گەورە و) عالی جەنابانەی لەدەس نایە . حاجی قادر کورد بۆ ئیتیفاق دەعوەت دەکا . لە هەمو شتێکدا تەئسیساتی ئیجتیماعی لازمە ئەویش تاریخ و ئەدەبیاتە ، سیاسەت لەپاش ئەمانە دەست پێدەکا » (١٤٧) .

دیسان «تێگەیشتنی ڕاستی» بێ دواخستن لە ژمارەی داهاتویدا دێتەوە سەر باسی حاجی قادری کۆیی و ئەمجاریان دەرحەق بەو نوسیویە دەڵێ :

---

(١٤٥) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« ئەمە لێم بۆتە عیللەتی سەودا »
(ل ٩٣) .

(١٤٦) بە هەڵە (مردم) چاپکراوە .

(١٤٧) « تێگەیشتنی ڕاستی » ، ژمارە بیستو چوار ، ١٥ی نیسانی ١٩١٨ .

« لەمەو پێش چەند مەزرۆمەیەکی حاجی قادری (کۆیی) کە لە ئەفازیلی موتەئەخیرینی شوعەرای کوردە نەشر کرا . لـەلامان موحەققەقە کە ئـەم سیمایە ... جوانانی ئەدەب شوناسی کوردی هێناوەتە شەوق ، چونکە ئەم شـاعیرە جەلایەکی‌تری بە ئەدەبیـاتی کورد داوە . شـیعرەکانی (لەگەڵ) شیعری قودەما فەرقی زۆرە ، هەر بەیتێکی عالەمێکی (١٤٨) ئیجتیمـاعات و ئیسلاحە . ئەمڕۆ مەزرۆمەیەکی زۆر عالی نەشر دەکەین و ئەمەنـان هەیە کە زەوقی ئاشنایانی ئەدەب بە دیقەتێکی تەواو (بیخوێننەوە) :

سـلام الله منی کل یوم (١٤٩)
لە ئەصحابانی صاحیب غیرەت و دین
لـە بێ‌عاری هەمویان کەوتە یادم (١٥٠)
رەمزی ئیتیفاق و ئیتیحادم (١٥١)
لەبەر دوری لە ئەقران و لـە ئەمثال
لە کوردانم ئەپرسی ضـەربولئەمثال
لەبۆ ئەم یەلە دوو ئەشعاری رەش و روت
هەتا پەیدابو رۆحم (١٥٢) گەیيە سەر لـوت
دەفەرموی ئەم عەزابە (١٥٣) بۆچ دەکێشی
چ مەزرۆمە ئەگەر چاوت نەیێشی
قوزی کوێ کەم بەسەر خۆما لە غوربەت (١٥٤)
خەوم نایە لـە داخی مولك و میللەت

---

(١٤٨) لە رۆژنامەکەدا « عمانیکی » چاپکراوە .

(١٤٩) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :

« سلام الله علیکوم کل یوم »

(ل ١١٣) .

(١٥٠) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا : « ... کەوتنە یادم » (ل ١١٣) .

(١٥١) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :

« بە رەمزی ئیتیفاق و ئیتیحادم »

(ل ١١٣) .

(١٥٢) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا : « گیانم » (ل ١١٣) .

(١٥٣) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا : « عەزابەی » (ل ١١٣) .

(١٥٤) بـە هەڵە (غیرت) چاپکراوە .

ئەگەر وەك من خەبەردار بێ لە دەولەت
لە حەیفان خۆت دەخنکێنی بە بێ پەت (١٥٥)
چوار ملیۆنە کوردستان نفوسی
بە قسەی ئەهلی تەخمین کە نوسی (١٥٦)
هەمویان شێری پێشمەن حاتەمی جوّد
لە شەڕدا کێوی جودی و بەحری مەخدوّد (١٥٧)
وەلاکین فائیدەی چی هەرج و مەرجن
لە دەعوادا لەگەڵ یەکتر بە مەرجن
لە گوێی گا نوستون هەرچەندە شێرن
وەکو کەرویشکی چاو ئازا و کوێرن (١٥٨)
ئەوی ئەعلایە دەستەی هەر شکارە (١٥٩)
ئەوی ئەدنایە بەستەی زولفی یارە
ئەوی ئازایە شەهنامە دەخوێنێ
ئەوی (١٦٠) مسکینە گەنم و جۆ(١٦١) دەچێنێ

---

(١٥٥) ئەم بەیتە لە دیوانە چاپکراوەکەیدا بە کۆ « جمع » هاتووە :
« ئەگەر وەك من خەبەردار بن لە دەولەت
لە حەیفان خۆ دەخنکێنن بە بێ پەت »
(ل ١١٣) .

(١٥٦) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« دوازدە ملیۆنە کورد نفوسی
بە قسەی ئەهلی تەخمینێ کە نوسی »
(ل ١١٣) .
دیارە ئەوەی «تێکەیشتنی راستی» بۆ سەردەمی حاجی قادر راستترە .

(١٥٧) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« لە شەڕدا کێوی (جوّد) و بەحری مەحدوّد »
(ل ١١٣) .

(١٥٨) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« وەکو کەرویشکی چاو راماو کوێرن »
(ل ١١٤) .

(١٥٩) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« ئەوی ئەعلایە سەردەستەی شکارە »
(ل ١١٤) .

(١٦٠) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا : « ئەمەی » (ل ١١٤) .

(١٦١) بە هەڵە (خود) چاپکراوە .

ئەمانە بێ‌شــعوور و گێژ و وێژن
موطیعی لوتی‌خۆر و (١٦٢) هەرزەبێژن

سەیر کەن ئەم شاعیرە عالی جەنابە چل پەنجا ساڵ لەمەوپێش (چۆن ــ ك٠ م٠) بە حیسیاتی ئیجتیماعی‌یە موتەحەسیس بووەو لە عالەمی شــیعردا بەسەر هەمو شاعیرەکانی (تردا ــ ك٠ م٠) فائیق بووە چونــکە لە حەیــاتی ئەزمدا ئینقیلابێکی گەورەی ٠٠٠ کردووە ٠ ئەوی تەماشای ئەم مەنزومەیــە بکا بێ‌ئیختیار مەغلوبی حیسیاتی قەومی و وەتەنی دەبێ » ٠

لێرەدا «تێگەیشتنی راستی» بیرێکی سەرنج‌راکێش دەخاتە بەر چــاو کە دەڵێ : «ئەگەر حەقیقەت مولاحەزە بکرێ دەبینرێ کە شوعەرای کورد بەعزێکیان لەگەڵ تورك و عەرەب و فورســەکان ، بەڵکو لەپێــش ئەوان سالێکی تەرزی تازەی شیعر بون و شیعریان تێکەڵاوی ئەحوالی (ئیجتیماعی) کردووە چونکە (شاعیرانی) پێشتوی کورد وەکو شاعیری کۆنی ئــەقوامی سائیرە بەحــیان لە مەی و مەحبوب و زوڵف و خاڵ دەکرد ، ئەمــا حــاجی قادری (کۆیی) ئەم تەرزەی گۆڕی و شیعری تێکەڵاوی ئیجتیماعیات کرد و لەم مەسلەکەدا بە موئەسیس حساب کرا ٠ هیچ شوبهــە نی‌یە کە جوانــانی موستەقبەلی کورد حاجی قادر موقابیلی کەمال بەگی [١٦٣] تورك و ئەمسالی دەگرن و بە موهەیجی حیسیاتی وەتەنی و قەومی دەزانن ٠٠٠» [١٦٤] ٠

دوای حەوت ژمارە «تێگەیشتنی راستی» جــارێکی‌تر دێتەوە ســەر باسی بەرهەمەکانی حاجی قــادری کۆیی ٠ بە قســەکانی ئەمجــارەیدا وا دەردەکەوێ خوێنەرانی رۆژنامەکە بایەخیان بەو باسانە دابێ کە لەسەر حاجی

---

(١٦٢) مفتەخۆر ٠
(١٦٣) دەبێ مەبەســتی نامیق کەمال (١٨٤٠ ــ ١٨٨٨) بێ کــە نوســەر و نیشتمانپەروەرێــکی ناودار و دووربین و نوێخوازی تــورك بوو کاری کردۆتە سەر زۆر کەس لە نوسەرانی رۆژهەڵات ٠
(١٦٤) « تێگەیشتنی راستی » ، ژمارە بیستو پێنج ، ٢٢ی نیسانی ١٩١٨ ٠

بلاوی دەکردنەوە • لە ژمارە سێو دوێدا «تێگەیشتنی راستی» نوسیویە دەڵێ :

« لە چەند نوسخەی لەمەوپێش ئەم قەسیدە غەزایەی حاجی قادری کۆییمان دەرج کردبو ••• بۆ (باقی‌یەکەی) ئەربابی فیکری ئەدەبی ئینتیزاریان دەکرد ، لەبەر ئەمە ئەمجارە ستونی جەریدەکەمانی پێ تەزیین کرد • ئەوی تەماشای ئەم قەسیدەیە(١٦٥) بکا حەقیقەتەن حەیرانی زەکای ئەو داهی‌یەی کوردە دەبێ • هیچ شوبهە نی‌یە کە حاجی قادر یەکە عالمی ئیجتیماعی کوردە:

کەسێکی‌وا نەبو هەستێتە سەر پێ
بزانێ چۆن هەموکەس کەوتە سەر رێ (١٦٦)
بکا سەیری جەریدە و حاڵی میللەت
کتێبی تازەو تاریخی دەوڵەت
بزانێ چ قەوماوە لە ئەتراف
سەراپا ئاگرە ئەتراف و ئەکناف
ئەگەر کارێك ئەکەن لەمبەینەدا زۆ
مەمالیك (١٦٧) کاتێکی زانیت لەدەس‌چۆ
کەمێ صەحراو دەریا دێتە جوڵان
بە غەیری پێکەوە (١٦٨) فەوجی سواران
« بتر خانی » (١٦٩) بەسەر ناچێ لەملوپاش
لە هەرلاوە دەتان هاڕن وەکو ئاش

---

(١٦٥) دوابەشی ئەو شیعرەیە کە نیوەی یەکەمی لە گۆشەی ئەدەبیاتی ژمارە بیستو پێنجدا بلاوکراوەتەوە .

(١٦٦) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :

« کوڕێکی وا نی‌یە هەستێتە سەر پێ
بزانێ خەڵکی چۆن کەوتونە سەر پێ »

(ل ١١٤) .

(١٦٧) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا : « ولاتت ... » (ل ١١٤) .

(١٦٨) بە هەڵە (پێکەرە) چاپ‌کراوە .

(١٦٩) واچاپ‌کراوە . لە دیوانەکەیدا :

« بەدرخانی و لەسەرچێ لەمەوپاش »

(ل ١١٥) . بەڵام ئەمیشیان لەگەڵ نیوە بەیتی دووەمدا ناگونجێ .

لەژێر پێیدا دەچن حەیف و مەغابن (١٧٠)
گەدا بن ، دوژمنتان شا بن (١٧١)

لە هەر وەقتێ یەکێکی بێتە هاوار
لە جوتیار و شوان و ئەهلی بازاڕ (١٧٢)

وەکو بیســتومە بۆ دەفعی مەصــایب
ئەمە تەدبیری کورت و فیکری صائیب (١٧٣)

لە دەشت و دێ و ویلایەت بینە ئەحباب (١٧٤)
وەکو شەخسێکی واحید بن لە هەر باب

---

(١٧٠) بەهەڵە « تغابن » چاپکراوە .

(١٧١) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :

« لە ژێرپێدا دەچن حەیف و موخابین
گەدا بن ئێوە دوژمنتان بە شــا بن »

(ل ١١٥) .

دوابەدوای ئەمە لە شــیعرەکەی حاجی قادردا دوو بەیتی‌تر هــەیە کە « تێکەیشتنی راستی » بڵاوی نەکردوونەوە ، دەبێ لــەبەر ئەوە بێ کە لەوێدا ناوی (رۆمی) خراوەتە تەنیشت ناوی رۆس و تایبەت ئینگلیز . بەیتەکان لە دیوانە چاپکراوەکەیدا بەمجۆرەن :

« بە غەیری رۆمی و ئینگلیز و رۆسی
بێحەددە دەوڵەتان ناویان بنوسی

لەجێی خۆیان هەڵستاون بە غیرەت
لە دونیا ناوی خۆیان ناوە دەوڵەت »

(ل ١١٥) .

(١٧٢) ئەم بەیتە لە دیوانە چاپکراوەکەی حاجیدا نی‌یە .

(١٧٣) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :

« وەکو بیستومە بۆ دەفعی مصائیب
ئەمەی تەگبیر کرد ئەو فیکر صاحب »

(ل ١١٥) .

(١٧٤) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :

« هەمو گەورەی ویلایەت بینە ئەحباب »

(ل ١١٦) .

له بۆتان بابیان سەرحەدی ڕێ (١٧٥)
له ئەولاتر وەها تۆش بیته سەر ڕێ (١٧٦)
ئو بیته یەك له تەعلیم و لــه نوسین
جل و بەرگ و زوبان و خەت و ئایین (١٧٧) ، (١٧٨) »

له دواگۆشەی «ئەدەبیاتی کورد» «تێگەیشتنی ڕاستی» دیسان دوور و درێژ دێتەوە سەر باسی حاجی قادری کۆیی و ئەمجاریان دەڵێ :

«٠٠٠ چەند نوسخەیەکی ڕۆژنامەکەمان بە ئاساری نەفیسەی حـاجی قادری کۆیی (ڕازاندەوە) ٠ هیــچ شوبهــه نییە کە منــەوەرینی کورد لە ئەبیاتی ٠٠٠ گەلێ مەسرور دەبن ، لەبەرئەمە لە هەرکوێ چاومان بە بەیتێکی ئەو بکەوێ بە کەمالی ئیفتیخار دەرج و عەرزی ئەزاری کوردی دەکەین ٠ تەماشای ئەم چەند بەیتە مەعنادارە کەن :

هەر کوردە لە بەینی کوللی میللەت
بێبەهرە لە خوێندن و کیتابەت (١٧٩)
بێگانە بە تەرجومەی زوبانی (١٨٠)
ئەســـراری کتێبی خەلکی زانی

---

(١٧٥) وەها چاپ کراوە .
(١٧٦) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا ئەم بەیتە وای لێ کراوە :
« لەمەولا گشتیان با بێنە ســـەر وەی
لە بۆتان و بەیات تا ســـەرحەدی ڕەی »
(ل ١١٦) .
(١٧٧) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« هەمویان بێنە یەك تەعلیم و نوسین
وە یەك بەرگ و زمان و ڕەسم و ئایین »
(ل ١١٦) .
(١٧٨) « تێگەیشتنی ڕاستی » ، ژمارە سێو دوو - ١٠ی حوزەیرانی ١٩١٨ .
(١٧٩) بە هەڵە (کتاب) چاپ کراوە .
(١٨٠) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« بێگانە لە تەرجومەی زمانی »
(ل ١٣٥) .

یەکسەر عولەما دروشت و وردی
ناخوێننەوە دوو حەرفی کوردی (١٨١)
صاحیبی کتێب (١٨٢) و پەیامە هەرکەس
ئێمە نەبێ بۆینە قەومی چەرکەس (١٨٣)
کاکە ئێمە مونمینین نە رۆسین
بۆچ کفرە زبانمان بنوسین (١٨٤)

... ئەم شاعیرە ئیجتیماعی‌یە هەرچی‌یە موتەعەلیق بە قەومی‌یەت و وەتەنی‌یەت بێ نەزمەن بەیانی کردووە . حەقیقەتەن کوردەکان تا ئیمڕۆ نوسینێکیان بۆ خۆیان نەهێنایە ناوەوە و موحتاجی خەلق بون ، حەتا کیتابەتی زمانی خۆیان تەرك کردووە ، بە لوغەت و خەتی فارسی مەرام پێك (دێنن).. ئەمە بۆ قەومێك زۆر عەیبە . ئەمڕۆ موافیقی لیسانی کوردی نەختێ حروف و تەلەفوز ئیسلاح بکرێ ئیملا و ئینشایەکی کوردی زۆر چاك پەیدا دەبێ کە (الی الابد) سەرمایەی فەخری کوردان دەبێ ... قەومێك دەبێ دائیمەن بۆ مانەوەی عادەت و قیافەت و زمان سەعی بکا تا رێ و شوێنی ون نەبێ (١٨٥) » (١٨٦) .

---

(١٨١) لە دێوانە چاپکراوەکەیدا :
« نەیخوێنەوەوە هیچ دوو حەرفی کوردی »
(ل ١٢٥) .

(١٨٢) لە دێوانە چاپکراوەکەیدا « کوتوب » نوسراوە
(ل ١٢٥) .

(١٨٣) بە هەڵە (حرکس) چاپکراوە .

(١٨٤) لە دێوانە چاپکراوەکەیدا :
« خۆ مۆمینین ئێمە و نە رۆسین
بۆچ کفرە زمانمان بنوسین »
(ل ١٢٥) .

(١٨٥) ئەم قسانە دیسان بەڵگەی بایەخدانی « تێگەیشتنی راستی »ن بە زمانی کوردی و هەوڵدانی بۆ دارشتنی رێنوسێکی لەبار بۆی (بڕوانە یەکەم باسی ئەم بەشە : (« تێگەیشتنی راستی » و زمانی کوردی) .

(١٨٦) « تێگەیشتنی راستی » ، ژمارە سێو سێ ، ١٧ی حوزەیرانی ١٩١٨ .

دوابەدوای ئەم قسانەی لە ئاخی دڵێکی دڵسۆزەوە هەڵقوڵاون و بە نیازی چەسپکردنیان لە دەرونی خوێنەری کوردا «تێگەیشتنی راستی» چەند بەیتێکیتری حاجی دەخاتە بەرچاو کە لەگەڵ مەبەستی نوسەر تەواو دەگونجێن :

« میللەتی بیٚ کتێب و بیٚ نوسین
غەیری کوردان نی یە لە رۆی زەمین
جەنگەی ئێرە باوجۆدی کەرن (١٨٧)
هەروەکو دۆمی ئێمە دەربەدەرن
لێوە عاقلترن بە صەد مەنصەب
کوڕی خۆیان دەنێرنە مەکتەب (١٨٨)
ئێستەکی کوردەکانی کوردستان (١٨٩)
هەر لە بۆتانەوە هەتا بابان
ئەم هەنیوانەی مەکتەبی یەکسەر
کوردەکان بار دەکەن وەکو ما ...(١٩٠)
وادیارە هەتاکو دونیا بیٚ
کوردەکان حالیان دەبیٚ وابیٚ » (١٩١)

دوای ئەمە «تێگەیشتنی راستی» دەڵێ : «حاجی لێرەدا زمانێکی چەند شەدید ئیستیمال دەکا ، ئەوی تەماشای ئەم چەند بەیتە بکا و چاك ماناکەی

---

(١٨٧) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« چینگەنەی ئێرە باوەجودی کەرن »
(ل ١٣٦) .

(١٨٨) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« هەتێوی خۆ دەنێرنە مەکتەب »
(ل ١٣٦) .

(١٨٩) لە دیوانە چاپکراوەکەیدا :
« ئیستێکە ئامیرانی کوردستان »
(ل ١٣٦) .

(١٩٠) تەواوی ئەم نیوە بەیتە وایە :
« کوردەکان بار دەکەن وەکو ماکەر »
(ل ١٣٦) .

(١٩١) « تێگەیشتنی راستی » ، ژمارە سێو سێ ، ١٧ی حوزەیرانی ١٩١٨ .

تێبگا دەزانێ ئەم پیاوە ئیجتیماعی‌یە چەند جگەری بۆ قەومی سوتاوە ، حەتا بەعزەن لە رقانا جوێنیان پێ‌ئەدا ، وەلحاصل حاجی قادری کۆیی لەناو شوعەرای (کوردستاندا) بێ‌ئەمساله » (١٩٢) .

«تێگەیشتنی راستی» بە رادەیەکی لە حاجی و نالی کەمتر باسی ژمارەیە شاعیری نـاوداری‌تری کوردی کردووە . لە گۆشـەی ئەدەبیـاتی یەکێ لە ژمارەکانی ، «تێگەیشتنی راستی» کورتە باسێکی دەربارەی غەریقی و مەحوی بلاو کردۆتەوە . دەربارەی یەکەمیان نوسیویە دەڵێ : «غەریقی یەکێکە لـە شوعەرای موتەئەخیرینی کورد . هەرچەندە شیعری زۆر نەزم نەکردووە ، ئەما تەبیعەتێکی (ناسکی) هەیە . ئەو چەند بەیتە کە هێناویتە قەڵەم لەناو کوردانـدا زۆر مەشهورە ، حەتا بەستەبێژەکان (دایم) بەگۆرانی دەیلێن . ئەم غەزەلەی لـە چاکترین ئەبیاتی ئەوە :

لەسەر صەفحەی لەتیفی رۆت جەوابێکە لە هەرلایی
شکستەی خەتی دۆ ئەبرۆت خەمی زولفی‌چلیپایی
بنازم شۆرشی حوسن و نیزامی تیپی موژگانت
لەبۆ تەسخیری مولکی دڵ عەجەب شایستە پاشایی
لە هەرلا مودەعی گەر تیرەبارانی غەریقی کەن
لەپێناوی دەنێم صەد جانی شیرینم لە هەر لایی » (١٩٣)

دوابەدوای ئەمە « تێگەیشتنی راستی » یەکسەر دێتە سەر باسی مەحوی و دەڵێ : «مەشوی یاخود مەحوی شـاعیرێکی گەورەی کوردە ، هەتا چەند ساڵ لەمەوپێش لە حالی حەیاتدا بو . رمونەیێکی تەواوی بە شیعری کوردی دا . لە (ا) تا (ی) دیوانێکی تەرتیم کردووە . لە شیعریدا دائیمەن لوغەتی کوردی لە لوغاتی‌تر تەجرید دەکا . غایەت نوکتە پەروەرە . ئەم چەند بەیتە هینی ئەوە :

---

(١٩٢) « تێگەیشتنی راستی » ، هەمان ژمارە .
(١٩٣) « تێگەیشتنی راستی » ، ژمارە سێو دۆ ، ١٠ی حوزەیرانی ١٩١٨ .

ئەری دڵ بێ شەرابی لەعلی گوڵ رەنگت لە گوڵ چیبکا
کە جیلوەی گوڵ لە گوڵشەندا نەبێ بولبول لە چڵ چیبکا
بای غەم گەر رەقیبانت بسوتێنێ ئەی گوڵی رەعنا
مەرەنجە تو خودا ، ئاگر لە ئاڤاری چەڵ چیبکا
لە عوششاق و رەقیب ئەو شۆخە چاوی لوتفی وەرگێڕا
کە ئاهو ئادەمێ یا سەگ ببینێ غەیری سڵ چیبکا
فەلەك هەرگا کەسێکی هەڵبڕێ وەقتی هیلاکەتیە
کە سەر بۆ گەینە پەت بێ بێ لە کورسی‌و ئەسکەمل چیبکا
لە هەر جێگا هەڵێ خورشیدی حوسنی مەهروان (مەحوی)
ئەگەر عەقلی بێ لەو جێیە ئاونگی عەقڵ چیبکا » (١٩٤)

لە ژمارە سێو چوارەوە ئیتر گۆشەی «ئەدەبیاتی کورد» لە «تێگەیشتنی راستی»دا نەماوە . وادیارە زۆر بونی هەواڵەکانی شەڕ (تایبەت لە مەیدانی عیراق و فەلەستین و سوریە) و نزیك‌بونەوەی کۆتایی شەڕ بونە هۆی ئەم وەستانە ، چونکە زوربەی هەرە زۆری ژمارەکانی‌تری «تێگەیشتنی راستی» تەنها بۆ باسی شەڕ و پێشکەوتنی لەشکری ئینگلیز تەرخان کراون . رێشی تێدەچێ ئینگلیز ویستبێتیان وریابونەوەی کورد و بزواندنی هەستی نەتەوەیی لە سنورێکی تەسك تێنەپەڕێ و چالاکی شوکرتلفەضلی‌یان لەم مەیدانەدا بە زۆر دیبێ بۆیە وا لەپڕ ئەو گۆشەیەیان وەستاند . هەر چۆن بێ ئەو چەند گۆشە ئەدەبی‌یەی «تێگەیشتنی راستی» کارێکی پڕ کەلکی ئەوتۆیە کە سەنگی رۆژنامەکەی لە هەمو روێەکەوە زۆر پێ بەرز بۆتەوە، بایەخ دانی «تێگەیشتنی راستی» بە مێژوی کورد ئەوکارەی ئەوەندەی‌تر پارسەنگ کردووە .

« تێگەیشتنی راستی » و مێژوی کورد :

رۆژنامە و گۆڤار یەکێ لە سەرچاوە گرنگ و رەسەنەکانی توێژینەوەی مێژوی نوێ و هاوچەرخی گەلانن . هەن «ئەرکی رۆژنامەنوس» لەگەل

---

(١٩٤) « تێگەیشتنی راستی » ، هەمان ژمارە .

«ئەرکی مێژوونوس» جیا ناکەنەوە و دەڵێن «هەردوکیان وەك یەك دەبێ بەر لە هەموشت عەودالی راستی بن» و ئەو «راستی‌یە وەك خۆی بخەنە بەردەمی خوێنـەر » (۱۹۵) .

نەك هەر رۆژنامەنوسی نوێ بەڵکو هەمانکات ئەو بەرهەمە زوانەش کە تارادەیە لە رۆژنامەیان دەکرد دەچنە خانەی سەرچاوەی مێژویی رەسەنەوە. ژمارە پارێزراوەکانی ئەو «روداوی رۆژانە»یەی یولیۆس قەیـەر کاتی خۆی دەری‌دەکردن (۱۹۶) دەمێکە بونەتە سـەرچاوەی رەسـەن و بـایەخدار بۆ توژینەوەی گەلێ رووی گرنگ و نەزانراوی مێژووی کۆنی رۆما .

بایەخی رۆژنامەنوسی نوێ وەك سەرچاوەی مێژویی لەوەش زیاترە . دەمێکە رۆژنامە و گۆڤار بونەتە سەرچاوەی پێویستی توژینەوەی ئالوگۆڕی ئابوری و کۆمەڵایەتی و بەرەوپێش‌چونی بزوتنەوەی روناکبیری گەلان . مەرجی گرنگی ئەمە لەوەدایە کە چەند رۆژنامەنوس لایەنگر بێ ئینجا ناتوانێ هەمو راستی بشارێتەوە . مێژونوسی ورد دەتوانێ لە هەزار کەلەبەرەوە بە یاریدەی رۆژنامە و گۆڤار بگاتە ئەو راستی‌یانەی مەبەستی‌یە . بێ‌گومـان ئەو ۱۳۵۰ رۆژنامەیەی ساڵانی شۆرشی فەرەنسە دەرچون (۱۹۷) گەورەترین سـەرچاوەی رونکردنەوەی بەسـەرهاتی مێژویی ئەو سـەردەمە هەرە گرنگەی فەرەنسە پێك‌دێنن .

لە سـەرەتای پەیدابونی‌یەوە رۆژنامەنوسی کوردی بەپێی توانا بایـەخی داوە بە مێژووی کورد . «کوردستان»ی یەکەم رۆژنامە لە چەند ژمارەیەکیدا

---

(۱۹۵) بڕوانە :
F. Williams, Press, Parliament and People, London — Toronto, 1946, P. 139.

(۱۹٦) دەربارەی بڕوانە بەشی یەکەمی ئەم کتێبە .

(۱۹۷) لە ماوەی یازدە ساڵی یەکەمی شۆرشی فەرەنسەدا (۱۷۸۹ — ۱۸۰۰) ۱۳۵۰ رۆژنامەی فەرەنسی دەرچو .

باسی سەلاحەددین و میرانی جزیر و بەدرخان پاشای گەورەی کردووە[198].
«کوردستان» بۆخۆی سەرچاوەیەکی یەکجار گرنگە بۆ شیکردنەوەی زۆر رووی ژیانی سیاسی و روناکبیری کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا[199] . «ژین»ی ئەستەمۆل چەند وتارێکی دەربارەی مێژووی کوردستان و شوێنەواری کۆنی و بابان[200] و مەولانا خالید و سەرداری تر بڵاوکردۆتەوە . جگە لەوە «ژین» بۆ خۆی سەرچاوەیەکی رەسەنە بۆ باسی چالاکی دەستەی روناکبیری کورد[201] . رۆژنامە و گۆڤارەکانی مەهابادیش زۆر بایەخیان دەدا بە بڵاوکردنەوەی باس و وتاری مێژوویی . لە دیوی ناوەوەی بەرگی یەکەمی ژمارە یەکی «کوردستان»ی مەهاباد نوسراوە :

«کوردستان گۆوارێکی ئەدەبی ـ تاریخی ـ کۆمەڵایەتی .. مانگی کوردییە . یەکەمین ئارمانی بژار و ژیانەوەی زمان و ئەدەبیاتی کوردییە و ... بۆ ژیانەوەی[202] ئاساری زانایانی کورد تەقەلا دەدا ، لەبەرئەوە تکا لە خوێندەوارانی خۆشەویست دەکەین هەرکەس بەیت و

---

(198) « کوردستان » وتارێکی بە کوردی و بە تورکی دەربارەی بەسەرهاتی ژیان و خەباتی بەدرخان پاشا بڵاوکردۆتەوە (بڕوانە : « کوردستان » ، ژمارە سیازدە ، ٢٠ی (ذی القعدە)ی ١٣١٦ ، ل ٢ ـ ٤ ؛ ژمارە چواردە ، ٩ی (ذی الحجە)ی ١٣١٦ ، ل ٢ ـ ٤) .

(199) زانیاری زۆر گرنگ دەربارەی مێژووی کوردستان لە سەردەمی فەرمانڕەوایی سوڵتان عەبدولحەمید لە رۆژنامەی « کوردستان »دا هەیە و گەلێکیان دەتوانن یاریدەی مێژوونوس بدەن بۆ تێگەشتنی چەند مەسەلەیەکی مێژوویی گرنگی وەك باسی پەیوەندی نێوان کورد و ئەرمەن و سوارەی حەمیدی بەجۆرێکی باشتر .

(200) « ژین »ی ئەستەمۆل زنجیرەیە وتاری دەربارەی بابانەکان بڵاوکردۆتەوە کە مامۆستا عەبدولعەزیز یامولکی نوسیونی .

(201) بۆنمونە « ژین » پرۆگرامی رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی ئەو سەردەمەی بڵاوکردۆتەوە کە لە نرخاندن نایەن .

(202) دەقی ئەم رستەیە واچاپکراوە : «بۆ ژیانەوە نێو ئاساری زانایانی کورد » .

حیکایەت و سەرگوزشتەی پیاوێکی مەزن یا عەشیرەتێکی کوردی لەکن بێ و یان نوسراوێکی [٢٠٣] لەلا بێ یا لەبەر بێ ، کوردێ ، فارسێ ، عەرەبێ ، مادامێك هێ زانایانی کورد بێ و لەچاپ نەدرابێ بۆمان بنێرن کە بە یارمەتی خودا لە چاپی بدەین تا [٢٠٤] بەسەرهاتی رۆژگار لە نێوی نەبا » [٢٠٥] .

جێگەی خۆیەتی باسی ئەوەش بکەین کە سەرەتای سالی ١٩٣٨ مامۆستا سالح قەفتان گۆڤارێکی نێو مانگی «ئەدەبێ ــ مێژوێی» لە شاری سلێمانی بە ناوی «زانستی»یەوە دەرکرد .

دیارە توانای لێکۆلینەوەی زانستیانەی مێژوی کورد ئەو سەردەمە کەم بو ، بۆیە زۆرجار هەلە و لێکدانەوەی نارِاست دەکەونە بەرچاو [٢٠٦] .

بە هەرجۆر مێژو شوێنی دیاری لە رۆژنامەنوسی کوردیدا هەبو . ئەم لایەنە لە «تێگەیشتنی راستی»دا باش رەنگی داوەتەوە . لەمەدا شارەزایێ زۆری مێجەر سۆن [٢٠٧] و بەرادەیەکی کەمتر شوکرتلفەضلی دەوری دیاری بینیوە . شایانی باسە «تێگەیشتنی راستی» زوربەی باسە مێژوییەکانی وەك سەروتار بلاو دەکردەوە .

پێویستە بەر لە هەمو شت سەرنج بۆئەوە رابکێشین کە «تێگەیشتنی راستی» یەکەم سەرچاوەی کوردییە هەولیداوە باسی رەگەزی کورد

(٢٠٣) مەبەستی دەستوسی کونە .
(٢٠٤) لە ئەسلدا (کە) چاپکراوە .
(٢٠٥) «کوردستان» ، ژمارە یەك ، ٦ی دیسامبری ١٩٤٥ ، بەرگی ناوەوەی .
(٢٠٦) بۆنمونە بڕوانە ئەو لێکدانەوە سەیرەی « پێشکەوتن » دەربارەی رەگەزی کورد بلاوی کردوتەوە (« پێشکەوتن » ، ژمارە بیستوچوار ، ٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٠) .
(٢٠٧) سۆن تەواو شارەزای مێژوی کورد بو . شایانی باسە مامۆستا ئەمین زەکی بۆ باسی نەژادی کورد کەلکی لە نوسینەکانی سۆن وەرگرتووە (بڕوانە : محمد امین زکی ، خلاصة تاريخ الكرد وكردستان ، ص ١٠٨ ــ ١١٢) .

بەشێوەیەکی زانستی دروست بکا و دیسان یەکەم سەرچاوەی کوردی‌یە پەیوەندی میدیا و کوردی خستۆتە بەرچاو . لە ژمارە یازدەیدا «تێگەیشتنی راستی» وتارێکی بە ناوی «قەومی کورد»ەوە بلاوکردۆتەوە تێیدا دەڵێ :

« قەومی کورد لە شوعبەی ئاری‌یە و لە فیرقەی زەندی‌یە . (زەندی) عیبارەتە لە کورد و فورس و ئەفغان و ئەرمەن و بلوج . ئەم پێنج قەومە هەم دراوسێی یەکن هەم زۆر لەگەڵ یەکتری ئیختیلاطیان کردووە ، لەبەر ئەمە (زمان و عاداتیان) زۆر موشابیهی یەکە و عەلاوەی ئەمە ئەم قەومانە خالیس نەمان ، وەکو لەگەڵ یەك تێکەڵ بون لەگەڵ شوعبەی (سامی و مەغۆلی)ش دیسان تێکەلی‌یان هەیە . ئەما هەر (قەومە) زمان و جێی خۆی موحافەزە کردووە ... کورد قیسمێکی گەورەی مەملەکەتی ئاشور و میدیا و ئیسلام ئیشغال دەکەن و لە زەمانێکی زۆر پێشووەوە هەر لەو جێ‌یانە بون و هیچ قەومێك تەواو زەفەری پێ نەبردون . لە تاریخی قەدیم ئەوروپایێکان کردۆخی (کاردۆخی ـ ك.م.)یان پێ‌ئەڵێن و لە تاریخی تازە کە نەتیجەی تەحقیقاتێکی چاکە هەندێ لە عولەما کۆشی (کاشی ـ ك.م.) و هەندێکیش ئاردۆهی (کاردۆخی ـ ك.م.)یان ناو دەبێن ... » (۲۰۸) .

« تێگەیشتنی راستی » لە ژمارە دوازدەیدا جارێکی‌تر دێتەوە سەر باسی نەژادی کورد . لە سەروتاری ئەم ژمارەیەیدا « تاریخی قەومی کورد و ئاساری عەتیقە ـ عەتیکە » دەڵێ : «تاریخی پێشوی قەومی کورد وەك گەلێ ئەقوامی‌تر هێشتا تەواو کەسبی وزوحی نەکردووە و لە بەینی عولەمای ئاساری عەتیقە ـ عەتیکە و (نوسەرانی) تاریخی قەدیم دەرحەق بە ئەسلی (کورد ـ ك.م.) کەم و زۆر ئیختیلاف هەیە . ئەما ئەکسەری‌یەت لەسەر ئەمەیە کە کورد قەومێکی ئاری‌یە . بۆ تاریخی قەدیمی ئەقوام جاران هەر

---

(۲۰۸) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە یازدە ، ٥ی شوباتی ۱۹۱۸ .

تەورات بەدەستەوە هەبو ، موئەریخەکان هەمو لەو دەرحەق بە ئەقوامی قەدیمە مەعلوماتیان وەردەگرت • تەبیعی بەوندە ئیش پێك نەدەهات ، گەلێ خەیالات و خەرافاتیشیان تێکەڵ دەکرد، لەبەر ئەمە بە حەقیقەتی ئەقوامی پێشو گەیشتن موشکیلە بو • لەم ئاخری یە عولەمای ئاسار هاتنە پێشێ و جێی مەملەکەتە کۆنەکانیان هەلکۆلی ، بەرد و دیوار و صورەتی نوسراویان هێنایەدەرێ کە هەمو بە (خەتی) قەدیمەی میماری و ئەنواعی تر ئەحوالی ئەقوامی پێشویان بەیانکرد • لەگەڵ ئەم خەتانە زۆر خەریك بون ، حەرفەکانیان خوێندەوە و ••• سەرلەنوێ دەستیانکرد بە تاریخی ئەقوام » (۲۰۹) •

دوای ئەم پێشەکی یە «تێگەیشتنی راستێ» دێتە سەر باسی شوێنەوارە کۆنەکانی ئاشور و بابل و ئەو بەلگە مێژوییانەی تیایاندا دۆزراونەوە و دەلێ هەندێکیان پەیوەندی کورد بە کاشێ و ئیلامەوە نیشان دەدەن و مانی کورد بەرامبەر بە نەمانی گەلی دێرینی وەك ئاشور و ئەکەد و کلدان و ئیلام بە بەلگەیەکی مێژویێ مانادار دادەنێ •

لە مەیدانی مێژودا «تێگەیشتنی راستێ» دەیتوانی باش رابوردو لەگەڵ کاری سیاسێ رۆژانە پێکەوە بەستێ • بۆ ئەو مەبەستەی زۆر جار لە تیوەی دووەمی وتارە مێژوییەکانیدا دێتە سەر باسی سیاسەت • لە بەشی دووەمی ئەو وتارەیدا کە بە ناوی «قەومی کورد»ەوە بلاوی کردۆتەوە « تێگەیشتنی راستێ » دەلێ :

« لەم تەفسیلاتە وادەردەکەوێ کە کورد قەومێکە دائیمەن ئیسپاتی مەوجودی یەتی کردووە و ناوی لە تەواریخی عالەمدا هەیە • حەیف نی یە ئەم ••• قەومە ئازایە لەناو ئەقوامی تازە خۆی پیشان نەدا • ئەمڕۆ زەمانێکە

---

(۲۰۹) «تێگەیشتنی راستێ» ، ژمارە دوازدە ، ٩ی شوباتی ١٩١٨ .

کە هەمو ئەقوام داوای حەقی خۆیان دەکەن • بۆچی کوردیش لە هەمو جێ جەمعیاتی عیلمیە تەئسیس و تاریخی ئەدەبیاتی خۆیان تەدوین نەکەن ، لەگەڵ ئەمە کە تاریخێکی موحتەشەم و ئەدەبیاتێکی موتەزەمیان هەیە • کورد ئەگەر خۆیان بۆ خۆیان سەعی نەکەن کەس بەفریادیان ناگا • گەورە گەورەکانی ئەکراد دەبێ بۆ تەرەقێ ئەوان فکر (بکەنەوە) و هەرچی لازمە بەجێبێنن • ئینگلیز کە قەومێکی عادلن هەڵبەتە سەعادەتی کوردیشیان دەوێ • ئیستیناد بە تورك کردن خەتایەکی گەورەیە ...» (٢١٠) •

جێگەی خۆیەتی بۆ ئەمباسە نمونەیەکیتریش بخەینە بەرچاو • ئەم نمونەیەیان بریتیە لە باسێ دەربارەی سەلاحەددینی ئەیوبێ کە «تێگەیشتنی راستێ» وەك سەروتاری ژمارە هەشتی بلاوی کردۆتەوە و ناوی ناوە «سوڵتان سەلاحەددین و تورکەکان» • «تێگەیشتنی راستێ» لەو وتارەیدا دەڵێ :

« سوڵتان سەلاحەددین بە تەواتورێ کە موقەیەدی یەقینە ، بە ئەخباری تاریخی کە جێی باوەڕ بێ یەکە پادشای کوردە•کوردان تا ئەمڕۆ پیاوێکیتری وایان پێ نەگەیاندووە ، رەنگە پێشی نەگەیێنن • بۆیە ئەڵێین رەنگە و ناڵێین موحەقەقە چونکی عەقڵ رۆژبەرۆژ لە تەرەقیدایە و قەومیەت هەتا دێ لە تەکامولدایە ، مومکینە ... قەومی کورد لە زەمانێکی ئایندەدا بە عیلم و مەعریفەت خۆی ئارایش بدا و بە ئیرادە و حەزم سەر بەرز بکاتەوە و یەك لەپاش یەك هەزاران سەلاحەددینی ئەیوبێ بهێنێتە ناو • بەڵێ سەعێ ئینسان کێویش لە بن دەردەهێنێ • ئیستا با واز لەم (باسە) بێنین ، چونکە دەمانەوێ قسەیەکی زۆر عەجایەب بە کوردەکان تێبگەیێنین : ... هەمو کەس دەیزانێ کە تورکەکان خەریکی ئەوە بون ... ئەقوامی عەرەب و

---

(٢١٠) «تێگەیشتنی راستێ» ، ژمارە یازدە ، ٥ی شوباتی ١٩١٨ .

کورد و ئەرمەن بکەن بە تورك و وازیان لە قەومیەتی خۆیـان پێ بهێنن • لەگەڵ ئەمە کە نەیاتوانی (بیـەنە) سەر (بەلاّم ــ ك•م•) ئەم ئیشە مومکین بو چونکی گوردێکی زیندو قابیلە بێ بە تورك ، ئەما عەجایەب ئەوەیە ••• تورکەکان خەریکی‌کردنی مردووەکانیش بون کە بیانکەن بە تورك • (یەکێ) لەو کوردە مردوانە سەلاحەددینی ئەیوبیە • جەنابی تـاریخ نوسی تـورك نەجیب عاصم لەو (کتێبەیدا) کە لە ۱۳۱٦دا نەشرو بلاّوی کرد لـە لاپەڕە ٤٤٦دا ئـەڵێ :

هەرچەند ••• وەکو وتمان ئیتیفاق کراوە لەسەر ئەمە کە سەلاحەددینی ئەیوبێ کوردە ، ئەما لەلای من تورکە و لەســەر ئەمە چەند (دەلیلێکی) بێ‌مەعنا دێنێ : ١ــ مەعیەتی ســەلاحەددین هەمو تورك بون ، ٢ــ ئــەو مەملەکەتانە کە ئــەو و خولەفاکانی پادیشاهی‌یان تێدا کرد پێشــتر بەدەس تورکەوە (بون) ، ٣ــ نـاوی باوکی سەلاحەددین شـادێ بۆ ئەم‌ناوە نە کوردیە نە فارسیە ، ٤ــ خولەفاکانی تۆرانشاه ناویان تێدا هەیە»(٢١١) •

یەکســەر « تێگەیشتنی راســتێ » دەربارەی ئـەم « بەڵگانەی » مێژونوسی عوسمانی نەجیب عاصم دەڵێ : «ئەم دەلیلانە لە خۆیانەوە مردون، چونکە وزنەی یەکێکن کە فێی تورکێ‌گرتبێتی و عەقلی لەسەردا نەهێشتبێ• ئەم تورکە جاهیلانە پادیشاهێکی وەکو سەلاحەددینی ئەیوبێ و سیلسیلەی سەلاتینی ئەیوبێ کە کوردایەتیان مەعلومی عالەمە و لەگەڵ ئەمەش کە مردون تەمایانە بیانکەن بە تورك ، هەڵبەتە دەرحەق بە زیندووەکان هیچ قســور ناکەن، دەستیان کەوێ بە رۆژی تیمورۆ یا هەمویان سەردەبڕن وەیا دەیانکەن بە تورك و رێ‌وشوێنی باوو (باپیرانیان) پێ گوم دەکەن ••• »(٢١٢) •

---

(٢١١) «تێگەیشتنی راستێ» ، ژمارە هەشت ، ٢٦ی کانونی دووەمی ١٩١٨ •

(٢١٢) «تێگەیشتنی راستێ» ، هەمان ژمارە . لەم ژمارەیەوە « تێگەیشتنی راستێ» دەستی کردووە بە بایەخدان بە مێژوی کورد .

« تێگەیشتنی راستی » چەند وتارێکی بۆ باسی مێژوی کوردستانی سەدەکانی ناوەند تەرخان کردووە چونکە ، وەك خۆی دەڵێ ، « تاریخی قرونی وسطای کورد قیمەتێکی هەیە »[٢١٣] . لە ژمارە بیست و سێیەوە « تێگەیشتنی راستی » لە گۆشەی « تاریخ و مەشاهیری کورد »ا بەدرێژی باسی چەند ئەمارەتێکی ئەو سەردەمەی کوردستان دەکا و بەمجۆرە هۆی دامەزراندنیان لێکدەداتەوە :

« ... ئەحوالی خەلافەتی عەباسی شێوا و لە هەمو لا حکوماتی سەربەخۆ بە واسیطەی پیاوانی بەکار هاتە ناو . قەومی کوردیش ... لەم حاڵە پەرێشانە ئیستیفادەی کرد و چونکی جێیان هەمو شاخ و داخ و سەختە چاکتر هاتنە دەست و چەند حکومەتێکی موناسیبیان تەئسیس کرد »[٢١٤]. لە چەند ژمارەیەکیدا « تێگەیشتنی راستی » بەدرێژی باسی ئیمارەتە کوردییەکانی ئەو سەردەمە و دەسەڵاتدارە ناودارەکانیانی کردووە .

هەمانکات « تێگەیشتنی راستی » بۆ خۆی سەرچاوەیەکی رەسەن و گرنگە بۆ باسی زۆر روی ناسکی مێژوی کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا کە قۆناغێکی پڕکارەسات و رووداوی گەورەیە لە ژیانی گەلی کوردا . لە رێگەی وتار و باس و هەواڵ و رەخنە و هێرشە توندەکانی ئەم رۆژنامەیەوە دەتوانین لە سیاسەتی ئینگلیز بەرامبەر کوردستان و لەباری سەختی ژیانی ئابوری کۆمەڵانی خەڵکی ئەو ناوچەیە و شەڕەکانی نێوان لەشکری عوسمانی و ئینگلیز لە مەیدانەکانی باکوری عیراق و لە گەلێ شتیتر

---

(٢١٣) بڕوانە : «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە بیست و سێ . ٨ی نیسانی ١٩١٨ .

(٢١٤) «تێگەیشتنی راستی» . هەمان ژمارە .

باشتر تێبگەین(٢١٥) . تەنانەت « تێگەیشتنی راستی » دەستدەدا ببێتە سەرچاوە بۆ باسی رووداوەکانی دواسالی شەڕی یەکەم لە شەڕگەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست ، تایبەت لە سوریە و فەلەستین .

شایانی باسە چەند دەکومەنتێکی سیاسی ـ مێژوویی گرنگ بۆ یەکەم جارو دواجار لە « تێگەیشتنی راستی »دا بە کوردی بلاو کراونەوە . لە لاپەڕە دوو سێی ژمارە پەنجاو چواریدا هەر بیستو پێنج بەندی موتارەکەی (صلح)ی نێو دەولەتە سوێندخۆرەکان و دەولەتی عوسمانی و نۆزدە بەندی موتارەکەی نێو ئەو دەولەتانە و نەمسە بلاوکراونەوە(٢١٦) . لە ژمارەی داهاتویدا دیسان بۆ یەکەمجار « تێگەیشتنی راستی » بەکوردی دەقی ئەو بەیاننامە گرنگەی بلاو کردۆتەوە کە بەریتانیا و فەرەنسە « موشتەرەکەن لە لۆندرە و پاریس و نیویۆرق و میسری قاهیر رۆژی هەشتەمی تەشرینی (دووەمی) ١٩١٨ نەشریان کرد »(٢١٧) .

بێ گومان ئەم لایەنانە ، وەك لەئەنجامدا باسیدەکەین ، لە نرخ و بایەخی « تێگەیشتنی راستی » ، بەرزدەکەنەوە .

★ ★ ★

---

(٢١٥) شایانی باسە زانیاریەکانی ناو «تێگەیشتنی راستی» یاریدەیەکی زۆری داین بۆ دەولەمەند کردنی چەند باسێکی ناو ئەو کتێبەمان کە دەربارەی مێژووی کوردستانە لە سالەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا (بڕوانە : الدكتور كمال مظهر احمد ، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى ، ترجمة محمد الملا عبدالكريم ، بغداد ، ١٩٧٧) .

(٢١٦) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە پەنجاو چوار ، ١١ی تەشرینی دووەمی ١٩١٨ .

(٢١٧) «تێگەیشتنی راستی» ، ژمارە پەنجاو پێنج ، ١٨ی تەشرینی دووەمی ١٩١٨ . مەبەست ئەو بەیاننامەیەیە کە تێیدا گفتی مافی چارەنوسی گەلان درابو .

ئەنجام

لێکدانەوە و بەراوردی زانیاریەکانی ناو پێشەکی و بەشەکانی ئەم کتێبە بە روونی شوێنی دیاری « تێگەیشتنی راستی » لە رۆژنامەنوسی کوردیدا نیشان‌دەدەن . راستە ئینگلیز لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا ئەم رۆژنامەیەیان دامەزراند و سەیر دەبو گەر وا نەبوایە ، بەلام هەمان کات « تێگەیشتنی راستی » لە زۆر رێگەوە خزمەتی باشی ژیانی روناکبیری کوردی کرد . ئەمەش بۆ خۆی ئەنجامی چەند هۆیەکی تێکەلاو بو . ئەو سەردەمە ئینگلیز دەیویست کورد لە عوسمانی دوربخاتەوە و هەستی بە لای خۆیدا راکێشێ و گەر توانی دژی تورکیا چەکی پێ هەلگرێ . دیارە بزواندنی هەستی نەتەوەیی دەیتوانی دەوری خۆی لەمەدا ببینێ و ئەوساش بزواندنێکی وا لەوانە نەبو هیچ کێشەیە بۆ ئینگلیز دروست کا .

بێ‌گومان « سەربازێکی نەناسراو»ی شارەزای ئەدەب و مێژو و سیاسەت دلسۆزانە بۆ کورد دەوری گەورەی لە دەرکردنی « تێگەیشتنی راستی »دا بینیوە . ئەو بەلگانەی بەدەستەوەن گومان لەوەدا ناهێلن کە ئەو سەربازە شوکری‌فەضلی بووە . دیارە لە هەلسەنگاندنی دەوری ئەو پیاوەدا دەبێ مەرجەکانی سەردەمی خۆی بەپێی کات و شوێن بگرینە بەرچاو . دواکەوتویی و زۆرداری عوسمانی کارێکی وای کردبو ئەو رۆژە بۆ دەرمان یەکێ هەلنەکەوێ بتوانێ دروست لە سروشتی ئیمپریالیزمی دەولەتە گەورەکان تێ‌بگا . قوتاربون لە دەسەلاتی عوسمانی ئامانجی گەورەی

هەموان بـو • دوریێ و کورتیێتی ئـەو رۆژە شـەیدای پێشـکەوتنی رۆژئاواییەکان بـون و بۆ خۆیـان خەویان پێوە دەدی • لـەبەرئەوە بێ خۆفرۆشتن و مەبەستی خراپ یەکێکی وەك شوکرتلفەضلی وێنەی ئینگلیزی بە رەنگی دلگیر و عوسمانی بە رەش دەکێشا •

مێجەر سۆن دەستی بالآی لە دەرکردن و بەڕێوەبردنی « تێگەیشتنی راستی »دا هەبو • بونی مێجەر سۆن لە دو سەرەوە کاری کردبووە سەر شێواز و ناوەرۆکی « تێگەیشتنی راستی » • بەهۆی ئەوەوە لایەنی ئینگلیز پەرستی زیاتر و زیرەکانەتر لەسەر لاپەڕەکانی « تێگەیشتنی راستی » رەنگی دابۆوە • بەلآم هەر بەهۆی ئەویشەوە «تێگەیشتنی راستی» لە رۆژنامەیەکی ئاسـایی گەلێکی دواکەوتو پێشـکەوتوتر بو • وتارەکانی بـە ناوەرۆك دەولەمەند و بەپێز بون ، هەلەیان کەم بو ، شێوازیان باش بـو ، سەرنجی خوێنەریان رادەکێشـا و شتی نوێیان دەخستـە بەرچـاو • ئەمـانەش وەك ئاشکرایە ، دەسکەوتی بەنرخن بۆ مەیدانی کاری رۆژنامەنوسی •

« تێگەیشتنی راسـتی » گەلێ خزمەتی بـە ژیانی روناکبیری کورد گەیاندووە • زمان و ئەدەب و مێژوی کورد بۆ یەکەمجار بەوجۆرە لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەیەکی کوردی رەنگیان داوەتەوە • دەیان سالی تر پێویست بو تا گۆڤارێکی وەك « هاوار » یا « روناهی » بیگرێتەوە یـا گۆڤارێکی وەك « گەلاوێژ » بۆزی بدا • ئینجا بۆ ئەمەش دەبێ دەوری کات و شوێن و بەرهەمێتیش چۆن لەیاد نەکەین • دو کەس حەفتەی جارێ یا دو جار «تێگەیشتنی راستی»یان دەردەکرد ، بەلآم دەیان کەسی شارەزا و دونیا دیتە مانگی جارێ یا ئەوپەڕەکەی دو جار یەکێ لەو گۆڤارانەیان بلآو دەکردەوە[1] •

وا پێ دەچێ لەگەڵ تەواوبونی شەڕی یەکەم و ئاڵ و گۆڕە تازەکانی

---

(1) جاری وا هەبو « گەلاوێژ » بە دو مانگ جارێك دەردەچو .

ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست دەبو « تێگەیشتنی راستی »ش یا ڕێبازی خۆی بگۆڕێ یا لەکارکەوێ . ئینگلیزەکان ڕێگەی دووەمیان هەلبژارد ، وادیارە بەباشــیان زانی رۆژنامەیەکی کوردیتر لــە یەکێ لە شــارەکانی کوردستان دابمەزرێنن ، ئەوەبو سۆن دەستیکرد بە دەرکردنی رۆژنامەی « پێشکەوتن » لە شاری سلێمانی .

دوا راســتی کە هەلدەگرێ ســەرنجی بۆ راکێشین و کۆتایی ئــەم بەرهەمەی پێ بهێنین ئەوەیە کە « تێگەیشتنی راستی » تاقە چاپەمەنی کورد و کوردی بو لە سەرانــەری سالانی شــەڕی یەکەمی جیهاندا کە قۆناغێکی گرنگ لە مێژوی هەمو مرۆڤدا پێکدێنن .

* * *

پاشکو

چەند تێبینی‌یەك

تائێستا ژمارەیەك نوسەری خۆمـان و بێگانـە چەنـد لیستەیـەکی بیبلیۆگرافی‌یان بۆ ناوی ئەو رۆژنامە و گۆڤارانە داناوە کە بە زمانی کوردی دەرچون • بێ‌گومان ئەوکارەیـان ئەنجـامی ئـەرك و تەقـەلای زۆرە و سەرەتایەکی گرنگە بۆ لێکۆڵینەوەی لایەنی جیاوازی مێژوی رۆژنامەنوسی کوردی • بەڵام کێشـە زۆرەکانی ئەو مێژووە و بەر لە هەموشـت پەرش و بڵاوی رۆژنامە و گۆڤارە کوردی‌یەکان و فەوتانی بەشێکی زۆریان بونـەتە هۆی ئەوەی ئەو لیستانە بێ کەم و کورتی نەبن • هەر بۆ نمونە «ژیانەوە» کە لە ١٨ی ئابی ١٩٢٤وە دەرچو و تـا ١٤ی کانونی دووەمی ١٩٢٦ ژیـا و یەکسەر «ژیان» جێگەی گرتەوە بەلای فایق بەطی‌یەوە کە یەکێکە لە هـەرە شارەزاکانی رۆژنامەنوسی عیراق ، تەنها یەك مـانگ ژیـاوە [1] • نمونەی لـەم‌بابەتە لەو لیستـانەدا زۆرە و جاروبـار لە بـەشی دووەمی ئـەم کتێبەدا هەندێکیانمان خستۆتە بەرچاو •

ئەمە هۆی یەکەمی رێکخستنی ئەم دۆ لیستـەیەیە کە وەك پاشـکۆ پێشکەشیان دەکەین بەنیازی نانی هـەنگاوێکی‌تر بۆ نزیـك‌کەوتنەوە لـە

(١) بڕوانە : فائق بطي ، الموسوعه الصحفیه العراقیـه ، بغـداد • ١٩٧٦ ، ص ٧٠ . گەلێك هەڵەی‌تری لەو بابەتە لەم کتێبەدا هەیە .

دانانی بیبلیۆگرافیایەکی دروستی رۆژنامەنوسیی کوردیی کە بۆ خۆی کارێکی زانستیی پێویستە • بڕوا ناکەم ئەم دوو لیستەیەی منیش بێ کەم و کورتی بن • بێ گومان خزمەتێکی بەجێ دەبێ گەر شارەزایان بتوانن زانیاریی‌تر لەم‌بارەیەوە بلاوبکەنەوە یا هەڵەی ناو لیستەکانی پێشوو و ئەم دوو لیستەیە راست بکەنەوە •

بە پێویستم زانی لەم دوو لیستەیەدا زۆرتر دەربارەی ئەو رۆژنامە و گۆڤارانە بدوێم کە دەگمەنن یا باسیان بەهەڵە کراوە • دیارە ئەمە یاریدەی خوێنەر و تایبەت شارەزایـان دەدا زیـاتر ئـاگاداری رووەکانی مێـژووی رۆژنامەنوسیی کوردیی بن •

ناوی هەمو رۆژنامە و گۆڤارە نهێنی‌یەکان لەم دوو لیستەیەدا نەهاتووە چونکە ئەو کارە هێشتا پێویستیی بە لێکۆڵینەوە و بەراوردی زۆرە • لـە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا هەندێك زانیاریی نەزانراو یا کەم زانراو دەربارەی رۆژنامەنوسیی نهێنیی کوردیی بلاوکراوەتەوە •

هەر ناو و ژمارە و قسەیەك ئەستێرەیەکی لاوە بو لە سەرچاوەی ترەوە وەرگیراوە • بەشێك لە بارستی رۆژنامە و گۆڤـارەکان لەو ژمـارانەیان وەرگیراوە کە لە کتێبخانە گشتی‌یەکانـدا پـارێزراون بۆیـەکا دوور نی‌یـە جیاوازی‌یەکی کەمی چەند ساتیمی دروست بوبێ •

★ ★ ★

پاشکۆی یەکەم

ناو و شوێن و کاتی دەرچوونی رۆژنامە کوردی‌یەکان

« کوردستان »
قاهیرە ـ جنێڤ ـ لەندەن ـ فۆلکستۆن ـ جنێڤ
ژمارە یەکی : ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨

یەکەم رۆژنامەی کوردی‌یە ۰ وتارەکانی بە شێوەی کرمانجی ژورو بون۰ میقداد مەدحەت بەدرخان و دوای ئەو عەبدورڕەحمـان بەدرخـانی برای سەرپەرشتی دەرکردنیان کرد ۰ تا نیسانی ١٩٠٢ بەسەر یەکەوە ٣١ ژمارەی لێ دەرچو ۰ (٢٦×٨ر٣٣) یا (٥ر٢٥×٥ر٣٢) سانتیمە ۰

« کورد تەعاون وە تەرەقی غەزەتەسی »(*)
ئەستەمۆل
دوای شۆرشی سالی ١٩٠٨ لە تورکیا

ئۆرگانی یەکەم کۆمەڵەی سیاسی کورد بو کە دوای شۆرشی سـالی ١٩٠٨ بنەماڵەی شەمزینی و بەدرخان دەریان‌کرد ۰ بە کوردی و تورکی بڵاو دەبـۆوە (٢) ۰

---

(٢) چەند نوسەرێکی کورد باسی رۆژنامەی «کورد»یان کردووە کە گوایـە شێخ عەبدولقادری شەمزینی سالی ١٩٠٧ لە ئەستەمۆل دەری‌کردووە . هیچ بەڵگەیەکی باوەڕپێ‌کراو بۆ ئەمە بەدەستەوە نی‌یە و رێی تێ‌ناچێ لەو سەردەمە سولتان عەبدولحەمید ماوەی دەرچونی رۆژنامەیەکی وای دابێ . وا دیارە مەبەست هەر ئەو «کورد تەعاون وە تەرەقی غەزەتەسی»یەیە کە دوای شۆرشی ١٩٠٨ دەرچو و ناوی لە چەند راپۆرتێکی دیپلۆماسی نهێنی و ژمارەیە سەرچاوەی باوەڕپێ‌کراودا هاتووە .

« تێگەیشتنی راستی »
بەغـدا
ژمارە یەکی : سێشەممەی یەکی کانونی دووەمی ١٩١٨
ئەو رۆژنامەیەیە کە ئەم کتێبەمان لەبارەیەوە نوسیوە •

« پێشکەوتن »
سلێمانی
ژمارە یەکی : ٢٩ی نیسانی ١٩٢٠

مێجەر سۆن دایمەزراند • لە ژێر نـاوی رۆژنـامەکەدا نـوسراوە « حەفتەی جارێك دەردەچێت» • لە سەرو نـاوی رۆژنـامەکەوە وشـەی «سلێمانی»ی نوسراوە کە لەوە دەچێ یا بە مۆر لێی درابێ یا بە زەنگۆگراف بۆی نوسرابێ ، دیارە سۆن مەبەستی ئەوە بووە بە «پێشکەوتنی سلێمانی» لە قەڵەم بدرێ • تا ژمارە ٩٦ی (٢٣ی شوباتی ١٩٢٢) ٤ لاپـەڕە بو ، لـە ژمارە ٩٧ی‌یەوە (٢ی مارتی ١٩٢٢) بۆتـە ٦ لاپـەڕە (٣٢ × ٢٠ سـم)ە • «پێشکەوتن» تا گەڕانەوەی شێخ مەحمود (ناوەنـدی سـاڵی ١٩٢٢) بـە رێکوپێکی دەرچو • دوا ژمارەی کە من دیومە (ژمارە ١٤٤)ە کە رۆژی ٢٩ی جۆن (حوزەیران)ی ١٩٢٢ی بەسەرموەیە •

« رۆژی کورد ـ شەوی عەجەم » ، ـ «رۆژی کورد» ، ـ «کورد»(*)
ورمێ
سەرەتای بیستەکان

ئۆرگانی بزوتنەوەی سمکۆ بو • زۆ نـاوەکەی گۆڕی بـە « رۆژی کورد» و ئینجا تەنها بە «کورد» • بەپێی روداوەکانی بزوتنەوەی سمـکۆ دەبێ ساڵی ١٩٢١ دەرچوبێ • چەند ژمارەیەکی کەمی لێ دەرچو • سەروتاری ژمارەکانی بە فارسیش بڵاودەکرانەوە • بەرپرسیاری محەمەد تورجانی بـو • لە چاپخانەی « غیرەت » چاپ دەکرا •

« بانگی کوردستان »
سلێمانی
ژمارە یەکی ۲ی ئابی ۱۹۲۲

لەم لاو لەو لای ناوەکەیەوە نوسراوە : «صـاحب امتیـاز و مدیری مسؤول و سرمحرر مستەفا پاشا ، محرری کوردی و فارسی علی کمال و م‍. نوری ، محرری تورکی رەفیق حـلمی » . لە ژێری‌یـەوە نوسراوە :ــ « علمی ، اجتماعی ، ادبی ، غزتەیەکی حرو سەربەست و ملی‌یە ، هەفتــەی جارێك دەردەچێ » ، ٦ لاپەڕەیە (۳۲ × ۲۰ سم)ە . ئۆرگانی ئەو رژێمە بو کە شێخ مەحمود دایمەزراند . چواردە ژمارەی بەم جۆرە لێ‌دەرچو (دوا ژمارەی : ۸ی حوزەیرانی ۱۹۲۳) . سەرەتای سالی ۱۹۲٦ مستەفا پاشا لــە بـەغدا ۳ ژمارەی‌تری لێ دەرکرد کە ژمارە (١٤ ــ ١) و (١٤ ــ ٢) و (١٤ ــ ۳)یان لەسەر نوسراوە و رۆژی ۲۸ی کانونی دووەم و ١٥ی شوبات و ١ی نیـان دەرچون . لەسەر ئەو سێ ژمارەیـە نوسراوە : «مدیر مســؤول و سر محرر : مستەفا پاشا ، محرر : مستەفا شــەوقی ، مدیری اداره : کریـم رۆستەم » . سالی ۱۹۷٤ « وەزارەتی راگەیاندن ، بەڕێوەبــەرێتی گشــتی رۆشنبیریی کوردی » هەر حەڤدە ژمارەکەی بە ئۆفسێت چاپ‌کردەوە [۳] .

« رۆژی کوردستان »
سلێمانی
ژمارە یەکی ١٥ی تەشرینی دووەمی ۱۹۲۲

لەم‌لاو لەولای ناوەکەیەوە نوسراوە : « سر محرر و مدیری مسؤول م‍. نوری ، محرر علی کمال » ، لە ژێری‌یەوە نوسراوە : « سیـاسی ، ئـەدەبی ، اجتماعی ، غزتەیەکی رەسمی‌یە ، هەفتەی جارێك دەردەچێ» ، ٤ لاپەڕەیــە (۳۲ × ۲۰ سم)ە. ژمارە پازدەی کە دوا ژمارەیەتی رۆژی ۳ی مارتی ۱۹۲۳

---

(۳) «بانگی کوردستان» ، کۆکردنەوە و لەسەر نوسینی : جەمال خەزنەدار ، بەغدا ، ۱۹۷٤ .

بڵاوکراوەتەوە . ئۆرگانی ئەو رژێمە بو کە شێخ مەحمود دایمەزراند . کاتێك شێخ ناچار بو بەهۆی فشاری ئینگلیزەوە سلێمانی بەجێ بهێڵێ و چاپخانەکەی شاری گواستەوە ئەشکەوتی جاسەنە «رۆژی کوردستان» لە دەرچون وەستا [٤] . ساڵی ١٩٧٣ « وەزارەتی راگەیاندن ، کارگێڕی رۆشنبیری کوردی» بە ئۆفسێت هەر ١٥ ژمارەکەی چاپکردەوە [٥] .

« بانگی حەق »
ئەشکەوتی جاسەنە (ناوچەی سلێمانی)
ژمارە یەکی : ٨ی مارتی ١٩٢٣

تا نیسانی ١٩٢٣ ، ٣ ژمارەی لێ دەرچو . ژمارە سێی دوو لاپەڕەیە و رۆژی پێنج شەممەی ١٢ی نیسانی ١٣٣٩ ، ٢٦ی شەعبانی ١٣٤١ی لەسەر نوسراوە . وا دیارە تەنها ئەو سێ ژمارەیەی لێ دەرچو ، چونکە زۆری نەخایاند کە شێخ مەحمود ناچار بو ناوچەی سورداش بەجێ بهێڵێ و چاپخانەکە بەو جۆرە کەوتەوە دەست ئینگلیز کە دیسان گواستیانەوە سلێمانی و پاش ماوەیە «ژیانەوە»یان پێ دەرکرد .

« ئومێدی ئیستیقلال »
سلێمانی
ژمارە یەکی : ئەیلولی ١٩٢٣

رۆژنامەیەکی حەفتانە و ئۆرگانی بزوتنەوەکەی شێخ مەحمود بو . لای ناوی رۆژنامەکەوە نوسراوە : «مودیری مەسئول : خواجە ئەفەندی زادە و

---

(٤) زاهیدە ئیبراهیم دەڵێت گوایە ئینگلیزەکان بۆ کاری پڕۆپاگەندەی خۆیان دەریان‌دەکرد و پارەیان تێدا خەرج دەکرد . وا دیارە ئەو قسەیەی لە مامۆستا عەبدوڕڕەزاق حەسەنی وەرگرتووە (بڕوانە : زاهدە ابراهیم ، سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٨٣ ؛ عبدالرزاق الحسنی ، سەرچاوەی ناوبراو، ل ٨٧ — ٨٨) .

(٥) «رۆژی کوردستان» ، کۆکردنەوە و پێشەکی جەمال خەزنەدار ، بەغدا ، ١٩٧٣ .

ئـەحمەد صەبری » • وا دیارە ٢٥ ژمارەی لیٚ بڵاوبۆتەوە (*) ، من تـا ژمارە نۆزدەیم دیوە کە رۆژی پێنج شەممەی ٢٢ی شەعبانی ١٣٤٢ی کۆچی ٢٧ی مارتی ١٣٤٠ی رۆمی لەسەر نوسراوە ، واتە ٢٧ی مارتی ١٩٢٤ (٣٤× ٢١ سـم)ە •

« ژیانەوە »

سلێمانی

ژمارە یەکی : دۆ شەممەی ١٧ی موحەڕڕەمی ١٣٤٣ ، ١٨ی ئابی ١٩٢٤ •

لە ژێر ناوی رۆژنـامەکەدا نوسراوە : «ئەم غەزەتـەیە غەزەتـەیەکی حکومەتی‌یە ، هەفتەی جارێك دەردەچیٚ» • لە ژمـارە نۆزدەیـەوە (٢ی مارتی ١٩٢٥) لە ژێر ناوەکەیدا نوسراوە : « غەزەتەیەکی سیاسی ، ئەدەبی ، اجتماعی‌یە ، هەفتەی دۆ جار دەردەچیٚ» ، (٢٠×٣٢ــسـم)ە • رۆژی ١٤ی کانونی دووەمی ١٩٢٦ دوای پەنجاو شەشەمین ژمارەی لە دەرچون وەستا و «ژیان» جێگەی گرتەوە • «ژیانەوە» دانەی بە عانەیـەك ، واتــە ٤ فلس دەفرۆشرا •

« ژیـان »

سلێمانی

ژمارە یەکی : ٢١ی کانونی دووەمی ١٩٢٦

جێگەی «ژیانەوە»ی گرتەوە • لە ژێر ناوەکەیدا نوسراوە : « ئـەم غەزەتەیە غەزەتەیەکی سیاسی ، ئەدەبی اجتمـاعی‌یە ، هەفتـەی جـارێك دەردەچیٚ » • بە ٤ لاپەڕە لە چاپخانەی شارەوانی سـلێمانی چـاپ دەکرا (٢٠×٣٢ سم)ە • لە ئابی ١٩٣٤وە پیرەمێرد بووە لیٚ‌پرسراوی، تا وەستانی (١٠ی مارتی ١٩٣٨) ٥٥٣ ژمارەی لیٚ دەرچـو • زۆری نەخایـاند «ژین» جێگەی گرتەوە •

« ڕێیا تـازە »
یەریڤـان
ژمارە یەکی : ٢٥ی مارتی ١٩٢٠

ئۆرگانی پارتی کۆمۆنیستی ئەرمەنستانی سۆڤیەتە . لەگەڵ ئەوەش کە بۆ ماوەی چەند ساڵێك (١٩٣٨ تاوەکو ١٩٥٥) دەرنـەچو بەڵام تا ئیستە بەتەمەنترین ڕۆژنامەی کوردییە . تا ١٩٣٨ بە پیتی لاتینی بڵاودەکرایەوە ، لە ١٩٥٥وە بە پیتی روسی ــ سلاڤی بڵاودەبێتەوە .

« ژیـان »
سلێمانی
ژمارە یەکی : ١٢ی ئەیلولی ١٩٢٧

شارەوانی سلێمـانی بڵاوی‌دەکردەوە و مامۆستـا صـالح قەفتـان سەرپەرشتی‌دەکرد . دەوروبەری دوو ساڵ ژیا .

« ژین »
سلێمانی
ژمارە یەکی : ٢٦ی کانونی دووەمی ١٩٣٩

پیرەمێردی شاعیر دایمەزراند و تا وەفاتی (١٩ی حوزەیرانی ١٩٥٠) هەر خۆی سەرپەرشتی دەکرد . دوای ئەو چەند جارێك سەرپەرشتی‌کەرانی گۆڕران . (جەمیل سائیب و گۆران و نوری ئەمین بەگ و ئەحمەد زرنگ هەر یەکەیان ماوەیەك سەرپەرشتی‌یان کردووە) . بارستی «ژین» زۆر جار گۆڕرا ، بەڵام بەشیکی زۆری ژمارەکانی (٣٤×٣٠ سم)ن .

« کوردستان »
مەهاباد
ژمارە یەکی : پێنج‌شەمۆی ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤ ، ١١ی کانونی دووەمی ١٩٤٦

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان بو . بە چوار لاپەڕە حەفتەی سێ ژمارەی لێ بڵاودەبۆوە : شەمموان و دوشەمموان و چوارشەمموان . (٣٩ × ٢٨ سم)ە .

« کوردستان »
باکو (؟)
ژمارە یەکی : ٦ی کانونی یەکەمی ١٩٤٧

لەسەر رۆژنامەکە نوسراوە : «ماوەی رۆژنـامەی کوردستـــان»ە ، مەبەستی ئەو رۆژنامەی «کوردستان»ەیە کە سالی ١٩٤٦ لە مەهاباد دەرچوە لە ژمارە دەیەوە (١٦ی بەفرانباری ١٣٢٨ ـ ٦ی کانونی دووەمی ١٩٤٨) لـە ژێر ناوەکەیدا نوسراوە : «ئـۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردســتان»ە • بەشێکە لە رۆژنـامەی « ئازەربایجان » کە ئۆرگانی «فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان»ە • دوکتۆر عەلی گەلاوێژ و دوکتۆر رەحیمی قازی و دوکتۆر ع• شەمزینی بە ناوی خۆیانەوە بەرهەمیان تێدا بلاوکردۆتەوە • دەوروبەری ١٥ سال ژیا • (٣٩٫٥ × ٢٩ سم)ە •

« رێگا » (*)
مەهاباد
ژمارە یەکی : ١٩٤٨ (؟) (٦)

« هەولێر »
هەولێر
ژمارە یەکی : ١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٥٠

کۆمەلی مامۆستایانی هەولێر دەری‌دەکرد ، نزیکەی سێ سال ژیا و بە عەرەبی و کوردی بلاودەبۆوە •

« راوێژ »(*)
ئێران
ژمارە یەکی : ١٩٥٢ (؟) (٧)

---

(٦) دەربارەی بڕوانە : جمال خزنەدار، رابەری رۆژنامەگەری کوردی، ل ٥٤ .

(٧) دەربارەی بڕوانە هەمان سەرچاوە ، ل ٦١ .

« پێشکەوتن »
ـ « التقدم »
بەغـدا
ژمارە یەکی : سەرەتـای ١٩٥٨

سەرەتا لە شێوەی گۆڤاردا دەردەچو (بڕوانە : «پێشکەوتن» لـە پاشکۆی ناوی گۆڤارەکاندا) • دوای شۆڕشی گەلاوێژی ١٩٥٨ بە ماوەیەك بووە رۆژنامە • لەسەر دوا لاپەڕەی ژمارە ٦٥ی نوسراوە : «رۆژنامەیەکی کوردیی حەفتانەیە رۆژانی دوشەممە دەرئەچێت•خاوەن و بەڕێوەبەری محەمەد بریفکانییە» • بە کوردی و عـەرەبی دەردەچو • شـوباتی ١٩٦٣ داخرا • (٤٢ × ٢٩ سم)• •

« خەبات »
ـ « النضال »
بەغـدا
ژمارە یەکی : ٤ی نیسانی ١٩٥٩

ئۆرگانی ئاشکرای «پارتی دیموکراتی کوردستان» بو • سەرەتا چەند ژمارەیەکی کەمی بە کوردی و عەرەبی دەرچو ، دوایی هەموی بووە عەرەبی بێ ئەوەی ناوی بگۆڕێ • تا داخـستنی (٢٨ی مارتی ١٩٦١) ٤٦٢ ژمارەی لێ دەرچو • سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ لێکۆڵینەوەی زۆر روی مێژوی کورد •

« راستی »
موسڵ
ژمارە یەکی : نیسانی ١٩٥٩

پارێزەر جەرجیس فەتحوڵلا و نوسەر ئەنوەر مائی بڵاویاندەکردەوە • ماوەیەکی کەم ژیا و تەنها ٢٣ (؟) ژمارەی لێدەرچو •

« کوردستان »
تـاران
ژمارە یەکی : ٢٩ی نیسانی ١٩٥٩ (؟)

رۆژنامەیەکی حەفتانە بو • خاوەن و بەرپرسیـاری : عەبدولحەمیـد

بەدیعوززەمان ، سەرنوسەری : دوکتۆر محەمـەد صـدیق مفتی زادە بو • دەوروبەری ٥ ساڵ (؟) ژیا •

« ئازادی »
کەرکوك و بەغدا
ژمارە یەکی : ١ی مایسی ١٩٥٩

لەژێر ناوەکەیدا نوسراوە : «رۆژنامەیەکی رۆژانـەی سـیاسی‌یە» • خاوەن ئیمتیازو لێپرسراوی نافیع یونـسی مەحامی بو • ئۆرگانی ئاشکرای «پارتی کۆمۆنیـستی عیراق» بو • تا داخـستنی (کۆتـایی تەشرینی دووەمی ١٩٦٠) ١٥٦ژمارەی لێ دەرچو • رۆژنامەیەکی دەولەمەنـدە • (٤٤×٢٩ سم)ە •

« رای گەل »
کەرکوك
ژمارە یەکی : ٦ی ئەیلولی ١٩٥٩

ئۆرگانی «پارتی نیشتمانی ــ دیموکراتی» بو • خـاوەنی : صدیـق بلوکینی ، لێپرسراوی : پارێزە صدیق عەبدوللا • دەوروبەری سێ ساڵ ژیا، بەڵام کەمی لێدەرچو •

« برۆا »
سلێمانی
ژمارە یەکی : ٢ی تەموزی ١٩٦٠

پارێزەر کەمالی میرزا کەریم خاوەن و سەرنوسەری بو • تا وەستـانی (٢٥ی کانونی دووەمی ١٩٦٣) ٩٥ ژمارەی لێ دەرچو •

« دەنگی کورد »
ــ « صوت الاکراد »
بەغـدا
ژمارە یەکی : ١٧ی ئابی ١٩٦٠ (؟)

خاوەن و سەرنوسەری : عومەر جەلال حەوێزی • سەرەتا بە کوردی و دوایی بە کوردی و عەرەبی دەرچو • دەوروبەری ساڵێك ژیا •

« کوردستان »
بەغـدا
ژمارە یەکی : شەممەی ٤ی مارتی ١٩٦١

ئۆر گانی ئاشکرای « پارتی دیموکراتی کوردستان » بۆ • لەسەر دوا لاپەڕەی نوسراوە : «رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانەیە» • چەند ژمارەیەکی کەمی لێ‌دەرچو • (٢٨×٤٣ سم)ە •

« هەولێر »
هەولێر
ژمارە یەکی : ١٠ی شوباتی ١٩٦٢ (؟)

شارەوانی هەولێر بە کوردی و عەرەبی دەری‌دەکرد • دەوروبەری دو ســاڵ ژیا •

« دیجلە و فورات »(پۆ)
ئەستەمۆل
ژمارە یەکی : تەشرینی یەکەمی ١٩٦٢(٨)

« راپەڕین »
ـ « النهضة »
سلێمانی
ژمارە یەکی : حوزەیرانی ١٩٦٤ (؟)

لە ژێر ناوەکەیدا نوسراوە : « رۆژنامەیەکی کوردی و عەرەبی‌یە لە چاپخانەی «ژین» لە سلێمانی دەرئەچێت• خاوەنی : عبدالعزیز صالح الطالبی• سەرۆکی نوسین : محامی صدیق عبدالله مختار» • ساڵی ١٩٦٨ لە دەرچون وەستا • (٤٣×٥٥ سم)ە •

« دەنگوباس »
ـ « الاخبار »
بەغدا
ژمارە یەکی : کانونی دووەمی ١٩٦٦

رۆژنامەیەکی رۆژانەی کوردی و عـەرەبی بو محـەمەد بریفـکانی

(٨) دەربارەی بڕوانە : جمال خزنەدار، رابەری رۆژنامەگەری کوردی، ل ٩٠.

دەریدەکرد . حەوت لاپەڕەی بە عەرەبی و یەك لاپەڕەی بە کوردی چاپ دەبو . تا ۲۷ی تەشرینی یەکەمی ۱۹٦۷ ژیا .

« برایەتی »
بەغدا
ژمارە یەکی : ٦ی مایسی ۱۹٦۷

سەرنوسەری : صالح یوسفی . ئۆرگانی ئاشکرای « پارتی دیموکراتی کوردستان» و پاشکۆی خولی یەکەمی رۆژنامەی «التآخي» بو . تەشرینی دووەمی ۱۹٦۸ وەستا .

« روناکی »
ـ « النور »
بەغدا
ژمارە یەکی : مایسی ۱۹٦۹

پاشکۆی کوردیی «النور» بو و تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچو (ژمارە دوی : تەشرینی یەکەمی هەمان ساڵ) . خاوەنی : حیلمی عەلی شەریف ، سەرنوسەری : پارێزەر عومەر مستەفا . بە شێوەی گۆڤار و بە زنجیرەی ژمارەی رۆژنامەکە دەرچو .

« هاوکاری »
بەغدا
ژمارە یەکی : ۹ی کانونی دووەمی ۱۹۷۰

لای راستی ناوەکەیەوە نوسراوە : «رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە لە دەزگای هاوکاری چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی دەردەچێ» . (٥٦ × ٤۲ سم)ە . سەرەتا «دار الجماهير» دەریدەکرد . تا ئیستەش بڵاودەبێتەوە .

« ژین »
سلێمانی
ژمارە یەکی : ۱۰ی کانونی یەکەمی ۱۹۷۰

لەسەری نوسراوە : «خاوەنی ئیمتیاز : حەمە ئەمین قادر (کاکەی فەلاح)،

سەرەك نوسین : عەبدولقادر بەرزنجی» • لـەگەڵ «ژین»ەكەی پیرەمێـردا جیاوازی‌یەكی ئەوتۆی نی‌یە • (٤٢ × ٢٨ سم)ە •

« كوردستان »

؟

ژمارە یەكی : ڕێبەندانی ١٣٤٩ ، ژانویەی ١٩٧١

لە ژێرەوەی ناوی ڕۆژنامەكەدا نوسراوە : «ئۆرگانی ناوەندیی حیزبی دیموكراتی كوردستان»ە (٤٢ × ٣٠ سم)ە •

« ڕێگای یەكێتی »

؟

ژمارە یەكی : نیسانی ١٩٧١

لەسەر دوا لاپەڕەی ژمارە دەی سالی یەكەمی (ژانیوەری ١٩٧٢) ئەم ئاگاداری‌یە بلاوكراوەتەوە : « ئاگاداری : ڕۆژنامەی ڕێگای یەكێتی بە ٣ زوبان بلاو ئەبێتەوە : فارسی و توركی ــ ئازەربایجـانی و كوردیی » • لـە ژمارە یازدەیەوە (شوباتی ١٩٧٢) لە ژێرەوەی ناوی ڕۆژنامەكەدا نوسراوە : «یەكیەتی ــ تێكۆشـان ــ سەركەوتن • ڕۆژنامەیەكی مانگانەیە» • لە ژمارە ٢٠یەوە (كانونی یەكەمی ١٩٧٢) لای ڕاستی ناوی ڕۆژنامەكەوە نوسراوە : « ڕێگای یەكێتی بە زوبانی میللەتە مەزنەكانی ئێران دەردەچێت كە كورد و فارس و توركی ئێرانی و عەرەب و بلوجن» • دوا ژمارەی كە من دیومـە ژمارە سێ‌یەكە كە «سالی سێیەم ، ئابـانی ١٩٧٣»ی لەسـەر نوسراوە • (٤١ × ٢٩ سم)ە •

« دەنگی فەلاح »

ــ « صوت الفلاح »

بەغدا

ژمارە یەكی : ١٠ی مایسی ١٩٧١

بەشێكە لە ڕۆژنامەی «صوت الفلاح» كە «یەكیەتی گشتیی جوتیارانی

عيراق» دەریدەکات • ئەم بەشە کوردیيەی لە ژمارە ١٢١يەوە دەستیپێکرد •

« برایەتی »
سلێمانی
ژمارە یەکی : ١١ ئەيلولی ١٩٧١

پاشکۆی «التآخی» بو • سەرنوسەری : دارا توفیق • رەمزی قەزاز سەرپەرشتی دەکرد • تا وەستانی (١٨ی مارتی ١٩٧٢) ١٧ ژمارەی لێدەرچو •

« برایەتی »
بەغدا
ژمارە یەکی : ٢٦ی مایسی ١٩٧٢

پاشکۆیەکیتری رۆژنامەی «التآخی»يە •

« بیری نوێ »
بەغدا
ژمارە یەکی : ١٧ی حوزەیرانی ١٩٧٢

لە ژێر ناوەکەیدا نوسراوە : «خاوەنی ئیمتیاز فەخری کەریم زەنگەنە ، سەرنوسەر و لێپرسراو : دە حسەین قاسم عەزیز» • ئۆرگانی ئاشکرای پارتی کۆمۆنیستی عیراقە • سەرەتا بارستی (٥٧ × ٣٣ سم) بو ، لە ژمارە ٨٠يەوە بووە (٤٦ × ٣٢ سم) و لە ژمارە ١٢٧يەوە بووە (٤٢ × ٣٠ سم) و ئینجا (٤٥×٥٨ سم) و ئیستەش (٢٩×٤١ سم)ە • پاشکۆی عەرەبی رۆژنامەی هەفتەیی (الفکر الجدید)ە •

« برایەتی »
بەغدا
ژمارە سفری : سێشەممەی ١ی کانونی دووەمی ١٩٧٤

خاوەن ئیمتیاز : حەبیب محەمەد کەریم • سەرنوسەر : دارا تۆفیق • ژمارە یەکی ١٠ لاپەڕەیە • (٢٩×٤١ سم)ە •

« برایەتی » -

بەغدا

ژمارە یەکی : پێنج شەممەی ١٥ی مایسی ١٩٧٥ (٢٦٧٥ی کوردی)

خاوەنی ئیمتیاز عەزیز عەقراوی • لە ژێر ناوەکەیدا نوسراوە «پاشکۆی ڕۆژنامەی التاخیە بە زمانی کوردی » ، ٨ لاپەڕەیە • چەند ژمـارەیەکی لێدەرچو و وەستا • (٢٨×٤٠ سم)ە •

★ ★ ★

پاشکۆی دووەم

ناو و شوێن و کاتی دەرچوونی گۆڤارە کوردی‌یەکان

« ڕۆژی کورد »
ـ « هەتاوی کورد »
ئەستەمۆل
هاوینی ١٩١٢

ئۆرگانی کۆمەڵەی «هیڤی کورد» بو ٠ ژمارە ٣ی یەکی ئـــاب و ژمارە ٤ی ٣٠ی ئابی ١٣٢٩ ، واتە ١٩١٣ دەرچون ٠ بە کوردی و تورکی بـــڵاو دەبۆوە ٠ دوایی ناوی گۆڕڕا بە «هەتاوی کورد» و ئەویش چەند ژمارەیەکی کەمی لێ دەرچوو و بەهۆی دەست‌پێ‌کردنی شەڕەوە داخرا ٠

« یەک بوون »
ئەستەمۆل
نیوەی دووەمی ســالی ١٩١٣

ژمارە ٢ی ڕۆژی ١٩ی ئەیلول و ژمارە ٣ی ڕۆژی ٣٠ ئەیلولی ١٣٢٩ (١٩١٣) دەرچون ٠ بە کوردی و تورکی بڵاو دەبۆوە ٠ چەند ژمـــارەیەکی کەمی لێ دەرچو ٠ دوور نی‌یە بەهۆی دەست‌پێ‌کردنی شـــەڕی یەکەمـــەوە داخرابێ ٠

« بانگی کورد »
بەغدا
ژمارە یەکی : ١٢ی «ربیع الاول»ی ١٣٣٢ ، ٨ی شوباتی ١٩١٤

جەماڵەددین بابـــان بە کوردی و تورکی بـــڵاوی دەکردەوە ٠ چەنـــد

ژمارەیەکی کەمی لێ دەرچو ، لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی یەکەم لە دەرچون وەستا .

« کوردستان » (*)
سابلاغ (مەهاباد) یان ورمێ (رەزائی‌یە)
ژمارە یەکی : نیسانی ١٩١٤

میسیانێرە پرۆتستانتی‌یەکان دەریاندەکرد . مینۆرسکی کە ژمارە یەکی ئەم گۆڤارەی هەبو دەڵێت لە سابلاغ چاپدەکرا ، بەڵام گومان دەکرێ ئەوسا مەهاباد چاپخانەی خۆی هەبوبێ . جگە لەوە مەڵبەندی چالاکێ زوربەی میسیانێرەکانی ئەو ناوچەیە ورمێ بو کە هەر لە زووەوە چاپخانەی خۆی هەبو . وا دیارە چەند ژمارەیەکی کەمی لێ دەرچووە .

« کوردستان » (*)
حەلەب
ژمارە یەکی : سالی ١٩١٥ (؟)(٩)

« ژین »
ئەستەمۆل
ژمارە یەکی : یەکسەر دوای شەڕی یەکەم (١٠)

ژمارە ٦ی رۆژی ٢٥ی کانونی یەکەمی ١٣٣٤ی لەسەر نوسراوە کە دەکاتە ٢٥ی کانونی یەکەمی ١٩١٨ . بەو ژمارانەدا کە من دیومن وا دەردەکەوێ مانگی ٣ تا ٤ ژمارەی لێ دەردەچو و هەر ژمارەیەی ١٥ تا ٢٠ لاپەڕە دەبو . بە کوردی و تورکی چاپ دەکرا . خاوەن ئیمتیاز و لێپرسراوی ئەشرەف حەمزە و دوای ئەو مەمدوح سەلیم بو . گۆڤارێکی دەوڵەمەندە .

---

(٩) دەربارەی بڕوانە : محەمەدی مەلا کەریم ، سەرچاوەی ناوبراو .
(١٠) دوور نی‌یە ژمارە یەکی تەشرینی یەکەم یا دووەمی ١٩١٨ دەرچوبێ .

« کوردستان »
ئەستەموڵ
ژمارە یەکی : ٣٠ی کانونی دووەمی ١٣٣٥ (١٩١٩)

ژمارە یەکی ٢٨ی «ربیع الاخر»ی ١٣٣٧یشی لەسەر نوسراوە ٠ سەید حسەین ناو بەرپرسیاری بو ٠ لە چاپخانەی «نجم استقبال» چاپ دەکرا ٠ بە بارست گەورەیە (١٩×٢٧ سم) ٠ لە ژێر ناوی گۆڤارەکەدا بە تورکی نوسراوە کە «تەنها سیاسەت ئەبێ ئیتر گشت باسێك بەهەر زمانێـك بێ حـەفتەی جارێك بلاّوی دەکاتەوە» ٠ بەلاّم بەو ژمارانەیدا کە من دیومن وا دیارە هەر دوٚ حەفتە جارێك ژمارەیەکی لێ دەردەچو ٠ بە پێنـج زمـان : کوردی و تورکی و عەرەبی و فارسی و فەرەنسی وتاری بلاّودەکردەوە ٠ دوا ژمارەی کە من دیومە ژمارە ١٩ی ساڵی دووەمی لەســەر نوسراوە کە ڕۆژی ٢٩ی مارتی ١٣٣٦ (١٩٢٠) ، ٧ی رەجـەبی ١٣٣٨ی لەســەر نوسراوە ٠ ئەو ١٩ ژمارەیە بەسەر یەکەوە ٢٥٦ لاپەڕەن ٠ گۆڤارێکی ڕێکوپێــکە و گەلێك ژمارەی بە وێنەی ناودارانی کورد ڕازێنراوەتەوە ٠ زۆر جـار گۆڤـاری «ژین» لە دوا لاپەڕەیدا هـەواڵی دەرچون و نـاوەڕۆکی ئەم گۆڤـارەی ڕادەگەیـاند ٠

« دیاری کوردستان »
بەغدا
ژمارە یەکی : ١١ی مارتی ١٩٢٥

صالح زەکی صاحێبقڕان بە کوردی و عەرەبی و تورکی دەری‌دەکرد ٠ تا وەستانی (مایسی ١٩٢٦)تەنها ١٦ ژمارەی لێ دەرچو ٠ دوا ژمارەی کە من دیومە سیازدەو چواردەیــە کە بەســەر یەکەوە ٤٠ لاپــەڕەیە ٠ زوربــەی ژمارەکانی‌تری ٢٤ لاپەڕەن ٠ گۆڤارێکی دەولەمەندە ٠ لە بەغدا بە ٣ و لــە دەرەوەی بە ٤ عانە بو ٠ (١٦×٢٢ سم)ە ٠

« زاری کرمانجی »
رەواندز
ژمارە یەکی : ١٢ی «ذو القعدە»ی ١٣٢٤ ، ٢٥ی مایسی ١٩٢٦

لە رەواندز لە «چاپخانەی زاری کرمانجی» چاپ دەکرا . لەم لاو ئەو لای ناوەکەیەوە نوسراوە : « خاوەن و مدیر سید حسین موکریانی» ، «مدیری ادارە عبدالرحمن» . لە ژێری‌یەوە نوسراوە : «گۆڤارێکی اجتماعی تاریخی فنی ادبی مانگی‌یە» . زوربەی ژمارە زووەکانی ٢٠ تا ٢٤ لاپەڕەن و ئەوانی تر ١٢ تا ١٦ لاپەڕەن (٢٨×٢٠ سم)ە . تا ژمارە ٢٢ی ئەم گۆڤارەم دیوە کە ٣٠ی نیسانی ١٩٣٠ دەرچووە و ١٦ لاپەڕەیە . بەپێی وتارێکی «هەتاو» ئەم گۆڤارە تا سالی ١٩٣٢ ژیاوە و ٢٤ ژمارەی لێ دەرچووە [١١] .

وتارەکانی ئەو ٢٢ ژمارەیەی من دیومن هەمەجۆرن (مێژو ، ئەدەب ، پەخشان ، دەنگوباس ... هتد) و ناوی کەسیان بەسەرەوە نی‌یە یەك دوو جار نەبێ کە ناوی (خدۆك) و (داماو) هاتووە . (داماو) نازناوی موکریانی خۆیەتی .

« پەیژە »
بەغدا
ژمارە یەکی : ١٩٢٧

لە ژێر ناوەکەیدا نوسراوە : «ئەدەبی ، ئیجتیماعی‌یە بەکوردی بۆ کوردایەتی ئەدوێ . دانەری مستەفا شەوقی» . ناوەرۆکی بریتی‌یە لە ژمارەیەك وتار و شیعر کە لەوە دەچێ هەموی مستەفا شەوقی خۆی نوسیبێ. کوردی‌یەکەی ریکوپێك و رەوانە . هەر ئەو ژمارەیەی لێ دەرچو . زیاتر لەو نامانە دەکات کە دەستەی «الاهالی» دەریان دەکرد [١٢] . ئەو ژمارەیەی

---

(١١) بڕوانە : «هەتاو» ، ژمارە ١٨٦ ، ئەیلولی ١٩٦٠ ، ل ٧ .

(١٢) لەم لیستەیەدا ناوی چەند بەرهەمێکی‌تری لەم بابەتە هاتووە کە لە راستیدا کۆمەلە بەرهەمن و لە شێوەی گۆڤاردا بلاوکراونەتەوە .

«پەیژە» ٤٤ لاپەڕەیە ، بەڵام بە بارست پـچوکترین گۆڤـاری کوردی‌یـە
(١٨ × ١٢ سم) •

« هـاوار »
شـام
ژمارە یەکی : ١٥ی مایسی ١٩٣٢

جەلادەت بەدرخان بلاوی‌دەکردەوە • ســالی یەکەم ٢٠ ژمـارەی لێ دەرچو ، ئەو ژمارانە لەگەل ٣ ژمارەی سالی دووەمی بە پیتی هیجا و لاتینی چاپ‌کراون ، لە ژمارە ٢٤یەوە (١ی نیسانی ١٩٣٤) هەموی تەنها لاتینی‌یە • تا ئیستە بەتەمەنترین گۆڤاری کوردی‌یە : یازدە ساڵ ژیا و تا ١٥ی ئـابی ١٩٤٣ (٥٧) ژمارەی لێ‌دەرچو کە بەسەر یەکەوە ٨٠٨ لاپەڕەن • یەکێکە لە گۆڤارە کوردی‌یە دەولەمەندەکان • نوســەرانی کوردی عـیراق گەلێـک بەرهەمی نایابیان تێدا بلاوکردۆتەوە ، تایبەت لە ٢٣ ژمارەی یەکەمیــدا • (٢٨ × ٢٠ سم)ە •

« رونـاکی »
(ROONAKI)
هەولێر
ژمارە یەکی : ٢٤ی تەشرینی یەکەمی ١٩٣٥

خاوەن و بەرپرسیاری : پارێزەر شیت مـستــەفا • لەژێر نـاوەکەیدا نوسراوە : «گۆوارێکی هەفتەیی ، علمی ، اجتمـاعی ، ادبی کوردی‌یە» • لەسەر بەرگی پشتەوەی نوسراوە : «روناکی بە دلێکی بـاش بۆ یەکیـەتی عیراقی دەکۆشێ ، روناکی ئەدەبیات و زانستی کورد کۆدەکاتەوە ، روناکی بیرەوەری بۆ کورد دەکات ، روناکی رەوشت و خوی کورد تازە دەکاتەوە ، روناکی ناوی ناودارانی کورد بەختیو دەکا ، روناکی گۆوارێکە لە ژمارەکانیدا دیوانی ئیستا و رابوردو و فەرهەنگ و شێوەی کورد و زانستی اجتماعیات نەشر دەکا» • ١٦ لاپەڕەیە (٢٨×٢٠ سم)ە • بەشێکی زۆر لە وتارەکانی

حسەین حوزنی موکریانی نوسیونی • دڵدار ، راست ، مەحمود فەهمی ، س• ناکام ، رەشۆ ، وریا ، محەمەد عەلی کوردی ، هیجری دەدە ، یونس مستەفا ، هەوری و بێخود لە نوسەرانینی • ژمارەیەك قوتابی تازەپێگەیشتو بەرهەمیان تێدا بڵاوکردۆتەوە • ژمارە یەك و دوّی لە موّسڵ لە چاپخانەی «الموصل الحدیثة» چاپکراوە ، لە ژمارە سێیەوە لە رەواندز لە «چاپخانەی زاری کرمانجی» چاپکراوە • هەموّی بەسەر یەکەوە ١١ ژمارەی لێ دەرچو • دوا ژمارەی : ١٦ی مایسی ١٩٣٦ •

« زانستێ »
سلێمانی
ژمارە یەکی : ٢٥ی شوباتی ١٩٣٨

مامۆستا صالح قەفتان سەرپەرشتی دەرکردنی دەکرد • هەر ئەو سەردەمە کۆمەڵ و قوتابخانەی «زانستێ» لە سلێمانی هەبو • زۆر نەژیا •

« گەلاوێژ »
بەغـدا
ژمارە یەکی : کانونی یەکەمی ١٩٣٩

خاوەن و بەرپرسیاری مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و سەرنوسەری مامۆستا عەلائەددین سەجادی بو • دوای «هاوار» بەتەمەنترین گۆڤاری کوردی‌یە : دەوروبەری ١٠ ساڵ ژیا • دوا ژمارەی ئابی ١٩٤٩ دەرچو ، دوای ئەوە داخرا • یەکێکە لە گۆڤارە بەرزەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سەردەمی خۆی • (٢١ × ١٤ سم)ە •

« روناهی »
(RONAHI)
شـام
ژمارە یەکی : ١ی نیسانی ١٩٤٢

جەلادەت بەدرخان بە ئەلفبای لاتینی دەری‌دەکرد • گۆڤارێکی مانگانە

بو • بەشی زۆری ناوەرۆکی بۆ هەواڵەکانی شەڕ تەرخان کراوە • لە هەمو رۆژنامە و گۆڤارێکی کوردیی زیاتر وێنەی تێدا بڵاوکراوەتەوە کە ئەوانیش دیمەنی روداوەکانی شەڕ نیشان دەدەن • لە زۆر رووەوە «رووناهی» لە «دەنگی گێتی تازە» دەکات • لەگەڵ تەواوبونی شەڕ ئەمیش وەستا • تا مارتی ١٩٤٥ (٢٨) ژمارەی لێدەرچو کە بەسەر یەکەوە ٥٨٤ لاپەڕەن • (٢٠×٢٨ سم)ە •

« نیشتمان »
تەورێز
ناوەندی ساڵی ١٩٤٣

ئۆرگانی کۆمەڵەی «ژ•ك•» بو • لە تەورێز بە دزی‌یەوە لە چاپخانەی کابرایەکی ئەرمەنی چاپدەکرا • ژمارە ٧ و ٨ و ٩ی بەسەر یەکەوە دەرچون و خاکەلێوە و بانەمەڕ و جۆزەردانی ١٣٢٣یان لەسەر نوسراوە کە دەکەنە مارت و نیسان و مایسی ساڵی ١٩٤٤ • ئەو سێ ژمارەیە بەسەر یەکەوە ٣٢ لاپەڕەن و ٢٠ باسی هەمەجۆریان تێدایە • بارستی (١٧×٢٢ سم)ە • دوای روخانی کۆماری مەهاباد مامۆستا زەبیحی بە نهێنی ساڵی١٩٤٨ ژمارەیەکی تری «نیشتمان»ی لە عیراق دەرکرد کە وەك خۆی دەڵێت ٢٤ لاپەڕە بو •

« دەنگی گێتی تازە »
بەغدا
١٩٤٣

سەرەتا (لە نیسانی١٩٤٣وە) وەك پەخشە دەردەچو ، لە تەشرینی یەکەمی هەمان ساڵەوە بووە گۆڤار • تا ساڵی ١٩٤٧ ژیا • لەگەڵ ئەوەش کە ئینگلیز بۆ کاری پرۆپاگەندەی خۆیان لە ساڵەکانی شەڕی دووەمی جیهاندا دەریان‌دەکرد بەڵام پڕە لە وتار و بەرهەمی ئەدەبی و زانستی بایەخدار • لە ژێر ناوی گۆڤارەکەدا نوسراوە : «ئەدەبی ، خوێندەواری ، زمانی ، اجتماعی ، پەیامی ، هەفتەیی ـ کوردی‌یە» • (٢٨×٢٣ سم)ە •

« رۆژا نو »
(ROJA Nû)
بێروت
ژمارە یەکی : مایسی ۱۹٤۳

بە پیتی لاتینی و شێوەی کرمانجی ژورو دە کامەران عالی بەدرخـان بڵاوی‌دەکردەوە و جەلادەت بەدرخانی برای یاریدەی دەدا • بەشی زۆری ناوەرۆکی بۆ باسی روداوەکانی شەڕی دووەم تەرخان کراوە • وێنەی زۆری تێدایە • چەند ساڵێکی کەم ژیا (تا دەوروبەری کۆتایی شەڕی دووەم) •

« ستێر »
(STER)
شـام
ژمارە یەکی ٦ی کانونی یەکەمی ۱۹٤۳

بە پیتی لاتینی و شێوەی کرمانجی ژورو دە کامەران عالی بەدرخـان بڵاوی دەکردەوە ، جەلادەت بەدرخانی برای یاریدەی دەدا • بەشی زۆری ناوەرۆکی بۆ باسی روداوەکانی شەڕی دووەم تەرخان کراوە • جاروبـار بە فەرەنسیش نوسینی بڵاودەکردەوە • تا دەوروبەری کۆتایی شەڕی دووەم ژیا •

« هاوار »
ــ « هاواری کورد »
مەهاباد
ژمارە یەکی : رەزبەری ساڵی ۱۳۲٤ ، ئەیلول ــ تەشرینی یەکەمی ۱۹٤٥

لەسەر بەرگی یەکەمی تەنها «هاوار» و لەسەر بەرگی دووەمی «هاواری کورد» نوسراوە • ژمارە یەکی ۳۰ لاپەڕەیە • (۲۰ × ۱٤ سم)ە •

« کوردستان »
مەهاباد
ژمارە یەکی : ١٥ی سەرماوەزی ۱۳۲٤ ، ٦ی کانونی یەکەمی ۱۹٤٥

بڵاوکەرەوەی بیری پارتی دیموکراتی کوردستان بو • تا کۆتایی ساڵی

١٩٤٦ چەند ژمارەیەکی لێ دەرچو • ژمارە یەك و دوّی هەر یەکەیان ٢٠ لاپەڕەیە • ژمارە سێ و چواری هەر یەکەیان ٣٨ لاپەڕەیە • ژمارە ٦ و ٧ی پێکەوە دەرچون و بەسەر یەکەوە ٦٠ لاپەڕەن • (٥ر٢١×١٤ سم)ە •

« ئاوات »(*)
مەهاباد
سالی ١٩٤٥

گۆڤارێکی وێژەیێ ــ زانستێ ــ کۆمەلاّیەتی بو • تەنها ٣ (؟) ژمارەی لێدەرچو •

« هەلاّلە »
بۆکان
ژمارە یەکی : رەشەمێی ١٣٢٤ ، سەرەتای مارتی ١٩٤٦

ژمارە یەکی ٣٠ لاپەڕەیە • لەسەر دوا لاپەڕەی و لە چوارچێوەیەکی تایبەتیدا دیسان ناوی گۆڤارەکە چاپکراوە و لە لای سەرەوەی نوسراوە :

بـا بەرێ بۆنی «هەلاّلە» و بەبیـون
ئـابڕوی عەتـری گـولی کاشـانی

چەند ژمارەیەکی کەمی لێدەرچو • (٢٣×١٥ سم)ە •

« هاواری نیشتمان »
مەهاباد
ژمارە یەکی : ١ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ ، ٢١ی مارتی ١٩٤٦

لەسەرەوەی لاپەڕە یەکیەوە نوسراوە : «بلاّوکەرەوەی بیری یەکیەتی جەوانانی دیموکرات » • ژمارە یەکی ٤٠ لاپەڕەیە • (٢٢×٥ر١٤ سم)ە •

« گزوگالی منداڵانی کورد »
مەهاباد
بەهاری ١٩٤٦

ژمارە ٢ی یەکی جۆزەردان و ژمارە ٣ی یەکی پوشپەڕی ١٣٢٥ ، ٢١ی

مایس و ٢١ی حوزەیرانی ١٩٤٦ دەرچون • قادری مودەریسی سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکرد • وا دیارە تەنها ئەو سێ ژمـارەیەی لێ دەرچووە • (٥ر٢٢×١٥ سم)ە •

« ئاگا و روداوی هەفتەیێ »
بەغـدا
ژمـارە یەکی : ١٩٤٦ (؟)

لە ژێر ناوەکەیـدا نوسراوە : « لە لایـەن کاروبـاری ئـالوگۆڕی خوێندەواریێ ئەمەریکا لە بەغدا دەرئەهێنرێ » • پتر لە ٢٠٠ ژمـارەی لێ دەرچو • دوا ژمارەی کە من دیومە ژمارە ١٩٣یە و ٨ی حوزەیرانی ١٩٥٣ دەرچووە • ٢٠ لاپەڕەیە • (١٦×٢١ سم)ە •

« نزار »
بەغـدا
ژمارە یەکی : ٣٠ی مارتی ١٩٤٨ •

مامۆستا عەلائەددین سەجادی بە کوردی و عەرەبی بڵاویدەکردەوە • تا داخستنی (١٥ی شوباتی ١٩٤٩) ٢٢ ژمارەی لێدەرچو •

« ئیرە بەغدایە »
بەغـدا
ژمارە یەکی : سالی ١٩٥٠ (؟)

مانگی جارێك کارگێڕیێ گشتیێ ئاراستە و ئیزگە (مدیریة التوجیـه والاذاعه العامه) بە عەرەبی و کوردی بڵاویدەکردەوە ، تا شۆڕشی گەلاوێژی سالی ١٩٥٨ ژیا •

« خۆرنشین »(*)
مەهاباد
١٩٥١

بە کوردی و فارسی دەردەچو • دەوروبەری سالێك ژیاوە •

« پەیام »
بەغدا
ژمارە یەکی : ١٩٥٢

لە ژێر ناوەکەیدا نوسراوە : «گۆڤارێکی خوێندەواریێ هەفتەییە لە لایەن کاروباری ئالوگۆڕی خوێندەواریێ ئەمەریکاوە دەرئەهێنرێ» . پتر لە ٢٠٠ ژمارەی لێدەرچو . دوا ژمارەی کە من دیومە ١٢ی نیســـانی ١٩٥٤ دەرچووە . (١٥×٢١ سم)ە .

« راوێژ »(*)
ئێران
١٩٥٢ (١٣)

« هەتاو »
هەولێر
ژمارە یەکی : شەممەی ١٥ی گوڵان (مایس)ی ١٩٥٤

لە ژێر ناوی ژمارە یەکیدا نوسراوە :«گۆڤـارێکی کوردی وێـژەییێ (ادبی)یە ، جارێ هەر لە پازدە رۆژاندا جارێکی پەخش دەکرێت» . خاوەن و سەرپەرشتیکەری مامۆستا گیو موکریانی بو . پارێزەران ئیبراهیم عەزیـز دزەییێ و محەمەد شەهاب دەباغ ناویان لە دەرکردنی «هەتاو»دا هـاتووە . ژمارەیەك نوسەری کوردی ناوداری دەرەوەی عـێراق بەرهەمیـان تێـدا بڵاوکردۆتەوە . تا وەستانی (تەشرینی دووەمی ١٩٦٠) ١٨٨ ژمارەی لـێ دەرچو . (٢٠×١٣٫٥ سم)ە .

« هیـوا »
بەغـدا
ژمارە یەکی : تەموزی ١٩٥٧

لە ژێر ناوی گۆڤارەکەدا نوسراوە : «گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستییـە

---

(١٣) لەوە دەچێت ئەم جۆرە گۆڤارانەی ئێران بەنهێنی دەرچوبن .

مانگی جارێك دەرئەچێ» • خاوەنی ئیمتیازی یانەی سەرکەوتن و • مودیری مەسئولی تا ژمارە (٨)ی ساڵی (٢)ی حافز مستەفا قازی و پاشان دوکتۆر هاشم دۆغرمەچێ بۆ • زوربەی ژمارەکانی لە ٨٠ لاپەڕە زیاترن • شوباتی ١٩٦٣ داخرا • (٢١ × ١٤ سم)ە •

« شەفەق »
ـ « بەیان »
کەرکوك
ژمارە یەکی : ١٥ی کانونی دووەمی ١٩٥٨

خاوەن و سەرنوسەری : عەبدولقادر بەرزنجێ • بە کوردی و عەرەبێ دەردەچو • لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٩دا گوێزرایەوە بۆ سلێمانی و ناوی بووە «بەیان» و مامۆستا گۆران سەرپەرشتی دەکرد • بووە ئۆرگانی ئاشتیخوازان • پاش ماوەیەك دیسان گواسترایەوە کەرکوك و ناوەکەی جارانی وەرگرتەوە • سەرەتای ساڵی ١٩٦٣ داخرا •

« پێشکەوتن »
ـ « التقدم »
بەغـدا
ژمـارە یەکی : ٢٨ی شوباتی ١٩٥٨

لە ژێر ناوەکەیدا نوسراوە «گۆوارێکی هەفتەیێ گشتیە ـ مجلة اسبوعية عامة باللغتين الكردية والعربية » • دوای شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ و لە ژمارە ٦٥یەوە بووە رۆژنامە • شوباتی ١٩٦٣ داخرا • (٢٩×٤٢ سم)ە •
بڕوانە : «پێشکەوتن» لە پاشکۆی ناوی رۆژنامەکاندا •

« کوردستان »
((KURDISTAN)) —
ساتەرلاند
(ئینگیلتەرە)
ژمارە یەکی : مارتی ١٩٥٨

ناو بە ناو بە چەند زمانێك «کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا»

بلاوی دەکردەوە • ژمارە ٢ و ٣ی لە پۆرتسمۆث و ژمارە ٤ی لە لەندەن چاپکراون • ژمارەیەکی تایبەتی بە زمانی عەرەبی بە بۆنەی بەستنی «کۆنگرەی خوێندکارانی عەرەب»ەوە لە ئەوروپا بلاوکردۆتەوە • هەر لەو ژمارەیەدا نامەیەکی سەرۆك عەبدولناصر بلاوکراوەتەوە کە بۆ دارا تۆفیقی ناردووە • عومەر رەمزی مەلا مارف و صەلاح سەعدوللا و فوئادی صالحی رەشە و زاهیر حسەین و کەمال فوئاد دەوری چالاکیان لە دەرکردنیدا بینیوە • گۆڤارێکی پڕ لە بەلگە و دەولەمەندە • بارستی زوربەی ژمارەکانی (٢٦ × ٢٠ سم)ە •

« نیشتمان »

سلێمانی

ژمارە یەکی : مارتی ١٩٥٩

دەستەیەك مامۆستا و قوتابی «دار المعلمین»ی سلێمانی دەریاندەکرد و تەنها ئەو ژمارەیەی لێ بلاوبۆوە •

« رزگاری »

بەغدا

ژمارە یەکی : نیسانی ١٩٥٩

ئۆرگانی ئاشکرای «پارتی دیموکراتی کوردستان» بو • تەنها دوو ژمارەی لێدەرچو • سەرنوسەری : صالح حەیدەری بو •

« نەورۆز »

سلێمانی

ژمارە یەکی : نیسانی ١٩٥٩

